# ڕابوون

1921 97

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە



هەواڵنامەی کتێب

**رابـــــوون**

**گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە**

ژمارە(٢١) ١٩٩٧

**سەرنووسەر**

ڕەفیق سابیر

**دەستەی نووسەران**

کەمال میراودەلی

هاشم کۆچانی

کاروان عەبدوڵڵا

**بەرپرسیاری هونەری**

دیلان دەرسیم

**RaBûN**

Cultural Kurdish Jornal
No. 21

**Editor in chief**
Rafik Sabir

**Editorial Board**

Kamal Mirawdali
Hashim Kochani
Karwan Abdulla

**Technical Editor**
Dylan Dersim

# بابەتەکان

* سیناریۆکانی دەوڵەتی تورکیا لە باشووری کوردستاندا ...................(٥) ڕابوون

* دایلەکتیکی غەریزەو عەقڵ ..................... (٧) کەمال میراودەلی

* کوردستانی باشوورو میکانیزمی دەسەڵاتی حزب و دەوڵەت

لە ئەزموونی دیموکراسیدا........................ (١٧) پشکۆ نەجمەدین

* فاشیزم چییە؟.................................. (٢٨) هینری میشێل

و: سمکۆ ناکام

* دەوڵەتی کوردی لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا ................. (٣٨) نەجاتی عەبدوڵڵا

* گەورەترین دوژمنی کورد، کوردەکەی ترە! ................. (٤١) و: قەرەنی قادری

* مۆنتاژی دیالەکتیک لە سینەمای سێرگێی ئێزنیشتایندا ........... (٤٣) قاسم عەزیز

* هەڤپەیڤینێک لەگەڵ هۆشەنگی گوڵشیریدا ...................(٤٩) بەڕۆژ ئاکرەیی

* ئەستێرەکانی ئەشکەوت............................ (٦٥) هاشم کۆچانی

* شێخی چۆلیی........................ (٦٩) مستەفا سالح کەریم

* سەگێی با ........................ (٧٤) موحسین ئەحمەد عومەر

* خەجاو ........................................ (٧٩) کاروان عەبدوڵڵا

* کاتی ئەوە هاتووە چاو لەیەکتر نەپۆشین !.................... (٨٥) ڕزگار عەبدوڵڵا

* لە وەڵامی وتارە ڕەخنەییەکەی ڕزگار عەبدوڵڵادا .................(٩٠) خەبات عارف

* ژن و مێردایەتی کاتیی (سیغە) لە ئێراندا .................... (٩٨) مەهاباد قەرەداغی

* شانۆنامەی خۆکوژ............................(١٠٠) ئەرکادی ئەڤێرچینۆ

و: مەهدی جاف

Box 25161. 750 25 Uppsala- Sweden.
ژمارەی پۆستگیرۆ 7 - 92 1995

ISSN - 1102 - 4372

# باشووری کوردستان
# 1952

کوردستانی عێراق بریتییە لە چوار پارێزگە، پارێزگەکانی: مووسڵ، هەولێر، سلێمانی و کەرکووک، هەروەها بە نێو پارێزگەی دیالەشدا درێژەی هەیەو ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی دەگرێتەوەو، ئەو پاریزگەیانەش بەشی باکووری ڕۆژهەلات پێکدێنن. لەبەر ئەوەی کوردەکان گەلێکی چیایین ئیدی لەو شوێنەی کە تێیدان لەهەر کوێیەکەوە دەشتایی دەست پێبکات ئەوان بۆ عەرەبیان بەجێهێشتووە. بەو جۆرە هەرچی دانیشتوانی دەشتاییەکانی پارێزگەی مووسڵ هەن گشتیان عەرەبن و هەرچی بەشە دەشتاییەکەی کەرکووکیشە هەر وایەو لەوێ بە زۆری عەرەب و تورک دەژین. لە ڕاستیدا سلێمانی و هەولێر تاکە دوو پارێزگەن کە ڕانیی دانیشتوانیان بەتەواوی کوردن وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێ :

خشتەی ڕێژەی دانیشتوان لە پارێزگە کوردییەکاندا*:

| پارێزگە | ڕێژەی % |
|---|---|
| سلێمانی | 100 |
| هەولێر | 91 |
| کەرکووک | 55,2 |
| مووسڵ | 35 |

بروانە: کتێبی کوردو مەسەلەی کورد – د. شاکر خەسباک
چاپی عەرەبی ۱۹۵۹
چاپی کوردی ,۱۹۹۷ لاپەرە (٤٣)
وەرگێر: ئەمجەد شاکەلی
* شاکر خەسباک ئەم خشتەیەی لەم سەرچاوەوە وەرگرتووە:

Edmunds, c, j "The Kurds df Iraq"
,-Middle East Journal, Vo1 11 , No 1 , 1952, P. 52.

بەرگی یەکەم: خەون و دیمەنێ لە سەر دەریا(۱۹۳۸) ، Erik Olson
دوا بەرگ: مرۆڤ و مێردەزمە ، C.F. Hill

# سیناریۆکانی دەوڵەتی تورکیا لە باشووری کوردستاندا

وا جارێکی تر دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی تورکیا، بە سەدان تانک و زرێپۆش و فڕۆکەی جەنگی و دەیان هەزار سەربازەوە، دەچێتە قوڵایی باشووری کوردستان .

لە (٦) ساڵی حوکمڕانیی دەسەڵاتی کوردیدا، باشووری وڵاتەکامان بۆتە پارکێک بۆ تورکیا، هەر کاتێک بییەوێت، بەئاسانیی سنوورەکانی دەبەزێنێت.

بیانووی ئەمجارەشیان لێدانی بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانە. لە ئەنقەرەشەوە ڕایانگەیاند کە هاتنەکەیان لەسەر داخوازیی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

لە هەمان کاتدا چەکدارانی (پدک) لەناو شاری هەولێرو چەند شوێنێکی تردا، پەلاماری بنکەکانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی (ینک)ەیان داوە، کەڕێکخراوێکی هاوسەنگەری پارتی کرێکارانی کوردستانەو، دەستیان بەسەر بارەگاو دامودەزگا سیاسیی و کولتوورییەکانیاندا گرتووە. هەواڵە جیاجیاکانی وڵاتیش جەختی ئەوە دەکەن کە لەم هێرش و پەلاماردانەدا دەیان چەکداری هەردوولا کوژراون و، ژمارەیەکیش لەو کەسانەی لە هەولێردا بە دیلی دەستی (پدک) کەوتوون گوللەبارانکراون.

ئێمە لە کاتێکداهاتنی لەشکری تورک و مانەوەی لە وڵاتەکەماندا بە کەڵەکاییەکی سامناکی کەمالیستەکان دەزانین .داوای دەستبەجێ وەدەرنانی ئەو لەشکرە داگیرکەرە دەکەین، لەهەمان کاتدا سیاسەتی دەبڵ موراڵیی ئەمریکاو جیهان لە جڵەوشلکردن بۆ تورکیا دژی نەتەوەکەمان و گواستنەوەی پیلانەکانی ناوچەکەو ئەگەری تەقینەوەیان لە کوردستاندا لە قاودەدەین و، هەموو دەستتێکەڵاوکردن و ڕێگا خۆشکردنێکی (پدک)، یان هەر هێزێکی دیکە بۆ هاتنی تورکیا و لێدانی پارتی کرێکارانی کوردستان بەهەر بروبیانوویەکەوە بێت، بە وڵاتفرۆشیی دەبینین و بەتوندی ڕیسوای دەکەین.

داخوا هاتنی ئەمجارەی تورکیا "پیاسەیەکی ئاساییە"و، تەنیا بۆ فشار خستنە سەر پارتی کرێکارانە؟

سیناریۆکانی تورکیا:

بە پێی فرەترین مەزەندەکان، هاتنی تورکیا لە پانتایی سێ سیناریۆ بەدەر نییە، کە هەرسێکیان بۆ کورد یەک ناوەڕۆکیان هەیە.

سیناریۆی یەکەم:

دوای وەگەرخستنی پرۆتۆکۆڵی ڕێگای تورکیا-عێراق (نەوت بەخۆراک) دەبێتە شاڕێ و شادەماری بازرگانیی دوو قۆڵیی نێوان تورکیاو عێراق. هەربۆیەئەمریکا دەیەوێ پاراستنی ئەو ڕێگایەو نەوت ناردنە دەرەوە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی تەواوی تورکیاوە.لێرەدا دەوڵەتی عێراق - ئەگەر ڕێگای خۆی نەدەن بگەڕێتەوە- بەدەوری تورکیا ڕازییە. لەم سیناریۆیەیاندا تورکیا سەرەرای ئەوەی بەرژەوەندییەکانی ئێستاو داهاتووی خۆی لە عێراقدا دەپارێزێت و دەشتوانێت ڕۆڵی خۆی لە کوردستان و لە دیاریکردنی چارەنووسی ئایندەی عێراقدا بەهێزتر بکات .مافی ئەوەشی دەبێت، شەپقەیەکی سەربازیی لە سنووردا دابنێ .

سیناریۆی دووەم:

تورکیا زیاتر دێتە ناو قوڵایی باشوورو لە چاڵە نەوتەکانی کەرکووک نزیک دەبێتەوە، بەم کارەشی هەرایەکی هەرێمایەتی و جیهانیی سازدەکات. ئەمجار خیتابەکەی دەگۆڕێ بەوەی کە بە نەمانی دەوڵەتی عێراق لەو ناوچەیەدا، (شمال) بۆتە ناوچەیەکی بێ یاساو بێ دەوڵەت و سەرچاوەی بشێویی و، مەترسیی خستۆتە سەر ئەمنی قەومیی تورکیا. یان دەبێت ناوچەکە بدرێتەوە دەستی دەوڵەتی عێراق، یان تا دۆخی عێراق بە لایەکدا دەکەوێت، تورکیا لەو ناوچەیەدا دەمێنێتەوە.

سیناریۆی سێیەم:

خەونە لە مێژینەکەی تورکیایە لە (ویلایەتی مووسڵ). لە ١٩٩١وە، تورکیا بە پێی نەخشەیەکی نوێ بۆ ئەو مەسەلەیە کار دەکات. پێکەوەنانی دامودەزگای جاسووسیی تورکیا لەناو تورکمانەکانی کوردستان و خەمڵاندنی قورسایی تورکمان بە گەلێکی(٢) ملیۆن کەسیی (بادرۆش بێت)پێشەکییەکی پێویستە بۆتورکیا بۆ هەرکاتێک بییەوێت لەباشووردا بمێنێتەوە یان قووبرسێکی تر داتاشێت.

تورکیا ئەگەر دەست بەسەرداگرتنی باکووری قووبرسی بە بیانووی پاراستنی بەرژەوەندی (١٦٠) هەزار

تورک زمان ئارادەیەک بۆ چۆتەسەر. ئەگەر بەرامبەر بە قووبرسی یۆنانی (NATO) و یۆنانی (EU) بتوانێت ئەمکارە بکات، بەرامبەر بە عێراقی ئەمڕۆو پاراستنی درۆی (٣) ملیۆن کەسیی تورکمان ، چاوەڕوانی کەڵکایی گەورەتری لێدەکرێت. بەتایبەتی لەم ڕووەوە دەزگا میلیشیاکانی باشووریش بە سەخاوەتەوە یارمەتی تورکەکان دەدەن.

سەرەڕای ئەمانە هۆکارێکی گرینگی ناوخۆیی هەیە، کە پەیوەندیی بە گیروگرفتی ئابووریی و سیاسیی تورکیاوە هەیە. ئێستا تورکیا لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر کەوتۆتە ژێر فشارێکی نێوخۆیی و جیهانیی بۆ چارەسەرێکی ئاشتییانەی مەسەلەی کوردو ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ، جەنەڕاڵەکانی تورک ،کە دەسەڵاتداری ڕاستەقینەی وڵاتەکەن، دەیانەوێت لە ڕێگەی ئەم پەلامارە عەسکەرییەوە گیروگرفتە نێوخۆییەکانی تورکیا داپۆشن و درێژە بە دەسەڵات و هەیبەتی عەسکەری خۆیان بدەن.

سامناکیی هاتنی تورکیا بۆ باشووری وڵات لەم ئەسڵ و سیناریۆیانەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت. ئەودوای ڕووداوەکان هەموو لاوەکیی و پاشکۆن. ئەوە تەنیا عەقڵ بچووکی سەرکردایەتیی کورد و نەفامیی دەزگا سیاسییەکانێتی کە شەرە لاوەکییەکانی نێوان خۆیان بە ڕادەیەکی ئەوتۆ زل دەکەنەوەو دەیکەن بە پاشکۆی پیلانەکانی کۆلۆنیالیستی تورکیا و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تر، خەتەرە گەورەکە ی پێ دەشارنەوە.

شەش ساڵی دەسەڵاتی دەزگا میلیشیاییەکان لە باشووردا، گەلەکەمانی بە ئەندازەیەکی ئەوتۆ بێ ئیرادەکردووە، کە لە حەساسترین خەسڵەتی (نەتەوە)و (گەل) ڕووتیان کردۆتەوە، کاتێک کە دەبینین بەپێچەوانەی هەموو گەلانی دنیاوە، لە جیاتی بەرگریکردن لە نیشتمان و بەگژداچوونەوەی داگیرکەران، ئەمڕۆ گەلەکەمان پێشوازی لەهەر داگیرکردنێک دەکا لەهەرچ قوڵێکەوە بکرێتە سەر وڵاتەکەی . میلیشیاکانی باشووریش ئامادەن ببنە ئامرازو ڕێخۆشکەر بۆ هەر داگیرکەرێک لەهەر گۆشەیەکەوە نیازی پیاسەی ناو ئەو باخچەیەی هەبێت، کە خۆمان پێی دەڵێین باشووری کوردستان.

لە ڕۆژی لەشکرکێشییەکەی تورکیاوە نزیکەی هەموو وڵاتانی عەرەب، لە بۆچوونی قەومیی خۆیانەوە، داوای کشاندنەوەی دەوڵەتی تورک دەکەن و، باسی خەتەری تورکیا دەکەن. کەچی هێزە سیاسییەکانی کورد، هێندەی وڵاتانی عەرەب خۆیان بەخاوەنی (شمال العراق) نازانن.

دەبا خەڵکی ڕووناکبیرو سەربەخۆو بیرئازاد، لێرەدا کە نەتەوەکەیان تا بیناقاقای لە قەیراندا چەقیووە، بێنە دەنگ و کێشە حەساسەکان لە بن دەستی سەرکردەو حزبە سیاسیی و میلیشیاکان دەرهێنن و، هەڵوێستێکی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەیان لێوەرگرن.

ئێمە کە دژی کووشتاری گەلەکەمانین بەدەستی داگیرکەران، دەبێ بە هەمان ئەندازەو زیاتریش دژی ئەو کووشتارانە ڕاوەستین کە هێزە چەکدارەکانی کورد دەرهەق بە گەلەکەمان ئەنجامی دەدەن و، بە هیچ دروشم و بیانوویەک فریونەدرێین، با چیتر لە کەوڵی ئەو مەیموونانەدا نەرەقسێین، کە هەمیشە بە سیمفۆنیای کوردکوژیی سەمادەکەن.

هاتنەکانی تورکیا، بەتایبەتی ئەمەی ئێستای، بە پشتیوانیی تەواوی ئەمریکایەو، دووریش نییە لەلاوە چەپکێک سۆز بەعێراق درابێت. گەرانەوەی دەوڵەتی عێراقیش بەم چەشنە بۆ کوردستان، هەم ئەمریکاو ڕۆژئاوا لە بەردەم ڕای گشتی دنیادا بەبێ سەرئێشە دەربازدەکات، هەم ئێران و سووریاو دەوڵەتانی عەرەب خاترجەم دەکات وتووڕەیی و کەف وکوڵی ئێستایان دادەمرکێنێتەوە.

بۆ ئەمریکاو ڕۆژئاوا لەهەرچ شتێکی دی گرنگتر بەرژەوەندییەکانیانە. بۆ چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکەش، پاش ئەوەی گەورەترین پرۆسەی نەتەوایەتیان لەباشووردا، بەدوو حزبە حوکمڕانەکە زیندە بەچاڵ کرد، ئێستا گرنگیی هێنانەوەی دەوڵەتی عێراق لە ئارادایە، بۆ ئەوەی دۆسییەی کورد لە خودی کوردستانیشدا بپێچنەوە. ئەوان نایانەوێت لاشە غەرقبووکەشمان ببینن، نەوەک خوانەخواستە هەناسەیەکمان وەبەردا بێتەوە.

با سەرکردەکانی کوردو دەزگا نەزۆکەکانیشیان هەر خەریکی وەبەرهەمهێنانەوەی خۆخۆریی بن، کە تا ئێستا جگە لەو پیشە قەڵب و هێلکە پیسە، هیچی تریان پێنەکراوە.

کەمال میراودەلی

# دیالەکتیکی غەریزەو عەقڵ

نووسینی ئەم وتارە وەک کێلانی کێڵگەی برین بوو: پرسەکە ئەوەبوو : نووسین نرخی چییە؟ چ ماوە نەوترێ؟ هەر لەگەڵ ئەم پرسیارەدا خێرا دژە پرسیارێک دروست دەبوو: بەلام ئایا بەراستی هیچ وتراوە؟ ئایا پرسە راستەقینەکان کراون؟ ئایا جگە لە هەڵچوون و هاش و هووشی عاتیفە، هیچ شیکردنەوەو لێکدانەوەیەکی بابەتیی، لۆژیکی و زانستی وەزعی خۆمان کردووە؟ بەرامبەر ئەمەش ئەم دژە ئاخاوتنە خێرا خۆی دەسەپاند: بۆ؟ گوایە عاتیفەو هەڵچوونیی عاتیفیش بەشێک نییە لە ژیان و حەقیقەتی بوونی تراژیدیمان؟ گوایە لە سۆزو عاتیفە راستگۆتر هەیە؟ئایا قەت ئەوەندە دەرفەت و هەدادانیان داوینێ، بتوانین بە هێمنی ڕۆنشین و سەرنجی وردو بابەتیی لە گرفت و دەردەکانمان بدەین؟ بەم جۆرە بیرو دژەبیرەکان دادەباڕین، کێڵگەی برینەکان دەکرانەوەو دادەخران..ئەرێ ئێستا بەرامبەر ئەم دۆخە دۆزەخییە دەبێ چ بڵێین؟

ئێمە، بە تایبەتی ... و ڕۆژهەڵات بە گشتی، دیلی بیرکردنەوەی دینیی/ئەخلاقیین، ئەو بیرکردنەوەیەی لە کاتێکدا هەموو ئازادییەک و ... خواستێک لە تاکەکەس دەستێنێ، لە هەمان کاتدا، لە رووی ئەخلاقییەوە دەیکاتە بەرپرسی هەموو رەفتارو ڕووداوێک، بە بێ ئەوەی جیاوازی لە نێوانی رەفتار وەکو هەڵوێستێکی شەخسیی و، ڕووداو وەکوو حەقیقەتێکی دەرەوەیی بابەتیی بەکرێ و کۆڵ کە چەندان هۆو هۆکاری تێدا دەکەونە کار، بکات..بیری دینیی-غەیبیی/ئەخلاقیی لەوەوە دەست پێدەکات کە: رەفتار رووداو دیاری دەکات، بەو مانایەی مێژوو بەرهەمی کۆمەڵە رەفتارو هەڵس و کەوتی تاکەکەسانە، بۆیە حیسابی حەشریش لە سەر بنچینەی کاری چاک و خێرو، کاری خراپ و گوناح دەکرێت.. دیارە لە سیستیمی ئیستیبدادی شەرقیشدا کە تا ئێستا تەنانەت بیرۆکەی مافی مرۆڤ و پێناسەی هاونیشتمانێتیشی بەرهەم نەهێناوەو لەگەڵ چەمکی دیمۆکراسیشدا نامۆو ناحەزەو بە داهێنانی بیانییانی دەزانێ، هەر دەسەلات و دەسەڵاتداریشە لە شێوەی خومەینییەک، سەددامێک، حافیز ئەسەدێک، بارزانییەک، یان تاڵەبانییەک، کە بڕیار دەدا، چاکە چییەو خراپە چییە، نیشتمانپەروەری چییەو خیانەت چییە و چۆن دەبێ سزاو پاداشیان بدرێتەوە..واتە لە ئاکامدا هەموو بڕیاردانەکەی چارەنووسیی کەسان و گەل دەکەوێتە دەست ئەو دەسەڵاتدارەی نوێنەرو پارێزەرو پەرەپێدەری بیرە غەیبییە/ئەخلاقییەکەیە کە لە شیکردنەوەی دواییدا لە قۆرم و بیچم و قەوارەی رژێم یان دەسەڵاتداری ستەمگەردا خۆی دەنوێنێ. قۆرتە گەورەکە ئەوەیە ئەم بۆچوونە مێژوویی یە سەقەتە، بۆتە دیاریکەر یان تەنانەت میکانیزمی ناوخۆیی عەقڵییەتی رۆژهەڵاتی و بەتایبەتی ئیسلامی و بە تایبەتیتر کوردیی و جوغزێکی بۆشی وای دروست کردووە کە

لێدەرچوون لێی تەواو قورس و سەخت بێت، ئەگەر مەحاڵ نەبێت، بەتایبەتی کە ئەو هێزانەی بەرژەوەندی حەقیقی یان رواڵەتییان لە مانەوەی ئەم جوغزەدا هەیە چ ناوخۆیی، چ ئیقلیمی ، چ جیهانیی بن، زۆرو بە توانان.. ئاکامی ئەو پێکهاتووە سایکۆلۆژییە غەیبی و ئەخلاقییە لە رووی فیکرییەوە ئەوەیە کە لەجیاتی خۆ ماندووکردن بە لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەو دیراساتی مەیدانیی و گەڕان بەدووی داتاو ئەرشیف و بەڵگەو جەدەلدا، ئەوەندە بەسە هەموو واقیعەکان و حاڵەتەکان بۆ چەند سیفاتێکی کەسیی وەک خیانەت، بێشەرمیی، بێویژدانیی، خورد بکەینەوە.. و بەریەرچی بیریی و بەتایبەتی سایکۆلۆژیمان، یەکسەر بەو پێناسە پێشبڕیاردراوانە ببەستینەوەو لەگەڵیاندا هەڵچین و داچین. بەتایبەتی کە جار لە دوای جار لە ئاستی واقیع و ئەزموونی رۆژانەشدا، سەلماندنەوەو نوێکردنەوەو بەهێزکردنەوەی ئەو پێناسەو سایکۆلۆژییەکەی دەبینین تا دەبێتە بابەت و حاڵەتێکی دۆگمایی بەردین و لەگۆڕان نەهاتوو-و قبوولکراو.. گەرچی مانای راستەقینەو واقیعی و بەرهەست و بەرچاوو تامکراوی ئەم حاڵەتە بریتییە لە تراژیدیا و خۆکوشتنی نەتەوەیی. دیارە دەزانن مەبەستم ئەو واقیع و بیرە رەشەی ئێستامانە کە لە ئەنجامی مێژوو-و سیاسەتی پارتی و یەکێتی ، یان راستتر بنەماڵەی بارزانی و تاقمی جەلال تالەبانی، هەموو کوردی فیفتی/فیفتی کردۆتە رقداری یەکترو دوژمنی خوێنەخۆری یەکتر. ئەوەی سابیتە لەو دوو کەمپەدا تەنیاو تەنیا رقەکەیەو دۆزینەوەی هۆو بەڵگەو بەهانەو رووداوو لێکدانەوەی رووداوە بۆ تیژکردن و بەخێوکردن و بەهێزکردن و تەئزیر بۆ کردنی ئەو رقە، بێگوێدانە قانوونی عەقڵ و لۆژیک، یان ویژدانی نەتەوەیی و هەستی ئینسانی باڵا، گەر شتی وا هەر هەبن. ئێستا بۆ نموونە، زۆربەی ئەوانەی هەتاو یان رۆژنامەیەکی دیکە دەخوێننەوە، وەک چووبنە چێشتخانەیەک برسێتییان تێر کەن، یەکسەر بە دوای خۆراکێکدا دەگەڕێن رقەکەیان تێر کەن، دیارە تا زیاتر رەخنە لە بەرەی ناحەزی گیرا بێ، زیاتر قنیاتی دێت. خۆ ئەگەر رەخنەکە هەر لایەنی خۆی گرتبێتەوە یان برێ زیاتر لایەنی خۆی گرتبێتەوەو فیفتی / فیفتی تێدا رەچاو نەکرا بێت، ئەوا هەڵدەچێ و رەخنەگر یان تەنانەت رۆژنامەکەش بەوە تاوانبار دەکات، کە یەکێتی یە یان پارتی یە... بەم جۆرە لە ئاستی بیرو عەقڵ و ئاخاوتنی مێژوویی و نەتەوەییشماندا هەموو شتەکان و مەسەلەکان شێواوو خۆکوژاوی دەبن و دەبنە گومڕاستانێک دەرچوون لێی مەحاڵ دەبێت.. لەکاتێکدا ئێمە لەم گومڕاییستانە عەقڵییەو لەو جوغزە مێژوویی یە خۆکوژییەدا ، خوێنمان لە بەر دەرواو تاریکستان بۆ نەوەکانی سەدەی بیست و یەکەممان دروست دەکەین، دنیا لە سەر ئێمە ناوەستێ و لە گۆڕان و پێشکەوتنی خۆی ناکەوێت و دوژمنان و تەماکارانیش لە نەخشەو پیلاندانان و پیادەکردنی پرۆژەی خۆیان ناکەون. کارەساتە هۆشوەستێن و جەرگبڕەکە لە رادەی لە رادەبەدەری بێدائییەتی عەقڵ و رەفتاری سەرانی کورد بە تایبەتی و کورد بە گشتی دایە. ئەم بێدائییەتەی کە ئاوا بە ئاسانی جوغزی مێژوویی خۆکوژی هەڵبژاردووەو قبوڵی کردووە.. خۆی کردووە بە دوژمنی خۆکوژی خۆی و دوژمنی کردووە بە دۆستی بەرنامە خۆکوژییەکەی. ئەوەی مرۆڤ لە ئاستیدا دادەمێنێ لێکدانەوەی ئەمەیە؟ چ بەرژەوەندییەک، مەنتیقێک، شانازییەک لە خۆکوشتن و خۆفرۆشتندا هەیە؟ بەڵام ئایا دیسانەوە مەترسی ئەوە نییە کە کردنی پرسیارەکە بەم شێوە بمانگەڕێنێتەوە بۆ روانگە غەیبییە/ئەخلاقییەکە؟/ ئەی چ بکەین و بڵێین چی؟ چۆن کێڵگەی برینەکان بکێڵین؟

با مەسەلەکە لە رووی فەلسەفییەوە زۆر قووڵ نەکەینەوە، نە مەوداو دەرفەتی ئەوەمان هەیە، نە ئێستا مەبەستیشمانە. با تەنها وای دابنێین کە راستە هەموو شتێ لە مرۆڤ و و رەفتارییەوە دەست پێدەکا. ئەو کاتەش پێویستیمان بەوە دەبێت، بپرسین: مرۆڤ خۆی چییەو چ شتێک کار لە رەفتارو کردارو بیرکردنەوەو هەڵوێست وەرگرتنی دەکات؟ چەمکی مرۆڤ لە نێوان ئەو بیرە ئایدیالییە رووتەی کە دەیکاتە مەبەستی گەردوون و بڕیاردەری زەمەن و رووداوو، ئەو

حەقیقەتە ماددیە بایۆلۆجییەی دەیکاتە دیل و بەرپەرچدەرەوەی ئەو دۆخ و چوارچێوەی تێی دەکەوێ، جیاوازییەکی گەورەیان هەیە. یەکەمیان ئایدیالێکە کە تەنیا لە مەودای دین و فەلسەفەو شیعرا ئاخاوتنی خۆی بەدەست دێنێ. دووەمیان راستییەکی بەرچاوو رۆژانەیە کە دەکرێ وەک بابەتێکی زانستی دەرەوەیی چاودێری بکرێ و بپشکێنرێ و لێی بکۆڵرێتەوە..ئایا ئەخلاق وەک کۆمەڵە بیروپرینسیپێکی کۆمەڵایەتی یان تاکەکەسیی: واقیع و هەل و مەرجی ژیان دیاری دەکات، یان واقیع و هەل و مەرجی ژیان ئەخلاق دیاری دەکەن؟؟ بۆچی ئەمرۆ چەمک و تێگەیشتن و مومارەسەو هەڵسەنگاندنی ئەخلاقی کەسیی و کۆمەڵایەتی لە باشووردا بە شێوەیەکی رادیکاڵ گۆڕاوە؟ ئایا لە بەر ئەوەیە هەموو یان زۆربەی یان بەشێکی زۆری باشوور کەسێتی و رەوشتی خراپتر بووە؟ یان گۆڕانێکی غەیبی یان سیحری لە ناکاوی بەسەرداهاتووە؟؟ دیارە: نە. راستییەکەی ئەوەیە مرۆڤیش وەکو هەموو گیانلەبەرێکی دی، بە پلەی یەکەم ژینبەندی دەورووبەرەکەیەتی و وەکو مەرجی ژیان و مانەوەی دەبێ خۆی لەگەڵ دەورووبەرەکەیدا بگونجێنێ.. لەو خۆ گونجاندنەشدا پێویستییە غەریزەیی یە/ بایۆلۆجییەکان پلەی یەکەم و بالا وەردەگرن، ئەوسا پێویستییە ئەخلاقییە /عەقڵییە کۆمەڵایەتییەکان. عەقڵیش لەو حاڵەتەدا بەدوای پێویستییە بایۆلۆجییەکان دەکەوێ و تەنزیر یان پاکانەیان بۆ دەکاو عەقڵانییان دەکا، بەم چەشنە هەر خۆ گونجاندنێکی ژیانبەندیی نوێ، دەبێتە رەوش و رەوشتێکی قبوولکراو لەلایەن کۆمەڵە خۆ گونجێنەکە..دیارە تا باری ئابووری باش بێت و ئاستی ژیان بالا بێت، کۆمەڵ و لە ناویا تاکەکەس زیاتر بەرەو خولیاو مەبەستی بالای عەقڵی و شارستانیی دەچێت، گەر پێداویستییە سەرەکییەکانیشی، خواردن (نان)، ئاسایش، بەرگ، خانوو، کار، دابین نەبن ئەوا خولیای پەیداکردنی ئەو پێداویستییانە هەمیشە لە ئاستێکی غەریزەیی ناعەقڵانیدا دەیهێڵێتەوە.. بە واتایەکی دی، ئەگەر تێگەیشتنێکی عەقڵی و بیریی بالاشی هەبێت، ئەوا عەقڵی دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی پێداویستییە سەرەکیی و غەریزەیی یەکانی و هەموو لۆژیک و پاکانەیەک بۆ تێرکردنیان دەخاتە کار .. ئەم یاسایە هەموو میللەتێک و کەسێک دەگرێتەوە. دەوڵەمەندترین کەس، یان فەیلەسوفترین کەس بێتە و دوو سێ حەفتە نانی مەدەیە، بۆ ئاستیی غەریزەیی حەیوانی دادەبەزێ و پڕ دەداتە هەر شتێک بۆن و تامی خواردنی لێ بێت و کۆنترۆڵ و کاری عەقڵ دەوری نامێنێ..لە سەرەتای هەشتاکاندا کە بەرازیل لە بارێکی ئابووری سەختدا بوو، وەزیری ناوخۆیان دانی بەوەدا هێنا کە ئەو بارە ئابوورییەیان مرۆڤی نیوە حەیوانی دروست کردووە..ئەو کاتە تەلەڤزیۆنەکانی جیهان نیشانیان دەدا چۆن تەنانەت کەسانی مەدەنی و فەرمانبەریش لە بەرازیل لە تەک سەگە خوێرییەکاندا لە زبڵخانەکان بۆ پاشماوەی خواردن دەگەڕان..لە زۆر شوێنی هیندستاندا هەژاری و برسێتی، منداڵ فرۆشتنی کردۆتە شتێکی ئاسایی. نەک هەر لەشفرۆشتنی ئافرەت، بەڵکو بەخشینی منالیش بۆ سێکس لە فلیپین و سری لانکەو تایلاند و بەرازیل، شتێکە زۆر خێزان وەک شتێکی ئاسایی قبوڵی دەکەن و ئەخلاق لەو دیاردەدا نە دەوری هەیە نە مانا..مرۆڤ بەوە لە ژیانی سەرەتایی جەنگەڵییەوە بەرەو دامەزراندنی شارستانیی و بنەما عەقڵییەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی هەنگاوی نا کە دوو مەرجی سەرەکی/غەریزەیی بۆ ئەم هەنگاوە دابین کرد: ئاسایش و نان، ئەو دوو بنەمایەی بەبێ زامنکردنیان مرۆڤ نەک هەر ناتوانی چ وەک تاک چ وەک کۆمەڵ کۆمەڵگای عەقلانیی دابمەزرێنێ، بەڵکو هەر جۆرە باس و هاروژاندنێکی عەقڵ و ئەخلاق و ویژدان و ئەم چەشنە بیرە ئایدیالییانە، شتێکی ئایدیۆلۆژی بۆش و بێ بەرە. لێرەوە، یەکەم هەل و مەرجی زامنکردنی ژیان و ئەوسا پێشکەوتنی بالاتری هەر کۆمەڵێک ئەو هەل و مەرجەیە کە ئاسایش و نانی تێدا زامن دەکرێ..ئاشتی یەکەم سەرمایەی میللەتانە بۆ دروستبوونی نەتەوەیی و پەیدابوونی کۆمەڵگای شارستانی. بەبێ ئاشتی و نان ئازادیش نرخی نامێنێ. ئازادیی مانای نەمانی هێزی بەستنەوەو ستەم و دابەلۆسینە. جا چ شتێک لە ترسی ژیان، کە نەمانی

ئاسایش و نەبوونی نان دروستی دەکەن، زیاتر ستەم و بەستنەوەو داپەڵۆسین دووچاری مرۆڤ دەکات؟! بۆیە لە کاتێکدا شیرازەی ئاسایشی کۆمەڵێک یان وڵاتێک تێک دەچێ، لەگەڵیا وردە وردە، لە پشتەوەو لە ناخی ناخەوە، بەبێ ئەوەی وەک حاڵەتی شەڕو کوشتارەکە زەق و رەق دیار بێ، شیرازەی عەقڵیی و ئەخلاقیی کۆمەڵگەکەش دادەڕمێ و بەهاو بیری کۆمەڵایەتی نوێ لە سەر بنچینەی داخوازی غەریزیی ئاشکرا یان نا ئاشکرا بۆ نان و نەمانی ترسی مەرگ و ئاوارەیی و برسێتی، خۆیان دادەڕێژن.. با لاپەڕەی کۆن هەڵنەدەینەوە. ئێستا دوو نموونەی زیندوو- و گەرممان لە پێش چاوە: نموونەی ئەفغانستان و نموونەی کوردستانەکەی خۆمان لە باشوور کە لێیان کردین بە ئەفغانستانی دووەم. ئەوە چەند ساڵە جەنگی ناوخۆیی لە ئەفغانستان بە دروشم و تاقمی جیا جیاوە درێژەی هەیە. ئەوەی بەر کۆمەڵانی خەڵکی ئەفغان کەوتووە، لە مەرگ و کاولکاری و ئاوارەیی و برسێتی وگەڕانەوە بۆ چاخە سەرەتایی یەکان هیچی تر نەبووە. بۆیە لە پێش هەموو شتێکەوە، نەمانی شەڕو هەڕەشەی مەرگ، واتە دابینبوونی ئاشتی و ئاسایش، داخوازی غەریزەیی خەڵکی ئەفغانستانە. دیارە مەبەستم لە غەریزەیی ئەوەیە کەخەڵک ئەوەندە ئازاری شەڕو کوشتارو وێرانیی و ئاوارەیی و ناکۆکی چەشتووەو لە ئەنجامدا ئەوەندە تامەزرۆی گەڕانەوەی ژیانی هێمنیی و ئاسایی بووە، کە ئەمەی لا بۆتە پێویستییەکی غەریزەیی ، وەک برسیی و و تینوویەکی تا ئاستی مەرگ، باکی ئەوەی نییە بیر بکاتەوە کێ نان و ئاوی دەداتێ و داخۆ نانەکە ژەهراوییەو دوایی هەر دەیکوژێ، یان ئەو کەسەی ئاوی ئاسایشی دەداتێ دوایی چ نرخێک دەخوازێ. بۆیە گەرچی بزوتنەوەی تاڵەبان بزوتنەوەیەکی کۆنەخوازی دواکەوتووی دەستکردی پاکستانە و تەنانەت دژی پێخوێندنی کچان و ئیشکردنی ژنانەو شێوەیەکی جاهیلییانەی شەریعەتیان سەپاندوە، هێشتا، وەک راپۆرتێکی فراوانی پەیامنێری بی بی سی ، لەجەلال ئابادەوە(١٩/١٠/٩٦) نیشانی دا، زۆربەی خەڵک قەناعەتدارن بەوەی حوکمی تاڵەبان ، لە حوکمی فرەمیلیشیایی پێش ئەوان و بەردەوامی شەڕو پێکدادان، باشترە..چونکە ئەوسا لە بەر بێ ئاسایشی خودی ژیان و مان خۆی لە خەتەردا بوو، بەڵام ئێستا لە بەریەرچێکی هەڵیەتا سەرابیی ئەو بارەی پێشوودا، هومێدی سەقامگیری و دابینبوونی جۆرە ئاسایشێک هەیە..دیارە گەر ئێمە لەم دوورەوەو لە بەرستیبەری تیۆەنەگلانی خۆمانەوە سەیر بکەین، دەبینین ئەو هەڵوێستە ناعەقڵانییەی سروشت و کردەوەی تاڵەبان ئەوە نین ژیان و ئاسایش بۆ مرۆڤ دابین بکەن، بەڵام وەک وتم مرۆ بە قەدەر بەرەی ئیمکانییەتەکان پێ رادەکێشێ و دوای چەندین ساڵی شەڕو کوشتار لە ئەفغانستان هەر جۆرە سەرابێکی ئاشتی و نەمانی مەرگ و خوێن و وێرانی باوەشی پێدا دەکرێ. ئەو ژنانەی جەلال ئاباد دەزانن تاڵەبان ناهێڵن ژنان بخوێنن، کار بکەن، روویان دەرخەن، گەر خۆشەویستی یا زیناش بکەن دەخرێنە توورەکەوەو سەریان دەگیرێ و تا مەرگ بەرباران دەکرێن،،بەڵام هێشتا مانیان بەم شێوەیەو بە ئاسایشەوە پێ باشترە لەوەی تەنانەت لە ژیانیشیان دڵنیا نەبن، یان هەر رۆژە میلیشیایەک بە جۆرێک دەستدرێژیان بکاتە سەر.. واتە ئەوان بە لۆژیکی غەریزەی پێویستی یەکەم: مان و دووربوون لە هەڕەشەی مەرگ و ترس، سەیری رووداوەکان دەکەن و ئیحتیمالاتەکان هەڵدەسەنگێنن. چونکە ئەو هەل و مەرجەی بە سەریاندا سەپێندراوە ئەو هەل و مەرجەیە کە مرۆڤی بۆ ئاستی حەیوانیی غەریزەیی دابەزاندووە..ئەم حاڵەتەش دەشێ بە سەر مرۆڤان دا بێت چ وەک تاک چ وەک کۆمەڵ..بۆیە ستراتیژی سەرەکی و سەرەتایی هەر کۆمەڵ و نەتەوەیەک ئەوەیە: یەکەم: ئاسایشی نەتەوەیی [ئەمنی قەومی] دابین بکەن. دووەم: باری ئابووری بە جۆرێک رێک بخەن کە بەلای کەمەوە رادەی هەرە سەرەکی پێویستی مانەوەو ژیان دابین بکەن و ئەوسا بەرنامەی تەمادارتر بۆ پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵیی و شارستانی و تەکنۆلۆژی دابنێن.. بە داخەوە مرۆڤ وەک بوویەکی بایۆلۆجی هەموو سیفاتەکانی درندەی جەنگەڵی بە شێوەیەکی پێشکەوتووترو

وێرانکەرتر و کوشندەترو بێ سنوورتر، لەگەڵ خۆی هەڵگرتووەو ماوەیەکی زۆری پێچووە تا ، بە تایبەتی لە کۆمەڵگای یۆنانیدا لە سەرەتاداو ئەوسا لای رۆمانییەکان و غەربییەکان، چەمکی کۆمەڵگای شارستانی و هاونیشتمانێتی و مافی مرۆڤ و مرۆڤی تاک و دیمۆکراسی هاتوونە کایەوە. بەلام ئەم چەمکانە هەرگیز گەردوونی و هەمووگر نەبوون، بەڵکو هەر کۆمەڵگاو نەتەوەیەک هەر چەند پلەی شارستانی و دیمۆکراتیشی بالا بووبێ، هێشتا خەم و پێویستی یەکەمی دابینکردنی ئاشتی ناوخۆو ئاسایشی نەتەوەیی و ژیانی ئابووری خۆی بووە، بە بەهێزکردنی دیفاعی سەربازی و ئایدیۆلۆژی دژی گروپانی تری ناحەز یان موناڤیس و هەڕەشەکەر. بەم جۆرە یۆنانییەکان بۆ نموونە کە یەکەم گەل بوون کۆمەڵگای شاریی و رژێمی دیمۆکراسی و چەمکی هاوولاتێتی دابمەزرێنن، هێشتا بەربەرەکانییەکی ناوخۆیی سەختیان پێویست بوو تا بتوانن بگەنە ئەو ئاستەی بیری یەک نەتەوەیی هیلینی/یۆنانی دابمەزرێنن و دروشمی "ئاسایش و خۆشگوزەرانی لە ناوخۆ داو شەڕو ئاژاوە لە دەرەوەدا" بەرز بکەنەوە. هەر ئەم دروشمەشیان کردە بناغەی بزوتنەوەی کۆلۆنیالی بۆ بەهێزکردنی ژیانی ئابوورییان و و دامەزراندنی ئیمپراتۆریەت. بەلام هەرچۆنێ بێ ئەو بیرو باوەڕو چەمکە شارستانییانە بوونە بناغەیەک بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگای شارستانی لە ولاتانی رۆژاوایشدا. دیارە ئەو کۆمەڵگایانە لە شەڕو شۆڕ بەدوور نەبوون، گەرچی زۆربەی ئەو شەڕانەی رۆژاوا ناوخۆیی نەبوون و کۆلۆنیالی و ئیمپریالیستی بوون دژی گەلانی تر یان وەک موناڤەسە لەگەڵ یەکتر. دوا شەڕی کارەساتاوی گەورەی غەرب شەڕی جیهانی دووەم بوو. لەو کاتەوە هەر ولاتێکی خۆراوایی تێکۆشاوە کۆمەڵگایەکی شارستانی ئاسایشداو سەقامگیر و پێشکەوتووی بێ شەڕو کێشەڵ زامن بکەن لە سەر سێ بنەمای عەقلانی سەرەکیی:

١. ئاسایشیی نەتەوەیی[ئەمنی قەومی]

٢. باشکردنی باری ئابووری و زامنی ئاستێکی ژیان بۆ هەموو هاوولاتییەک

٣. دامەزرانی دەزگای دەستووری دیمۆکراتی کۆمەڵگای شارستانیی بۆ دامەزراندن و گواستنەوەو گۆڕینی حوکم و دەسەلات به شێوەیەکی ئاشتی لە رێگای هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی دەسەلاتەکانی تەشریعی و تەنفیزی و قەزایی. ئێمە نامانەوی لێرەدا بە درێژی بچینە ئەم باسانەوە، یان مێژووی ئەو تەجرەبانە سەرنج بدەین. بەکورتی هەندێ تێبینی دەردەبڕین:

١. هەر لە کۆتایی سەدەی رابردۆوە کە پێشکەوتنی سەرمایەداری کەوتە قۆناغی ئیمپریالیستییەوە، کەم یان زۆر، هەموو گیرو گرفتە نەتەوەیی و جیۆسیاسییەکان لە جیهاندا بوونە گرفتێکی جیهانی. جا چ راستەوخۆ دەوڵەتانی سەرمایەداری جیهان تێوە گلا بن، وەک هەرا لە سەر میراتی ئیمپراتۆری عوسمانی و دابەشکردنی و دروستکردنی دەوڵەت و دەوڵەتۆکەکان. یان ناراستەوخۆ لە شێوەی پەیمان و موناڤەسەی ئاشکراو نهێنی ئابووری و سیاسی و سەربازیی نێوان دەوڵەتانی چووک یان گەورە، لە ئاستی ئیقلیمیی یان جیهانیدا.

٢. بۆیە هەر رووداوێک و کێشەیەکی جیهانی و هەر ستراتیژو سیاسەتێکی نەتەوەیی هەر دەوڵەتێک هەر لەو کاتەوە دووربیەکی جیهانی ئاشکرای هەبووە. شەڕی جیهانی یەکەم و دووەم و ئەو ئەزمە سیاسییەی لە ئەنجامیاندا دروست بوون، کاریان لە هەموو گەلانی دنیا کرد. کۆتایی شەڕی سارد و دروست بوونی نەزمی جیهانیی نوێش کە ئەمریکا تێیدا تاقە سوپەرهێزەو کەم یان زۆر زۆربەی سیاسەتەکانی جیهانیی لە ناو UN و دەرەوەی ناو ناتۆدا بڕیار دەدا، کاری خۆی لە سەر هەر گەلێکی بچووک یان گەورە دەنوێنێ.

٣. بۆیە ئەو سێ بنەمایەی باسمان کردن: ئامان و نان و دیمۆکراسیی، لە دەرەوەی چوارچێوەو گەمەکانی سیاسەتی جیهانیدا هیچ گەلێ ناتوانێ بەدەستییان بێنێ. بۆیە ئەمڕۆ سیاسەتە مەحەللییەکان گرنگیی خۆیان لە دەست داوە، یان راستتر مەحەللی نەماون و راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بە

سیاسەتی جیهانی و لە سەرووی هەموویەوە بە سیاسەتی زلهێزەکانەوە بەستراون. جا لە بەر گرنگی ئەو مەبەستانە بەتایبەتی ئامان و نان بۆ هەر گەلێک دەبینین مەبەست و دروشمە ئایدیۆلۆژییەکان ناوەرۆکیان نەماوەو کەس ئێستا حیساب بۆ پرینسیپی ئایدیۆلۆژی ناکات مەگەر بۆ ئیستیهلاکی سیاسیی نەبێ، گەرچی لەم لایەنەشەوە بازاڕی کزەو کریارانی ئایدیۆلۆژی کەمتر و کەمتر دەبن، لە کاتێکا ژمارەی ئەو گەل و گرۆو تاکە کەسانەی بە دوای ئامان و ناندا دەگەڕێن ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر و زیاتر دەبن..لە زەمانی شەڕی ساردا دوو بەرەو دوو پەیمان هەبوون : بەرەی ڕۆژهەلات و پەیمانی وارشۆ و بەرەی ڕۆژاواو پەیمانی ناتۆو لە پاڵ ئەمانەشەوە گەرچی زیاتر وەک شتێکی شکلی بەرەی بێ لایەن (عدم انحیاز) هەبوو..هیچ گەل و ولاتێک لە جیهاندا لە کارو ئەسەری ئەم دابەشبوونە جیهانییە بە دوور نەبوو..بۆیە بۆ زامنکردنی ئامان (ئەمنی قەومی) هەر ولاتە بە پێی بەرژەوەندی و جوگرافیاو مێژووی پاڵی بەم یان ئەو بەرەوە دەداو جۆری سیاسەتی ئابووری و شێوەی حوکمیشی هەر ئەو پاڵدان و لایەنگیرییە ستراتیژییە دیاری دەکرد.. بەتایبەتی دوای ئەزموونی شەڕی جیهانیی دووەم کە هاوپەیمانی ڕۆژهەلات و ڕۆژاواو ملیۆنەها قوربانی و کاولبوونێکی بێ ئەندازە پێویست بوو بۆ بەزاندنی ئەڵمانیاو وەستاندنی هەڕەشەی نازیەت، و دوای ئەو بەورەی ئەمریکا بە هۆی بەرنامەی مارشالەوە بۆ هەستاندنەوەی سەرمایەداریی لە ئەورووپادا بینی، ولاتانی ڕۆژاوا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە یەکەم مەسەلەی (ئەمنی قەومی) گرنگترین مەسەلەیە بەرەو ڕوویان بۆتەوەو دووەم: هیچ ولاتێک بە تەنیا ناتوانێ ئامان بۆ خۆی دابین بکات.. بۆیە مەسەلەی هاوپەیمانێتی وەک گرنگترین بنچینەو میکانیزمی ئامان هاتە گۆڕێ. بەم چەشنە ناتۆ لە دایک بوو بۆ پاراستنی ولاتانی سەرمایەداری ڕۆژاوا لە خەتەری دەرەوە کە تا کۆتایی شەڕی سارد بە خەتەری کۆمۆنیزم دەناسرا. بەرامبەر بەوەش یەکێتی سۆڤیەت پەیمانی وارشۆی ولاتە سۆشیالیستەکانی دروست کرد. ئەمە وەک وتمان تا سالی ١٩٨٩ و هەرەس هێنانی بەرەی سۆڤیەت مایەوە..

گەلی کورد، بەبێ ئەوەی بە خۆی زانیبێ، یان حیسابی بۆ کردبێ، یان توانای تێگەیشتن و بەرپەرچدانەوەو کارکردنی لە هاوکێشە جیهانییەکانی هێزو دەسەڵات هەبووبێ، هەمیشە لەو جیهانیبوونەی حیسابەکانی ستراتیژی ئامان و نان و دەسەڵاتەوە گلاوەو دەورێکی جیۆسیاسیی، ئابووری، سیاسیی ، ئایدیۆلۆژی ، یان سەربازی (ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی) هەبووە..نوشستی و هەرەسەکانی کورد تا رادەیەکی زۆر پێوەندیان بە بێ سەوادی و بێئاگابوونی لە میکانیزم و گرێ و گۆڵ و فاکتەرە جیهانییەکانی ئەو دەورەی خۆی بووە..ئەو فەشەلەشی خۆشی بە بیرو بەهانە ئەخلاقی و قەدەرییەکان داپۆشیوەو پاساوکردووە ئەوسا بە هەمان ڕێبازدا چۆتەوە: بۆ نموونە: تاوانبارکردنی سۆڤیەت بە هەرەسی مەهاباد ی ١٩٤٦، یان دانانی ڕێکەوتنی جەزائیرو دەوری ئەمریکا بە هۆی ئاشبەتالی ١٩٧٤..کە لە هەردوو حالەتدا ساوێلکەیی بیرو عەقلی کورد و خۆپاکانەکردن و خۆهەڵخەڵەتاندنی دەردەکەوێ..

ئەگەر ئامان و نان و دەسەلات ئامانجی هەر مرۆڤێک و کۆمەڵگایەک و هەر نەتەوەیەک و کۆنفیدرالییەکی نەتەوەیی یان نێونەتەوەیی بێ، ئەوا ڕاستتر وایە هەر ئەم سێ بناغەیە بکەینە سێ چەمکی شیکردنەوەیی چ بۆ تێگەیشتنی خۆ/خود یان بۆ تێگەیشتنی "ئەوانی تر"، واتە هەموو ئەو گەل و گرۆیانەی دوور یان نزیک لە پرۆسەی جوگرافیایی و مێژوویی بەکار خستنی ئەو چەمکانەدا پێوەندارن پێمانەوە..لێرەدا بە پێویستی دەزانم برێ پتر لە گرنگی ئەم چەمکانە بدوێم.

ئاشکرایە کە جیاوازی مرۆڤ لە گیانلەبەرە ناسراوەکانی زەمین لەوەدایە کە هەست بەو جیاوازییە دەکا، دەیزانێ و ئەو زانینەشی کردۆتە سیستمێک بۆ دروستکردنی دەسەلات و دنیای تایبەتی خۆی. کەوایە: جیاوازییەکە لە هوشیارییەکە دایە... چ ئەو هوشیارییە و چ هوشیاربوون دەربارەی ئەو هوشیارییەو گرنگییەکەی و دەورە کۆمەلایەتی و مێژووییەکەی، لە ڕێگای "زمان"ەوە دەزانین. زمان خۆی

پژانی ئەو هوشیارییەیە هەروەها دامەزرێنەرێتی..بۆیە هەموو بنیاتە زانگەرییەکانی مرۆڤ، بنیاتێکی زمانەوانین. ئەو بنیاتانە بە شێوەی پرۆسێسی مێژوویی دروست بوون و دەکرێ قۆناغەکانی ئەو پرۆسێسە مێژوویی یە بە ئاسانی دەستنیشان بکەین، چونکە وەک فوکۆ دەڵێ:" مرۆڤ دەرکەوتێکی زۆرنزیکەو کۆتایی یەکەشی رەنگە هێندە دوورنەبێ." بە هەر حاڵ ئەوەی ئێمە دەمانەوێ بیڵێین ئەوەیە کە بنیاتەکانی زمان و ئەو هەموو سیستمە زانگەرییانە/ ئێپستیمۆلۆژییانەی لە سەری دامەزراون، هەر لە ئەفسانەوە، تا دین، تا فەلسەفەو زانستە سروشتی و کۆمەڵییەکان ومرۆڤییەکان و شێوە جۆربەجۆرەکانی دەرکەوتن و کارکردنی ئایدیۆلۆژییەکان و تکنۆلۆژیا، هەموو ئەمانە دەوری خۆیان بینیوە لە ونکردنی ماهییەتی (چییەتی) مرۆڤ و کۆمەڵگایەکەی و حەقیقەتی بوون و چارەنووسیی، بە شاردنەوەی لەناو چەندەها چینی ئەستوور لە داڕشتەو دامەزراوە ئایدیۆلۆژی و زانینگەرییەکان، واتە بنیاتە بێکۆتایی یەکانی دامەزراندنی زمانیی، تا حاڵ وای لێ هاتووە ئێمە زۆر کەم مامەڵە لەگەڵ "حەقیقەت" و "واقیع" دا دەکەین،( کە لێرەدا دەبێ بڵێین حەقیقەت و واقیع ی ڕووت.) چونکە راستییەکەی ئێستە زۆر ئەستەمە هیچ حەقیقەت و واقیعێک لە دەرەوەی بوون و بنیاتە زمانەوانییەکەی دەستنیشان بکەین، ئەمەش وامان لێدەکا بیرمان ببێتە دیلی کۆمەڵێکی زۆر لەو پێشهەبووەو پێشکارە ئایدیۆلۆژییانەی لە ناو سیستمی زماندا جێی خۆیان گرتووە. بۆ نموونە: مێژوو : نەک بەو چەشنەی رووی داوە بەڵکو بەو چەشنەی دەوترێ و دەنووسرێ کە روویداوە/، دین: وەک سیستمی دەقە نووسراوەکان/ ئایدیۆلۆژی : وەک سیستمی دەقە نووسراو پەخشکراوەکان/ شیعر: وەک سۆزو ئایدیالی کردنی ژیان/ کتێب و پەروەردەی قوتابخانە هتد.. هەموو ئەمانە پێشبڕیاری بیرکردنەوەمان دەدەن تا رادەیەک خودی خۆناسیی (ئایدێنتیتی) مرۆڤ دەبێتە رەگەزێک لەو بنیاتە زمانەوانییانە. راستە: مرۆڤ هەر لە رێگای زمانەوە، هەوڵی داوە، لە هەر قۆناغێکی مێژوویی تازەدا، شۆڕشێک یان گۆڕانێکی رادیکالی لە سیستمی زمان و بیردا بەرپاکات و کۆدیتایەک بە سەر "کۆن" دا بکات، بەڵام ئەمە هیچ مرۆڤی لە حەقیقەتی خۆی نزیک نەخستۆتەوە..بەڵکو پلە یان چەند پلەیەکی تر لە سیستمی زمانی/ئایدیۆلۆژیدا بەرزی کردۆتەوە و زیاتر کردوویەتییە دیلی فانتازیای هۆمۆسێنتریزم، واتە کردنی مرۆڤ خۆی بە نێوەندی حەقیقەت و مانای گەردوون بە بێ ئەوەی حەقیقەتی سادەی بوونی خۆی تێ بگات..ئەو حەقیقەتەی دەبێ دوور یان بەر لە زمان لێی بگەڕێین و دەستنیشانی بکەین..مەبەستم ئەوەیە لە جیاتی رووخاندنی سیستمی زمان و گەڕانەوە بۆ حەقیقەتی ڕووت، دیسانەوە سیستمێکی زمانەوانی/ئایدیۆلۆژی تازە کراوەتە جێگرەوەی سیستمە کۆنەکەو بە ناوی شۆڕشگێڕێتییەوە ئەویش بە شێوەیەکی بەهێزتر و بۆ ماوەیەکی درێژتر خۆی سەپاندووەو بەم جۆرە، ئەڵقە مێژوویی یەکانی سیستمی زانگەریی مرۆڤایەتی دروست بوون.. بۆ نموونە: مارکسیزم لە سەر بنچینەی گوایە تێکدان و تورهەڵدانی فەلسەفەی ئایدیالیزم بە فۆرمە دینییەکەشیەوە، کۆدیتای خۆی راگەیاندو خستییە کار. بۆ ئەم مەبەستەش گەڕایەوە بۆ پرینسیپێکی حەقیقەتی ڕووت: ئەویش ئەوەیە کە: مرۆڤ دەیەوێ و دەبێ لە پێش هەموو شتێکدا بژی، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ کار بکات، کە کاریشی کرد دەبێ لەگەڵ یەکتردا هاوکاری و هەرەوەزی بکات، ئەمەش سیستمی کۆمەلایەتی لێ پەیدا دەبێ، لەو سیستمەشدا بەربەرەکانی چینایەتی دروست دەبێ، ئەو بەربەرەکانییەش دەبێتە هۆی دروستبوونی دەوڵەت وەک ئەنجامی زاڵبوونی چینێکی کۆمەلایەتی کە دەبێتە خاوەنی کارو هەموو ئەو سیستمە زانگەرییانەی وەک سەرخانی دەسەلاتەکەی دروست دەبن. بۆیە شۆڕشگێڕییەتەکە لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە پووچەڵکردنەوی ئەو سیستمانەیە و لە رووی کۆمەلایەتیشەوە خەباتی چینایەتییە بۆ دروستکردنی سیستمی جێگرەوە..ئەمە هەڵبەتا لێکدانەوەیەکی زۆر سادەکراوی بەلام دروستی فەلسەفەی سیاسیی مارکسیزمە.. دیارە پێش مارکسیش ئیبن خەلدون هەر ئەو

حەقیقەتە رووتە سەرەتایی یەی کردۆتە بنچینەی فەلسەفە مێژوویی و سیستمە سۆسیۆلۆژییەکەی. بەلام ئەویش هەروەها لەوە زیاتری نەکردووە کە حەقیقەتە رووتەکە: مرۆڤ دەبێ بژی و ژیندەنی پەیداکات› تەنیا بکاتە بناغەیە ک بۆ هەلچنینی سیستمێکی بەربلاوی زانگەریی زمانیی. لەمەش پتر ئیبن خەلدون و مارکس هەردووکیان خێرا بنچینەکە، حەقیقەتە رووتە سادەکە، بەجێ دێلن و لە ناو تۆری ئەو سیستمە زانگەرییەی لە سەریان هەلچنیوە ون دەبن بەتایبەتی کە هەموو مەسەلەکە لە ئاکامدا وەک ئایدیۆلۆژی واتە وەک مەسەلەی دەسەلاتی سیاسیی و دروستبوون و هەلوەشانەوەی دەولەت سەیر دەکەن..لەمەوە ئەو دەرفەتە لەدەست دەدەن کە حەقیقەتە رووتەکە بکەنە سەرەتایەک بۆ تێگەیشتنی مرۆڤ خۆی، وەک حەقیقەتێکی بایۆلۆژی/فەردیی، ئەوسا کۆمەلایەتی. گیرکارییەکیە/ئیشکالەکە، لە دامەزراندنی زمانەوانی/زانگەریی چەمکی "کۆمەلایەتی" دایە. کە لە سەرەوەرا واتە لە چەمکی دەولەتەوە سنوورو چوارچێوەی ئەو چەمکە دیاریکراون. نەک لەژێرەوەرا: واتە لە چەمکی حەقیقەتە رووتەکەو سەرنجدان و بایەخپێدانی ژیانی تاکەکەس لە پانتایی زیندەنییە شوێنگر وکاتدارییەکەیدا..لێرەوە سەیر دەکەین لایەنە هیومانیستییەکەی(ئینسانییەکەی) مارکسیزم وەک بیرو بانگەوازێک بۆ ئازادی مرۆڤ و دادگەری کۆمەلایەتی بە بەراوردو سەرنجداتی لەگەل حەقیقەتە رووتەکەدا هیچ نرخێکی نامێنێ، یان راستتر پێچەوانە دەکەوێتەوە، چونکە ئەو سیستمەش لەناو فەزاو فانتازیای ئایدیۆلۆژیادا، واتە درۆو دەلەسە، نوقم دەبێ و مێژوو دەکاتە جەپتەری یەک لە دوای یەکی کارەسات و ترازیدیای مرۆڤایەتی و بەناوی شۆرشگێرێتییەوە پاکانەی بۆ دەکات..با پتر ئەمە روون کەینەوە..مەبەستمان لە حەقیقەتە رووتەکە ئەوەیە: مرۆڤ ئەو ئایدیالە نییە کە خەرمانەی قودسییەت و گەورەیی و بێسنووریی بە دەوردا کێشراوە. مرۆڤ ئەو منالە رووت و قوت و بەستەزمان و بێ دەسەلاتەیە کە لە لەحزەی بوونییەوە تا لەحزەی دەرچوونی پێویستی بە : ئامان و نان و سەقامگیری کۆمەلایەتی هەیە..ئەو پێویستییانەش دەبێ وەک پێویستی تایبەتی و رەوای هەر تاکێک سەیری بکرێ نەک لە ناو چەمکە ئایدیۆلۆژییە تەماوی و ئالۆزو نازانستییەکانی وەک چین و نەتەوەو گرۆی کۆمەلایەتیدا نقوم بکرێ..مارکسیزم بە دابەشکردنی مرۆڤ بۆ چین (کە ئەمە خۆی لە خۆیدا لە گرنگییەکی زانستی نیسبی مێژوویی بەدوور نییە) و ئەوسا دامەزراندنی سیستمێکی زانگەریی ئایدیۆلۆژی تەواو لە سەر بنچینەی ئەم چینایەتییە و دانانی گروپێک مرۆڤ (کرێکار) بە رەمزی ئەخلاق و هەلگری پاشەرۆژ و عەدالەتی مرۆڤایەتی و دانانی نیوەی بەشەکەی دی، بە( بۆرژواو)، چەوسێنەرو زۆردەست و شایستەی فەوتان و روخاندن و لەناو بردن، ئاژاوەو فەرتەنەیەکی ئایدیۆلۆژی وا دەنێتەوە کە نەک تەنیا زانست بەلکو سادەترین بەهاو بایەخی مرۆڤایەتی پێشێل دەکاو توندوتیژی دەکاتە خاسیەتێکی مێشک و بیری مرۆڤ و هەرای کۆمەلایەتی دەکا بە عادەتی باو..تەنانەت مارکسیزم شەری ناوخۆیی (حەربی ئەهلی) کە بنچینەکەی چینایەتی بێ، بە رەواترین جەنگ دەزانێ..پاداشی ئەو هەموو جەنگە چینایەتییانەش بەهەشتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە..دەمەوێ لێرەدا سەرنج بۆ ئەوە رابکێشم کە مەبەستم ئەوە نییە رەخنەو شیکاری مارکس بکەم. تەنیا ئەمە وەک نمونە بۆ روونکردنەوەی چەمکی حەقیقەتی رووت بە بەراورد لەگەل سیستمە زمانییە زانگەرییە ئایدیۆلۆژییەکان ، کە مارکسیزم یەکێکی گرنگیانە، دێنمەوەو دەمەوێ نیشانی بدەم تا چ رادەیەک دوورکەوتنەوە لە حەقیقەتە رووتەکەو ون بوون لە زیگزاگەکانی زمان و ئایدیادا، هەم لە واقیع و هەم لە ئینسانییەتی خۆمان دوور دەخاتەوە..تۆ گەر خۆت بە کرێکار یان بە هەلگری بیر یان کێشەی کرێکار دابنێی و هەموو خولیایەکت ئەوەبێ ئەوانە بخەی و لە ناوبەری کە بە بۆرژوایان دەزانی، دەبێ چ لە ئینسانییەتت بمێنێتەوە؟ ئایا چ زانستییەک لەو بۆچوونەدا هەیە؟ ئایا دەتوانرێ نیوەی مرۆڤایەتی کە کرێکار بن، وەک

یەک یەکە سەیر بکرێن و کرێکارێک بکرێتە کۆپی ئەوی ترو هەموو جیاوازی و خولیای فەردییان بە لاوە بنرێ؟ ئایا کرێکاری هەموو وڵاتێک وەک یەکە؟ ئایا بەر لەوەی زانست کلۆن یان ئیستینساخی مرۆڤ بکاتە راستی، مارکسیزم بە نازانستی ئیستینساخی ئایدیۆلۆژی رەچاو نەدەکرد؟ ئایا مێژوو-و کولتووری هەر گەلێک خاسێتی تایبەتی بە چینە کرێکارەکەی نادا؟ ئایا راستە کرێکاران هاوپەیمان و هاوخەباتن و خیانەت لە یەکتر ناکەن؟ ئایا کرێکار هەر بە کرێکاری دەمێنێتەوە؟ یان تەنانەت لە کاتی کرێکاربوونیشیدا بە هەست و حەزو خولیاو خەون بۆرژوایە بەو مانایەی کە حەزی لە پارەی زیاترو خانووی چاکتر و سەیارەی تازەترو گەشت و گوزاری زۆرتر هەیە؟ ئایا پێداویستی ئامان و نان و دیمۆکراسی بۆ هەموو کرێکارێک وەک یەکە؟ ئایا بۆرژوازییەک کە لەناوچێ ژن و منداڵەکەشی تاوانبارن؟ ئایا نابێ کچ و کوڕی کرێکارێک ببنە بۆرژواو کچ و کوڕی بۆرژوایەک ببنە کرێکار؟ ئایا نابێ لە هەموو حاڵەتێکدا بیر لە کۆست و کوێرەوەری دایکان بکەینەوە؟ بیر لە پێویستییەکانی منداڵ بۆ ئامان و نان بکەینەوە؟ دەکرێ بە لە ناوچوونی بۆرژوایەک و هەتیوبوونی منداڵەکانی و کوێرەوەری دایکییان دڵشاد بین؟ ئایا راستە ئەو ئایدیۆلۆژییانەی لە سەر توندوتیژی و کوشتار دروست بوون و دەژین بێشکەوتنخوازو ئینسانین، یان پاشماوەو دەربڕی جەنگەڵییەتی مرۆڤن؟ دەکرێ دەیان پرسیاری تری لەم جەشنە بپرسین کە هەموویان نازانستی ئەو دارشتە ئایدیۆلۆژییە کۆلێکتیڤانە دەردەخەن..دیارە مارکسیزم واتە جینایەتی تەنیا نییە لە رووی شیواندنی حەقیقەتی رووت بە قەلاکردنی زمانی ئایدۆلۆژی و پاکانەکردن بۆ

دڕندەگەرێتی مرۆڤ بەرامبەر مرۆڤ.. هەموو سیستمە ئایدۆلۆژییەکانی دەسەڵاتخواز هەمان رێگایان ، دیارە زووتریش، گرتۆتە بەر..دین لە سەر هەمان بۆچوون هەڵچنراوە..راستییەکەی ئایدیۆلۆژیای دین گەورەترین چەکی ئایدیۆلۆژی غەزەواتە دڕندەگەرییەکانی مەسیحییەت و ئیسلامیش بووە و لە شەڕەکانی سەلیبی سەدەکانی نێوەندا هەردوو سیستمە ئایدیۆلۆژییە دینییەکە بوونە رێبەری بزووتنەوەی ئیمپریالی و قوربانیکردنی گەلان بە دابەشکردنی دنیا بە دوو بەشەوە: کافر و باوەڕدار..بەلای ئیسلامەوە باوەڕدارانی بەرەی خوا موسڵمانەکان بوون و دەرەوەی ئیسلامیش کوفر بوو، غەزوکردن و کوشتن و لە ناوبردنی شارستانییەتی کۆن و بەزۆر سەپاندنی عەرەبیزم ، فەرمان و خواستی خوا بوون..لای مەسیحیەتیش بە پێچەوانەوە، "بەرەی مەسیح" باوەڕدار بوون و موسڵمانانیش کافر بوون و کوشت و بڕیان کارێکی خواپەسند بوو.. هەر یەکەش فەزای جوگرافی بوون و ژیانی ئەوی تری بە حەڵاڵی کوشتار و قڕان دەزانی...دەیان هەزار مرۆڤ بێگوێدانە ژن و منداڵ و تاوانبارو بێتاوان، دەبوونە قوربانی غەزەواتەکانی ئەم لێکدانەوە ئایدیۆلۆژییە..راستی مێژووی دین مێژووی کوشتن و برین و وێرانی و دڕندەگەری و دەستدرێژی و تاوانی مرۆڤە بەرامبەر مرۆڤ..زۆرکاری سیستمی دین لە سیستمە زانگەرییە زمانەوانییەکەیدا دەردەکەوێ، کە دەقی خۆی، تێکستی دینیی، دەکاتە باڵاترین و دەسەڵاتدارترین دەقی ئایدیۆلۆژی و هەر شتێک و هەموو شتێک کە بۆنی یاخیبوونی لێ بێ دەکەوێتە ناو خانەی ئەوی تر یا بەرەی ناحەزو دوژمنەوەو فتوا دەیگرێتەوە..ئەمەش ستەمگەرترین شێوەی دەسەڵات کە خۆی لە داپەڵۆسین و کوێرەوارکرنی عەقڵدا دەدۆزێتەوە، دەنوێنێ...

سیستمێکی ئایدیۆلۆژی دیکەی دڕندەگەرییانە سیتمی ئایدیۆلۆژی نەتەوایەتییە..شەڕی نێوان نەتەوەکان تەنیا بۆ مەبەست و قازانجی ئابووری نەبووە، ئایدیۆلۆژی نەتەوەیی و خواستنی دەسەلاتگرتن بەسەر ئەوانی ترداو خۆ بە راستتر و مەزنترو چاکتر دانان، خۆی لە خۆیدا هۆ بووەو هۆیە بۆ بەردەوامکردنی دڕندەگەریی مرۆڤ بەرامبەر مرۆڤ..شۆڤینیزم قەت بە رامنکردنی دەسەلات و دەسکەوتی ئابووری وازی نەهێناوە، بەڵکو دیلکردن و ئیبادەکردنی بێدەسەڵاتانیش بەشێک بووە لە بەرنامەکەی..ئەوەتا بینیومانەو دەبینین چۆن زۆری دەسکەوت و قازانج ئەگەر شتووری بۆ دانەنرێ دەبێتە هۆی لە دەستدانی هەموو

لێکدانەوەو بەستێکی ئەخلاقی و عەقلانی و ڕەهاکردنی دڕندە لە پێستی مرۆڤدا..ئەو دڕندەگەرییە بێسنوورەیە کە نەتەوایەتی لە بزوتنەوەیەکی جوگرافی ئابووری سنووردارەوە کردۆتە بزوتنەوەیەکی ئیمپریالیستی دنیاگیی بێسنوور [مەگەر سنووری پسان لە ئەستووریدا)، لێکدانەوەی ئەوە ئەوەندە بە هۆکارە ئابوورییەکان ناکرێ، وەک بە ناسین و حاڵی بوونی تەبیعەتی مرۆڤ و بە کارکەوتنی ئەو تەبیعەتە (جەوهەری مرۆڤ) لە چوارچێوەی هەلومەرجەکانی بە کارخستنیدا

لێرەدا بە کورتی هێمامان بۆ سێ جۆرە ئایدیۆلۆژی کرد: چینایەتی، دینی و نەتەوەیی، کە هەر سێکیان لە فرامۆشکردنی حەقیقەتی ڕووت و گوێنەدان بە مافی ژیان و پێشێلکردنی کەرامەت و مافی مرۆڤ و ڕەهاکردنی دڕندە لە دەروونی مرۆڤدا، لە نوقتەی دەسەڵاتدا، یەکدەگرنەوەو لەگەڵ جیاوازی ڕوڵەتیشیاندا لە کردەوەو وەزیفەی بوونیاندا(function of existence ) هەر یەکن..ئەم جۆرە ئایدیۆلۆژییە تۆتالیتارییانە (کۆکەرەوانە)، ناتوانن جگە لە شێواندنی ڕاستی و خۆ دزینەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی حەقیقەتی ڕووت، تەفسیری هیچ بکەن..بەڵام ئەگەر ئێمە لە چەمکی حەقیقەتی ڕووت تێپەڕێنین دەبینین حەقیقەت چەمکێکی یەکجار ڕێژەیی [نیسبی} و هەویرێکی یەکجار شلە کە دەستی هێزو دەسەڵات دەیگرێتەوە..حەقیقەتی هەر شتێک یا زۆربەی شتە دیارو باوو بەرچاوەکان هەر لە ناونانییانەوە تا دیاریکردنی شێوەو خاستێیان، بە هۆی هێزەوە دەستنیشان دەکرێن و بەردەوام دەبن و لەگەڵ نەمانی هێزەکەدا نامێنن..عێراق بۆیە وەک ناوو دەسەڵات و ناسینی نێونەتەوەیی هەیە چونکە هێز دروستی کردووەو دەسەڵات شەرعیەتی پێداوە..لە کاتێکدا کوردستان لەبەر نەبوونی ئەو هێزو ئەو دەسەڵاتە، تەنانەت وەک ناویش، ناوبردنی بە شتێکی ڕاست یان ڕاستەقینە دانانرێ لەگەڵ ئەوەشدا کوردستان وەک هەبوونێکی ماددی کۆنکرێتی حەقیقەتێکی جوگرافی و بەشەریی و کولتووری و سیاسیی و مێژوویی یە..هەروا "یەکێتی سۆڤیەت"، وەک ئایدیۆلۆجییاو سەنگ، سوپەر پاوەرو داگری زێتر لە نیوەی دنیاو دیاریکەرێکی گەورەی ڕەوتی مێژوو-و ناونان و بە شەرعی کردنی سەدان بزوتنەوەو حیزب بوو لە جیهاندا،،هەموو ئەمانە تا دەساڵێک لەمەوپێشیش ، حەقیقەتێکی بەرچاوبوون کە تەفسیری مێژوویان دەکرد..بەڵام بە هەرەسهێنانی هێزو دەسەڵاتی سۆڤیەت ، هەموو ئەم "حەقیقەتانەش" هەرەسیان هێناو ئەمریکاو ناتۆ بوونە دەستنیشانکەری "حەقیقەتەکان" و تەفسیرەکان...لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بڵێم جگە لە "حەقیقەتی ڕووت " و کردنی بە پێوانە بۆ "حەقیقەتەکانی دیکە {" کە بە حەقیقەتە ئایدیۆلۆژییە زمانگەرییەکان ناویان دەبەین)، هەموو حەقیقەتەکانی دیکە ئایدیۆلۆژین و لە دەسەڵاتێکەوە هەڵقوڵاون خزمەتی مانەوەی دەسەڵات دەکەن..تەبیعەتی ئەو حەقیقەتە ئایدیۆلۆژییانەش دوو شتی سەرەکیین:

١. تۆتالیکردن: هەوڵدان بۆ موتڵەقکردن و بەرفراوان کردنی حەقیقەتەکە تا هەموو شتێک بگرێتەوە لە لایەکەوەو زۆربەی خەڵکیش کوێرانە یان ئایدیۆکوێرانە، دۆگماتیستانە، بە گەلەیی و جەڵەبیی، وەک بزنگەل، کاڕان، لەگەڵی بن و بە شێوەیەکی فاندەمێنتالیست بە دوای کەون.

٢. حەقیقەتەکان بتی بکرێن. واتە وەک بت بمەێنرێن و بپەردرێندرێن تا دەکەونە دەرەوەی ڕەوتی مێژوو-و گۆڕانکارییەکانییەوە.

بۆ تەواوکردنی یەکتر، پێوەندی یەکەم و دووەم: پێوەندی پەرستنە: ئایدیۆکوێرەکان، بتەکان دەپەرستن.

ماوێتی:

(بەشێک لەم باسە لە هەتاودا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لە بەر درێژی و بەردەوامی باسەکە بۆ ڕابوون مان بە باشتر زانی و بەشێکی تری لە ژمارەی داهاتوودا بڵاودەبێتەوە).

پشکۆ نەجمەدین

# کوردستانی باشوور:

# میکانیزمی دەسەڵاتی حیزب و دەوڵەت لە ئەزموونی دیموکراسیدا

بەئەقڵانییەت خوێندنەوەی پرۆسەی هەژانی باری کۆمەلایەتی وسیاسی و دەروونیی کۆمەلانی خەڵکی ئێمە لە سەردەمی ڕاپەرین وهەتا ئێستا، پرۆسەی ڕامالینی دەسەلاتی بەعس، سەرهەڵدانی دەسەلاتی خەڵکو شووراکان و پاشان لەناوچوونیان، دەسەلاتی بەرەی کوردستانی، هەڵبژاردن وپرۆسەی دیموکراتی و پەرلەمان و دامەزراندنی دەوڵەتی هەرێم، بەوردی تێڕامان وخوێندنەوەو مشتومڕ لەسەرکردنی ئەمدیاردانە لەلایەن نوسەران و کوردانی ئاوارەی هەندەران و پاشان گواستنەوەی بۆ نێو پانتایی ڕۆشنبیریی کوردی لە ناوەوی ولات، ئەگەر کلیلی کردنەوەی کۆمەڵێک دەرگای داخراومان بەدەستەوە نەدات ئەوا تۆمەی دەیان پرسیارمان لە هزردا بۆ سەوز دەکات وبەناچاری بۆ دۆزینەوەی وەلامە نادیارەکان دەمانبزوێنێ، ڕاماندەچەنێنێ ولە پرخەی خەوی ئەو هیوایانەی کە هێشتا نە هاتوونەتە دی بێدارمان دەکاتەوە.

ئەمجۆرە لێدوان و لێکۆڵینەوانە، کلیلی سیحراوی ڕێگە چارەی کێشەو گرفتەکانی ئێستامان نادەنە دەست، بەڵکو ئەم هەولانە تەنیا دەکارن پردەکان دروست بکەن، پردی لێدووان و ئاخاوتن، پردی وشەو بیرو لێکگەیشتن، بەیەکدان ولێکوەرگرتن.. واتە جێگۆڕکێی ئایدیاو ڕوانین و بۆچوونەکانمان لەمەڕ ئەو کێشە گرنگانەی کە بە ئێمەو بە چارەنووسی میللەتەکەمانەوە بەندن.

ئەمجۆرە لێڕامان وخوێندنەوانە، جگە لەوەی ئەقڵ و بیرکردنەوەی خۆمان دەداتەوە دەستی خۆمان، دەبینە خاوەنی سەری خۆمان وخۆمان خۆمان دەبین، ئیدی لێناگەڕێین هیچکەس، بائەوکەسەش ڕێبەرومەزنی میللەتێکیش بێت، لەجیاتی ئێمە بیربکاتەوە، قسان بکات، بڕیار بدات، شەڕ بکات و ئاشتی مۆر بکات، ئێمەش تەنیا ناڕەزایی یاوەکو چەپڵە لێدانمان لەسەربێت.

من پێموایە تەنیا میللەتێک دەتوانێت سەربەست بێت کە تاکە تاکەی ئەندامەکانی خاوەنی جەستەی خۆیان، هۆشی خۆیان، ڕەفتارو هەڵسوکەوتی خۆیان بن وسەربەستانە بیربکەنەوە...

بەئەنجامگەیاندنی پرۆسەی ئالوگۆڕێکی کولتووری و کۆمەلایەتی ودەروونیی ئاوا بۆ میللەتی ئێمە، دەشێ دەیان ساڵی دیکەی بوێ، بەلام هەر لە یەک هەنگاوەوە دەست پێدەکات. شڵەقاندنی گۆمەکەو هەژاندنی ئەقڵێتی سیاسیی باوی کورد، هەرتەنیا بەردێکی پێدەوێ بیشڵەقێنێت. لێکدان وکارلێککردنی هەولی دڵسۆزانەو خەمخۆرانەی بەئاوەزی ئێرەوئەوێ، دەکرێ لەمەودایەکی زەمەنیدا، ئەگەر فاکتەرەکانی دیکە هاوکارو یاریدەدەر بن بە ئەنجامێکی پۆزەتیف بە وجود بێنێ.

ئێرە.. ولاتی شارستانی و ژیارو کولتووری پێشکەوتوو، هەزاران کوردی لێدەژین. کوردانی ئەوروپا ئێستە ئیدی سەنگ و کێش و کاریگەریی تایبەت و بەرچاوی خۆیان لە سەر پرس و کێشەی کورد هەیەو حیزب و سەرکردەکانی کوردستانیش ناتوانن وەکو جاران گاڵتەیان پێبکەن و بە دۆڕاو و ونبوویان حیساب بکەن!

کوردانی ئاوارەی هەندەران ئەگەر لێبڕاوانە هەوڵبدەن ، دەتوانن ڕۆڵی گرنگ لە تێکشکانی پرۆسەی ئەقڵییەتی سیاسیی کورد وازی بکەن و پاشان بەهاوکاری ئێرەو ئەوێ، لە نوێترا تەلارێکی مۆدێرن و هاوچەرخانە بۆ سیستەمی ئەقڵێتی سیاسیی کورد ،بڕۆیننەوە.

## کوردستانی باشوورو قۆناغی پێش ڕاپەڕین

دەتوانین قۆناغی پێش ڕاپەڕین لە کوردستانی باشووردا ،بەڕۆژگاری کۆتایی پێهێنانی جەنگی ئێراق-ئێران و تێکشکان وپاشەکشەی بزووتنەوەی چەکداری و پەلاماردانی وەحشییانەی بەعس بۆ سەر کوردستان وجێبەجێکردنی پرۆژەی ئەنفال و ژاربارانکردنی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان ، نێوبەرین .

ئەوە ڕۆژگاری لوتکەی تراژیدیای درامای خەبات و موقاوەمەتی میللەتی ئێمە بوو کە لە خوێن و ژەهردا نوقمکرا . ئەو ڕۆژگارە سیاسییە ، دەستی دەسەلاتی بە کردەوەی حیزبەکانی بەرەی کوردستانیی لەچەندین ناوچەی گرنگی کوردستاندا کۆتاکردو ئاودیوی سنوور بوون .لێرەدا جارێکی دیکە دووپات بوونەوەی مێژوو لەویەری تراژیدیای خۆیدا دەبینین ، ئەویش کەم ئاوەزی وبێ توانایی ئەقڵییەتی خێلەکییانەی سیاسیی کوردمان لە قۆستنەوەی ئەو هەل و هەلکەوتە مێژووییانەی دێنە پێش ،نیشان دەدات .واتە گیرخواردن و سوڕانەوەی ئەو ئەقڵیەتە لە بازنەی ئەقڵیەتی داگیرکەرانی بەسەرهاتووداو پاشکۆبوونی ڕەوتی پرۆسەکەو بزووتنی بەرەو هەواری شکستی ، هەوارێک لەژێر ئاستی سفرەوە . تەنگبونەوەو چوونەیەکی بازنەی ڕەوتی ڕووداوەکیان ،بوویە هۆی کێشانی زەبرێ ئامێزانەی جەمسەرەکەی دی .واتە لاسەنگبوونی هاوکێشەکە جارێکی دیکە بواری بۆ بەعس ڕەخساندەوە، تا شار بەشارو گوند بە گوندو بست بەبستی کوردستان کۆنترۆل بکات و شێوەلێکی قوولیش لە نێوان حیلزبەکانی بەرەی کوردستانیی و جەماوەردا هەلبکەنێت ،شێوەلی بێهیوایی و بەگومانەوە تێڕامان .

ئەو تێکشکانە کارکردێکی نەگێتیڤی لەسەر سایکۆلۆژییەت و کەسایەتی ئینسانی کورد دانا و توشی نامۆیی سیاسیی کردن . کارکردەکە لەسەر خودی حیزبەکانیش بە سەنگ و گەورە بوو ،ئەوانیش توشی لەرزین هاتن ،کۆنترولیان لەدەسدا و ،ڕیزەکانیان شپرزو لێک ترازا . بەکورتی ڕۆژگاری هەرەس بوو ،هەرەسێکی جاڕبۆنەدراو . خوێندنەوەی ئەم هەرەسە لەلایەن ڕێبەرایەتی و ئەقڵێتی سیاسیی کوردەوە هیچ دەرسێکی لێوەرنەگیرا ، کەچی ئەقڵێتی سیاسیی جەماوەری لەسەر سکەی ئەقڵێتە باوەکە لادا ،.پاشان لە پرۆسەی ڕاپەڕین و شوراکاندا ، دەبینین چۆن قولایی ئەقلیەتە سیاسییە باوەکە [ئەقڵییەتی شوان و مێگەل] ، ئەندێشەو ڕەفتاری سیاسیی جەماوەر کەمەندکێش دەکات و بە تۆپزی ڕامی دەکاتەوە!.

## قۆناغی ڕاپەڕین
## [ئەفسانەی ژیانەوەی هیواو ئاواتەکان ]

گواستنەوە لە قۆناغی پێش ڕاپەڕینەوە بۆ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی خەلک ، نزیکەی سێ ساڵێکی خایاند. لەو ماوەیەدا ڕژێم حیزبەکانی لە گۆڕەپانی خەبات وەدەرنا ،نزیکەی [۲۰۰]هەزار کوردی ئەنفال کردو بەشێکی زۆری کوردستانی کردە سوتماک .ئیدی ڕژێم جۆرە ئاسایشێکی نێوخۆی دابین کردبوو ، بۆچارەسەری کێشەو قەیرانەکانی پاش جەنگ ، هەر دەبوو پلان بۆ جەنگێکی دیکە دابنێت ... جەنگێکی کوت وپڕ وکورت خایەن وخێرای ئەوتۆ ، کە نەک قەیرانەکانی بۆ قوڵتر نەکاتەوە ،بگرە دەسکەوتێکی وەهاشی بۆدابینبکات کە ئابووریی داتەپیوی خۆی پێهەستێنێتەوە...

کوەێت، ئەو ژیشلگە چکۆلەیە بوو کە لەبەرینی ڕژێم گیراو تەواوی حیسابات وهاوکێشە سیاسییەکانی گۆڕی ،شەن و کەو کردنی کێشەی کەنداو بۆ ئێمە زێدە ڕەوییەو زۆر کتێبی لەسەر نوسراوە ؛ هێندە هەیە گەردەلولی بیابان فاکتەری

سەرەکیی سازاندنی زەمینەی ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ی کوردستان بوو. هەروەک چۆن جەنگی جیهانیی یەکەم، حکومەتی شێخ مەحمودو جەنگی جیهانیی دووهەم کۆماری مهابادیان بەوجود هێنا، تا ئاواش جەنگی کەنداو ڕاپەڕینی خەڵکی تەقاندەوەوشکستیی ڕاپەڕینیش پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی لێ پەیدا بوو!.

ڕاپەڕین، وەکوشێوازێکی خەباتی جەماوەری، لەسۆنگەی باڵادەستیی ئەقڵیەتی خێڵەکیانەوچەکداری حیزبەکاندا، دەمێک بوو لەسەر شانۆی خەباتی سیاسیی پاشەکشەی کردبوو. ئەگەر ڕاپەڕینی [١٩٨٢و ١٩٨٤ ] ی شارەکانی کوردستانی لێدەرهاوین، کە ئەوانیش بەهۆی نەبوونی بەرنامەوکەمتەرخەمی حیزبەکانەوە، ئەنجامێکی وەهایان لێنەکەوتەوە، ئەوا بەدرێژایی [٣٠] ساڵی خەباتی چەکداری ،کوردستان ڕاپەڕینی جەماوەریی وەها بەربڵاوی بە خۆوە نەدیبوو!.

لەگەرمەی کێشمەکێشی کێشەی کەنداودا ،دەشێ حیزبەکانی بەرەی کوردستانی جۆرە بەرنامەو ئامادەییەکیان بۆ ڕوخانی سەدام و پاشاگەردانیی عێراق و دەست بەسەرا گرتنی کوردستان، لەودیو سنوورەوە هەبووبێت. بەڵام ئەوی بەڵگەنەویستە وسەرکردەی حیزبەکان بۆخۆشیان چەند جاران چەندپاتیان کردوەتەوە، ئەوەیە کە ئەوان لەخەویشدا تاپۆی ڕاپەڕینی خەڵکیان نەدیبوو!.

مرۆڤ ناتوانێ پێشبینی ئەوە بکات کە مێژوو چیی لە هەناوی خۆیدا حەشار داوە، [مێژوو پێش ئەوەی شتێک بڵێت، ئەوا لە دەستپێکەوە خوکمی خۆی داوە. ئەگەر بڕیاریش بێت قسەیەک بکات، ئەوا لە کۆتایی کاردا دەیکات (٢)] ... قازی موحەمەد نەیدەزانی تراژیدیای کۆماری مهاباد بەمەرگی پڕشەروەریی ئەو کۆتایی دێت!، هەروەها ڕێبەرانی کوردیش بێئاگا بوون لەوەی کە زەلولی بیابان، ئەوان لەژێر تاوڵی غوربەتەوە بۆ کۆشکی پەرلەمانی هەولێر دەگوێزێتەوە.

هەر بۆیە ئەگەر حیزبەکان کارکردێکی چکۆلەشیان لەسەر پرۆسەی ڕاپەڕین هەبووبێت، ئەوا خودی جەماوەر بزوێنەرو ڕێبەری ڕاپەڕین بوون و جگە لەوان هیچ کەسی دیکە مافی لاف لێدانی بە ڕاپەڕینەوە نییە!

## جەماوەر چاوەنۆڕی حیزبەکان ناکات [شوراکان و دەسەڵاتی خەڵک ]

پرۆسەی سەرکەوتنی میکانیزمی ڕاپەڕین، دەبوو بەناچاری فۆرمێک بۆ ڕێکخستنی دەسەڵاتی سیاسیی وبەڕێوە بردنی کاروباری خەڵکی شارەکان دەرهاوێژێ و ئەو شێوە دەسەڵاتەش، دەبوو بەشێوەیەک پارێزکاریی ئازادییە وەدەسهاتووەکەمسۆگەربکات و خەڵک بۆ ئەگەری گەڕانەوەی بەعس سازو ئامادەبکات.

بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێمەدا ،خەڵک ویستی بەکردەوە شێوازی دامەزراندنی دەسەڵاتی لەسەرەوە بۆخوارەوەی تەقلیدی لابەرێت و پێناسەیەکی دیکە بەڕواڵەت وناوەڕۆکی دەسەڵات بدات. واتە گەرەکیان بو شێوازی شوانکارەیی دەسەڵاتی ڕۆژهەڵاتی ڕەتکەنەوەو مانایەکی دیکەی نوێ بۆ ڕێکخستنی دسەڵاتی سیاسی ببیننەوە!.

خەڵک بێئەوەی چاوەنواڕی هاتنەوەو سەقامگیربوونی حیزبەکان بکات، شورایان دروست کرد، شورای کۆڵان و گەڕەک وکارگەو نەخۆشخانەو شارۆچکەو شارو شورای بەرزی شارەکان.

شوراکان بنکەو مەڵبەندیان کردەوە، خەڵکیان چەکدار کرد، بەعسییانیان بەدیل گرت ودادگاییان کردن، هەزاران خەڵکیان لێ کۆوە بوون و بوونە هێزێک، وەلێ هێزێکی بێ بەرنامەوناڕێکخراو.

ئەقڵیتی سیاسیی شوراکان و چەمک و پێناسەی ئەوان بۆ دەسەڵات، بەئەقڵیەتی باوی حیزبەکان نامۆ بوو. ئەوان دەیانویست پرۆسەی دیموکراتی لە ژێڵاوە وەگەڕبخەن، کەچی حیزبەکان لە مێژبوو جاڕی دیموکراسییەتیان لە بان سەرخەڵکەوە دابوو!. شوراکان گەرەکیان بوو خەڵک بە کردەوە دەسەڵاتی هەبێت ،بەڵام حیزبەکان لە خەڵک ماندوو

تر بوون و سالآنێک بوو بۆ دەسەڵاتی خۆیان تێدەکۆشان ! .

دێوەزمەی سەرشانی شوراکان ،تەنیا حیزبەکانی لەچیاوە دابەزیو نەبوون ,بگرە گروپە کۆمۆنیست و سۆپەر چەپەکانیش ،ڕۆڵی ئێجگار خراپیان لە داتەکاندنی نێوەڕۆکی شوراکاندا گێرا ... ئەوان دروشم وبەرنامەی وەها سەیرو عاجباتییان هێنایە نێو شوراکان ، کە لەوڵاتێکی وەکو سویدیش ،ناکرێ جێبەجێ بکرێن. چەپەکان هیچ نرخ و بەهایەکیان بۆ مەسەلەی میللی و بزافی نەتەوایەتی و سایکۆلۆژییەتی سیاسیی خەڵکە ڕاپەڕیوەکە دانەدەناو بەنیاز بوون لە[ سابونکەران] و[ شێخەڵا] و[ کەلاوەکانی هەڵەبجە] دا ، سۆسیالیزمی کارگەری دابمەزرێنن !.

زێدەڕەوی کەم ئەقڵانەی چەپەکان ،بیانووی دایە دەستی حیزبەکانی بەرە، تا شوراکان بەتێکدەرو ئاژاوە گێڕو هەتا گومان لێکراوی سەر بەدوژمن لە قەڵەم بدەن .پرۆسەی شوراکان لەسەر مێزی فەنتازیای سۆپەر چەپەکان ، لە دوکەڵی ئەفسانەی کوردایەتیی خێڵانی حیزبەکاندا خنکا !

قسەی ئێمە لەسەر دەسەڵاتەو بەرەی کوردستانی و دوو زل حیزبەکەی نێوی ،تەوەری هەڵسوڕان و بەکاربردنی ئەو دەسەڵاتەن ، هەربۆیە دەبێ ئاماژە بەو خاڵە بکەین کە [ بەرە ] وەکو دامەزراوەیەکی خێڵەکیی سیاسی ،لە قۆناغێکی ناسکی کۆمەڵگای ئێمەدا ، بۆ ماوەی ساڵێک و بەبێ هیچ ڕەوایییەکی یاسایی وبە زەبری تەندوتیژی ،بەسەر کاروباری سیاسیی وئابووری وکۆمەڵایەتیی کوردستاندا ڕاگەیشت !

ئەم ساڵە دەکرێ وەکو ماوەی گواستنەوەی دەسەڵات چاولێبکرێ ،گواستنەوەی دەسەڵات لە[ بەرە]وە بۆ [ بەرە] ,واتە ئاڵوگۆڕێک لە فۆرمی دەسەڵاتێکدا کە هیچ پێگەو شەرعییەتێکی یاسایی نەبووە، بۆ فۆرمێکی دیکە کە ئەفسانەی هەڵبژاردن و دەنگدانی گشتی جۆرە شەرعییەتێکی بۆ داتاشی وکردییە خودایەکی پیرۆز. کە هەر جۆرە ڕەخنە گرتن و خوێندنەوەیەکی قووڵ دەرهەقی ،کوفرو تابوو بوو!

ئەوەی کە داخۆ نێوەڕۆک و ڕەگەزەکانی نێو سترەکتۆری ئەو فۆرمەی دەسەڵات لە هەردوو قۆناغی پێش و پاش هەڵبژاردندا، هەمان چەمک و پێناسەیان هەیەو شێوازی بەکاربردنی دەسەڵات و وردینەکانی دەسەڵات لەکۆمەڵگای پڕ ئاژاوەی ڕاپەڕیندا ،هەر هەمان مانامان بدەستەوە دەدەن ؟ ، بۆ لێدووان لەهەڵبژاردن و پەرلەمانی هەڵدەگرین . ئێستا دەبێ ئەوە بڵێین کە لە سێبەری دەسەڵاتی نا شەرعییانەی یەک ساڵی[ بەرە ]دا ، چەند ڕووداوێکی گرنگ بە وجود هاتن کە باسکردنیان پێویستە

## تێکشکانی موقاوەمەتی خەڵک و کۆچە چەند ملیۆنییەکە

ڕاپەڕین بەپێناسەی باوی شۆڕش ، شۆڕش بوو. [ ئەگەرچی تێکشکانیان سەرکەوتنی شۆڕش ،هیچ ئەنجامێکی بەرەو پێشەوە چوونمان ، بە پێی ماناو دەلالەتی قوڵی چەمکی بەرەو پێشەوەچوون، بەدەستەوە نادات ---٣] . ڕاپەڕین هەروەکو چۆن لە چەند ڕۆژێکی کەمدا ، شێوەیەک لەسەرکەوتنی ڕواڵەتیی وەدەست هێنا ، هەرواش لە چەند ڕۆژێکی کەمتردا ، تێکشکاو پاشەکشەی کرد .

ئەوەی کە هێزی ڕێکخراوی [ بەرە] و هێزی بێسەرو بەری پڕ حەماسەتی خەڵک ، بەرگرییەکی ئەوتۆیان نەکردو تا ئەو دیوی سنوورەکان خۆیان ڕانەگرت ، چەندین ئەگەری لەپشتەوەیەک حوکمی دابڕاو هەڵناگرێت . ئەو کۆچە لە میکانیزمی جەنگ و شۆڕشدا ، دەشێ وەکو شێوازێکی بەزین وهەڵاتنی بە کۆمەڵ چاوی لێبکرێت ، هەروەها دەشکرێت ئەڵقەیەکی درەوشاوەی زنجیرەی مێژووی سەرەوخواری ئێمە بێت .ئەم ڕەوە ،دەرکەی زیندانی سێ چارەکە سەدە داخراوی مەسەلەی میللەتی ئێمەی بۆ جیهان شکاندو خستییە سەرپشت .بۆیەکەم جار بەندێکی نوێ لەژێر ژمارەی [٦٨٨] دا چووە بەرنامەی کاری دەستوورەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وپێشنیارەکەی [ڕۆلان دووماس] لەمەڕ دەستتێوەردانی کاروباری نێوخۆی عێراق و

ولاتانی دیکەش کەمافی مرۆڤ پێشێل دەکەن، پەسەند کرا. ئیدی مەسەلەی کورد وەکو مەسەلەیەکی ئینسانی لە ئاستی نێو دەوڵەتاندا قەبوڵکراو زۆنی ئاسایش چێکرا . ئەم کۆچە ، ڕۆژنەیەکیشی لەسەرئاسۆی بزاڤی سیاسیی میللەتی ئێمە کردوە ، کەهەتا ئێستا ئەقڵیتی سیاسیی کورد ، نەیتوانیوە وەکو پێویست لەو ڕۆژنەیەوە لە دیپلۆماسییەت وسیاسەتی نێو دەوڵەتان بڕوانێت و چ ئەنجامێکی بەرچاوی وەدەستتەهێناوە . بارگیری سیاسەتی کوردی ، لەنێو چەڵپاوی کاڵفامی و خێڵایەتی و بێجورئەتی سیاسیدا ، جارێ هەر چەقیوە !

## گفتوگۆو ڕاپەڕینی دووەمی خەڵک

سەرانی کوردو سەرانی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان ،دوو جەمسەری هاوکێشەیەکی سادەن وگفتوگۆش پردی هەرگیز نەپچڕاوی نێوانیانە. ژمارەی ئەو گفتوگۆ ئاشکراو نهێنییە نەزۆکانەی نێوانیان ، مەگەر هەر سەرانی هەردوو جەمسەری کێشەکە بیزانن. سەرجەمی گفتوگۆو ڕێکەوتننامەکان [جگە لە ڕێکەوتننامەی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠} لەهەلومەرجی بەهێزیی دوژمن ولاوازی بزووتنەوەی کوردا کراون ، بۆیە هەموویان قرچۆک ومایە پوچ بوون . گفتوگۆی [ئاپریلی ١٩٩١} ی نێوان [بەرە} و سەدام ، لەوپەڕی پایە بڵندیی بزووتنەوەی میللەتی ئێمەو بە جیهانی بوونیدا ڕوویدا . لەهەل و مەرجێکدا ڕوویدا ، کە سەدام نەک هەر دۆڕاوی جەنگ و شکستخواردووی سیاسەت بوو ، بگرە هەموو دنیا وەکو سەرکردەیەکی تاوانبارو چنگ بەخوێن لێیاندەڕوانی وهێشتا ئەگەری ڕووخانی لەسەر شانۆی سیاسی باسی لێوە دەکرا .

سەرانی کورد یەکەم کەسانێک بوون لە جیهاندا کا باوەڕو متمانەیان بۆ سەدام و ڕژێمەکەیگەڕاندەوە. ئەوان ڕۆژی ١٩٩١/٤/٢٤ چوونە بەغداو ئەوکارەیان کرد کە کردیان!! ئەوان دەشتێ تەنیا سیمبۆلی سەرشۆڕی و دیلێتی ئێمەبن؟! گفتوگۆ هیچی بەدەستەوە نەدا ، چونکە شتێک نەبوو تا بە کوردی بدەن؟ . هاوینی ١٩٩١ ، جارێکی دیکە خەڵکی کوردستان ڕابوون و هێزی چەکداری حیزبەکانیان بۆ سەر مەکۆی ڕاپەڕین کێشکردوهێزەکانی ڕژێمیان لە بەشێکی زۆری کوردستاندا پاکتاو کرد. پاشان ڕژێم دامو دەزگا مەدەنییەکانی خۆی لەکوردستان کێشایەوەوبەرەی کوردستانیی ڕووبەڕووی واقیعێکی نوێ کردەوە و ناچاری کرد تا دامو دەزگای ئیداریی تایبەت بەخۆی لە کوردستاندا ، ڕۆبنێت .

بەرەی کوردستانی ،ڕووبەڕووی ئەرکێکبوویەوەکە هەورازی تواناو لێزانین و شارەزایی و دڵسۆزی ئەو بوو. کورد بەگشتی لەدوای شۆڕشەکەی [شێخ مەحمود} ە وە، دامو دەزگای سەربەخۆی ئیداری بەخۆوە نەدیبوو. ئەقڵیتی سیاسیی کورد بە درێژایی سێ چارەکە سەدە ، ئەقڵیتی شەڕو پەلاماروشاخ بووە ، ئەقڵیتی خێڵ بووە ، ئەقڵیتی ڕووخاندنی دامو دەزگاکانی ڕژێم بووە لە کوردستانا . ئەو ئەقڵیتە هەرگیز نەدەشیا لەماوەی چەند ڕۆژێکدا ، ببێتە ئەقڵیتی ژیارو بووژانەوەو بینا کردن . بۆیە لەماوەی یەک ساڵدا داروپەردووی کوردستانیان لێکترازاندو هەڕاجیانکرد. ئەوی داگیرکەران بە چەند ساڵێک بینایان کردبوو، ئەوان بە چەند مانگێک لە بەریەکیان هەڵوەشاند!. بەڕێزنەوشیروان مستەفا ، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا، لەنۆڤەمبەری [١٩٩٤} دا، لەوەلامی پرسێکدا دەبێژێ :

[لەپاش شەڕەکانی هاوین ، هەندێ ڕا هەبوون کەوا بەرە زیندوو بکرێتەوەو بکرێتە بەدیلی حکومەتی کوردستان ، کە خۆتان دەزانن لە سایەی بەرەی کوردستانیدا ولاتەکەمان وێران بوو}

من ئەم گوتەیەم بۆ پشتگیری بۆچوونەکانی خۆم ، ئامازە پێنەکردووە. ئەوێ کە بەرەی کوردستانیی هێزێکی ڕوخێنەرو چەپاوگەرە ، فاکتێکی بەڵگە نەویستەو مشتو مڕ هەڵناگرێت، وەلێ ئەوەی کە پێویستەببێتە جێگای سەرنج و تێڕامان و قسەوباسی لەسەر بکرێت، هەڵکۆڵینی ئەوکاراکتەرە نەگێتیڤانەیە،کەپێگەیەکی مێژوویی وکۆمەلایەتی و سیاسیشیان هەیەوسەروکاریان لەگەڵ پێکهاتەی ستڕەکتوری کۆمەلایەتیی خودی [بەرە} دا هەیە. واتە دەبێ

ئێمە دیواری پۆلاینی بەرە درزپێبدەین و لە ناخەوە بۆی بگەڕێین. لە گەڕان و پشکنینیشدا ، دەبێ ئەو دەقە سواو و تێڕوانینە باوانە وەلانێین کە پێیوایە {بەرە} هێزێکی بورژوازییە ، ناشۆڕشگێڕە، هەر بۆیە سات و سەوداکەرو هیچ لەبارانەبووو ڕوخێنەرە. دەبێ کەرەسەو ئامرازەکانی هەڵکۆڵین، ڕوولە مێژووو سۆسیۆلۆگیا وحاڵەتی سایکۆلۆگیای {بەرە} بکات.{بەداخەوە کە من لە ئۆدەی وەها لێکۆڵینەوەیەک نەهاتم و هیوادارم کەسانی شارەزا، پشت گوێی نەخەن} ئەوی جێگای سەرنجە وهیچ فاکتێکی سەلمێنەری لەپشتەوەنییە ئەوەیەکە ڕێبەرانو لێپرسراوانی کورد ، زۆر ناشییانە لە هەوڵی بە ئەفلانییەت کردنی ئەفسانەی دیموکراسییەت و پەرلەماندان!.

داخۆ بەرە و پەرلەمان، دوو پێکهاتەی جیاوازی دوو سترەکتۆری لێکنەچوون؟!.

فۆرم و شێوازە جیاوازەکانی چەند پێکهاتەیەکی سیاسی ،دەلالەتی جیایی نێوەڕۆک وڕەگەزەسیاسییەکانی ئەو دیاردەو دەرکەوتانە نین. هەر وەک ئەوەی بەرنامەو دروشمی جۆراوجۆری کۆمەڵێک حیزب وگروپ ، حەقیقەتی جیاوازی خودی حیزب و گروپەکانمان پێناڵێن !.

گرنگ ئەوە نییە کە تۆ چ دەنوسیت، چ دەبێژیت ، چ ئاڵایەک بڵند دەکەیت ؟ . بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە کە تۆ کێیت و چ دەکەیت ؟!

ئەگەربمانەوێت لەسەربەرنامەودروشموگوفتاری حیزبەکانی بەرەو سەرکردەکانیان بنوسین ،دەیان کتێبی پێدەوێت . ئەوان هەرچییەکیان نوسیوەو هەرچییان گوتووە ، هەرگیز وەها ڕەفتاریان نەکردووە. ئەوان هەمیشە ئەوەیان کردووە کە نەیانگوتووە. ئەوان باسیان لە ڕزگاری کردووەو ڕوولە تەسلیم بوون بوونە، بانگەشەی دیموکراتییەتیان کردووەودیکتاتۆربوونە، باسیان لەئاشتی وبرایەتی کردووەو شەڕەنگێز بوونە ، دەمیان لە مافی مرۆڤی کورد داوەو دۆزەخیان بۆ مرۆڤی کورد داخستوە.

ئێستا بۆ گەیشتن بەو دەرئەنجامەی کە داخۆ دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی پێش هەڵبژاردن لەگەڵ دەسەڵاتی حکومەت پاش هەڵبژاردن ، هاوتایە یان نا ، دەبێ باسێک لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەت بکەین و {بەرە} وئاڵتەرناتیفی {بەرە} لەبەر یەک ڕا بنێین و وەڵامێک بە گوتەکەی بەڕێز ئەوشیروان مستەفا ، بدەینەوە ! .

--- هەڵبژاردنی گشتی ، چەند پاک و بێگەردو نهێنی و فراوان بێت ، ژمارەی ئەو حیزب و لایەنانەی کەبەشداری تێدا دەکەن هەرچەندە بن ، ئاستی ڕێژەی دەنگدەرانیش هەر چی بێت ، هەرگیز دەلالەت لە مانای قوڵبوونەوەی پرۆسەی دیموکراتی ناکات . چونکە ئەگەر وا نەبێت ، ئەوا مانای ئەوەیە کەوڵاتانی وەکو تورکیا ، سوریا، عێراق، ئێران، ڕوسیا ، هەروەها کوردستانیش، لە وڵاتێکی وەکو سوید دیموکراتی ترن !.

دیموکراسییەت ، پرۆسەیەکە بەبڕیاری چ پاشا و سەکردەو حیزب و لایەنێک ڕەوت ناگرێ و نایەتە وجود . دیموکراتییەت گەواهی لە قوڵبوونەوەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی وسیاسی و ئابوورییەکان دەدات و بەرهەمی خەباتی قۆناغێکی مێژوویی کۆمەڵانی خەڵکە . دیموکراتییەت کۆمەڵێک دامودەزگای دەستووری وجەماوەری و ڕۆشنبیری گەرەکە تا ببێتە پاڵپشت و زامنی بەرەوپێشەوەچوونی پرۆسەکە،کۆمەڵێک ئۆرگانی دیموکراتیی جیا لە حیزب ودەوڵەت ، تا ببنە دەسەڵاتی چوارەم لە کۆمەڵگاداو ڕێگا لە پاشەکشەی پرۆسەکە بگرێت .

ساتێ پرۆسەی دیموکراتی لە ژێرەوە سەرچاوە دەگرێت و ئۆرگانە دیموکراتییەکان بەشێوەیەکی هەرەمی بینا دەکات و کەناڵەکانی دەسەڵات وئاست وشێوازی بەکاربردنیشیان هەمان شکڵ لەخۆدەگرن،ساتێ دەستووری وڵات دیموکراتییانە دادەنرێت ودەبێتە سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتێک وهەر ئۆرگانێکی ڕاپەڕاندنیش لەوێرا هێزو ڕەوایی خۆی وەردەگرێت ،ئیدی هیچ هێزێک لە سەروی دەستوورو یاساوە بوونی نابێت و پاشەکشە و گەڕانەوە بۆ دیکتاتۆرییەت وقۆرخکردنی دەسەڵات ئیمکانی نابێت . نابێ وا تێبگەین کە ڕەوایی دیموکراتییەت لەسەر بوونی فرە حیزبی و پلورالیزم وەستاوە ، هەر ئێستا ئەگەر هەموو

حیزبەکانی وڵاتێکی وەکو سوید ، دڵخوازانە بینە تاکە حیزبێک ، ڕەوتی پرۆسەی دیموکراتییەت هەنگاوێک بۆ دواوە پاشەکشەناکات وتاپۆی دیکتاتۆرییەت دەرناکەوێت.

لەکوردستان هەڵبژاردن کرا ، تەواوی حیزبەکانی بەرەی کوردستانی و حیزبی دیکەش خۆیان کاندید کرد. نزیکەی ٩٥٪ ی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو بەزیادیشەوە دەنگیان دا ، {٥٪}ـە کەی دیش لەبەر درێژی ڕیزی دەنگدەران پێرانەگەیشتن!

فراکسیۆنی سەوزوزەرد ، کورسیەکانی پەرلەمانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردو {٥} کورسیشیان دایە بزووتنەوەی دیموکراتیی ئاشورییەکان . لەتەمەنی پەرلەماندا ، دوو کابینەی دەوڵەت دەست بەکار بووەو شێوازی دەسەڵاتی هەردوو حیزبی بەکردەوە تێدابەرجەستە بووە ، هەندێ لە حیزبەکانی {بەرە}ش ،هەریەکەو بە وەزیرێک موشەڕەف بوونە !.

ئاوادەبینین کە پەرلەمان وحکومەت ،کۆپییەکی ڕتووشکراوی {بەرە}ن ، ڕتووشێک بەقازانجی دوو حیزبە گەورەکەو بەزەرەری حیزبە چکۆلەکانی {بەرە} .ئەگەر دەستووری {بەرە} هەندەک ئیمتیازی بەحیزبە چکۆلەکان دابوو ، ئەوا لەپەرلەماندا ئەو مافەشیان لەدەست دا .

ئەوەی کە دەوڵەتی هەرێم وپەرلەمانی کوردستانی باشوور ،دووپێکهاتەی نێوەڕۆک بەتاڵ وبێ هێزو بێدەستەڵاتن ، سەرچاوەکەی لە کەم و کوڕیی و ناتەواویی هەڵبژاردن و چۆنییەتی شکڵگرتنی پەرلەمان و دابەشینی پەرلەمانتارەکاندا نییە ، بەڵکو لەوەدایە کە دوو حیزبی سەرەکیی نێو پەرلەمان و حوکمڕان بە ئەقڵییەتی دیموکراسی و دەوڵەتی یاسا ، نامۆن و نۆرینییان بۆ چەمکی دەسەڵات و دابەشکردنی ، دیدێکی ڕۆژهەڵاتییانەی مەزهەبییەو حیزبەکان و ڕێبەرانیان، لەسەرو یاساو پەرلەمانەوە کار دەکەن وئەوان بۆ خۆیان، نەک یاساو پەرلەمان سەرچاوەی هێزو دەسەڵاتی حکومەتن...!

ئێمە ئەگەر سەرنج لەگوفتار وقسەی ڕێبەران و لێپرسراوانی حیزبەکان و دەوڵەت بدەین ، زۆر بە سانایی ڕاستییەکان دەبینینەوە. بەڕێز کۆسرەت ڕەسوڵی سەرۆکی دەوڵەت، دەبێژێ :

{دەبێت شوێنێکی نامەرکەزی لەدەرەوەی پەرلەمان و دەوڵەت نەبێت کە فراکسیۆنەکان ووەزیرەکان بۆی بگەڕێنەوە، ئەگەر وابێت ئەوا حکومەت و پەرلەمانەکەمان، هەر هەیکەلەو هیچی تر. مەکتەبی سیاسییەکان ،جێگای مەجلیسی قیادەی سەورەیان گرتووەتەوە، ئەمڕۆ حکومەت فەرمانێک دەردەکات وسبەینێ ئەوان بەشێوەیەکی تر دەیگۆڕن!}.

هەڵبژاردن و پەرلەمان شتێکی لەنێوەڕۆکی دەسەڵاتی دوو حیزبەکە نەگۆڕی وکەمینەکردەوە،بگرە بەهێزی کردو شەرعییەتی یاسایی پێبەخشی .ئێستا ، لەپاش تێپەڕبوونی سێ ساڵ لەتەمەنی پەرلەمان... ڕێبەرەکان ،مەکتەبی سیاسییەکان، مەڵبەندولقەکان،میلیشیاو لیواتاییەتەکانی هەردوو حیزب،سەرچاوەو کەن جێبەجێکردنی دەسەڵاتن.

میدیای کوردستان رادیۆتیڤی،ڕۆژنامەوگۆڤارو چاپەمەنی، لەژێر ڕکێفی حیزبەکاندان و بانگەشەبۆسیاسەت وبەرنامەی ئەوان دەکەن. چنگی زبری ئایدۆلۆژیای حیزب، تینی لەجەستەی بزووتنەوەی کولتووری وڕۆشنبیریی نەتەوایەتی بڕیووە،مێژدەزمەی حیزبایەتی چۆکی لەسەر هەر بزووتنەوەیەکی دیموکراتی لەکوردستاندا داداوە،بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری وزۆربەی زۆری ڕێکخراوەدیموکراتیو پیشەییەکان بەتۆڕی جالجالۆکەی سەوز و زەردی حیزبایەتی ڕاو و ڕامکراون .میللەتی ئێمە،لەژێر سێ ساڵان دەسەڵاتی ئەم دووحیزبەدا بووەتە دوویەرەی سیاسیی دژ بە یەک. چ کارەساتێ لەوە گەورەتر نییە کە سەرپاکی میللەتێک بە ئەفیونی سیاسەت بەنگبکرێت .ئەم کارەساتە کارکردی سەلبیی خۆی لەسەر باری کۆمەڵایەتی و دەروونیی میللەتی کورد داناوەو شێواندوویەتی.

پەرلەمان وحکومەت،بەم ستراکتۆرەی ئێستاولەژێر کارایی ئەقڵییەتی خێڵەکیانەی ئەم دووحیزبەدا ،بوونەتە ئەشکەوتی ئەفسانەی پرۆسەی دیموکراتییەتودۆزی نەتەوایەتی! ئەم دووحیزبە،دووئامرازی بەرهەمهێنان

وپەروەردەکردنی ئەوەی زەبروخوێنن، ئەوەیەک کە هەمیشە لەمیحرابی حیزبدا ملکەچ ودەستبەشمشێر ئامادەبێت، ئەوەیەکتانەڵقەخوێناوییەکانی مێژووی سەرەوخوارمان تێکهەڵکێشێت!. ئەمەیە حەقیقەتی شاراوەی نێو ئەشکەوتی سیحرئامێزی پەرلەمان!.

ئێستا ئەگەر سەرنجێکی خێرا لەدیاردەو دەرکەوتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستانی باشوور لە سەروبەندی حوکمی پەرلەماندا بدەین، تێدەگەین کە کێرڤی ڕووداوەکان ڕوو لەداچوونەو سەرجەمی دۆخەکە لە خراپەوە ڕوو لەخراپتر چووە. واتە ئەگەر{وڵاتەکەمان لەسایەی بەرەی کوردستانیدا، تاڵانکرابێت}، ئەوا لەژێر چەتری خوێناویی پەرلەمان وحکومەتدا، وێرانتروەوەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگا لەبەریەک هەڵوەشاون.

– لە سایەی یەکساڵی حوکمی بەرەی کوردستانیدا سیاسەتی ئەنفالی ئابووری جێبەجێکرا، تەواوی دامودەزگا ئابوورییەکان هەڵوەشێنران وئاودیوی سنورکران. لەسایەی حوکمی پەرلەمان وحکومەتدا، ئەم سیاسەتە هەتا ئەو جێگایەی ئیمکانی هەبوو، درێژەی هەبوو، پاشتریش حکومەتی هەرێم، نەیتوانی لە سەدا یەکی ئەوپرۆژانە ڕۆبنێتەوە و وەگەڕیانخاتەوە. ڕێژەیەکی ئێجگار زۆری داهات ودەسکەوتی ئابووریی کوردستان وئەویارمەتییانەی لەدەرەوەڕابۆخەڵکی کوردستان نێردرابوون، زۆر نامەشروعانە بۆبیناکردن وچەکدارکردنی میلیشیای حیزبەکان و شەڕی نێوخۆ، بەکاربراون.

–باری ئابووری وئاستی بژێویی خەڵکی کوردستان، لەسایەی بەرەی کوردستانیدا باشتربوو. لە سێ ساڵی حوکمی پەرلەماندا، ڕووله نزمی و خەراپتر بووە. هەژاری وبرسییەتی و بێکاری و بێلانەیی ئاهاتووە زێترو زیاتر بووە.

لەپاش ڕاپەڕین و لەسەردەمی دەسەڵاتی بەرەدا، باوەڕو متمانەی خەڵک بەحیزبەکان وبە چارەنووسی کوردستان بەهێزتر بوو. کەچی لەسایەی چەتری پەرلەماندا خەڵک تەواویێهیوابوون، چیای ورەوباوەڕیان لەرزی، بەکۆمەڵ کوردستانیان بەجێهێشت وپردەکانی پەڕینەوە بەرەو ئاوارەیی زیاتر بوون!. لەکاتێکدا دەبوو مەسەلەکە پێچەوانە بایە.

–لەسایەی بەرەی کوردستانیدا، حیزبە چەکدارەکان ئەباتربوون وئاشتییانە وڵاتیان تاڵان دەکرد... کەچی پەرلەمان، پەرلەمانی جەنگ بوو!. بڕیاری شەڕئەنگێزانەی پەرلەمان، سنوری جەنگی نێوخۆیی بەزاندوکوردستانی باکووریشی گرتەوە. لەماڵی پەرلەماندا، ناکۆکییەکان تەقینەوە، جەنگەکان خوێناویتربوون، ئەقڵییەتی میلیشیاو زەبروچەک، سادەتر کەوتەڕوو!.

لەماوەی ئەمسێ ساڵەدا، مافی ئینسانی کورد بەشێوەیەک پێشێلکراوەوکەرامەتی بەجۆرێک سوکایەتی پێکراوە، تا حکومەت وسەرکردەکانی کورد، لەلیستی ڕێکخراوی نێونەتەوایەتی مافی مرۆڤدا لەریزی سەرکردەورژێمە دیکتاتۆرەکانی نێوچەکە دانران و بەئاشکرا نارەزاییان لەدژ دەربڕدرا!.

–لەسایەی{بەرە}دا، تیرۆری سیاسی نەبوو، یان کەمتربوو، ئازادی فراوانترومافی خۆپیشاندان ڕێزی لێدەگیرا. کەچی لەسەردەمی حکومەتی هەرێمدا، تیرۆری تێکۆشەران لەسەر بیروڕای سیاسی برەوی هەبوو، ڕیزی خۆپیشاندەرانی خەڵک لە خوێندا شەڵاڵکران!.

ئەم کورتە بەراوردە ئەوەمان نیشان نادات کەدەسەڵاتی {بەرە} لە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم باشترو پێشکەوتووتر بووبێت، چونکە ئێمە جەخت لەسەر یەکبوونی نێوەڕۆکی دەسەڵات لە هەردوو حاڵەتدا دەکەین. ئێمە ناتوانین بەراوردی نێوان هەمان کۆمەڵەکێشەو دیاردە، لەدوودۆخی سیاسیی جیاوازدابکەین و یەک حوکمی دابڕاویان لەسەر بدەین.

پەرلەمان نەیتوانی چ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە سیستەمی دەستووروپاسای هەرێمی کوردستاندا بکات ونۆرکانەکانی ڕاپەڕاندن لەسەربنچینەی پاسا دابڕێژێت ونێوەڕۆکی هاوچەرخ وشارستانییان پێببەخشێت. بگرە لەزۆر بواردا نەیانتوانیوە پاساکانی دەوڵەتی عێراقیش وەکو خۆی جێبەجێبکەن!. لەکاتێکدا ئەرکی سەرەکیی پەرلەمان ئەوەبوو کە دەستوورێکی هەمیشەیی یان کاتی بۆ کوردستان

دابنێت وریفراندۆمی لەسەر بکرێت. ئەم دەستوورە دەشیا ستراتیژی سیاسیی نەتەوەیی بۆ بزووتنەوەی کورد، لەو بەشەی کوردستاندا دیاری بکات وخەڵکی کوردستان ڕای لەسەر بدەن .

ئیدی ئەوە ڕونە کە بوونی هەڵبژاردن و پەرلەمان لەهەر وڵات و کۆمەڵگایەکدا ،دەلالەت لە بوونی پرۆسەی دیموکراتی لەووڵات وکۆمەڵگایانەدا ناکات.پەرلەمان وەکو سترەکتۆری سەرخان و سەرچاوەی یاسا و دەسەڵات، پرۆسەی دیموکراتی بەوجود ناهێنێ. هەر سەرکردەیەک، هەر کۆمەڵەو حیزب و گروپێک، ئەگەر بخوازن دەکارن پەرلەمان دابمەزرێنن لەعێراق،تورکیا،ئەفەریقای باشووری جاران ، سۆڤییەتی هەڵوشاوەو وڵاتانی جارانی سەربەئەو کامپە، پەرلەمان هەبوو، ئێستاکەش هەن، کەچی ئاسەوارێک لە دیموکراسییەت نییەو بزووتنەوەی دیموکراتی لە ژێرەو نوزەی دێت. وڵاتی ئێمە وەکو زۆر وڵاتی دیکەش، لە سۆنگەی جەنگ وبەلامار وداگیرکردندا زەمینەی گەشەکردنی لەسەرخۆ و ئاشتیانەی بۆ نەڕەخساوەوخەباتی دیموکراتیش ، خەباتێکی تۆکمەو بە ئەزموون وریشەدار نییەو ئەقڵییەتی سیاسیی خەلک ورێبەرەکانیش، لەوبەری ڕووباری بزاڤی دیموکراتییەوە وەستاون. سەرکەوتنی شۆڕش و بزووتنەوەی چەکداری، مەرج نییە ببێتە زامنی گەشەکردن و تەکاملبوونی بزووتنەوەی کۆمەلایەتی ودیموکراتی. زۆرجاران سەرکەوتنی میکانیزمی شۆڕش، دەشێ لەئاستی ئینسانی و حقوقی و پەیوەندییە ئینسانییەکاندا، ماناو دەلالەتی پاشەکشەو داچوون بەدەستەوە بدات!.

لەبواری سیاسەتدا، زۆرجاران دیاردەیەکی سیاسی کە لە هەڵکەوتێکی مێژووییدا لێتەگۆڕێ بەرواڵەت بەرەوپێشەوەچوونێکی پێوەدەبینرێت وئاسۆیەکی ڕوونی لێوەدەردەکەوێت، کەچی دەشێ لەئاخی خۆیدا ماکی کشانەوەو نوشستییەکی دووبارەی هەڵگرتبێت، وابێدەچێ کە تەوەری مێژووی سیاسیی ئێمە لەبازنەیەکی داخراودا بسوڕێتەوەو توانای بەزاندنی لەمپەری ئەقڵیەتە خێڵەکییە بار وداسەپاوەکەی نەبێت. ئەم ئەقڵییەتە باوەش بەدرێژایی مێژوو لە نوێبوونەوەیەکی بەردەوامدایە. ئەوەی کە مێژووی ئێمە مێژووی گلان و نسکۆیەو شکست بەشکست دەسپێرین، دیاردەیەکی لەخۆڕاو ڕێکەوت نییە. ڕەگەزە ناکۆک و ناتەباو بەگژاچووەکانی نێو سیستەمی ئەقڵییەتی سیاسیی کورد، هۆکارو فاکتەرە بنچینەییەکانی ڕەوتی ئەم مێژووە سەرەو خوارەی ئێمەن. ئەم ڕەگەزانە خاوەنی کۆمەڵێک کاراکتەری نێگەتیڤی ئەوتۆن، کەنەیانتوانیوە مەعریفەیەکی بالاو بەبرشت بەوجود بێنن وتەکانێک بەبزاڤی ڕۆشنبیریی سیاسیی ئێمە بدەن. ئەقڵیتی سیاسیی کورد چ لەئاستی ناوچەکەداو چ لەئاستی جیهانیدا ، هەرگیز دژەکانی خۆی نەبەزاندووەوبۆئایندەش،مەگەرتەواوی سیستەمەکە هەڵوەشێنرێتەوەو لە نوێڕا ڕۆبنرێتەوە، دەنا ئەو کارەی پێئەنجام نادرێت.

ئێمە لە بۆچوونەکانی پێشووماندا، جەختمان لەسەر نێوەڕۆک پوچی و نەبوونی هیچ پێگەیەکی حقوقی و یاسایی دەوڵەتی هەرێم کردو ئەوەمان ئاماژە پێکرد کە ئەو دامەزراوە سیاسییەتەنیا دەشێ چوارچێوەیەکی لەرزۆکی ڕێکخستنەوەی دەسەلاتی هەردوو زل حیزبەکەی کوردستان بێت ، کەتەقینەوەی هەرناکۆکییەکی جدیی نێوانیان شەق وپەقی دەکات و هیچ یاسایەکیش بۆ داکۆکی لێکردن وپاراستنی ئەو چوارچێوە سیاسییە نییە.

لێرەدا دەشێ پرسیێک سەر هەڵبدات، ئەویش بەم شێوەیە: بۆچی ئەم دوو حیزبە نەیانتوانی میکانیزمی دەسەلاتی حیزب ، بۆ دەسەلاتی یاسایی دەوڵەت بگۆڕن؟! ،واتە بۆچی هیچ شێوازێکی دەسەلاتی دەوڵەتی پشت بە یاسابەستوو، نەیتوانیوە پێگەی ئەقڵییەت وڕووانینی خێڵەکییانەی حیزبایەتی لەقبکات و جێگای بگرێتەوە؟!

مرۆڤ چ وەک تاک و چ وەک گروپ و کۆمەڵەی سیاسی و کۆمەلایەتی وڕۆشنبیری ،بەپێی ئامانجی بزاوت وهەڵسوکەوت وچالاکییەکانی خۆی ،کەرەستەو ئامرازی گۆڕانکارییەکان دابین دەکات. بۆنمونە(ساتێ مرۆڤ بەمەبەستی ڕاوەماسی بۆسەر دەریاچەیەک دەچێ، تەنیا قولاپێکی لەنادەو چەشەی ماسیگرتن لەگەڵ خۆی دەبات.

ساتێ تۆقولاپت لەنێو ئاو هاوێژتووەو چاوەنواڕی ماسییەکی گچکە دەکەیت بەڕێکەوت دڕەماسییەکی بەهێز (Haj) بەقولاپەکەوە دەبێت وئەوسا هاوکێشەکە بەرەواژ دەبێتەوە، واتەدڕەماسی تۆبۆناو ئاوەکە کێشدەکات و دەشکرێ زەبری کوشندەت لێبدات. چونکە ئامانجی تۆڕاوی دڕەماسی نەبووە، هەربەویێیەش کەرەسەو ئامرازی تۆ، لەئۆدەی کۆنترۆڵکردنی وەها ماسییەک نایەت!} .

بەرجەستەکردنی ئەم نمونەیە بەسەر ەوطەپرۆسەی گواستنەوەی میکانیزمی دەسەڵاتی حیزب و دەوڵەتدا، ڕەنگە وەڵامی پرسەکەمان وەدەستەوەبدات.

بزاڤی نەتەوایەتی گەلی کورد لەباشووری کوردستاندا، لەپاش تێکشکانی دەوڵەتەکەی شێخ مەحمودو هەتائستاش، ئامانجەکەی سەربەخۆیی ودەوڵەتی ناسیۆناڵی کوردی نەبووە. خەباتی زیاتر لەنیوسەدەی حیزبە باڵادەستەکانی بزووتنەوەکە بەرنامەوستراتیژی سیاسییان ، دیدو ڕوانین و ویستی ڕێبەرەکانیان، جگە لەسیستەمی نامەرکەزی و ئۆتۆنۆمی، ئامانجێکی باڵاتری بە خۆوە نەگرتووە. واتە ئەوان هونەری یاساداتان و بەڕێوەبردن وپرۆژەی ئاوەدانکردنەوەیان لەبەرچاونەگرتووە ئەوان بەشێکی گەورەی ئەو ئەرکەیان خستۆتە ئەستۆی دەوڵەتی نێوەندی. بەلای ئەوانەوە کێشەی کورد، هەردەم بەشێک بووە لەکێشەی سیاسیی سەرتاسەری عێراق. واتە ئامانجی سیاسیی ئەوان، پێویستی بەخولقاندنی ئەقڵییەت وهونەری دامەزراندنی دەوڵەت وبەڕێوەبردنی شارستانیانەی میللەت نەبووە. ئەمە جگە لەوەی کە سەرکەوتنی ڕاپەڕین و پاکتاوکردنی دەسەلاتی بەعس لەکوردستاندا، بەرهەمی گەشەکردن وچوونەسەری لەسەرخۆی خەباتێکی درێژخایەنی سیاسی یان چەکداری نەبوو، وەکو ئەوەی لە چین. یان ڤێتنام، یان کامبۆج دا ڕوویدا. لەکوردستان، مەسەلەی سەرکەوتنی شۆڕش بازدانێکی میکانیکی بوو، بازدانێک لەشکستێکی خوێناویەوە بۆسەرکەوتنێک کە لەژێرزەبری چەکی شۆڤێنسیزمی فاشیزمی سووناوێرەوە هێنرزی

هاوپەیمانەکاندا، هاتەگۆڕێ. کاتێک سەرکەوتنیش ڕوویدا، حیزبەکان هەریەکەرەسەی گفتوگۆوموفاوەزاتەوە هاتنەپێشێ و مەسەلەی دەوڵەت و فیدرالیزم لەناوانەبوو. هەر بۆیە ساتێ بەعس ئۆرگانە مەدەنییەکانی خۆی لەکوردستان کێشایەوە حیزبەکانی {بەرە} بەدەست و ئەقڵییەتی بەتاڵەوە، ڕووبەڕووی دامەزراندنی دەوڵەتبوونەوە واتە ئەوان ئامانجێکیان لەئامێز گرت، کەنەیاندەویست وخوازیاری نەبوون. ئەوان گەرەکیان بوو لەگەڵ بەعسدا پێکەوە کوردستان بەڕێوەبەرن ، نە بەتەنیا!. بەڵام بۆبەختی ڕەشی ئەوان ، بەعس لەژێر شالاوی توڕەیی خەڵکدا، کوردستانی بەجێهێشت. حیزبەکان ، تەنیا قولابی ماسیی ئۆتۆنۆمییان بە دەستەوە بوو بۆیە دڕە ماسیی دەوڵەتیان پێ کۆنترۆڵ ناکرێ! حیزبەکان، چ بەرنامەیەکیان بۆ دەوڵەت پێنەبوو، ئەوە پاشەکشەی بەعس بووکە دامەزراندنی دەوڵەتی لای ئەوان ، کردە مەسەلەی ناچاری و ئەمری واقیع......!

ئێستا ئیتر ئەوە ڕۆشنە کە تێڕوانینی ئەم دوو حیزبە،بۆ پەرلەمان و حکومەت وبزووتنەوەی دیموکراتی وستراتیژی سیاسیی دۆزی کورد ،دیدی چیاوهەردانە،تێڕوانینی نامۆدیرن وخێلەکییە،بەپێی چەمک وتێگەیشتنی {خێڵ} بۆسیاسەت ودەسەڵاتی سیاسی ....!

ئەوەی کەتەمەنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم، هاوزای پێنج جەنگی نێوخۆی حیزبە جیاکانی کوردستان بووە، لەو بۆچوونانەی سەرەوە سەرچاوەدەگرێ.

ئەگەر میللەتی ئێمە ، میللەتێکی دواکەوتووی ڕۆژهەلاتیی نامۆ بە کولتوری دیموکراسی بێت، دیسانەوە ئەمە نابێتە فاکتەرێکی بڕیاردەربۆبەردەوامبوونی شەڕی نێوخۆو دۆزەخی کوردکوژی ... واتە ناکرێت ئەم جەنگانە وەکو جەبرییەتی مێژووی کۆمەلایەتیی میللەتی ئێمە چاویان لێبکرێت...! شۆفێری لێزان وشارەزا، دەتوانێ ئۆتۆمبێلێکی کۆنو پەککەوتەش،تاهەوارێکی دیاریکراو بەسەلامەت لێبخوڕێ، بەمەرجێک ئۆتۆمبیلەکە بە موڵکی خۆی بزانێت وڕەنجی پێوەکێشابێت...! پێموانییە کە میللەتی ئاریتیری لە میللەتی ئێمە بە کولتوری دیموکراسی ئاشناتر بێت.

ورەنجی پێوەکێشابێت...!. پێمواتییە کە میللەتی ئاریتیری لە میللەتی ئێمە بە کولتوری دیموکراسی ئاشناتر بێت. ئەوان لەپاش سەرکەوتن، نەیانکردە شەڕی حیزبایەتی و کێشەی دەسەلاتیان هاوچەرخانە بەلادا خست. ئەوان لەپێناوی دەوڵەت وسەربەخۆییدا دەجەنگان. ڕێبەرەکانیان لەئاست لێپرسراوێتی مێژوویی میللەتی خۆیاندا بوون!. ئالێرەدا ڕۆڵی نەریتی و نەریتی حیزب وکەس، لەچۆنییەتی ڕەوتگرتنی پرۆسەی سیاسی وکۆمەلایەتیدا دەردەکەوێت.

ئاوا بەسانایش دەبینین کە حیزب و ڕێبەرانی ئێمە ،باچی لەگۆڕانی پرۆسەی دیموکراتی ورزگاری میللەتەکەمانیان لەگەڵ خۆ هێناوەو زۆریش وەستایانە دەیوەشێنن....!

بەرگرتنی ڕەوتی ئەم پرۆسە چەواشەیە، کاروخەباتی دیموکراتی وکولتوریی پێدەوێت شۆڕشی ئەقڵ وسایکۆلۆژییەتی ئینسانی کوردی پێدەوێت، ئەمیش هەم زەمەن و هەم ئاشتی وئاسایشی گەرەکە. ئاشتی و ئاسایشیش، بەبێ تێکشکانی سیستەمی ئەقلییەتی خێڵەکییانەو نامۆدێرینی سیاسیی داسەپاو، نایەتە دی.

فیبریوەری ۱۹۹٥

پەراوێزەکان:

(۱) نۆکتاڤیو پاز، گۆڤاری «گردون» ژمارە ۱/ سالی یەکەم.

(۲) هەمان سەرچاوە.

(۳) میشێل فۆکۆ: کانت و شۆڕش. گۆڤاری دەروازە ژمارە ۲.


**ئابوونەی سالانەی ڕابوون بۆ چوار ژمارە**

• سوید (۲٤۰) کرۆن

• ئەوروپا (٥۰) دۆلار

# فاشیزم چییه؟

## هینری میشێل

### سمکۆ ناکام له فه‌ره‌نسییه‌وه کردوویه به کوردی

ڕوونکردنه‌وه‌یه‌ک

فاشیزم بیست ساڵ مێژووی ئه‌وروپایه، له‌گه‌ڵ داته‌پینی دیموکراسیی لیبێراڵ و، به‌رپابوونی شۆڕشی بۆلشه‌فیدا، ستێیه‌م مه‌زنه ڕووداوی نێوان هه‌ردوو جه‌نگه. ساڵی ١٩٤٢ ڕه‌وابوو وا بزانرێ که ئه‌وروپای خراوه ژێر ده‌سه‌ڵاته‌وه بۆی ده‌بێ به به‌رده‌باز بۆ گرتنی هه‌موو ئه‌و دنیایه‌ی، چۆن ئه‌مڕۆ له نێوان کۆمۆنیست و ئه‌نتی کۆمۆنیستدا دابه‌ش بووه، × ئه‌وسا له نێوان فاشست و ئه‌نتی فاشستدا دابه‌ش ببوو. به‌زینی هێزه‌کانی ته‌وه‌ر بۆ فاشیزم جه‌رگبڕ بوو. بووتی به مایه‌ی شه‌رمه‌زاری له‌و ترسه‌وه دێ که ڕۆژێ له ڕۆژان له دایک بێته‌وه. له‌ڕاستیدا له ساڵی ١٩٤٥ به‌دواوه، فاشیزم یادکه‌ره‌وه‌کانی، لاسایی که‌ره‌وه‌کانی خۆی هه‌یه.

له‌م چه‌ند لاپه‌ره‌یه‌دا نیازمان نییه مێژووی فاشیزم بنووسین. ئامانجمان ته‌قه‌لاییکی ڕوونکردنه‌وه‌یه. هه‌وڵ ده‌ده‌ین هێڵه سه‌ره‌کی و هاوبه‌شه‌کانی دیارده‌که ده‌ستنیشان بکه‌ین، چ له ئایدیۆلۆژییه‌که‌یدا، یاخود له پراکتیکیدا بێ. له هۆکانی، په‌یوه‌ندییه‌کانی به ڕابردووه‌وه، بابه‌ته نوێکانی له مێژوودا ده‌کۆڵینه‌وه..."

ئه‌م چه‌ند دێڕه‌ی سه‌ره‌وه به‌شێکه له‌و پێشه‌کییه‌ی مێژوونووسی فه‌ڕه‌نسی "هینری میشێل" بۆ ئه‌و نامیلکه‌یه‌ی نووسیوه، که‌له ژێر ناونیشانی "فاشیزمه‌کان" له زنجیره‌ی "چی ئه‌زانم؟ Que sais je "دا له ساڵی ١٩٧٧ بلاویکردۆته‌وه× ئامانجی ئه‌م زنجره‌یه ئه‌وه‌یه که‌زانیارییه‌کی کورت و پوختی یه‌کێ له تێمه‌کانی کات بخاته به‌رده‌ست خوێنه‌رێکی ئاسایی و، تا ئێستا چه‌ند هه‌زار به‌رگێکی ده‌رباره‌ی بابه‌تی جۆربه‌جۆر لێ ده‌رچووه.

به‌شی یه‌که‌می ئه‌م نامیلکه‌یه ته‌رخانکراوه بۆ پرسیاری: فاشیزم چییه؟ به‌سه‌رهاته‌کانی ئه‌م چه‌ند ساڵه‌ی دوایی کوردستان وای کردووه که فاشیزم و فاشست بچنه ناو فه‌رهه‌نگی سیاسیی گشتیی خه‌ڵکانه‌وه. به‌ڵام زۆرجار یان چه‌واشانه به‌کاردێ، یاخود زات ناکرێ دانی پیابنرێ. وه‌رگێڕانی ئه‌و به‌شه‌ی نامیلکه‌که‌م به‌سوود به‌خش زانی، بۆ ڕوونکردنه‌وه‌ی دوو مه‌سه‌له‌ی ساده:

١- تاچڕاده‌یه‌ک ئه‌و ڕژێمانه‌ی کورد ده‌چه‌وسێننه‌وه فاشستن؟

٢- ئایا مه‌ترسیی په‌یدابوونی ڕه‌وتێکی سیاسیی کوردی هه‌یه، که بیروباوه‌ر، یان کرده‌وه‌ی له کارێزی فاشیزمه‌وه هه‌ڵێنجێ؟.

نووسه‌ر سه‌رۆکی کۆمیته‌ی ناوده‌وڵه‌تانی مێژووی دووه‌م جه‌نگی جیهانی و، سه‌رنووسه‌ری گۆڤاری مێژووی هه‌مان جه‌نگه. له‌م بارده‌یه‌وه‌نکوڵی له پسپۆڕیی ناکرێ و، ئاشکرایه که له مێژوونووسیندا پشت به شیکردنه‌وه‌ی چینایه‌تی ده‌به‌ستێ. به‌ڵام له هه‌مان کاتدا هه‌ندێ له بۆچوونه‌کانی له‌گه‌ڵ بیروباوه‌رێکی ڕه‌گ داکوتاو له‌ناو به‌ره‌کانی چه‌پدا یه‌ک ناگرنه‌وه. به‌هه‌ر حاڵ ئه‌گه‌ر وته‌کانی نووسه‌ر به گه‌رووی هه‌ندێ خوێنه‌ری دڵ گه‌رمدا نه‌چن، ناڕه‌وا ده‌بێ به قه‌پۆزی پیاوه‌که‌دا بکێشرێ، پێش ئه‌وه‌ی ته‌نانه‌ت ده‌می کردبێته‌وه. ئه‌وه‌نده ئه‌مێنێته‌وه که نووسه‌رخۆی چه‌ند به‌رپرسیاری بۆچوونه‌کانێتی. منیش ئه‌وه‌نده به‌رپرسیارم له گه‌یاندنیاندا به خوێنه‌ری کورد.

نووسه‌ر چه‌ند په‌راوێزێکی بۆ نووسینه‌که‌ی داناوه. به‌ڵام سه‌رنجم دا ، که ئه‌شێ هه‌ندێ ناو یان به‌سه‌رهات لای چه‌ند خوێنه‌رێ زۆر ئاشکرا نه‌بن، بۆیه چاکتر وابوو به په‌راوێز ڕوون بکرێنه‌وه. بۆ جیاکردنه‌وه‌یان په‌راوێزه‌کانی نووسه‌ربه پیتی(ن) کۆتاییان دێ و، ئه‌وانه‌ی وه‌رگێڕ به‌پیتی(و)

سمکۆ

xxx

ئه‌گه‌ر به شوێن ته‌وراتی فاشیزمدا بگه‌ڕێین ره‌نجمان به فیڕۆ ده‌چێ - خه‌باتم ته‌نیا کۆنه ڕاسپارده‌ی نازیزمه(١). وه‌ک دیارده‌یه‌کی مێژوویی فاشیزم له‌لایه‌ن ڕیزێ تیۆریکارانه‌وه سه‌ره‌تاو سازکردنی نه‌بووه، وه‌ک چۆن "فه‌یله‌سووفه‌کان"بۆ شۆڕشی فره‌نسییان کرد، "بیرکه‌ره‌وه‌کانی" فاشیزم به‌په‌تجه‌ی ده‌ست ده‌ژمێردرێن. له‌ڕاستیدا وشه‌که خۆی "فاشیزم"(٢) سروشتی دیارده مێژووییه‌که ده‌ست نیشان ده‌کا: خڕبوونه‌وه‌ی چه‌ند هێزێکی جیاجیا، ئه‌گه‌ر بیره‌که خۆی نه‌بێ، له کرداری به‌جێگه‌یه‌ندراوه‌وه هه‌ڵده‌قوڵێ. دیکتاتۆره فاشسته‌کان بێ ڕێنمای تیۆری بوون. سه‌رکرده خۆی له‌سه‌رووی جه‌ماوه‌رانه‌وه به‌رزکرده‌وه، کرداری بوو به په‌ندو ، وته‌ی ڕاستی ده‌ربڕی. به‌ڵام ئه‌وه‌نده هه‌یه که فاشسته‌کان له گشت لایێ به په‌رده‌له‌ڕووهه‌ڵماڵینی و به‌گژداچوونی چه‌ند نه‌یارێ، چ ڕاسته‌قینه‌و چ ئه‌فسانه‌یی و، به ناولێنانیان خۆیان ئاشکراکرد . خه‌باتیان پێش هه‌موو شتێ ڕه‌تکردنه‌وه‌یێ بوو. له‌هه‌مان کاتدا شوێن هه‌ندێ ئامانج که‌وتن، پرۆگرامێکیان ئاماده‌کردو ،

بیروباوەرێکی کەم یان زۆر بەیەکەوە نووساویان هێنایە کایە. کەواتە سامانێکی هاوبەشی فاشیزم هەیە. کەلە کۆمەڵێ ڕەتکردنەوەو پیشنیار تێکەلە، واتە کەمترین بەردەرگای بنیاتێکی تێک ئاڵۆزە، کە لێیەوە کۆمەڵێکی هەمە ڕەنگە خۆیان دەکەن بەناودا،

## ڕەتکردنەوەکانی فاشیزم

ئەوەی فاشیزم بەر لەهەموو شتێ و سەراپا ڕەتی دەکاتەوە کۆمەڵگای لیبێرالی سەدەی نۆزدەیە، کە ئیلهامی لە "فەلسەفەی ڕۆشناییەکان" (٣)ەوە وەرگرتبوو، لە شۆڕشی فەرەنسیدا بە شێوەیەکی سیاسی خۆی نواند بوو. فاشیزم باوەڕناکا کە مرۆڤەکان یەکسان بن، چجا لە سروشتدا باش بن. دیکارت،کانت و رووسۆ لە لایەنیەوە لاخراون، لە کەڵیاندا پۆزیتڤیزم (٤)، کە تاوسەندەری بیری زانستانەیەو، ئاواتەخوازیی پێشکەوتنێکی بەردەوامە. ئەم مەحکومکردنە تێکراییە کۆمەڵێ ڕەتکردنەوە بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێ:

ڕەتکردنەوەی دیموکراسی، کە بە "ڕزیو"لەقەڵەم دراوە، چونکە ڕژێمی لاوازو دەسەڵاتی گرووپی باڵەپەستۆکانەو، لەتوانایدا نییە بەرژەوەندیی نەتەوایەتی بپارێزێ. سیستەمی پەرلەمانی گەمەیێکی بێفەرە، قسە هەڵڕشتنە، لە واقیعی نەتەوە دوورە، زۆربوونی پارتە سیاسییەکان هیچ نایەنێتە کایەوە لە دوویەرەکیی و چەنەبازی بێسوود بەولاوە، هەڵبژاردنی کاربەدەستە سیاسییەکان لەلایەن گەلەوە خەیاڵ پلاوییەکی بەدە.

پاشان ڕەتکردنەوەی تاکە کەسایەتی، مافەکانی مرۆڤ و، "کەرامەتی ئینسان"، چونکە تاکە کەس مافی نییە، بوونی نییە، لەناو ئەو کۆمەڵەدا نەبێ کە تیایدا تواوەتەوە، بۆیە پێویستی بەوەیە کە دەوری بگێرێ و بەرێوەببرێ.

ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگای لیبێرال، چونکە سەربەستی دەبێتە هۆی بەرەڵایی و ، بەرەڵایی بەیەکەوە بەستنی گرووپ لاوازدەکا. گرووپ مافی ئەوەی هەیە سزای ئەوانە بدا کە نایانەوێ بێنە ناوییەوە. ئامانجی دادپەروەریی ئەوە نییە کە تاکە کەس بپارێزێ، بەڵکو ئەوەیە کە بێداری یەکپارچەیی گرووپ بێ، بەوەی جەزرەبە بەوانە بگەیەنێ کە ئەم یەکپارچەییە لەکەداردەکەن.

ڕەتکردنەوەی هەڵوێستێ کە هۆش ویستبێتی و کوژمی ژینەوەرانە ساردبکاتەوە، فاشیزم بەرپەچدانەوەیێکی دژ بە ڕۆشنبیرییە، تۆڵەسەندنەوەی غەریزەیە، بۆیە فاشیزم بانگەشەی کرداریەرستی دەکا، چاکەی توندوتیژی بڵاودەکاتەوە.

لەهەمان کاتدا فاشیزم بەگژ"سۆسیالیزمی مارکسی"دا دەچێ، چونکە بناخەکەی زۆرانی چینایەتییەو، گرووپی کۆمەڵایەتی بەرەو لاوازبوون و دوویەرەکی کێش دەکا. فاشیزم باوەری بەو نەخشە مارکسییە نییە کە مێژوو پاشگەزبوونەوەی بۆ نییە. لە هەمان کاتدا سەربەستیی ئابووری، واتا "شاری بێ ساحیب" مەحکوم دەکا، کە دەبێتە هۆی ئەوەی زلەکان بچووکەکان بپلیشێننەوەو، بەزیانی کۆمەڵ دەشکێتەوە. هەروەها زۆر جاریش دەبێتە دێوجامەی دەست بەسەرداگرتنی گەلێکی هەژار لەلایەن بەکێکی دەولەمەندەوە. ڕووبەڕووی ئینتەرناسیۆنالە کۆمۆنیستەکان یان سەرمایەدارییەکان، فاشیزم دەخوازێ "سۆسیالیزمی نەتەوایەتی"ی خۆی قنج کاتەوە.

## خواستەکانی فاشیزم

ئەم ڕەخنانە نوێ نین، فاشیزم تەنیا بە گەلیی کردن، بۆ ئەوەی تەواویان بکا، وەک ئەنتی تێز، کۆمەڵێ داخوازی و پێشنیار دەهێنێتە گۆڕێ، کە ئەگەر ئۆرگینالییەکیان تێدابێ، ئەوە تەنیا لەبەیەکەوە بەستنەکەیانە، بەم شێوەیە، لە ڕێرەوی کرداردا، دکتۆرینێکی کەم یان زۆر هاوجۆر پەیدابوو.

فاشیزم پێش هەموو شتێ نەتەوایەتییێکی هەڵچووە. نەتەوە کە پیرۆزکراوە، سامانی هەرە باڵایە. بەرژەوەندی نەتەوە پێویستی بە هاوجۆرییێکی سێ قۆڵی ناوخۆیە: سیاسی ، کۆمەلایەتی و ئیتنی، هەروەها نەهێشتنی ئەو بەیەکدادانەی کە لاوازی دەکەن و دوویەرەکی تیا دەنێنەوە.

فاشیزم دەستبەرداری سەردەمی پێش خۆیەتی ( خۆی بە شۆڕشگێر لەقەڵەم دەدا )، نموونەکانی خۆی لە ڕابردوویێکی کەم یان زۆر ئەفسانەیی نەتەوەدا منە دەکا ( جیرمانی، لاتینی، هیسپانی، هێلێنی، فرانکی...هتد). لەو سەردەمە زێرینەدا نەتەوە هیچ گەردێکی بێگانەی تیا نەبوو، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ قاڵی بداتەوە، فاشیزم زینۆفۆبە(٥)، ڕەگەزپەرستەو، بەم پێیە، دژ بە سامییە، کەواتە گەل، نەتەوەو ڕەگەز، هەرسێکیان هەمان واقیعی مێژوویی دەردەبڕن.

نەتەوەپەرستیی فاشیزم چاو برسی و تووڕەیە، هیچ سنوورێ نییە کە نەخوازێ بیبڕێ، هەمیشە ڕێکەوتننامەیێ هەیە پیاچوونەوەی گەرەکەو، هەندێ خاڵ کە خستنەوەدەستیان بە کوێدا دەدرێ. لە ڕابردوودا، سەردەمێکی مەزنی، بێ ماندووبوون، دەبینێتەوە کە خۆی پێشنیار دەکا بۆ بەدەست خستنەوەی، پاڵدراو بە سوپاوە، پشت بە کۆنە جەنگاوەران قایم، شوێن یارمەتیی هاونیشتمانیانی دوورە وڵات کەوتوو، فاشیزم بە شێوەیێکی سروشتی، سەر لە ئیمپریالیزمدا دەرئەهێنێ، "ئاشتیخوازیی باعەباع کەر" سووک دەکاو، لە کۆمەڵگەی نەتەوەکانەوە دەست پێ دەکا، ناوی بەسەرهاتی سامناک، سەرباز، بەگژداچوون بەرز دەکاتەوە، لە جێی پێکهاتنی گفتوگۆلێکراو، مۆرکردنی بەڵگەنامەی سەرکەوتنی لا باشترە. وەک چۆن هەوری ڕەش بروسکەی پێیە، ئاوایش فاشیزم جەنگ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ.

بۆ ئەوەی نەتەوە بە بووژاوەیی و بێ خەمی بخۆر بژی، دەوڵەت دەبێ بەهێزو بە زەبر بێ، بەناوەندی کردن ، گشت تایبەتییە ناوخۆییەکان ناهێڵێ، دەوڵەت بەرژەوەندییە کۆمەڵییەکان دەباتە سەر ئەوانەی تاکە کەس ، گرووپە پیشەییەکان، یاخود ئەوانەی چینە کۆمەلایەتییەکانەوە، ئەو دیکتاتۆرییەی دائەمەزرێ، ئامێری دەوڵەت و ئایدیۆلۆژی ملتەزیم تێکەڵ بەیەک ئەکا، بۆ خەرجی ڕەوایی، کە مەفهومی ئاشتیی کۆمەلایەتی ئەکات بە ژێرەوە. ئەوڵەت پۆلیسی دەبێ و، دادپەروەری لە گوێی، فەرمانی پارێزەر تاوان خەرمیاڵ و دادپرس تێکەڵ بەیەک دەکرێن، چوونکە تاوان خراوەپاڵ لەسەر نیازو ڕەوشتی سیاسیی بەرەو دادگا کێش دەکرێ، زیاتر لەسەر کارێ کردبێتی، هەروەک چۆن سەردەمی زوو دادگای پشکنین لە ڕووی لە قسەی کڵێسەدەرچووەکاندا قوت ببووەوە، ئاوایش دادگەی فاشیست ئەهریمەنی نا ڕەسەنی لە گیانی نەتەوەدا دەردەپەڕێنێ.

ئەم دەوڵەتە بەهێزە لە سەرکردەیێکدا خۆی دەنوێنێ، کە خوا

ناردوویەتی، ڕابەرو ڕزگارکەری نەتەوەیە. لەناو جەماوەرەوە بە تاوی کاراکتەری هەڵقولاوە، قسەکانی چەندە پاسان ئەوەندەش ڕاستی دەربڕن، دیوارەکانی ڕۆما ڕایاندەگەیاند کە "مۆسۆلینی هەمیشە ڕاستی کردووە"و نازی گەلەکان شێلگیریی خۆیان لە بەردەم "بلیمەتی"ی فیووەردا(٦) دەکرد بە هاوار، هیچ گرووپێکی فاشست بەدی ناکرێ کە هەموو شتێ بە قوربانی سەرکردەپەرستێ نەکا. پرنسیپەکانی فیووەرەر پێویستە لە لایێکی ترەوە لە گشت پلەکانی کۆمەڵگادا ، لە ئابووریداو لە کارگێراندا ڕەنگ بدەنەوە.

لەسەرکردەوە بۆ گەل، نێوان گر، کلاوڕۆژنە، واتە تاقە پارتی هەیە. پێویستە ئەم پارتییە دەستەیێکی هەڵبژاردەی خڕکردبێتەوەو، بە تاقە دەزگایێکی لاوان خۆتازەکردنەوەی دەستەبەر بکا. ئەو کۆمەڵگایەی فاشیزم دەیهێنێتە گۆڕێ نهۆم نهۆم کراوە، هەندێ فەرمان دەدەن و، ئەوانی تر باوەڕ دەکەن و گوێ ڕادەهێڵن، بەڵام دەسەلات هەمیشە لەسەری سەرەوەدێ. یەکەم جەنگیان لەسەر جادە بەرپادەبێ، فاشستەکان دەچن بەگژ ڕەقیبەکانیاندا و، پاش ئەمە "ئاسایش باڵ دەکێشێ"، دەوری خەڵکان گیراوە، لەسەراپای وڵاتدا، لەسەراپای پیشەکاندا، بەچەند دامودەزگایێ کە ئەرکی گۆڕینی ئامێری دەوڵەتیان بەسەردا سەپاوە، بەم شێوەیە وردەوردە، چینێکی نوێی دەسەلاتداران خۆی جیا دەکاتەوە.

ئەم بەبەندکردنەی خەڵکان، فاشیزم پاراستنی نەتەوە، خواستی هێنانە گۆڕێی کۆمەڵگایێکی دادپەروانەتری بۆ دەکا بیانوو. ئەمەیش سۆسیالیزمی نەتەوایەتییە. کە بەکارێکرێی چەک دژ بە کۆمۆنیزم دانراوە، گرنگە کە لەسەرو زۆرانی چینایەتییەوە هەڵزنرێ و، هاوکاریی چینایەتیی لە جێ دابنرێ. قسە لەوە نییە کە هۆکانی بەرهەمهێنان بکرێنە موڵکی کۆمەڵ، یان پرۆلیتاریا نەهێڵرێ، مەسەلە کەمتر ئۆتۆژنسیتیۆنە(٧)، بەڵکو لە لایێکەوە دەوڵەت بەرژەوەندییە بەهێزەکان دەکاتە ملکەچی یاسای گشتی، لە لایێکی ترەوە چەند یاسایێکی کۆمەلایەتی گوزەرانی کرێکاران لەبارتردەکەن، بە پێی پێرەوی گشتی، هەر کە گەیشتنە سەر حوکم، ئەم ئاڵوگۆڕانە کەمێ لە بیر پارتە فاشستەکان دەچنەوە. بەڵام لەوە ناکەون کە بیانکا بە دیکتاتۆری گەلیی.

بۆ ئەوەی "سۆسیالیزمی نەتەوایەتی" سەر پێبخرێ، هێزەکانی بەرهەمهێنان دەکرێنە هاوبەشی ئابوورییێکی کۆرپۆراتیف(٨). فاشیزم دەیەوێ بە سەر گرژبوونەوەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی بکەوێ، بۆیە دامودەزگای هاریکاریی لە گشت پیشەکاندا قنج دەکرێنەوە، کە خاوەن کار، کرێکاران و نوێنەرانی دەوڵەت بە شێوەیێکی تیۆری یەکسان جێی تیا دەکرن، لە لایێکەوە، ئەم شێوە سازکردنە ڕێ بە دەوڵەت دەدا کە خۆی ڕاستەوخۆ هەندێ ئەرکی ئابووری بگرێتە ئەستۆ، کارگێرانی بەرهەمهێنانی نەخشەکێشراو ئاسان دەکاو، ئۆتارسی(٩) بەجێ دەگەیەنێ، لە لایێکی ترەوە دەوڵەت لە یەیەکداماتنەکانی کاردا دەوری ناوبژیکەر دەبینێ. لە ڕاستیدا بە لەناوبردنی نەقابەکان و قەدەغەکردنی مانگرتن ، ئەم سیستەمە لاسەنگیی کۆمەلایەتیی بە لای موڵکداراندا دادەشکێنێ.

بە پێی بۆچوونی فاشیزم، ئەم سەرچەمی دەرفەتانە دەبێ ڕێ بۆ شکۆفەکردن و ڕاهاتنی بەبەتێکی نوێی مرۆڤ خۆش بکەن، ئەم مرۆڤە نوێیە دەبێ کەڵ بێ ( فاشیزم قێزی لە ئافرەت دەبێتەوە)، لەسەرپێ بێ بۆ فەرمان وەرگرتن ، ڕەق بێ لەگەڵ خۆی و خەڵکی تردا. سیفەتە زەقەکانی یەجەرگیی، درک بە دیسپلین کردن و هەستی پشتگرتن دەبن. فاشیستەکان دەخوازن" خاسیتییە ئاژەڵییەکان"ی مرۆڤ پەروەردەبکەن، زیاتر لەوانەی بیرو هۆشی، چوونکە لە بیری ڕەخنەگرانە دەسڵەمنەوەو، بەهەرەس هێنەری لەقەڵەم دەدەن. فاشست دەبێ لە "باوەرکردن، ملکەچکردن، چوون بەگژدا" زیاتر نەخوازێ. ئایدیال ئەوەیە کە قورمیشکراوێکی بێ خەوش بێ، هیچ سۆزێکی تیا نەمێنێ، لە گشت هەستێکی مرۆڤانە بێبەش بێ، تەنیا بەکەڵکی ئەوە بێ کە هەرچ فەرمانێکی پێدەدرێ، بێ چەنوچۆن بە جێی بگەیەنێ. ئەم بابەتە نوێیەی مرۆڤ کەم یان زۆر لە ئێس ئێسی (١٠)هیتلەریدا دەهێنرێتە دی.

بۆ پەروەردەکردنی ئەم مرۆڤە، پێویستە ڕاهێنەرو هونەرمەند بکەونەکار. کولتووری فاشست، جیهان پەرستی و مرۆڤ خوازی دەکا بە ژێر پێوە، لە جێی ئەوان سەر بەنەتەوە، پشتگرتنی کۆمەڵکاریی، خۆ بەخاک ، بەزمان، بەلادێ بەستنەوەو ( بە خوێنەوە ، نازییەکان وتەنی) دادەنێ. بەکورتی، شێوە هەست کردن و بیرکردنەوەیێ کە کردار فەرمانی پێدەدا . کە نامەنتیق، دۆگماتیزێکی شووڵ هەڵکێش، بە نەخشەکردنی کێشەکان باون، گاڵتەو گەپ یان تەنکە جیاوازی بینین بەتەواوی وتن و، ئەو دروشمانەی پڕوپاگەندە بێ وچان دووپاتیان دەکاتەوە لەتام دەردەچن.

ئەم هێڵانەی فاشیزم لەهەموو ئەو گرووپانەدا بەدی دەکرێن کە خۆیان لە ڕیزی ئەو ڕادەگەیەنن. لەگەڵ جۆربەجۆریی توندیی و کاتدا بۆ ئەوەی ئەم هێڵانە بخرێنە بەرچاو، گشت فاشستەکان هەمان پێڕەوگەڵ بەکار ئەهێنن، کە بەتایبەتی هاوچەرخەکانیان داچلەکاند. سەرکردە پەرستن بە بڵاوکردنەوەی وێنەکەی لەسەر دیوارەکان، لەسەر پەردەکان ، لە جامخانەکاندا، لە شوێنە گشتییەکاندا، لەناو ماڵەکاندا دەردەبڕدرێ. دەمێ دەم بەپێکەنین، دۆستانەو پارێزەر، تاوێ ڕەق و گرژ، بەڵام زۆربەی جار بەبەرگی سوپاییەوە. بەدەستی بەرزەوە سڵاوی لێدەکرێ، بەوپەڕی گەرمییەوە ستایشی دەکرێ. پێش ئەوەی ئاینیانە گوێی بۆ شل کرێ "پارتی" بەجلوبەرگییەوە، پلەکانییەوە، پەیرەوییەوە، ئالاکانییەوە، دروشمەکان وڕێکردنەوەکانییەوە بەرقەرارییە. خەڵکان لە خۆپیشاندانی زەبەلاحدا کۆکراونەتەوە، هۆشی کۆمەلان بە گۆرانی، بە مەسیرە خۆی دەردەبڕێ، کە تیایدا هەریەکە بە جەماوەر داپۆشراو پارێزراوە، پڕوپاگەندە هەر هەمان تێم بە پۆستەر، بە ڕۆژنامە، بە ڕادیۆ، بەفیلم بێ وەڕەس بوون، ڕادەگەیەنێ. ڕووبەڕووی پێچەوانەبیرکەرەوان، تەنانەت "شلەتێنەکانیش" هەڕەشەی تێهەڵدان، گرتن، لەکارخستن، زیندانی کردن و دەست بەسەر ماڵداگرتن هەیە. فاشیزم بە بەگشتی کردنی تۆقین فەرمانرەوایی ئەکاو، لەم بارەیەوە بابەتی نوێ ئەخوڵقێنێ.

بەم شێوەیە، سەرمایەداریی و بۆڵشەفیزمی ڕەتکردۆتەوە، دیموکراسی لیبێرالی تووڕداوە. فاشیزم سێیەمڕێگای هاوکاری پێشنیار دەکا ، لە نەتەوەیێکدا کە سەرکردە دەیبا بەڕێوە. بەزۆر کێشکردن و پڕوپاگەندە یەک ڕەنگ کراوە، ئامادەی چەند جەنگێ کراوە، کە تێیاندا مافە ڕەواکانی جنگ ئەخرێن و، دان بە توانایدا

ئەنرێ. سەرکەوتنی فاشیزم بەدرێژایی نزیکەی بیست و پێنج ساڵ یەجگار گەورە بوو، ئەمە ناکرێ بکرێ بەژێر لێوەوە. فاشیزم دیاردەیەکی جیهانییە.

## پێشینەو قۆناخەکانی فاشیزم

لە کوێوە دێ؟ لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا سەرمایەداریی لیبێرال بەرەو پێکهێنانی تروست و کارتێل(١١) هەڵزناو، سەرمایەداریی پیشەسازی و ئەوەی بانقی بەناو یەکدا چوون. ئەمە هۆیێکی فراوان بوونی گەورەی بەرهەمهێنانی بابەتی جۆربەجۆربوو. بەلام هەروەها ، وەک سەرئەنجامی خۆخەریکردنی کارگەکان بە کاروباری یەجکار زلەوە خەندەقی نێوان دەوڵەمەندیی بێ سنووری چەندانێک و، دەست کورتیی زۆربەی زۆرانی قوڵترکرد. لادێییەکان لە خاک ریشەکێش دەبن. شار ئاوی زاوەتە دەمیان، لەچەند گەرەکێکدا بەسەر یەکدا تۆپەڵ دەبن، کە ئەم گەرەکانە بۆ ئەوەی دروست نەکراون پێشوازیان لێبکا. هەلومەرجیکار، بەهۆی بلاوبوونەوەی تایلۆریزمەوە(١٢)، بوو بەهۆی ئەوەی پێوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ کارەکەیدا نائینسانی بکا، پێوەندی تەقلیدیی چینەکان هەڵتەکێنێ.

بەتایبەت چینە ناوەنجییەکان هەمیشە سوود لە پایە کۆرکێی ئابووری وەرناگرن. پەرەسەندنی پیشەسازی و بازرگانیی گەورە، بەریز دروستکردنی ئالووالا بەکەمترین خەرج، هەرەشەی لاتبوون و بە پرۆلیتاریا بوونی لە چەندان سەنعەتکار، وردەبازرگان و موڵکداری بچووک دەکرد. بە شێوەیەکی گشتی ئەم چینە ناوەنجییانە نایانەوێ بچنە ریز پرۆلیتاریاوە لە خەباتی دژ بە سەرمایەداریدا، چونکە هەست بە خۆدۆڕاندن دەکەن، دژ بە سەرمایەدارییەکان کۆنەپەرستانەیە، ئەوانە یادی ئابوورێک ئەکەن کە کەمتر دینامیکە ، زیاتر رۆتینییە، ئەگەر چەقیو نەبێ. ئەوانە هیچ جۆرە موڵکدارێک، جگە لە تایبەتی بەخەیاڵیاندا نایەت و، گشت هۆکانی بە کۆمەڵکردنی بەرهەمهێنان، کە کەسایەتییان لێ دائەماڵێ ڕەت دەکەنەوە، ململانێی چینایەتی مەحکوم دەکەن. چونکە دەترسن خۆیان نرخەکەی بدەن، خەو بە دەوڵەتێکەوە دەبینن کە لەسەرووی چینەکانەوەیە. ئەو موڵکە کەمەی هەیانەو نایانەوێ دەسبەرداری بن دەیانخاتە سەر پێ، بەرامبەر هەر مەترسیێ هەرەشە لە نیشتمان بکا، ئەو نیشتمانەی پێناسەی خۆیانی تیا دەبیننەوە، ئەگەر تەنگاەیێکی کاریگەرو درێژخایەن بێتەگۆرێ، ئەمشلە هەویرە دەشێ بە بانگەوازی ئاژاوەنێرەوە هەڵچێ، کە دەزانێ ئەو ترشەی تێ نێ کە خۆی پێی خۆشە.

لە لایێکی ترەوە خێرابوونی ڕەوتی پێشکەوتنی زانستی و تەکنیکی، ئەگەر ئاواتی گەورە دەوروژێنێ، ئەگەر هەلومەرجی گوزەران باشتر دەکا، دەشبێتە هۆی سەرلێشێوان لە بەردەم دیتنەوەی دنیایێکی بێ سنوور و زراوچێندا، ترسێ کە ڕووبەڕووی گۆڕینی ڕیتمی ژیان و لەقیی فراوانی بەرهەمی کۆمەڵ پەرەئەسێنێ. دیتنەوە زانستییەکانی ئاینشتاین و ل. دوربرۆگلی(١٣) کە ناوەرۆکی کات و شوێن و مادە سەروبن دەکەن، نیگەرانی میتافیزیک دەورووژێنن. فرۆیدو پسیکانالیزم ناخی پسیکۆلۆژی(١٤) ی گومان لێنەکراو دەدۆزنەوە. فەلسەفە دوودڵی لە باوەڕ بەزانست کردن دەپرژێنێ. بێرگۆن(١٥) پایەو پلەی غەریزە دەداتەوە ، سەرنجی بووژانەوەیێکی ئاینیی، یاخود زیاتر سۆفیگەرانە دەدرێ. ئەم بەرپەرچدانەوەی نامەنتیق ، نیتچە(١٦) بەویەری هێزەوە دەری دەبڕێ، بەلای ئەوەوە بیرکردنەوەی هوشیار هەژاربوونە، بەرامبەر وردەی مل شۆڕکەری مێگەل، نیتچە وردەی "سووپەرمان" ی خوڵقێنەر قوت دەکاتەوە، خواستی بە هێزی، ژیانی پڕ مەترسی، قارەمانێتی، بگرە خۆبەخت کردن بەرزدەکاتەوە.

ڕاستە، چینە ناوەنجییەکان سەراپا خۆیان لەژێر ئالای سەرکردەیێکی لە هەڵە بەدووردا کێش نەکرد، بەڵکو هەڵوێستیان جۆربەجۆرییەکی تیا بەدی دەکرا. فەیلەسووف و زاناکانی کە بیروباوەڕی ڕیشە داکووتاو لەق دەکەن بە هیچ جۆرێ پێشەکی فاشیزم نەبوون. بەڵکو زۆربەی جار پێچەوانەکەی بوون و ، لە لایێکی ترەوە سەرکردەکانی فاشیزم نەیانخوێندبوونەوە(١٧). فاشیزم پێویستانە لەناو هەژانەکانی ئابووری ، کۆمەلایەتی و بیرکردنەوەدا تۆمار نەکرابوو، چونکە لە گشت لایێ بە جارێ زاڵ نەبوو. بەلام ئەو هەژانە لە نێو خۆیدا خاکێکی بە پیت بوو بۆی و ڕێگا بۆ دۆزینەوەی هۆکانی سەرکەوتنی خۆش دەکرد.

لەڕاستیدا سەرنج دەدرێ کە فاشیزم لە ئاووهەوایێکی تەنگانەدا پێ دەگا( فاشیزمی ئیتالیی لەو تەنگوچەڵەمەیەدا لە دایکبوو کە جەنگی یەکەم بەرپای کردبوو، سۆسیالیزمی نەتەوایەتیی ئەڵمان لە تەنگانەی ئابووریی جیهانیی - ساڵەکانی سی - نەشونمای کرد). ڕق هەستان لە خراپ کارکردنی سیستەمی پەرلەمانی بۆی دەبێ بە خۆراک، هەروەها ئاشکرابوونی "سکاندال" ( بەزمی "ستاڤسکی" دەبێ بە بیانووی کۆدەتاکەی ٦ی شووباتی ١٩٣٤) (١٨). فاشیزم لە ڕووزەردیێکی نەتەوایەتییەوە دەچێ بە ئەقڵدا، کە مەسەلە بەزینێکی سوپایی بێ (ئەڵمانیا) ، یان هەست بە پارووڵەدەم فڕاندن بێ کە ئەنجام و سەرکەوتنێکی نیوەناچڵە (ئیتالیاو ژاپۆن)، فاشیزم لە هەست بە زوڵم لێکرانی کەمایەتییەکەوە لە دایک دەبێ( سلۆڤاک بەرامبەر بە چیک، کروات ڕووبەڕووی سێرب، فلاماند دژ بە ڤالۆن...هتد)، بەلام گرنگە ئەوە لە یاد نەکرێ کە ئەم هۆ گشتییانە ئیستیسنایان زۆرە. تەنگانەی ئابووری لە هیچ جێیەک هێندەی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تا سەر ئێسقان نەچوو، کەچی هیچ تۆوێکی فاشیستی تیا شین نەبوو. فاشیزم لە سێبەری سەرکەوتنێکی تێروتەسەلدا لە پۆلۆنیا و ڕۆمانیا ملی قوت کردەوە، هەموو هەژانەکانی سێیەم کۆمار نەیهێشت لە فەرەنسادا زاڵبێ، هەست بە زوڵم لێکرانی کەمایەتی "ئەشێ" بەرەو ئەوپەری جەپیی ببا، وەک هەرێمگەریی کەتەلان(١٩)...هتد.

کەواتە بە پێرەوێکی گشتی فاشیزم لە ئاورهەوای گرژبوونەوەیێکی قوڵپ دەری سیاسی و کۆمەلایەتیدا لە دایک دەبێ. چونکە یەکەم جەنگی جیهانیی دڵڕەقییەکی خوێناویی بێ پێشینیی پۆشتە کردبوو، ئەوەی سەلماندبوو، کە زانست و تەکنیک دەتوانێ بکوژتربن لەوەی کە چاکەکەرن، پایەوپلەی توندوتیژیی بەرزکردبۆوە، ئەوەیش بەبردنە ژێر ئالای ملیۆنان مرۆڤەوە. لە ڕاستیدا هەرگیز ژمارەی ئەو سوپایانەی بەیەکیاندا دەدا ئەوەندە زۆر نەبووە ( ئەتەوەی چەک بەدەست).هەروەها ، لە شەڕدا توێژە کۆمەلایەتییەکان ژەنرابوون و، هەڵبژاردەی نوێ خۆی جیاکردبۆوە، جۆرە مرۆڤ گەلێکی هاوڕەنگکراوو سادە پەیدابیبوو. پاش جەنگ لە وڵاتانی شەڕکەردا گەلێ کۆنە جەنگاوەر، تەنانەت قارەمانترینەکانیش، نەیاندەتوانی جێگای خۆیان لاناو کۆمەڵگادا

بکەنەوە. زۆریان هەستیان بەوە دەکرد کەلە چینیان هەلکەندرابوون. ئەمانەیش زۆربەی جار سەر بەو چینە ناوەنجییانە بوون کە هەژانی ئابووری و سیاسی خستبوونییە بەر مەترسی. ئەمانە سەرنجیان دەدا کە لە پشتەوە، لەبەر سێبەر، خەلکی تر گیرفانی خۆیان پڕکردووە. قینێ لە دەروونیاندا دژ بە ئۆلیگاریشی (٢٠)و سیاسەتکاران قولپی دەدا. بیری برایەتیی ناو سەنگەریان دەکردو، دلنیابوون کە ئەرکێکی خاوێن کردنەوەیان پێ سپێردراوە(٢١).

لە ڕۆژهەلاتی ئەورووپا، لە ڕووسیا، ڕۆشناییکی گەورە بە شۆڕشی بۆلشەفی درەوشابۆوە، هەڕەشەی دەکرد کە تینی بگاتە ئەو ڕۆژئاوایەش کە لایەنگرانی تا دەهات ژمارەیان زیادی دەکرد. چونکە خۆی وەک شۆڕشێکی سەراپایی، گۆڕینێکی سەروبنی کۆمەلگا و ئابووری و ئابووری، هەڕەشەیێکی بکوژی تەواوی دامودەزگایی نرخ پێشکەش دەکرد، چینە دەسەلاتدارو ناوەنجییەکانیش کەوتبوونە خۆیان بەرامبەر بەم مەترسییە، بۆ چەکێکی شەڕی سیاسی دەگەران کە دیموکراسییە تەپیوەکان پێی نەدەبەخشین.

سەرباری ئەمە، تەنگانەی کاریگەرو درێژخایەنی "سالەکانی سی" ببوو بە مایەی ئاوسان، بێکاریی و کلۆلیی. ڕاستە کرێکاران لە هەموو کەس زیاتر بەرکەوتبوون، بەلام چینە ناوەنجییەکانیش پێویست بوو بە نەکبەتیی گشتییەوە بگلێن. چۆن ئەبێ چاو بۆ سەبەکار لە ڕژێمە سیاسییەکانی سەرکار، لە بێگانەی دوژمن، یان دەردوبەلاتووشکەری ناو نەتەوەدا نەگێردرێ؟ چ دەرمانێ بەکاربهێنرێ، ئەگەر توندکردنی پەیوەندییە نەتەوایەتییەکان، بەرزکردنەوەی دەسەلاتێکی پارێزەر، باوکانە، ئەوەی سەرکردەبێ نەبێ؟ فاشیزم سوود لەم ناکامی و ترسانە وەردەگرێ.

## فاشیزم و کۆنەپەرستیی

هیچ بەشێکی "دکتۆرینی" فاشیست نا دۆزینەوە، کەلە یەکێ لە بیرکەرەوە ڕاستڕەوەکانی چەرخی نۆزدەو بیستەوە قەرزنەکرابێ. شیکردنەوەی فاشیزمە نەتەوایەتییە جۆربەجۆرەکان پاشان ئەمەمان بۆ دەسەلمێنێ بەم شێوەیە توانرا ئەوە باسکرێ کە فاشیزم، لە ڕاستیدا، "کۆنەپەرستییەکی زێر دێوچامە"یە.

دەبینین و، پاشان دێینەوە سەری، کە فاشیزم لە ئیتالیاو لە ئەلمانیا توانی بگاتە سەر حوکم، چونکە دەسەلاتداران و ئەو دەولەتەی نوێنەرایەتیی دەکردن پشتیان بۆ دانا. هەروەها دەبینین کەلەو هاوسەنگیی هێزەدا کە دیکتاتۆریی لە ئیسپانیا، لە پورتوگال و یۆنان دایمەزراند، ڕاستی تەقلیدی هاوسەرێکی باشی لەگەل فاشیزمدا کرد. ئاشکرایشە کە هەردوو ڕەوت چوون بەگژ هەمان دوژمناندا: کۆمۆنیستەکان، دیموکراتەکان، بێگانەی نەیار، هەردوو لا بەهەمان زمانی نەتەوەپەرستی لەگەل یەک دەدوان. لە جەنگدا، لە ئەورووپای خراوە ژێر دەستەوە، لەو ڕژێمە قوت کراوانەدا کە ئیلهامیان لە سۆسیالیزمی نەتەوایەتییەوە وەردەگرت، هیتلەر زیاتر حەزی دەکرد پشت بە کەسانی کۆنسەرڤاتیف ببەستێ ( تا ماوەیێکی درێژ ئەنتۆنیسکۆی لە هۆریاسیما، هۆرتیی لە زالاسی و، پێتانی لە دۆریێۆ باشتر بوو)

(٢٢).

بەلام لەگەل ئەم شەریکایەتیە ئاشکراو ئەم هاوبەرژەوەندییەشدا، جیاوازی نێوان "کۆنەپەرستیی" و فاشیزم زۆرە. پێش هەموو شتێک کۆنەپەرستیی ناوەکەی خۆی ڕایدەگەیەنێ، ئایدیالی خۆی لە ڕابوردوویێکی کەم یان زۆر ئەفسانەییدا دادەنێ، "سەردەمێکی زێڕینە" کە وای ئیازە بۆی بگەڕێتەوە( وەک پاشایەتیی موتلەق، لای مۆراس) (٢٣). بەلام فاشیزم بە پێچەوانەوە، گەرچی ئەم سەردەم و ئەو سەردەمی مێژووی نەتەوە پیرۆز دەکا، چاوی لە دوارۆژە، خۆی بە شۆڕشگێر لەقەلەم دەدا، یاخود وا دێتە بەرچاوی دەسەلاتدارە تەقلیدییەکان، چونکە ناوی سۆسیالیست لە خۆی ئەنێ و، گەرەکێتی هەر هیچ نەبێ بە قسە، بینای کۆمەلایەتی بگۆڕێ. ئایا فاشیزم خراپ شکاندنەوەی دیموکراسیی کینە بزۆین نییە، کاتێ خۆی بە دەسەلاتی نەتەوایەتی دائەنێ و، وا بە گوێدا دەدا کە فەرمانڕەوایی بە ناوی جەماوەرێکی ڕووتەوە دەکا کە دەماری گرتوون؟(٢٤).

بە تایبەتی ناکۆکی لە پێکهێنانی دەستەی کاربەدەستاندا کەلێ تیژە. ڕاستی توندڕەوو ئەریستۆکرات و بۆرژوای گەورەی لەسەرەوەن. هەلبژاردەکەی فاشیزم ( ئەگەر خ.ئەنتۆنیۆ دێ پریمۆ دێ ڕیڤێرای لێ دەرکەین) (٢٥) نە خانەدان لە دایکبوون، نە سامانداز، نەبەلێهاتوویان بەرزبوونەتەوە، بەلکو لە جەنگی جیهانیدا، لەشەڕی سەر جادەدا، لە چالاکییەکانی پارتیدا، بە دلسۆزیان بۆ سەرکردە خۆیان پێگەیاندووە( تەنانەت هەندێکیان لە "چەپەوە"دێن). بەم شێوەیە، بەدەگمەن تەبایی لە نێوان کەسانی خاوەن کاراکتەری وا جیادا دروست دەبێ. ئەریستۆکراسیی ئیتالیی کالتەی بە مۆسۆلینی دەهات و، ژەنەڕالەکانی ڤێرماخت(٢٦) ڤێزیان لەو بێ چینانە دەبۆوە کە ڕیزەکانی تیپی هەلمەتیان(٢٧) بۆرکردبوو، تارادەیێ، ناکۆکی تابەرەو یەکتر دابڵۆسینیش مل دەنێ. نازییە نەمسایییەکان دۆلفۆسیان(٢٨) کوشت و، پیلانێکی خانەدانەکان بوو کە ویستی هیتلەر لە ناوببا.

سەرەرای ئەمە، دەبێ سەرنجی ئەوە بدرێ کە تەنیا دەستەیێکی بچووکی هێزە کۆنسەرڤاتیفەکان دژ بە فاشیزم وەستانەوە. ئەویش هەمیشە زۆر درەنگ، لە کاتێکدا کە خەلکی تر تەواوهێزیان لەبەر بڕیبوو، ئەگەر پشتیان لەزەوی توند نەکردبێ ( وەک شای ئیتالیا کە فەرمانی گرتنی مۆسۆلینیی دەرکرد، لە کاتێکا کە ئەنجومەنی بالای فاشیست خۆی دەستبەرداری ئەم ببوو)، لە لایێکی ترەوە ئەریستۆکراتێکی وەک شازادە بۆرگیە تا دوا هەناسە دلسۆزی مۆسۆلینی بوو(٢٩). پاشان دەبینین کاربەدەستە تەقلیدییەکان پەیژەیان بۆ فاشیزم دانا، بۆ ئەوەی پلانەکانی خۆیانی پێ بەجێ بگەیەنن، بەو ئاواتەی جلەوی لەدەست بگرن. یان بیهێننە ریزی خۆیان ( تییر ڕایدەگەیاند کە ناپۆلیۆنی سێ بە لووت ڕادەکێشێ)(٣٠). لە ڕاستیدا خۆیان بۆ ناو بەسەرهاتێ کێش دەکرێن کە هەرگیز ئاواتەخوازی نەبوون( ژەنەڕال و دیپلۆماتەکان هەندێ سەرنجی شەرمنیان بۆ هیتلەر دەربڕی)، بەلام پێی قایل بوون و، بە ڕادەیێکی فراوان قازانجیان لێ کێشایەوە. دەتوانین بە یەجکاری بلێین کە فاشیزم زۆربەی زۆریانی لەناو خۆیدا تواندەوە. ئەمڕۆ لە فەرەنسادا گرووپی وەک "ئاسیێ دو لافرانس" یاخود "ئاکسیۆن فرانسێزی نوێ"(٣١) مارکەی فاشیست بێ سێ ودوو ڕەت دەکەنەوە، بەلام ئەگەر

بەڕاستی "ئاکسیۆن فرانسێز"ی پێش١٩٣٩ مردبێ، کەس ناتوانێ لافی ئەوە لێبدا کە فاشیزم لەدایک نابێتەوە. ناسینەوەی سەراپایی ڕاستی توندڕەوو فاشیزم زیاتر بەکەڵکی پروپاگەندەی هەڵبژاردن دێ، بەڵام مێژوو پێمان دەڵێ کە لە نێوان١٩٢٠و١٩٤٥دا هەر دوو ڕەوت بون بە شەریکە بەش، بگرە لەناویەکداون بوون.

## فاشیزم و بۆلشەڤیزم

بۆلشەفیزم و فاشیزم هەردوو لە تەنگانەی ئەورووپاوە لە دایکبوون، ئەو تەنگانەیەی بوو بە هۆی یەکەم جەنگ و، جەنگەکە ساغی نەکردەوە، فاشیزم بۆ بەربەرچدانەوەی بۆلشەفیزم هاتە گۆڕێ. بۆیە گەلێ سۆسیۆلۆگ وەک دوو برا دایان دەنێ کە بە سکێ بوون، بەم شێوەیە، بەلای هەننا ئارێندتەوە(٣٢) ئەم جووتە دوو ڕووی یەک دیاردەن، ئەویش تۆتالیتاریزمە(٣٣)، کە سەرئەنجامی پەروەردەکردنی "جەماوەرە"، پاش چنینی کۆمەڵگا(لە ئەڵمانیا دەستکەوتی بەزین و تەنگانەی ئابووری بوو، لە ڕووسیا کارەساتی قەیسەری و شۆڕش پەیدایان کرد)، "جەماوەر" لە کەسانێ پێکهاتوون کە پێوەنییان لە گەڵ یەکدا نییە، هەست بەبێ کەسیی، بەمافی لێ زەوتکراوی، بەئابرووتکاوی دەکەن. تۆتالیتارییەکان دێن و ئایدۆلۆژییەکیان بۆ پێشنیار دەکەن کە کلێیە بە خەیاڵیان دەستێنێ و، لە واقیع دووریان دەخاتەوە، بێ ڕابوردوویێکی ئەوتۆ، لە ئێستا ناڕازیی و لە داهاتوو تۆقیو، هەر لەگەڵ جەماوەران چوونە ناو دنیای خەیاڵیی تۆتالیتارییەوە، خۆیانی پێوە دەبەستنەوەو، ئامادەن بۆ گشت قوربانیێ کە سەرکردە یەجگار تواناو زاناکان داوایان کردووەو، ئەمان لەبەردەمیاندا کڕنووش دەبەن.

ڕاستە کە دەرفەت هەڵکەوت، کۆمۆنیست و فاشیستەکان توانیان پێک بێن ، هەندێک جار وەک" هاوپەیمانی نێیژەکتیف" دژ بەهەمان دوژمن: دیموکراسیی لیبیرال. برایان شتراسەر(٣٤) ئامۆژکاریی پێکەوە هەڵکەوتنێکی دوورو درێژیان لە نێوان ئەڵمانیای نازی و یەکێتیی بۆلشەفیدا دەکرد، ئەو پێکەوە هەڵکەوتنەی ماوەیێ بۆ تاکتیک هیتلەر و ستالین بە پەیمانی دەستدرێژنەکردنی ئابی١٩٣٩(٣٥) هێنیایانە دی، هیتلەر کە هەندێ جار بە شان و باڵی ستالیندا هەڵی دەدا، لەوەیش دوورتر چوو، ئەویش بەوەی پێشنیاری دابەشکردنی دنیا لەگەڵ هێزەکانی تەوەر بە یەکێتیی سۆڤێت بکا(٣٦).

لێک چوونی فاشیزم و ستالینیزم، ئەگەر لەو ڕووەوە تێی بڕوانرێ جێی سەرنجە: ئەویستنی تێکەیشتنێکی ڤێزکەرەوەو خۆبەزلزانین بەرامبەر بە خەڵکی تر، بە هێزیی دەوڵەت، تێکەڵکردنی دەسەلات بۆ سوودی تاقە پارتی، لەناوبردنی خوێناوی ئۆپۆزیسیۆن ( کامپەکانی خڕکردنەوەی ئەڵمانیا هاوتایان لە گولاگی سۆڤێتیدا هەیە/، پۆلیسێکی زۆر دەست ڕۆیو، هەمان ناسیۆنالیزم، بە سوپایێکی زۆر بەهێز پشت قایم، هەمان سەرکردە پەرستیی(٣٧)..هتد. تەنانەتنووسرا کە ستالین لە هیتلەر تۆتالیتاریتربوو: لەنازیزمدا هیچ شتێ نییە وێنەی "قەلاچۆی" کۆلاک و ملیۆنان مردووەکانی هەبێ، کەچی توخنی ئەریستۆکراسی، کڵیسە و بینای پیشەسازی نەکەوت.

لەڕاستیدا جیاوازی نێوان نازیزم و بۆیەی بۆلشەفیزم کە ستالینیزم بوو بنچینەییە. یەکێتی سۆڤێت وەرگێڕانێکی بنەڕەتیی کۆمولگاو ئابووری دەست دایە، کە نازیزم لەوێدا چەقی کە تەنیا ئامۆژکاریی کردنی بکا، فاشیزم "دیکتاتۆری"ی پرۆلیتاریا ڕەت دەکاتەوەو، وای نیازە زۆرانی چینایەتی بە هاوکاریی چینایەتی جێبگرێ، ئەگەر دەست بۆ جەماوەران درێژ دەکا ئەوە بۆ ئەوەیە کە بیانکا بە بەندی خۆی، نەک بۆ ئەوەی بەرەلایان بکا، ئەو هەلومەرجەی بۆلشەفیزمی لە ڕووسیا تیاسەرکەوت، واتا لە بارودۆخێکی ئاژاوەو پەرش و بلاویدا، کە بە شێوەیەکی تیۆری "خواستی جەماوەران"ی تیا دەردەبڕدرا. فاشیزم ئەمە مەحکوم دەکا، بۆلشەفیزم لە هەڵە دووربێ، کە نییەتی ، بۆ بنکە قایلە، گەرچی پاشان ڕێی نادا ڕای خۆی دەربڕێ. بەلای فاشیزمەوە ئەمە مەنتیقیانە سەر لە دیموکراسیدا دەر دەهێنێ. هەروەها بیرێکی ئەسرەوتی هیتلەر (لەگەڵ ڕەگەزپەرستیدا) ئەوە بوو کە کۆمۆنیزم لە ئاسیایێکی کێوییەوە دێ و، پێویستە بەرەو ئاسیا ڕاوبنرێتەوە. نازیزم و بۆلشەفیزم، هەردوو ڕوو لە جیهانگری، لە ڕاستیدا یەکتریان دەردەکردو، ئەم برا دوژمنانە دڕانە بەربوونە گیانی یەکتر، بۆ ئەوەی یەکێکیان ئەوی تر لەناو ببات.

## نەشونمای فاشیزم

کەواتە فاشیزم سەرجەم تێی بڕوانرێ، دیاردەیەکی ئۆڕگێناڵە. کاتێ نەگەیشتۆتە سەر حوکم لە سنووری چوون بەگژ دوژمنانی ناوخۆدا ئەملاتر ناچێ و ، وەک لە جێی خۆی چەقیبێ وایە. کاتێ حوکمی خستە دەست، دەکەوێتەبەر چەرخی کاروباری گشتی و، لەمەودوا خۆی دەکا بە نوێنەری دەوڵەت و نەتەوەو، لە بوارێکی نێو دەوڵەتاندا خۆی خەریک دەکا ، ئەوسا دەبێ ئاگاداری بارێ و، ناچارە هەندێ جار پرۆگرامە سەرەتاییەکەی خۆی وەرچەرخێنێ. لە کارە ڕەندەکەیاندا دەربارەی: مەسەلەی سەربەستی - فاشیزم لە چەرخی بیستدا(٣٨)، پ. میلزاوم. بێنتۆلی هەوڵ دەدەن" فاشیزم لە کاتەکەی خۆیدا جێ بکەنەوە"و، سێ قۆناخیان بۆ نەشونمای دەستنیشان کردووە:

یەکەم، فاشیزم" لە بوارێکی تەنگانەدا نەشونما دەکا، کە لە ئەنجامی بزووتنەوەی توندڕەوەکانی چینە ناوەنجییەکانە، کە بە جارێ دەچن بە گژ هێزە شۆڕشگێڕەکان و سەرمایەدا "ئەمە"بەربەرچدانەوەیێکی نا مەنتیقیی "چینە ناوەنجییەکانە دژ بە پرۆلیتاریا بوونێ کە" بەرەو پاشەوەڕایاندەکێشێ و ڕەگیان دادەکوتێ"، پشت قایم "هەڵبژاردەی جێگرتنەوە"، کە کۆنە جەنگاوەرەکانن، توانرا باسی "سۆسیالیزمی لە چین هەڵکەندراوەکان" بکرێ.

دووەم، فاشیزم بەوە دەناسرێتەوە کە" هاوپەیمانیی ئەوەی یەکەم و سەرمایەی گەورەی پیشەسازی و کشتوکاڵی "یە، بۆ ئەوەی بگاتە سەر حوکم، فاشیزم لە ڕاستیدا پێویستی بە یارمەتی ( پارە، هاریکاری)ی چینە دەسەلاتدارەکان و ئامێری دەوڵەت هەیە، ئەم دەستی یارمەتییە درێژ دەکرێ و، ئەگەر چینە دەسەلاتدارەکان هۆشیان بەوەوەبێ کە تەنگانەیێکی یەجگارکاریگەرو، مەترسیی شۆڕشگێرانە لە ئارادایە( بەشێوەیەکی گشتی، هەر پاش ئەوەی یەکەم تەقەلای شۆڕشگێرانە سەرکوتکرابێ و، بۆ ئەوەی خۆ ئامادە کرێ). بەم شێوەیە" بلۆکی حوکم" لە دوو باڵ دروست دەبێ، کە نابێتە

هاوبەشی یەک ئەگەر دژ بە هاودوژمنیان نەبێ، یەکێتیان شۆڕشگێر و ئەوی تریان کۆنسەرڤاتیفە.

سێیەم قۆناخ فاشیزمە لە حوکمدا. پێویستە چینە دەسەلاتدارەکان لە گەلیدا کاربکەن و، ناچارن هەندێ نابەدڵیی پشت گوێ بخەن. بەلام تێکڕا دەسەلاتی خۆیان دەپارێزن، بنیاتە دامەزراوەکان بۆ سوودی خۆیان پتەو دەکەن و، پایەو قازانج دەچیننەوە. بەم شێوەیە، وردەبۆرژوا لە ڕێی " بەرژەوەندییە مەزنەکان"دا دەکرێ بە قوربانی. ئاشتبوونەوەی نەتەوایەتی لە سیاسەتێکی زەبەلاحی و دەستڕۆیشتندا بەدی دەهێنرێ و، شان بەشانی، بە کۆمەلێ کارگێرانی کۆمەلایەتی گوزەران باشتر دەکرێ، بۆ ئەوەی" جەماوەران بتوێنرێنەوە".

لەڕاستیدا هەر لەگەل جەنگ دەستی پێکرد، ئایدیۆلۆژی، سیاسەت و ئابووری دەکرێنە بەندی پێویستییەکانی شەڕو کاریگەری. بەم شێوەیە، ئێمە دەلێین، دەتوانین قۆناخێکی چوارەم دەستنیشان بکەین، کە بۆ نموونە لەگەل شپێردا(٣٩) لە ئەلمانیا نابەدڵییەکانی پارتی نەرم دەکرێن و، دەسەلاتی ئابووری دەدرێتەوە دەست پیشەسازان، تەنانەت لە کارگەکانی دەولەتیشدا. لەگەل ڕووخانی مۆسۆلێنی(ئەیلولی ١٩٤٣)و، تەقەلای هیتلەر کوشتندا(تەموزی١٩٤٤) فاشیزم دەگەڕێتەوە ڕقایەتییەکەی یەکەم جاریان" سۆسیالیزمە" سەرەتاییەکەیان، دژ بە دەستە کۆنسەرڤاتیفەکان، ئەمەیشیان پێنجەم قۆناخە.

ئەم شیکردنەوەیەمان بەلاوە تەواوە، لەگەل دوو ڕاستکردنەوەدا: ئێمە وای دەبینین کەهەر لەیەکەم ڤاشیزمەوە نەتەوەپەرستی شرووپڕەو، پشتگرتنی گەلی، لەبەر تەنگانەی سالەکانی سی، هەر لەسەرەتاوە دەسخراوە، لەلایێکی ترەوە شیکردنەوەکە هەر بەکەلکی ئیتالیای فاشیست و ئەلمانیای نازی دێ. لەم دوو ولاتە بەدەر دەتوانین زیاد لەیەک نموونەی ئیستیسنا بدۆزینەوە: "فاشیزم"ی چەپڕەو نە لە ژاپۆن و، نە لە یۆنانی میتاکساس(٤٠) بەدی دەکرێ. لەنەرویژ، خانەدانەکان کیسلینگیان(٤١) توورڕدا، فاشیستە"جاشە" فرەنسییەکان بە نەتەوەپەرستییەکی دانسقە هەناسەیان ئەدا، چونکە ستایشی هاوپەیمانێتییان لەگەل داگیرکەردا دەکرد، بنکەی "پیرۆنیزم" و "ناسریزم"(٤٢) هەمیشە لە وردە بۆرژوا بەربلاوتر بوو...هتد.

## فاشیزمەکان

ئەگەر فاشیزم دیاردەیێکی نێودەولەتان بووبێ، شەڕی لەپێناو دەست بەسەر دنیادا گرتن کردبێ، ئەگەر "سامانێکی کشتی" بۆ هەموو ئەو گرووپ و ڕژێمانە هەبێ کە خۆیان بەو دێننە ناسین، تا ئەو ڕادەیەی بۆمان هەیە لە خۆمان بپرسین ئایا فاشیزم "ئینتەرناسیۆنال"ێکی نوێی دروست نەکردووە، ئەوی وای بە گوێدا دەدا کە دەچێ بەگژ هەموویاندا، ئەوەندە دەمێنێتەوە کە دکتۆرینەکە نەشونمای کردو، پراکتیکی تیا تواوەوە، لەناوبەری جیاجیای نەتەوەیی، کۆمەلایەتی و ئێتنیدا.

کەواتە یەک فاشیزم و چەند فاشیزمێ بەجارێ هەیە. ئەو نەتەوە پەرستییەی هەموو ئیلهامێ لێ وەرئەگرن، ئەتوانێ لە لایێکی ترەوە بیانکات بەگژ یەکدا. ئەگەر تەوقی هیتلەر نەبوایە، تیرەخاچی هەنگاری و پاسەوانی ئاسنینی ڕۆمانی دەبوایە شەڕیان لە پێناوی ترانسلڤانیادا(٤٣) بکردایە، ئیتالیای فاشیست و ئەلمانیای نازی چەندان سال ناتەبا بوون لە گەل یەکدا، ناکۆکییان لەسەر نەمساو نشتیوپی دانووب هەبوو، ڕەوتە جۆربەجۆرەکانی فاشیزمی فرەنسی هەرگیز نەیانتوانی یەک بگرن و مۆسۆلێنی پەلاماری ڕژێمێکی فاشیستی لە یۆناندا ...هتد.

فاشیزم بەیەک جۆر نەگەیشتە سەر حوکم، گەرچی نزیکەی هەمیشە هەر هەمان شان درایە ژێر بالی، ئەو هێلە هاوبەشانەی کاراکتەری گشتییان دەستنیشان دەکا هەمان بایەخی لای هەموان نییە، تەنیا نموونەیێ بدەین بەدەستەوە ئەوەیە کەدژ بە سامیی ئیتالی درەنگ پەیدا بوو، ئەویش لە ئەلمانیاوە نێردرابوو(٤٤).

## پەراوێزەکان

× پێشەکی ئەم وەرگێڕانە بەر لە هەرەسی یەکێتی سوڤییەت و دەولەتانی ئەورووپای ڕۆژهەلات نووسراوە.

(١) خەباتم Mein Kampf ئەو کتێبەیە کە هیتلەر پاش کۆدەتا لەبارچووەکەی ٩-١١-١٩٢٣، بە پێنج سال بەندیخانە حوکمدانی، لە زینداندا نووسی و، بیروباوەڕی ڕەگەزایەتیی خۆی تیا ڕوون کردەوە. بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە سالی ١٩٢٥ و، بەرگی دووەمی سالی ١٩٢٦ بلاوبووەوە. Bible بەو شێوەیەی لای عیساییەکان پیرۆزە، لە دوو بەش پێکهاتووە: کۆنە ڕاسپاردە، کە بەسەرهاتی نەوەی ئیسرائیل و پێڕەوی ئاینی جووە، لە نێوان سالانی ٥٠٠-١٠٠ پ.ز بە عیبری نووسراوە، لەگەل ڕاسپاردەی نوێ، کە کردارو گوتارەکانی عیسای تیا تۆمارکراوەو، لە نێوان سالانی ٥٠-١٥٠ز بە یۆنانی کۆن نووسراوە. دیارە مەبەستی نووسەر ئەوەیە کە کتێبەکەی هیتلەر تەنیا بەشێکی بیروباوەڕی یەکێ لە ڕەوتە فاشیستەکانە.(و).

(٢) لە وشەی Faisceau وە دێ، واتا هەلچنینی چەکەکان لەکاتی پشوودا، یاخود نیشانی لیکتۆر لە ڕۆمای کۆندا(ن)[لیکتۆر ئەو کەسە بوو کە لە پێش دادپرسەکانی ڕۆمای کۆنەوە دەڕۆیشت و، کۆمەلێ داری پێکەوە بەستراوی هەلگرتبوو، کە لە ناوەندیاندا تەورێ قوت ببووەوە. هەلبەتە هەر ئەم کۆتەلە خۆی نیشانەی دەسەلاتی دەولەتی ڕۆما بوو.(و)].

(٣) Philosophie des lumierês فەلسەفەی چەرخەکانی ڕۆشنایی Siècle des lumières (بە ئینگلیزی: Age of enlightment) کەلە کۆتایی سەدەی حەڤدەوە دەست پێ دەکاو، تا سەدەی نۆزدە ئەکشێ. سەردەمێکی چالاکییەکی فراوانی بیر بوو لە کشت بوارێکدا.(و).

(٤) René Descartes (١٥٩٦-١٦٥٠). Emmanuel Kant (١٧٢٤- ١٨٠٤)و Jean Jacques Rousseau (١٧١٢-١٧٧٨). هەر سێ فەیلەسووفی جیاجیا، کە لە گەل فەلسەفەی پۆزیتیڤیزمدا Positivisme لەو خالەدا یەک دەگرنەوە کە تەنیا ئەقل بۆی هەیە حوکم بدا.(و).

(٥) Xenophobe واتە بێگانە نەخواز(و).

(٦) Führer وشەیەکی ئەلمانییە بەمانای ڕابەر. بە هیتلەر دەوترا. وشەی Duce ی ئیتالی (مۆسۆلێنی)و Caudillo ی ئیسپانی (فرانکۆ) هەر هەمان مانایان هەیە. وشەی (القائد) ی عەرەبی و، (رهبر) ی فارسی لەهەمان

سەرچاوە هەڵدەقوڵێن.(و).

(٧)Auto gestion بەو بەڕێوەبردنە دەوترێ، کە پرۆژەیێکی ئابووری لەلایەن سەرجەمی ئەوانەوە بەڕێوەببرێ کە کاری تیا دەکەن.(و).

(٨)Economie corporative لە وشەیCorporation وەوە وەرگیراوە، بە واتای سەرجەمی ئەو کەسانەی هەمان پیشەیان هەیە، کە بە پێچەوانەی نەقابەوە نەک تەنیا کارگەران، بەڵکو کاردەرانیش دەگرێتەوە. کڵیسەی کاتوولیکی لە کۆنەوە هانی دروست بوونی کۆرپۆراسیۆنی ڕێکخراوی لە گشت پیشەکاندا دەدا، بە نیازی ئەوەی نەشیش بسووتێ و نەکەباب، ئابووری کۆرپۆراتیف پشت بە بوونی کۆرپۆراسیۆنی ڕێکخراو لە سەرجەمی پیشەکاندا دەبەستێ. نەخشەکێشانی ئابووریی ئیتالیای فاشیست( مۆسۆلینی، بۆتێ، ڕۆسۆنی...) ئابووریان لەسەر بناخەی کۆرپۆراسیۆنی پیشەیی ڕێکخست، کە سەرجەم لە لایەن دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ دەکراو بەڕێوەدەبرا، کە بە Corporatisme dêtat(کۆرپۆراتیزمی دەوڵەت) ناوی دەرکرد.(و).

(٩)Autarcie لە ئابووریدا واتە خۆتێرکردن.(و).

(١٠) S.S کورتکرنەوەیSchuts- Sraffel واتا دەستەی پاراستنە. ساڵی ١٩٢٥ ئەم دەستە چەکدارەی پارتی نازی دروستکرا بۆ پاراستنی هیتلەر. ساڵی ١٩٣٠Heinrich Himmer (١٩٠٠-١٩٤٥) بوو بە بەرپرسیاری ئەم دەستەیە، ئەرکەکانی فراوانکردو لەگشت پێویستییەک بێ خەمی کرد، ساڵی ١٩٣٣ ژمارەی ئێس ئێسەکان گەیشتە پەنجا هەزار کەس، تاوای لێهات میلیشیای پارتی(S.A) ی قوتدا. لە جەنگدا کارگێڕانی کامپەکانی خرکردنەوە، بەڕێوەبردنی پۆلیس و دەزگاکانی موخابەرات، تەنانەت ئەوانەی سوپایش (Abwehr)و، کۆنترۆلی وڵاتانی داگیرکراوی پێسپێردرا، لەئەڵمانیای نازیدا، ئێسئێس دەوڵەتێکی ناو دەوڵەت بوو.(و).

(١١)Trust واتا یەککردنی دارایی چەندان کارگە لەیەک کارگێڕاندا.Cartel واتا خربوونەوەی چەندان کارگەی هەمان بەرهەم، بۆ بە دەستهێنانی مۆنۆپۆڵ.(و).

(١٢) Taylorisme لەناوی ئەندازیاری ئەمریکییەوە .Frederick W. Taylor (١٨٥٦-١٩١٥) وەرگیراوە، کە لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەربارەی کارگێڕانی زانستی ئەوەی ڕوونکردەوە کە چۆن دەکرێ کرێکارێ بە کەمترین پشوو زۆرترین کاربکا.(و).

(١٣) Albert Einstein (١٨٧٩-١٩٥٥) فیزیاناسی بەناوبانگی ئەڵمانی، خاوەنی تیۆری نیسبی، Louis de Broglie (١٩٨٢) فیزیاناسی فرەنسی، خاوەنی تیۆری شەپۆلەکانی ماددە. هەردوو دیتنەوە وردەکانیان لە فیزیادا خەڵاتی نۆبڵی بۆ بچریون.(و).

(١٤)Paychanalysme بە عەرەبی: التحليل النفساني.Psychologie بە عەرەبی علم النفس.(و).

(١٥)Henri Bergson (١٨٥٥-١٩٤١) فەیلەسووفی ئایدیالیستی فرەنسی، دژ بە کانت و پۆزیتیڤیزم و گشت ئەو فەلسەفانە بوو کە پایەی ئەقل بەرز دەکەنەوە.(و).

(١٦) Friedrich Nietzsche (١٨٤٤-١٩٠٠) نووسەرو فەیلەسووفی ئەڵمانی.(و).

(١٧) لەوانەیە جگە لە نیتچە، کە هیتلەر وای پە گوێدا ئەدا کە هەموو کارەکانی داپاچیوە، بەڵام لە دەمەتەقییەکانیدا لەگەڵ ئاشنا نزیکەکانیدا لنگەوقووچ تێگەیشتنی فەیلەسووفەکەی بەسەریەکدا تۆپەڵ دەکرد. کاتێ فیوورەر ویستی دیارییێکی جوان بۆ مۆسۆلینیی هاوڕێی بنێرێ، سەرجەم کارەکانی نیتچەی بۆ نارد.(ن).

(١٨) بەزمی ستافسکی لەناوی بانقکاری فرەنسیی بەرەگەزرووس Alexandra Serge Stavisky (١٨٨٦-١٩٣٤) وەرگیراوە، کەلە جێی خشڵی فەڵب یان دزراو توانی چەندان ملیۆنێ فرەنک لرف لێبدا. کە دزییەکەی ئاشکرابوو، ستافسکی کوژراو، دیاربوو کە ئەم کوشتنە بۆ شوێن پێ ونکردنە. چونکە هەڵبەت کابرا بێ شەریک نەبوو. "ڕاست"ی توندرەوی فرەنسیی ئەمەی بەهەل زانی خولقاندنی ئاووهەوایەکی ئاژاوەو، کشان بەرەو حوکم بەدەست گرتن، بۆیە لە ٦-٢-١٩٣٤دا ڕاستی توندرەوی فرەنسی لە گۆڕەپانی " کۆنکۆرد" خۆپیشاندانێکی زەبەلاحی سازکرد، کە بە خوێتیهەڵقورتانی پۆلیس و خوێن ڕشتن شکایەوە. بۆ وەڵامدانەوەی ڕاستەکان، سێ ڕۆژ پاشتر سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان خۆیان پیشاندا، پۆلیس لە وێش لە تەقەکردن و کوشتن دەستی نەپاراست.(و).

(١٩) کەتەلان ئەو هەرێمەیە کە ئەکەوێتە خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئیسپانیاوەو، بەشێکی بچوکی لە خوارووی ڕۆژئاوای فرەنسا، شاری "بەرسەلۆنە" پایتەختێتی. زمانی کەتەلانی ئیسپانی نییو، گەرچی هەردووکیان هەمان ڕەگەزیان هەیە. کەتەلانەکان هەمیشە، ئەمڕۆیش هەڵێ بە فیڕۆ نادەن تا جیاوازیی خۆیان لەگەڵ ئیسپانییەکاندا دوویات بکەنەوە.(و).

(٢٠) Oligarchie ئەو ڕژێمە سیاسییەیە کە دەسەڵات لە دەستی چینێکی بچووک، کۆمەڵێ کەس یان هەندێ بنەماڵەدا بێ.(و).

(٢١) بەڵام فاشیزم لە وڵاتانێکیشدا ئەشونمای کرد کە جەنگیان نەکردبوو، کە کۆنە جەنگاوەریان نەبوو، وەک بۆ نموونە لە ئەمریکای خوارووی.(ن).

(٢٢) بڕوانە:

Henri Michel: La seconde guerre .Mondiale PUF Pqris 1977 t I pp275 sq.(ن).

(Ion Antonescu "١٨٨٢-١٩٤٦" مارشاڵێکی ڕۆمانی بوو، دەستی لەگەڵ تاقمی پاسەوانی ئاسنین Garda de fire ی فاشیستی ڕۆمانیدا تێکەڵ بوو، سەرکردەی ئەم تاقمە Horia Sima(؟-؟) یارمەتیی ئەنتۆنیسکۆی دا، لە ساڵی ١٩٤٠ بەدواوە لە ڕۆمانیادا ڕژێمێکی فاشست بخاتە کار. پاش جەنگ مارشاڵ لە سێدارە درا- Nikolas Horthy (١٨٦٩-١٩٥٧) سوپایێکی کۆنەپەرستی هەنگاری بوو، لە ساڵی ١٩٣١ وە ڕژێمێکی دیکتاتۆریی دامەزراند، بەسەرهاتەکانی دووەم جەنگی جیهانی وایان کرد کە هێزتی هەنگاریا بەجێبهێڵێ و، تامردنی لە پورتوگال جێبگرێ Fernes Szalasi(١٨٩٧-١٩٤٦) دامەزرێنەری پارتی "تیرە خاچ" ی فاشیستی هەنگارییە، پاش جەنگ گوللەبارانکرا Philippe Petain (١٨٥٦-١٩٥١) سوپایێکی فرەنسی بوو، کەلە پێش شاڵاوی سوپای قەیسەری ئەڵمانیدا لەیەکەم جەنگی جیهانیدا خۆی نواند، بەڵام لە دووەم جەنگدا قایل بوو بە دەست تێکەڵکردن لەگەڵ هێزی نازیی داگیرکەرداو، ڕژێمێکی جاشی هێنایە

سەرکار، کە پایتەختەکەی شاری Vichy بوو، بۆیە ئەم رژێمە هەر بە حکومەتی ڤیشی ناسراوە. پاش جەنگ مارشاڵ پێتان بە مەرگ حوکم درا، بەڵام لەبەر تەمەنی بە جێتەکەبەندراو، تامردنی هەر لە زینداندا مایەوە. Jacques Doriot (١٨٩٨-١٩٤٥) لە پارتی کۆمۆنیستی فرەنسییەوە دەستی پێکردو، بەرپرسیاریی تیا بچری، بەڵام لەبەر بیروباوەڕی توندڕەوی دەرکرا، بۆیە ساڵی ١٩٣٦ پارتی گەلیی فرەنسی P.P.F ی فاشستی دامەزراند، کە هاریکاریی لەگەڵ هێزی داگیرکەردا کردو، لە حکومەتی ڤیشیدا قسەی دەرۆیشت. دژیێ بوو بە ئێس ئێس و لە دژی یەکێتیی سۆڤێت لە بەرەی رۆژهەڵات بجەنگێ، بەڵام پێش ئەوەی جەنگ بە یەکجاری کۆتایی بێ، لە بۆردومانەکانی شاری بەرلیندا کوژرا.(و).

(٢٣) Charles Maurras (١٨٦٨-١٩٥٢) نووسەرێکی فرەنسییە، خاوەنی پرەنسیپی نەتەوەپەرستیی سەراپاییە. مۆراس پێی وابوو کە دیموکراسی و کۆمار هۆی دەردەکانی فرەنسان، بۆیە ئەم وڵاتە دەبێ رژێمی پاشایەتیی موتڵەقی تیا دامەزرێتەوە. مۆراس بیروباوەڕی لە هەفتەنامەی Action Francaise (کرداری فرەنسی) دا بڵاودەکردەوە، کە بوو بە ئۆرگانی ئەو تاقمەی هەمان ناویان بەسەردا سەپاو، هەمان بیروباوەڕیان هەبوو. پاش رزگارکردنی فرەنسا لە ١٩٤٤دا مۆراس لە بەندیخانە توندکراو، ئاکسیۆن فرانسێز قەدەغە کرا، چونکە هاوکارییان لە گەڵ ڤیشیدا کردبوو.(و).

(٢٤) ئەمیە جیاوازی فاشیزم و دیکتاتۆرییە سوپاییەکان، کە بە یارمەتیی کادیران حوکم دەکەن، بەڵام بنکەیان لەناو گەلدا نییە.(ن).

(٢٥) Jose Antonio deprimo derevera (١٩٠٢-١٩٣٦) پارێزەرو ئەندامێکی پەرلەمانی ئیسپانیا بوو، کوڕی ژەنەراڵێکی کۆنەپەرستە. دامەزرێنەری پارتی Falanges (الكتائب) ی فاشیستە. لە جەنگی ناوخۆی ئیسپانیادا دەست کۆمارخوازەکان کەوت، کە یەکسەر کوشتیان. ئەم نەفەرە، بەتایبەتی لای فاشیستە ئیسپانییەکان، وەک شەهیدێکی رێی خەبات یاددەکرێتەوە.(و).

(٢٦) Wehrmacht (هێزی بەرگری) ناوی سوپای ئەڵمانیا بوو، لە ١٩٣٥وە تا ١٩٤٥.

( Sturmabteilung (تیپی هەڵمەت-S.A) میلیشیای پارتی نازی بوو، ساڵی ١٩٢٠ دروست کرا، پاش ١٩٣٤ لە دەسەڵاتی کەم کرایەوەو، ئێسئێس پێشیکەوت. بروانە پەراوێزی (١٠).(و).

(٢٨) Engelbert Dollfuss (١٨٩٢-١٩٣٤) لە ساڵی ١٩٣٢وە بوو بە راوێژکار (سەرەک وەزیران) ی نەمسا، چەند دژ بە سۆسیالیستەکان بوو، هێندەش دڵی بە نازییەکان نەدەکرایەوە. بەڵام دەستەیێ نازی بۆی چوونە ناو بینای راوێژکارییەوەو، هەر لە وێدا کوشتیان.(و).

(٢٩) ئەوە باسی ئەو ئەریستوکراتە ئەڵمانیانە ناکەین کە چوو‌بوونە ریزی ئێستێتیسەوە. وەک شازادەی هۆهنلۆهە، کە جاسووسی هیتلەر بوو لە سویسرا. (ن) (Borghese و Hohenlohe دوو بنەماڵەی ناوەن، یەکەمیان لە ئیتالیاو دووەمیان لە ئەڵمانیا. بەڵام نووسەر مەبەستی کامە ئەندامیانە بە وردی؟ ئەوەم بۆ ساخ نەکرایەوە.(و).

(٣٠) Louis Adolphe Thiers (١٧٩٧-١٨٧٧) مێژوونووس و سیاسەتکارێکی فرەنسی بوو، لە رژێمی پاشایەتیی تەمووزدا (١٨١٥-١٨٤٨) بە وەزیری و سەرەک وەزیران گەیشت. پاش شۆرشی ١٨٤٨ بوو بە دەم راستی ناپلیۆنی سێ و، بانگەشەی کردنی بە سەرەک کۆمار بۆ دەکرد. پاش جەنگی ١٨٧٠ بوو بە سەرەکی حکوومەتی ڤێرسای و، کڕنووشی لەبەردەم هێزی داگیرکەری پرۆیسیدا برد. ئەمەیش یەکێ بوو لە هۆکانی هەڵمەت بردنی گەلی پاریس و دامەزراندنی کۆمون (١٨٧١). تیێر لە هەڵگیشانی پاریس لە خوێن و ئاگردا دەستی ئەپاراست. Charles Louis Napoleon Bonaparte, N, 111 (١٨٠٨-١٨٧٣) برازای ناپلیۆنی یەکە، پاش دامەزراندنەوەی کۆماری فرەنسا لە ١٨٤٨دا، بە زمان شیرینیی کۆمارخوازی توانی پایەی سەرەک کۆمار بیچرێ، پاشان کودەتایێکی سازکردو، خۆی کرد بە ئیمپراتۆر. لەبەر ئەوەی ئەم زاتە خەباڵی مامی رەحمەتیی زۆر لە کەللەی دابوو، بۆیە نیازی وابوو دەسکەوتە سوپاییەکانی ئەویش زیندووبکاتەوە. بەڵام جەنگی ١٨٧٠ی دژ بە ئەڵمانیا بە کارەساتێکی زل بۆ فرەنسا شکایەوە. ناپلیۆنیسێ لە تەخت داگیراو، ئەمیش بە حەپای خۆیەوە بەرەو ئنگلتەرا هەڵات، بۆ ئەوەی سێ ساڵ پاشتر لەوێ بە حەسرەتەوە سەربنێتەوە. لای گەلێ مێژوونووس و سۆسیۆلۆگ، رژێمە ئیمپراتۆرییەکەی ئەم و ئەوەی مامی، یەکەم دەرس داداتی فاشیستەکان بوو.(و).

(٢١) Aspect dela France, Nouvelle Action Francaies هەردوو لەسەر گۆری ئاکسیۆن فرانسێز شین بوون. بروانە پەراوێزی (٢٣).(و).

(٢٢) Hannah Arendt, Elemente und Urspung totalitare Herrschaft, Frankfurt,1955.(ن).

(٢٣) Totalitarisme ئەو رژێمەیە کە گشت دەسەڵاتەکان لەدەست تاقە پارتییەکدا بێ و، بوونی ئۆپۆزیسیۆن بە زەبری هێز قەدەغەکرابێ. لەم رژێمەدا تاکە کەس لە وردترین هەڵسوکەوتی ژیانی رۆژانەو تایبەتیدا ژێر کۆنترۆڵ و چاودێریی ئەو دەوڵەتەوە جگە لە خۆی، کەس بۆی نییە ئەزێتی بیرکردنەوەو رادەربڕین بکێشێ.(و).

(٢٤) Gregor Strasse (١٨٩٢-١٩٣٤)و Otto Strasse (١٨٩٧-١٩٧٤) هەردوو ئەندامی دەسڕۆیوی پارتی نازی و، دژ بە سەرمایەداری بوون. یەکەمیان لە شەوی کێردە درێژەکاندا (٣٠-٦-١٩٣٤) کوژرا، کە تیایا هیتلەر گشت رەقیبە راستەقینەو گومان لێکراوەکانی ناوخۆی قوتارکرد بەوەی بۆ دەرەوەی ئەڵمانیا کۆچ بکا.(و).

(٣٥) بە پێی قسەی ریبێنترۆپ، کۆنە نازییەکان حەیەسابوون بەوەی هەندێ لێک چوون لە نێوان خۆیان و کۆنە بۆلشەڤییەکاندا بدۆزنەوە. (ن) (Joachim von Ribbentrop ١٨٩٣-١٩٤٦، لە نێوان ساڵانی ١٩٣٨-١٩٤٥دا وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیای نازی بوو، پاش جەنگ لە سێدارەدرا.(و) ).

(٣٦) بروانە: H,Michel.La seconde....,t. 1. pp. 223-230 (ن).

(٣٧) ئەمە هەندێ لەنازناوەکانی ستالینە: رابەری ئەمری مرۆڤایەتی، باوکی گەلان، رۆشنایمان، مەزنی بیروکردار، گەورەترین مەزنی گشت سەردەمەکان، هەڵۆی چیاو شۆرش....هتد.(ن).

(۲۸) P.Milza o M. Bentele, La liberte en Quistion le fascisme au XXe. Siecle,Ed. Richelieu,1973,pp. 87-109. ) (ن).

(۳۹) Albert Speer (۱۹۰۵-۱۹۸۱) له سالی ۱۹٤۲ بەدواوە وەزیری پڕ چەککردن و بەرهەمی جەنگی ئەڵمانیای نازی بوو، پاش جەنگ بە بیست ساڵ زیندان حوکمدرا.(و).

(٤٠) Ioanis Metaxas (۱۸۷۱-۱۹٤۱) ژەنەراڵێکی یۆنانی بوو، لە ساڵی ۱۹۳٦دا بوو بە سەرەک وەزیران و، ڕژێمێکی فاشیستی هێنایە کۆڕێ، کە لە جەنگی دووەمدا مۆسۆلینی پەلاماری یۆنانیدا میتاکساس سێ و دووی لە داوای یارمەتی لە ئنگلیز نەکرد.(و).

(٤۱) Vidkun Quisling (۱۸۸۷-۱۹٤٥) ساڵی ۱۹۲۲ پارتیNasjonal Samling ی فاشیستی دامەزراند، ساڵی ۱۹٤۲ بە پایەی سەرەک وەزیری گەیشت و، دەرگای نەرویژی بۆ سوپای ئەڵمانی خستە سەرپشت، پاش جەنگ بە تاوانی خیانەت ڕەوانەی ئەو دنیا کرا.(و).

(٤۲) Juan Domingo Peron (۱۸۹٥-۱۹۷٤) سوپاییکی ئەرژەنتینییە،، ساڵانی ۱۹٤٦-۱۹٥٥و، ۱۹۷۳-۱۹۷٤ بوو بە سەرۆکی ئەرژەنتین – جمال عبدالناصر (۱۹۱۸-۱۹۷۰) سوپاییکی میسرییە، لاساڵی ۱۹٥۲ تا ۱۹۷۰ سەرەک کۆماری میسر بوو، گەرچی ساڵانی ۱۹٥۲-۱۹٥۳ بەناو محمد نجیب سەرەک کۆماری میسر بوو، بەڵام دەسەڵاتی ڕاستەقینە هەر لە دەست عبدالناصر خۆیدا بوو-(و).

(٤۳) تیرە خاچ و پاسەوانی ئاسنین: بڕوانە پەراوێزی(۲۲).

Transilvania یاخود Areal (بە ئەڵمانی: Siebenburgen) هەرێمی جوگرافی و مێژوویی ڕۆمانیایە، شاری (Cluj) پایتەختێتی. گەرچی زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانی ترانسلڤانیا ڕۆمانین، بەڵام کەمایەتییەکی هەنگاری و، یەکێکی بچووکتری ئەڵمانی تیا دەژین. زۆرجار بۆتە هۆی بەیەکدادان و، هەر یەکە مافی خۆی لە ترانسلڤانیادا لە هی ئەوانی تر بەرەواتر بزانێ.(و).

(٤٤) جێگەمان تەنگترە لەوەی بە شوێن ئەوەدا بگەڕێین بۆچی فاشیزم لە گشت لایێ زاڵ نەبوو، چونکە بە تایبەت لە وڵاتە ئەنگلۆساکسۆنەکاندا سەرنەکەوت، یا ڕاستتر لەوێ لە گرووپێچکەی بێ بایەخ بەولاوە خۆی پیشان نەدا. لە فەرەنسایش هەمان بابەت. هۆکانی ئەم بەزینە جۆربەجۆرن. کۆنی، پتەوی و پاش کارکردنی دامودەزگا پەرلەمانییەکان (دەوڵەتە یەککرتووەکانی ئەمریکا، ئنگلتەرا، دۆمینیۆن) یاخود شوورەیێکی کاریگەر هەڵچنینێ لە ڕوویدا لە لایەن پارتە سیاسییە پرۆلیتارییەکانەوە (بەرەی گەلیی لە فەرەنسا، بەڵام ئەم لێدەرکردنە لە پاش بەزینی فەرەنسا لە ۱۹٤۰دا چیتر دەور نابینێ). دەتوانین سەرنجی ئەوە بدەین کە ئەتەوە پرۆتستانتەکان، زیاتر لە کاتۆلیکەکان، خاکێکی بێ پیت بوون بۆ فاشیزم. تەنانەت دەتوانین باسی فاشیزمی قەشەکان لە نەمسا، کرواتیا، ئیسپانیاو پۆرتوگاڵ بکەین.(ن)( Dominion ئەو کۆنە کۆلۆنییە ئینگلیزانەیە، کە پاش ئیجچە سەربەخۆیی، دانیان بە هەندێ دەسەڵاتی تاجی بەریتانیادا دەنا- کەنەدا، ئۆستراڵیا، نیوزلاند.............پاش سەربەخۆیی هیندستان، Commonwealth جێی دۆمینیۆنی گرتەوە- Front Populaire (بەرەی گەلی) ساڵی ۱۹۲٤ لە ژێر دروشمی (دژ بە فاشیزم، دژ بە جەنگ) پارتەکانی سۆسیالیست و کۆمۆنیست و ڕادیکاڵەکانی فەرەنسا دروستیان کرد. ساڵی ۱۹۳٦ بەرەی گەلی توانی زۆربە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی فەرەنسیدا بەدەست بێنێ و، سیاسەتکاری سۆسیالیست Leon Blum (۱۸۷۲-۱۹٥۰) هەڵبژێردرا بە سەرەک وەزیرانی حکومەتی بەرەی گەلی. کە گەلێ ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتیی بۆ قازانجی زەحمەتکێشان بەدیهێنا، بۆ دەرەقەت هاتنی تەنگانەی ئابووری، لیۆن بلوم داوای گشت دەسەڵاتەکانی لە ئەنجومەنی نیشتمانی کرد، بەڵام ئەم داخوازییە ڕەتکرایەوە، هەروەها کۆمۆنیستەکان پشتیان کردە بلوم، چونکە نەیدەویست چۆن ئەڵمانیا و ئیتالیا پشتی فرانکۆیان لەشەڕی ناوخۆی ئیسپانیادا گرتووە، ئاوایش فەرەنسا بچێ بە فریای کۆمارخوازە ئیسپانییەکانەوە. لە ژێر باری ئەم بێ دەسەڵاتی و دوویەرەکییەدا، بلوم لە ۱۹۳۷دا خۆکێشانەوەی حکومەتی بەرەی گەلی ڕاگەیاند، کە دروشمەکەی (نان، ئاشتی و سەربەستی) ب. (و).

---

لەژمارەی داهاتوودا
شانۆنامەی : سواڵکەرەکە، یان سەگە مردووەکە
بیرتۆڵد بریشت

نەجاتی عەبدوللا

# دەوڵەتی کوردی
# لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا

## سەرەتا

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی وتێشکان و لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆری فرە نەتەوەی عوسمانییەوە، وڵاتە هاوپشتەکان لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس، ٣٠ ژانیوەری ١٩١٩ لەسەر ئەوە کۆک و یەکڕابوون کە پێویستە هەموو نەتەوانەی بەزۆر بە ئیمپراتۆریی عوسمانییەوە گرێدراون یەکبارلەم وڵاتە ببنەوە و سەربەخۆبن.

کوردستان یەکێک لەم وڵاتانەبوو کە بڕیاردرا سەربەخۆبێت. دواتریش لە پەیماننامەی سیڤەردا بەگەرمی گەڵاڵەنامەی ستاتوویەک بۆ کورد، لە لایەن زلهێزەکانەوە، ئامادەکرا و، پرسی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، لە لایەن بەریتانیاوە، خۆی هێنایە پێشەوە و، ئەوان بە وردی چاودێرییان دەکرد.

ئەم باسە تەنیا هەوڵدانێکە بۆ دەرخستنی بیروبۆچوونی سیاسەتمەدارانی بەریتانیا دەرهەق بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، کە لەنێو خودی بەڵگەنامە نهێنیی و دەساوێژە جاسووسییەکانی خۆیانەوە وەرمانگرتوون. ١

لە دۆکۆمێنتێکی نهێنی ڕۆژی ٣٠ سێپتەمبەری ١٩١٩ دا، بە نێوی «کورتەیەکی کاروبارەکانی کوردستانی خواروو لە ماوەی جەنگی گەورەدا» هاتووە: «ئەرکی بەریتانییەکان دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی خواروو بوو، لەژێر چاودێری بەریتانیادا. بەڵام بەهۆی دواکەوتوویی و پاشکەوتوویی وڵات و خراپی ڕێگاوبانەکان و جیاوازیی هۆزەکان، بەریاتانییەکان ناچاربەوەبوون کە لەچەند کەناڵی هەمەچەشنەوە لەکاردابن و هەموو کۆششێک بخەنەگەڕ بۆ دانانی بنەوانێک بۆ ڕژێمێکی یەکگرتوو، تا کاتێکی دیکە، ئەرکی یەخستن لە پێناو پێکەوەگرێدانێکی یەکجارەکی دوابخەن» (١:٥٧)

بە مەبەستی خوێندنەوەی ڕەوشی وڵاتی کوردەواری و پتر ئاگاداربوون لە پرسی کوردەکان بەریتانیا، لە دەستپێکی ئاپریلی ١٩٩١دا، بە ڕەزامەندی ستادی گشتیی بەریتانیا، لە میسرەوە مێجەر نۆئێلی ناردە نەسیبین تا لە نزیکەوە لە هەڵوێستی سیاسیی کوردەکان ئاگاداربێت و، لەم بارەیەوە سەرۆکایەتی ستادی گشتیی ئاگاداربکاتەوە.

لەو سەروبەندەدا ئەو ترسە لەناو کوردەکاندا باوبوو کە، بەریتانیا بەنیازە پرسی ئەرمەنەکان دژ بە کوردەکان گەشە پێبدات و، ئەرمەنەکان باڵ بەسەر کوردستاندا بکێشن. زۆربەی کوردەکانیش لەوە دەترسان کە بەهۆی ئەو کوشتارەی لەساڵی ١٩١٥ دژ بە ئەرمەنەکان کرابوو تۆڵەیان لێ بستێندرێتەوە. دەزگای جاسووسیی عەسکەری بەریتانیا ئاوەها دەیڕوانییە کوردەکان کە: «دەبێت بەریتانیا وا لە کوردەکان بنۆڕێت وەک ئەوەی گەلێکی خودان هەست و نەستی نەتەوەیین، وێرای ئەو ناکۆکییە خێڵەکییانەی کە لە نێوانیاندا هەیە کە چی هێشتا شانازی بە ڕەچەڵەکی کوردانەی خۆیانەوە دەکەن»، تا دەگاتە ئەوەی دەڵێت: «وێڕای ئەوەی گەلێکی بێ ڕێبەرن و لەسەرتاپای ناوچە زۆروزەوەندەکانی کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە، لە ڕۆژگاری ئێستادا ناتوانن ئیدارەی خۆیان بەڕێوەبەرن. لەوێ وڵات خوێندەواری لێنییە و ڕێبەری هۆزەکان هیچ تێڕوانینێکی وایان بۆ ئەودیو سنووری خێڵی خۆیان نییە و لە دەرەوەی خێڵیش هیچ نفوزێکیان نییە» (١: ٦٥)

لەو کاتەدا دوو ڕێگە لەبەردەم سیاسەتمەدارانی ئینگلیزدا هەبوو:

یەکەم: ئەگەر دووبارە کوردستان بخەنەوە ژێر قەڵەمڕۆی تورکیاوە، کە ئەو دەم کوردستان بۆخۆی دەبێتە «کوانووی پیلانگێڕان و لە یاسادەرچوون». هەر لەم ڕووەوە ئەگەر کوردستان دووبارە بگەڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی تورکیاوە، هەموو هیواو هەوڵ و کۆششەکانی بەریتانیا بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاشتییانە و هەمیشەیی بۆ دۆزی ئەرمەنەکان بە تەواوی بەفیڕۆ دەچێت. بۆیە بەریتانیا بە زووی پشتی لەم ڕێگە چارەیە کرد.

دووەم: لەم سۆنگەیەوە ڕەوتی سیاسیی بەریتانیا بۆ ئەوە دەچوو کە «هەر شێوەیەک لە شێوەکانی حوکمڕانی بەریتانیا بە گشتی چێترین هەل دەبێت بۆ ئارامی و گەشەسەندنی ولات لە دوارۆژدا» (١:٦٥).

لە بەرامبەر ئایندە و دوارۆژی کوردستاندا، دوو ڕەوتی سیاسی لە نێو سیاسەتی ئینگلیزدا خۆیان دەنواند:

یەکەم: داگیرکردنی سوپایی کوردستان بە زەبری هێز و قەلاچۆکردنی بەرخۆدانی کوردەکان، کە ئەمەش بۆخۆی دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێبەرە کوردەکان لە بەریتانیا دوورکەونەوە و، بەریتانیا دەبێت هەمیشە هێزیان لە دژ بەکاربهێنێت، کە ئەمەش پشتگوێخستنی پرینسیپەکانی ئاشتییە، کە بەریتانیا خۆی ئیمزای کردووە.

دووەم: دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردەکان لە ژێر چاودێری بەریتانیادا.

هەر لە هەمان دۆکۆمێنتدا هاتووە کە: «لە کاتێکدا ئەو کۆت و بەندانە ناناسرێن کە خراونەتە سەر سنووری دەوڵەتێکی کوردی، بە هۆی بڕیاردانی ئایندەی ئەرمەنستان و پاشماوەکانی تورکیا، بۆیە ئەستەمە گفتوگۆ لەسەر پێشنیاری بونیاتنەرانە بکرێت بۆ دامەزراندن و دروستکردنی (دەوڵەتێکی کوردی- نووسەر)، ئێستا هیچ کوردێک نییە شایەستەی ئەوە بێت سەرۆکایەتی دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردستانی بکات، کە هەمووبەشەکانی کوردستان بگرێتەوە» (١:٦٦). ٢.

لەناو خودی دەستاوێژ و بەڵگەنامەکانی بەریتانییدا بە زەقی پێ لەسەر ئەوە داگیراوە کە کوردستان هیچ سەرکردەیەکی ئاوای نەبووە کە شایستەی ئەوە بێت بیکەن بە سەرداری کوردستان و ڕەوشی گەشەسەندنی سیاسیی و کۆمەڵایەتی ولاتیش ئەوەی لەباردا نەبووە. هەر لەم پێودانەوە مەندووبی سامی بەریتانی لە ئەستەمبوولەوە دەربارەی شەریف پاشا دەنووسێت: «ژەنەراڵ شەریف پاشا کەسێکی شایستە نییە و هیچ دەسەلات، یان نفوزێکی نییە، بۆیە ناکرێت وەک نوێنەری ڕای گشتیی کورد حسێبی بۆ بکەین». هەروا مەندووبی سامی لە بەغداوە دەنووسێت: «هیچ کوردێکی وا شایستە نییە بەنێوی کوردستانەوە بئاخێوێ و هیچ کەسێکیش بەو سیفەتانە ناناسرێت. بۆیە بەریتانیا بڕیاری دا لە کوردستان بکشێتەوە چونکە هیچ کەسێکی وای نەدۆزییەوە کە شایەستەی ئەوە بێت دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دابمەزرێنێت».

دوور لە پاکانەکردن بۆ نیاز و مەرامەکانی بەریتانیا، دەمەوێت بڵێم کە لە سەردەمی دوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە، بزوتنەوەی کورد لە سەرتاپای کوردستاندا، هێندە بەهێز نەبوو کە بتوانێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی خەبات بکات و ستراتیژێکی کوردستانی پیادە بکات. بۆ نموونە بزووتنەوەکەی شێخ مەحموودی نەمر شێوازێکی ناوچەیی پێوە دیاربوو تا کوردستانی. هەروا حوکمدارییەکەی شێخ مەحموود هەر لە سنووری ناوچەی سلێمانییدا گیری خواردبوو. لەسەرێکی دیکەوە کورد وەک نەتەوە، هۆشیاری نەتەوەیی لەو ئاستەدا نەبوو کە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی هەوڵ بدات و هێشتا خواستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی نەببووە دروشم و ئامانجەکانی ڕۆژ. ٣

کۆلۆنێل ویلسن یەکێک بوو لەو کەسانەی کە دژی ئەوەبوو بەریتانیا لە کوردستان بکشێتەوە، چونکە ئەو پێیوابوو کە بەمە بەریتانیا «نەک هەر کوردستان لەدەست دەدات، بگرە نفووزی بەریتانیا لە ئێرانیش دەخاتە لەرزەوە» (١٠٢:١). وەزیری حکومەتی هیندستان و حکومەت دەیانەویست

(سەربەخۆیی کوردستان) بمێنێت و پشتی تێنەکەن، لەکاتێکدا لەندەن لە ئەنجامە عەسکەری و سەربازییەکان دەترسا و هیچ کەسێکی واشی نەدەبینی و رای گشتی کوردیش لەو دەمانەدا، لە بارەی چارەنووسی کوردستانەوە، یەکنەبوو تا داوای پێکەوەنانی دەوڵەتێکی یەکگرتووی سەربەخۆ بکەن، لە ژێر چاودێری بەریتانیادا. بەریتانیا زۆر لەوە دەترسا کە حکومەتێکی کوردی لە کوردستانی خواروودا، لەژێر چاودێری فەرەنسییەکاندا، دابمەزرێت. حکومەتی بەریتانیا لە فەرەنسای گەیاند کە نیازی وایە دەوڵەتێک لە کوردستانی خواروودا دابمەزرێنێت(١٠٤:١)، کە دواتریان ئەوەتا گرێدراوی کوردستانی باکوور، یان گێدراوی عێراق دەکرێت. لەنێو گێژەنی ئەم هەموو پروپاگەندە و پێشهاتە دژ بە یەکانەی لەبارەی چارەنووسی کوردەوە دەکرا، ٦٢ کەس لە سەرۆک هۆزەکانی ناوچەی هەولێر و سلێمانی و مووسل بروسکەیەکیان بۆ حکومەتی بەریتانیا لێداو داوای حکومەتێکی موستەقیلە (سەربەخۆ)ی کوردیان کرد. سەرەتا بەریتانیا بەنیاز بوو دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ کورد، وەکو لەمپەر لە نێوان عێراقی عەرەبی و تورکیادا دابمەزرێنێت سیاسەتمەدارێکی دووربینی وەک ونستۆن چێرچل لە ٢٤ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢١ دا نووسیویەتی «ئایدیا و وێنەیەک کە لە بیرمدایە ئەوەیە دەوڵەتێکی بەربەست دروست بکەین، کە لە رەگەزە ناعەرەبەکان پێکهاتبێت و بکەوێتە نێوان عێراق و تورکیاوە»٤.

دواجار لە ژۆنگرەی قاهیرە، کە لە ساڵی ١٩٢١ دا بە سەرۆکایەتی وەزیری کۆلۆنیی بەریتانیا، ونستۆن چێرچل، بەسترا لە بارەی دوارۆژی کوردستانەوە دوو ئالتەرناتیڤی سیاسیی خرانەڕوو یەکەم هێشتنەوەی ناوچە کوردەوارییەکان وەک بەشێک لە دەوڵەتی عێراق و، گرێدانی کوردستانی خواروو بە دەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراقەوە. مەندووبی سامیی بەریتانیا، میستەر سیر پرسی کۆکەس، لایەنگری ئەم تێزە بوو، کە سکرتێری خۆرهەڵات، خاتوو گروتود بێلس، پشتگیری لێوە دەکرد. لە دانیشتنی چوارەمی لیژنەی سیاسیدا، کە لە ١٥ی ئادار بەسترا باسی دوارۆژی کوردستان دێتە ئارا و پرسی کۆکەس وایدەبینێت کە ئەو ناوچانەی کوردەکانی تێدا نیشتەجێن، کەرکووک، سلێمانی و هەندێک لە قەزایەکانی باکووری مووسل بەشێکی جیانەکراوەن لە دەوڵەتی عێراق»(٣٧:٢).

دووەم: جیابوونەوە و سەربەخۆیی کوردستان، کە مێجەر هیۆبەرت یانگ، فەرمانکاری دایەرەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی سەر بە وەزارەتی کۆلۆنەکان، هەلگری ئەم بیرە بوو و داوای کرد دەستبەجێ دەوڵەتێکی کوردی، لەژێر چاودێری راستەوخۆی مەندووبی سامییدا دابمەزرێت بێئەوەی پاشکۆی دەوڵەتی عێراق بێت. لەمەدا مێجەر نۆئێلیش پشتگیری لە مێجەر یانگ کردو گوتی: «کوردەکان وا بە چاک دەزانن بە رێوەبەرایەتییەکی سەربەخۆیان هەبێت و ناوچەیەکی بێلایەن پێکبهێنن لە نێوان تورکیا و عێراقدا»(٣٧:٢).

بەشی زۆری ئەندامەکانی کۆنگرە لەسەر ئەوە کۆک بوون کە لە رووی دارایی و سیاسییەوە کوردستانی خواروو گرێدراوی عێراق بکرێت و، پارسەنگی رایەکان بە شێوەیەکی گشتی بەلای رێگەچارەی یەکەمدا شکایەوە. لەو رۆژەوە تا ئێستا بەشێکی کوردستان، بە ناڕەوا و بەبێ رەزامەندیی خەڵکەکەی، گرێدراوی عێراق کرا و لەناو بۆتەی پێکهاتێکی ناڕەوا و ناشەرعیدا بە عێراقی عەرەبییەوە لکێندرا.

سەرچاوەکان:


١- الدكتور وليد حمدي، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانيه، لندن ١٩٩٢

٢-مير بصري، اعلام الكرد، لندن، الطبعه الاولى ١٩٩١

3-Elizabeth Picard, La Question Kurde, editions complex, Bruxell

### ئێران، عێراق، تورکیا و مەسەلەی کوردستان

### بەشێک لە وتووێژی ئەحمەد ئیحرار لەگەڵ ئەحمەد میرفیندەرسکی ×

# گەورەترین دوژمنی کورد، کوردەکەی ترە!

قەرەنی قادری کردوویە بە کوردی

(..............)

× لە وتووێژەکانی جەزایر دا؟

– بەیاننامەی جەزایر، ئەو بەیاننامەیە کە پاشان چوارچێوەیەکی حقوقی پێدراو لە کۆتاییدا ڕێککەوتننامەکەی١٩٧٥ی جەزایری لێهاتە بەرهەم ، ئەوە یەکێکە لە شاکارەسیاسیەکانی ڕژێمی ڕابردوو.لە ڕێکخستنی ئەو ڕێککەوتننامەیەدا دکتۆر سادق سەدریە کە بەرپرسی گشتی کاروباری سیاسیی وەزارەتخانەی دەرەوە بوو ڕۆڵێکی بەر چاوی هەبوو. ئەو پێوەندیەی کە لە ساڵی ١٩٧٥ تا ساڵی ١٩٧٩ لە نێوان ئێران و عێراقدا هاتە دی، پێوەندیەکی بێ وێنە بوو. چونکە ئەو وڵاتە دراوسێیانەی کە ناکۆکی توندو تیژلە نێوانیاندا هەبووە هەرگیز پاش وتووێژ، بەو چەشنە ئاشتی و تەباییە نەگەیشتوون. بەڕاستی ئاستی پێوەندی هەر وەکو ڕۆژنامەنوسان دەڵێن پاک و بێ گەرد بوو هیچ چەشنە ناکۆکی و ناخۆشییەک لە نێوانیاندا نەمابوو. تەواوی مەسەلەکان چارەسەر کرابوون. بەڵام بەداخەوە سروشتی ڕژێمی ئیسلامی وەکو سروشتی هەر شۆڕشێک لە سەرەتادا سروشتێکی فرەخوازی بوو جارێکی تر لە نێوان دوو وڵاتدا ئاگری شەڕ کڵپەی سەند. ئێمە لەگەڵ عێراقدا لەو کاتەوە کەچەپ ئاژۆیەکان بە کودەتای عەبدولکەریم قاسم بەدەسەڵات گەیشتن ، بەتایبەت دوای ئەوەی بەعسیەکان دەسەڵاتیان وەدەست هێنا، ناکۆکی ئیدیۆلۆژیکمان هەبوو. بەڵام ئەو ناکۆکیە لەباری گرینگییەوە لە پلەی سێیەم دا بوو.

ناکۆکیە سەرەکیەکەمان ناکۆکی سیاسی و کێشەی سەر سنوور بوو. کاتێک ئەو ناکۆکییە چارەسەر کرا بە تەبایی و پێکەوە ژیانی هێمنانە گەیشتین. بە گشتی ناکۆکیەکانی ئێمە لە گەڵ عێراق و میسر دا مەسەلەی کەنداوی فارس بوو. لە بیرمان نەچێ لە ساڵی ١٩٥٨ دا بوو ڕۆژنامەی بەناوبانگی ئینگلیسی (تایمـــز) بۆ یەکەمین جار زاراوەی (کەنداوی عەرەبی) خستە سەر زمانان، لە دواییشدا عێراق بۆ یەکەمین جار باسی لێوەکرد. هێندێ جار وشە پەیدا دەبن و بەکاری دێنن کە بارێکی لە ڕادە بەدەر قورسی سیاسیان هەیە. لە پشت ئەو وشانەوە مانایەکی هەراو دەشاردرێتەوە. لە نێو وشەی "کەنداوی عەرەبی"شدا پرۆگرامێکی بەرفراوان نێوئاخن کرابوو، هەندێک کەس گلەییان دەکرد کە ئەو وشەیە گرینگیەکی ئەوتۆی نییە ، ئێوە ئەو هەڵلاو بەزمەتان سازکردووە؟ خۆ عەرەبەکان نەهاتون ئێوە لە کەنداو وەدەرنێن. لێ بگەڕێن ئەوان بۆ خۆیان بڵێن کەنداوی عەرەبی و ئێمەش دەڵێین کەنداوی فارس. ئەوان بیریان لەوە نەکردبۆوە کە لەپشت کەنداوی عەرەبی ، دوڕگەی عەرەبی هەبوو و لە پشت ئەویش خوزستانی عەرەبی، دواتریش دەسەڵاتخوازی بە سەر (تەنگەی هۆرمز)دا هەبوو، بە جۆرێک کە ئێران ببێ بە ڕێخۆڵەکۆێرەی جیهانی عەرەب.

× خاڵێکی تر کە لە بیرەوەریەکانی (ئەسەدوڵلاهی عەلەم) ×× دا هاتووە، دەڵێت چەندێک لە گەڵ کۆمپانیەکانی نەوت نیزیک دەبینەوە ئەم گیروگرفتانە سەرهەڵدەدەن، ئایا جگە لە بابەتەکانی کەنداوی فارس مەسەلەی نەوتیش ڕۆڵی ئەوتۆی هەبوو.؟

– نەوت هەمیشە کارتێکەری لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا هەبووە، چونکە نەوت گرینگترین سەرچاوەی داهاتە لە ئێراندا. بەڵام پێویستە خاڵێکمان لە بەر چاو بێ، لە گیروگرفتی نێوان ئێمە و عەرەبەکاندا ، ئینگلستان هەمو کاتێک پشتی عەرەبەکانی دەگرت. هەروەها کەسێکیش کە"یەکیەتی عەرەب" ی لە ساڵی ١٩٥٩ دا دروست کرد و تۆوی (نەتەوەی عەرەبی)چاند ئینگلیس بوو، ئینگلیس بوو کەئیمپراتۆری عوسمانلی تێکڕماند و عەرەبەکانی بەرەو ناسیۆنالیسم هاندا. هەر بەو بۆنەیەش بوو، پێویستی نەدەکرد کە لە لێکدانەوە سیاسییەکاندا نەوت و ڕۆڵی کۆمپانیاکانی نەوت لە ڕادەبەدەر زەق کەینەوە و دیتمان کە قۆناخ بە قۆناخ هاو کات لە گەڵ دروستکردنی ئۆپێک و ئەو بڕیارانەی کە ئەو ڕێکخراوەیە پەسندی دەکرد بارودۆخەکە دەگۆڕاو کۆمپانییەکانی نەوت وەکو پێشوو دەست ئاوەڵا نەبوون.
پێوەندیی نێوان عێراق و ئینگلستان، بە پێچەوانەی ئەوەی ئەمڕۆ لە ئارادایە ، تاکو شەڕی کەنداوی فارس زۆرلێک نیزیک بوو، بە تایبەتی نیزیک ترلەو پێوەندییەی کە ئێران لە گەڵ ئەمریکادا

هەی بوو. دەبێ ئەوەش بڵێم کە پێوەندیی ئینگلیس لە گەڵ ئێراندا هیچ کاتێک پێوەندییەکی دۆستانە و پتەو نەبوو. شای ئێران لەدەروندا گومانی لە ئینگلیس هەبوو.

× تەنانەت نەختێکیش بێزاری؟

– بێزاری بە مانای ڕاستەقینەی وشە. هۆیەکەش کردەوەیەک بوو کە لە سێی "خەرمانان" دا دەرهەق بە ڕەزاشا کردبویان ، هەروەها هێرشی توندوتیژی B.B.C لە دژی ئەو. لە نێوان هەواڵنێرەکانی B.B.C و بەڕێوەبەرانی ئێرانیدا هەمیشە گیروگرفت هەبوو. بەلانی کەم شای ئێران پێنج شەش جار فەرمانی دا کە هەواڵنێرەکانی B.B.C لە ولات وەدەرنێن. ڕاس باتوم بالۆیزی ئینگلیس بەمنی گوت ، دروستە کە B.B.C لە لەندەن ڕا پرۆگرام بلاودەکاتەوە و دراوی ئەو کارەش لە لایەن دەوڵەتی ئینگلیسەوە دەدریت، بەلام سیستەمی سیاسیی ئێمە جورێکە کە ڕادیۆ لە ژێر دەسەلاتی ئێمە دا نیە و ئێمە ناتوانین ناچاریان کەین ئەو شتەی داخوازی ئێمەیە بیلێن و ئەو شتەی کە ئەوان دەیانەوێ نەیلێن، منیش بە سۆحبەت پێم گوت کە ئێوە دوو زمانتان هەیە، یەکێک زمانی غەیبە. زمانێکە کە B.B.C پێی دەپەیڤیت و لە غەیبەوە سەرچاوە دەگریت. بالۆیز پێکەنی و گوتی ئەگەر ئێوە بتوانن شا قایل کەن کە هەواڵنێرەکانی B.B.C وەدەرنەنێ، بۆ ئەو کارە سوپاستان دەکەم. من لە ولامدا گوتم کە بە هیچ چەشنێک ئێژن بە خۆم نادەم پێچەوانەی شای ئێران بپەیڤم، بەلام ئەو وتووێژەی پێ ڕادەگەیێنم.

× هۆیەکی تر کە کارتێکەری دەکردە سەر پێوەندیی ئێران و عێراق مەسەلەی کوردەکان و کوردستان بوو، ئەو مەسەلەیە تاکو ئێستاش کارتێکەری خۆی لەدەست نەداوە. ئێران و عێراق هەرکامیان بە نۆرەی خۆیان کەڵکیان لە کوردەکان لە دژی یەکتر وەرگرت، بەلام لەویوارەدا کار گەیشتە جێگایەک هەر دوو ولات هەستیان کرد مەسەلەی کوردکان وەکو شمشیری دووسەر وایە کە بەهەر دووک لا دەبڕێ و، ئەو هەست کردن بە مەترسیەش یەکێک بوو لەو هۆیانە و لایەنەکانی گەیاندە ئەو بیروڕایە کە گیروگرفتەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، ڕای ئێوە لەو بارەیەو چیە ؟

– لە ساڵی ١٩٤٦ دا کە کۆماری خودموختاری کوردستان، بە پێڕەویی لە کۆماری دیموکڕاتی ئازەربایجان پێکهات و "ئەوە دەستی ڕووسەکانی تێدابوو" ئەوەش نە لە بەر خاتری ئەوەی کە کوردیان خۆشدەویست، بەڵکو بۆئەوە بوو کە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ئێران بکێشنە ژێر ڕکێفی خۆیان. هەر لەو کاتەوەئەو بابەتە هاتە پێش کە ئایا مەسەلەی کوردەکان دەبێ بە چەشنێکي جیا لە ئێران چارەسەر بکرێت یان لە چوارچێوەی دەسەلات و تەواویەتی خاکی ئێراندا؟ بەڕێوەبەرانی ئێرانی لایەنگیری ڕێگا چارەسەری دووەم بوون و بنەمای سیاسەتی ئێران دەربارەی مەسەلەی کوردەکان ئەوە بوو کە ئەو بابەتە نابێ هەڕەشە لە تەواویەتی خاکی ئێران بکا.عێراقیش ئەو بۆچوونەی هەبوو، تورکیاش بۆ چوونی وای هەبوو هەیەتی. ئێمە کەڵکمان لە کوردەکان وەردەگرت لە دژی عێراق. عێراقیش تا ئەو جێگایەی کە بۆی دەلوا کەڵکی لە کوردەکانی خۆی(!!؟؟) وەردەگرت لە دژی ئێران. لە ڕاستیدا کوردەکان ببوونە کەرەسەیەک بۆ سەوداکارییەک کەئێران و عێراق ناکۆکیەکانی خۆیانیان پێ چارەسەر کەن. بۆ ئەوەی کوردستان سەربەخۆ بێ پێویستە بەشێک لە خاکی ئێران، عێراق، تورکیا جیا بکرێتەوە و بەیەکەوە بلکێندرێت تا کو ولاتێکی کوردی و نەتەوەی کورد بێتەدی. بەلام بۆ ئەو کارە دوو گیروگرفتی سەرەکی هەیە. یەکێک ئەوەیە کە تاکو ئەو سێ ولاتانە وەکو "ولات" هەن ئامادە نابن بەشێک لە خاکی خۆیان لە دەست بدەن مەگەر ئەوەی کە شەڕێک وەکو شەڕی کەنداوی فارس هەلایسێن و دانیشتوانی کوردەی عێراق لە خاکی ئەسلی ئەو ولاتە جیاکەنەوە، ئەو کات بەیارمەتی کێ؟ بەیارمەتی تورکیا، چاوەڕوانی ئەوەن کە تورکیا بۆ ئەو کارە یارمەتی بەوان بدا و بنکەیەکیان بداتێ،ئەوەش لە کاتێک دایە کە تورکیا دژی هەر چەشنە پەیڤێکە سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان، لەوەش بترازێ، گریمان ئەو سێ ولاتە ئەوەندە سەخیبوون چاوپۆشیان لە مافی حوکمڕانی بە سەر تەواویەتی خاکی خۆیاندا کرد و وازیان لە بەشێک لە خاکی خۆیان هێنا و ملیان دا بۆ دروست بوونی دەوڵەتی کورد. ئەمڕۆکە ولاتی کوردی بێتە دی سبەینێ لە بەر یەک هەڵدەوەشێ. وتەیەک هەیە و دەڵێت، گەورەترین دوژمنی کورد، کوردەکەی ترە، لە باکوری عێراقدا دەبینین کە چ ڕوودەدا. مەسەلەکە لە ڕاستیدا تراژێدیایە.

× گەرچی تورکیا بنکەی داوە بە هێزەکانی بە ناو "هاوپەیمان" و ئێزنی پێداون لە ڕێگەی ئەو بنکانەوە دانیشتوانی کوردی باکوری عێراق لە ئاسمانەوە بپارێزن، بەلام لە سیاسەتی گشتیدا لە سەر مەسەلەی کوردەکان و کوردستان، ئانکەرە لە گەڵ بەغدا و تەنانەت لە گەڵ تاران و دیمەشقدا هاوڕایە؟

– ئەوە ڕێک وایە، ئەو هاو بیرییە لە ڕاستیدا پێویستیەکی ژێئۆپۆلۆتیکە. خواستی ژێئۆپۆلۆتیک لە گەڵ پێویستیەکانی تر لە سیاسەتدا جیاوازیەکەی ئەوەیە کە ناتواندرێت بەسانایی داخوازی ژێئۆپۆلۆتیکی بگۆڕدرێت.پێویستییەکانی ژێئۆپۆلۆتیک بابەتێکی سەقامگیرن و پێوەندیەکی زۆریشی بە ڕژێمەکانی دەسەلاتدارەوە نیە. ئەو ڕژێمانە لەو ڕوانگەیەوە لە گەڵ یەکتر بەراورد ناکرێن کە کامیان پێویستیەکانی ژێئۆپۆلۆتیک وەبەرچاو ناگرن. پێوانەی بەراورد لە نێوان ڕژێمەکان ئەوەیە کە کامیان داخوازیەکانی ژێئۆپۆلۆتیکیان باشتر بەڕێوە بردووە. بە بڕوای من لە بواری بەڕیوەبردنی پێویستییەکانی ژێئۆپۆلۆتیکدا ئێران لە سەروی تەواوی ولاتانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدابووە.

پەراوێز

– ئەم چاوپێکەوتنە لە ژمارە(٦٣٧–٦٣٨)ی ڕۆژنامەی (کیهان لندن) دا بلاوکراوەتەوە. من لێرەدا تەنیا ئەو بەشەمکردووە بە کوردی کە پێوەندی بە مەسەلەی کوردستانەوەیە.

× ئەحمە میرفێندەرسکی لە ساڵی 1972 دا باڵوێزی ئێران بوو لە یەکێتی سوڤیەتی پێشوو. هەروا لە ساڵی1979 دا وەزیری کاروباری دەرەوەی حکومەتی بەختیار بوو.

×× ئەمیر ئەسەدوڵلاهی عەلەم سەرۆک وەزیر و وەزیری دەرباری شابوو.

قاسم عەزیز

# مۆنتاژی دیالەکتیک لە سینەمای سێرگێی ئێزنشتایندا

لە ساڵی 1920، کاتێ کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر سەقامگیربوو، ئەو کاتە لە مۆسکۆدا جمووجۆڵی جیاجیای کولتووریی و هونەری لە ئارادابوون. لەوانە، بۆنموونە، ڕێژیسۆری بەناوبانگی رووسی و جیهانی ستانیسلاڤسکی (Stanisalvsky 1863-1934 )، لەگەرمەی کارکردنی شانۆدابوو، هەروەها سەرقاڵی فێرکردنی شێوازی (نواندنی سروشتی) و خەریکی ئامادەکردنی ئەکتەر بوو بەو مێتۆدە هونەریەی کە پاشان بە مێتۆدی ستانیسلاڤسکی ناسرا. هەر لەوکاتانەش بوو کە نووسەر و شاعیری بەناوبانگی رووسی مایاکۆڤسکی، Majakovskij ، زەنگی رادیکاڵی و فۆتوریزمی لێدەدا و میخائیل چێخۆڤیش، وانەی لەسەر فەلسەفەی هیندوو Hindu ، و یۆگا Yoga دەگوتەوە ، هەر لەو سەردەمانەش سیمیناری هەفتانە لەسەر مارکسیزم ، لێکۆڵینەوە سایکۆلۆژیەکانی فرۆید و تیۆری رەنگدانەوەی پاڤلۆڤ Pavlovian reflexology. سازدەکران. لەلایەکی تریش هەر لە مۆسکۆدا، ڕێژیسۆری بەناوبانگی شانۆی رووسی ڤیسڤۆڵد مایەرهۆڵد Vsevolod Meyrehold، دژایەتی مێتۆدی ستانیسلاڤسکی و قوتابخانەکەی دەکرد و بانگەوازی بۆ شانۆیەکی تازە دەکرد و لە دژی شانۆی نەریتخوازانە دەوەستا.

مایەرهۆڵد، داوای شێوازێکی نوێ و شانۆیەکی بێ پەیڤ (Nonverbal Teater) ی دەکرد. بەو پێیەش سیستێمێکی تازە بۆ هونەری نواندن و هونەری شانۆ هاتەکایەوە کە پاشان بە قوتابخانەی مایەرهۆڵد ناسرا. لەو سیستێمەدا، هەر هونەرێک کە پەیوەندی بە سێرک Circus ەوە هەبوو، بە تێکەڵاوکردن لەگەڵ (کۆمێدیا دەل ئارتێ-Commedia dell arte )ی ئیتاڵی، لە چوارچێوەی هونەری شانۆدا بەکاردەهێنرا. مایەرهۆڵد، ئەو سیستێم و شێوازە تازەیەی ناونا، (بیۆمیکانیک Bio-mechanics (کاتێک کە ئەکتەرەکان بە ریتمی خێرا و جووڵانەوەی میکانیکی و ئەکرۆباتیک ئاسا، ڕۆڵەکانیان دەبینن و لەهەمان کاتیشدا، ئەو ئەکتەرانە ئازادی ئەوەیان هەیە داهێنانی خۆیان بەشێوەی (ئیرتیجال)ی Improvisation پیشانبدەن.).

بەم شێوازە تازەیەو، بە پێشکەشکردنی دیمەنی سەرنجراکێش، مایەرهۆڵد، جوولەیەکی هونەری ئاڤاندگاردانەی خستە ناو هونەری شانۆی ئەوسەردەمەی رووسیادا.

ئێیزنشتاین، لەو کاتانەدا لەگەڵ گرووپی شانۆی کرێکاران (پرۆلێت کولت- Proletkult) کە کورتکراوەی کولتوری پرۆلیتاریایە، سەرەتا وەک سینۆگراف (نەخشەکێشی دیکۆر بۆ دیمەنەکان)، پاشانیش وەک ڕێژیسۆر، لە مۆسکۆدا کاری دەکرد. ڕێبازی ئەو گرووپەش لابردنی پاشماوەی کولتوری بۆرژوازییانەی قەیسەریی بوو، بە داهێنان وچەسپاندنی ئایدیۆلۆژیاو

کولتوری نوێی پرۆلیتاریی له بواری هونەردا، بەتایبەتی شانۆ. ئێیزنشتاینیش، که زۆر خۆلیای تازەگەریتی بوو، کاتێ که له گرووپی پرۆلێتکولت کار دەکات، دەچێتە لای مایەرهۆڵد وله لای ئەو سیستێمە تازەیە لەبواری رێژیسۆریدا دەخوێنێ. شێوازی مایەرهۆڵد له تەکنیکی دەرهێناندا کاریگەری و ڕۆڵێکی مەزنی دەبێ له کارەهونەرییەکانی ئێزنیشتایندا، بەتایبەتی شێوازە بێ پەڤەیکەی. ئێیزنشتاین مایەرهۆڵدی هەموو کات بە (باوکی هونەریی) خۆی ناودەبرد و چەند شانۆگەرییەکیشی لەسەر ڕێونماو شێوازی ئەو بۆ ئەو گرووپە پێشکەش کرد. بۆ نموونە لەوانە، شانۆگەری ماسکی گازGas masKs، و پیاوە زاناکە The Wise Man وگوێبگرە مۆسکۆ !Listen Moscow، لەو شانۆگەریانەدا ئێیزنشتاین، هونەری سینەمای تێکەڵ بە دیمەنەکان کردبوو.

سێرگێی میخایلۆڤیچ ئێزنشتاین، .Sergej M Eisenstein. 1898-1948 رێژیسۆر و تیۆریزان وماموستای سینەمای سۆڤیێتی کۆن ، کوری ئەندازیارێکی جوولەکەی ئەڵمانی بوو، بەلام دایکی رووس بوو ، لەشاری (ریگا–Riga)ی پایتەختی ولاتی لیتوانیا، هاتۆتە دنیاوە. ئێزنشتاین یەکێکە له بلیمەتەکانی سینەمای جیهانی که ڕێباز و فەلسەفەیەکی نوێی بۆ هونەری فیلم و جوانکاری لەتێکهەڵکێشان و ریکخستنی وێنەی سینەما(مۆنتاژ)، له هونەری سینەمادا هێناکایەوە.هەر لەسەرەتای گەنجیدا سەڵیقەی وێنەکێشانی هەبوو، سەرەتا له قوتابخانەی هونەرە جوانەکان (بەشی وێنەکێشان) خوێندی، بەڵام باوکی دڵی بەوە نەدەکرایەوە که کورەکەی (هونەری وێنەکێشان)، بکاتە پیشەی ژیانی خۆی. بەڵکو دەیویست ئەویش وەک خۆی ببێتە ئەندازیاری بیناسازیی. ئێزنشتاینیش، ناچار ڕوو دەکاتە دانشگای سانت پێترسبۆرگ و لەوێ بەشی ئەندازیاری بیناسازی دەخوێنێ. ئەوبەشە، بەڕای ئەو، هەرچۆنێک بێت له هونەری وێنەکێشان نزیکە.



سترگێی ئێزنیشتاین

لەگەڵ هەلگیرسانی شۆرشی رووسی له ساڵی 1917،پەیوەندی لەگەڵ سوپای سووری رووسی دەکات. لەوێ بۆ ماوەی دوو ساڵ، له ڕۆژگاری شەری ناوخۆدا، وەک ئەندازیار له بواری تەکنیک و دروستکردنی پردی ئاسنی بۆ سوپای سوور، بەشداری دەکات. له هەمان کاتیشدا لەئینستووتی رۆژهەلاتناسی له مۆسکۆ، زمان وکولتوری ژاپۆنی دەخۆێنێ بۆ ئەوەی ببێتە لێزان و پسپۆری ئەو زمانە، تا زیاتر خزمەتی لەشکری سووری پێبکات. بەڵام لەئاکام لەوشتانە بێتاقەت دەبێ و واز لەوخوێندن وکارە دێنێ و بەدوای خولیاوهونەری خۆی،کەوێنەکێشان بوو، دەکەوێ.

## مۆنتاژی دیالەکتیک The Dialectical Montage

سێرگیی ئێزنشتاین شانبەشانی دەیڤید وارک گریفث D.W. Griffith ی ئەمریکی، بە دوو پێشرەوی بلیمەتی سینەمای مۆدێرن دادەنرێن. گریفث بوو که بناغە و

ستروکتوری گێرانەوەی چیرۆکی بەهۆی لێکدان وتێکهەڵکێشانی وێنەکان لە بواری مۆنتاژدا لە فیلمی سینەمادا دانا، بەتایبەتی لە فیلمی وەک ( لەدایک بوونی نەتەوەیەک The Birth of a Nation -1915 ). بەڵام ئێزنشتاین بوو تیۆرییەکی تازە و مۆدێرن بۆ هونەری مۆنتاژ کردن دارێژا. کە لەسەر بنچینەی سایکۆلۆژی و فەلسەفەی (دیالەکتیکی) مارکسیی، بونیادنرابوو. ئەو تیۆرییە تازەیە، وای لە سینەما کرد، کە تەنیا بەبەکارهێنانی وێنە، بەبێ یارمەتی وەرگرتن لە بوارەکانی تری هونەر، بۆ نموونە مۆسیقا، بتوانێت راستەوخۆ لەگەڵ بینەردا هەڵسوکەوتبکات، بەتایبەتی ئەو دەمە کە سەردەمی زێرینی فیلمی بێدەنگ بوو.

هەڵبەتە بێجگە لە گریفت ، ئێزنشتاین سوودی زۆر لە رێباز و شێوەکارکردنی رێژیسۆرەکانی تر وەرگرتوە، لەوانە بۆنموونە، رێژیسۆری رووسی لیڤ کولێشۆڤ Lev kuleshov 1899-1970 ، بە دیمەنە سەرنجراکێشەکانی و دزیگا ڤێرتۆڤ Dziga Vertov 1896-1954 ، کە بە رەسەن پۆلۆنیە و بە پشتیوانی مایاکۆڤسکی بانگەوازی (سینەمای راستی) یان دەکرد، هەروەها رێبازە سینەماییەکەی ڤێرتۆڤ بەناوی (چاوی سینەما--Kino eye ) و بەتایبەتی فیلمە دۆکۆمێنتارییەکانی ڤێرتۆڤ، کە لەژێرکارتێکردنی بۆچوونەکانی ئەو رێبازەدا بوو، بۆ نموونە، فیلمی (ئەو پیاوەی کە کامیرای سینەمای پێیە، The Man with a Movie Camera-1928). کاریگەرییەکی تەوایان لەسەر ئێزنشتایندا هەبووە. بێگومان لەوکاتانەشدا، بزوتنەوەی ئەڤانت گارد Avant-garde و شێوە مۆنتاژ کردنی وێنە، لەلای دادایییەکانی ئەڵمان لە سەرەتای سالآنی بیست، تارادەیەک لە نێو ئەتمۆسفێری هونەریی لە مۆسکۆدا بڵاویبۆوە. بۆ نموونە مایاکۆڤسکی چەند وێنەیەکی (راول هاوسمان Raoul Hausmann) ی دادایی لەگەڵ خۆی لە بەرلینەوە هێنابووە مۆسکۆ. ئێزنشتاین خۆیشی زۆر حەزی بە دیتنی فیلمە کۆنەکانی قوتابخانەی ئەزموونگەریی، ئێکسپریمێنتالی، ئەڵمانی دەکرد ولاساییانی دەکردەوە، بۆنموونە چەند جارێک فیلمی ( وەسییەتنامەی دۆکتۆر مابوسی Dr Mabuses Testement ) ی فریتز لانگ Fritz lang ، کە رێژیسۆرێکی ناوداری ئەو قوتابخانەیە بوو، دووبارە مۆنتاژ کردۆتەوە. هەر زووش هەستی بە توانای بێپایانی مێژی مۆنتاژکردن و وێنەلێکدان و تێکهەلکێشانی دیمەنەکان و پاشوپێشکردنیان بۆ وەرگرتنی مەبەستی جیاجیاله فیلمدا کردوە.

## ئیدیۆگرام و کاریگەریی لەسەر مۆنتاژی دیالەکتیکدا

خوێندنی زمان و کولتوری ژاپۆنی لە ئنستیتوتی خۆرهەلآتناسی لە مۆسکۆ دا و ئەو شێوە نووسینەی زمانی ژاپۆنی لە بواری ئیدیۆگرامیەوە Ideogram ( بەکارهێنانی نیشانە و سیمبۆڵ بۆ تێگەیشتن لەجیاتی ئەلفوبێ) سەرنجی ئێزنشتاین زۆر رادەکێشێ، بەتایبەتی لە مۆنتاژ و گێرانەوەی چیرۆک بە وێنە.و مامەلەکردن لەگەڵ چۆنییەتی بەکارهێنانی وێنە لە گێرانەوەی بابەتێکی هونەریدا. لە ئیدیۆگرامدا، بۆ نموونە، ئەگەر وێنەی سەگێک لەگەڵ وێنەی دەمی سەگەکە لێکبدرێت، بەمانای دەمی سەگ نایەت، وەک ئاشنایە، بەڵکو بە مانای (وەرین) دێت. هەروەها وێنەی منداڵێک لەگەڵ وێنەی دەمی منداڵەکە ئەگەر بەیەکەوە نیشانبدرێ، واتە (هاوار) ، چەقۆ و دڵ، واتە (پەژارەیی) ، وێنەی چاو لەگەڵ ئاودا، واتە فرمێسک، هەروەها وێنەی باڵندە و دەنووک بە مانای (گۆرانی گوتن) دەدات و بەهەمان شێوەش، دەرگا و گوێچکە واتە بیستن.

ئەو شێوە نووسینە پاشان دەبێتە بنگە بۆ دانانی تیۆری (مۆنتاژی ئینتلێکتوالی –Intellectuall montage The) کە لەسەر بناغەی فەلسەفەی دیالکتیک خۆڵقاوە ، بەمانایەکی تر، وێنەیەکی سەربەخۆ (گرتە shot )، لە دیمەنێک یان لە فیلمێکی سینەمادا، بەتەنێ لەگەڵ وێنەیەکی تری سەربەخۆ ، دژبەیەکن، لێکدان و

تێکهەڵکێشانی ئەو دوو وێنە سەربەخۆیە، ناکرێ بە تەنیا بۆ مەبەستی بەهێزکردنی دیمەنەکە بێت و بەس ، بەڵکو دەبێ مانایەکی تری جیاواز و قوڵتریش بدات بەدەستەوە ، تاببێتە پاڵپشتێکی ئینتلێکتوالی و لە هەمانکاتیشدا، ڕێگایەک بۆ قوڵبوونەوەو تێگەیشتن دروستبکات. شایانی باسە کە ئێزرا پاوەند Ezra Pound یش لە هەمانکاتدا، ئیدیۆگرامی لە دارشتنی شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، بەتایبەتی لە کۆمەڵە شیعری (Cantos)دا، پاش ئەوەی کە لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتناسی ئەمریکی ئێرنست فێنۆلۆساس Ernst Fenolosas ی خوێندەوە کە لەسەر شێوە نووسینی زمانی چینی و لە بەکارهێنانی نیشانە لە جیاتی ئەلفوبێدا، کردبووی.

وەک باسمانکرد، مۆنتاژی دیالەکتیکی لەلای ئێیزنشتاین، لەسەر بنچینە و فەلسەفەی دیالەکتیکی، هیگڵ ومارکس، بونیادنراوە، ئەویش، کاتێک هێزێک یاخود وزەیەک Thesis، لەگەڵ دژە هێزەکەی یاخود دژە وزەکەی Antithesis، لێکدەدەن ، لەو پرۆسێسەدا، بەرهەمێکی تازەتر، دیاردەیەکی نوێ Synthesis دروستدەبێ، کە مەرج نیە سەرجەمی ئەو دوو وزەیەبن ، بەڵکو شتێکی تازە و بەهێز و قوڵتر دێتەکایەوە. لەو تیۆرییەدا ، بەپێچەوانەی ماتماتیکەوە، یەک +یەک ناکاتە دوو. ئێیزنشتاین، ئەو تیۆرییەی ناونا بە (مۆنتاژی دیالەکتیکی The Dialectical Montage ).

## مێتۆدەکانی مۆنتاژی دیالەکتیکی

ئێزنشتاین لە تیۆرییەکەیدا لەسەر مۆنتاژی دیالەکتیکی، باسی پێنج شێوە (مێتۆد) ی مۆنتاژ دەکات کە هەریەک لەم مێتۆدانە دەتوانرێت، وەک پراکتیک لە هەر بەشێکی یاخود دیمەنێکی فیلمدا بەکاربهێنرێت. لێرەدا من هەوڵدەدەم بەکورتی باسی ئەو مێتۆدانە بکەم.

یەکەم: مێتۆدی مەتری The metric مەبەست لە(تێمپۆی)، کورت و درێژی دیمەنەکەیە.

دووەم: مێتۆدی ڕیتمی The rhythmic ، کە پەیوەندی بە خێرایی و سستی دیمەنەکە هەیە.

سێیەم: مێتۆدی (توون The Tonal–) کە دەربارەی توندوتیژی دیمەنی فیلمە لە ڕووی ئاواز و مۆسیقا و هەستی سایکۆلۆژیەوە.

چوارەم : کە پەیوەندی بە هەر سێکیاندا هەیە، مێتۆدی The overtonal ئەویش چۆنیەتی تێکهەڵکێشانی دیمەنەکانە کە زیاتر لەکاتی نیشاندانی فیلم بە ئامێری پرۆژێکتۆر، ئەو مێتۆدە مەبەست دەگەیەنێت.

پێنجەمین مێتۆدی مۆنتاژ کە ئێزنشتاین زیاتر مەبەستێتی، مێتۆدی ئایدیۆلۆژی یاخود ئنتلێکتوالییە The ideological or intellectual metthods هەڵبەتە ئەم شێوە مێتۆدە مۆنتاژەی دوایی بۆ مەبەستی ئایدیۆلۆژی و پروپاگەندەکردن کەڵکی زۆری لێوەرگیراوە.

ئێیزنشتاین ئەو بۆچوون وتیۆرریانەی لەشێوەی نووسین و وانەگووتنەوە دارشتووە و یەکەم جار بەشێوەی وتارلەو گۆڤارەی کە مایاکۆڤسکی دەریدەکرد بە ناوی (لێف –lef) کە کورتکراوەی Artistic left front، بوو لە ساڵی 1923 بڵاوکردەوە. پاشانیش بە سێ بەرگی کتێب لەچاپ دراون. ئەو تیۆرییانەی ئێزنشتاین، لە هەموو دانشگاو قوتابخانەکانی سینەما لە جیهاندا دەخوێنرێن. ئەو کتێبانەش، یەکێکیان بەناوی (شێوەی سینەما، The Film Form) یە و ئەویتریان بەناوی (هەستی سینەما، The Film Sense)،و کتێبی سێیەمیش (تێبینیەکانی ڕێژیسۆریکی سینەما، Notes of a Film Director) یە. هەروەها چەند پسپۆڕ و لێزانی دیکەی هونەر و مامۆستایانی زانیاری هونەری سینەما، لە دانیشگاکانی جیهان، کتێبیان لەسەر وانەکانی ئێزنشتاین کۆکردۆتەوە لەوانە، بۆنموونە، کتێبی (وانە خوێندنن، لەگەڵ ئێزنشتاین Lessons with Eiesenstein) ی ڤلادیمێر نیزنی، کە بریتیە لەو سێمینارانەی کە ئێزنشتاین، بۆ قوتابیەکانی بەشی سینەما لە ئینستیتوتی سینەماتۆگرافی لە مۆسکۆ، (ڤگیک V.G.I.K) گوتۆتەوە.

### فیلمەکانی ئێزنشتاین

ئێزنشتاین فیلمی زۆری نەبوو، بەڵام ئەو چەند فیلمانەی کە کاتی خۆی بە بەرهەمیهێنابوون، هەتائەمڕۆش بە شاکاری ئەمروو کاری وەستایانە دەژمێردرێن.

فیلمی وەک (مانگرتن Strike-1924)، کە لەسەر ڕۆژەکانی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر و مانگرتنی کرێکاران و گەرانەوەی لێنینە بۆ مۆسکۆ. شاکارەفیلمەکەی (زرێپۆشی پۆتمکین The Battleship Potemkin - 1925 ) هەروەها فیلمی ئۆکتۆبەر، یاخود (دە ڕۆژ جیهان هەژا) October-1928، کە باسی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەکات. فیلمی (ئەلکسەندەر نیڤسکی Alexander Nev- -1938 sky)، بەشی یەکەم و دووەمی فیلمە شاکارەکەی (ئیڤانی ترسناک Ivan the Terrible 1944-46– ) لەگەڵ فیلمی (کۆن و تازە Old and new ) لە کارە هونەریە هەرە بەناوبانگەکانێتی. لە ساڵی1929، ئێزنشتاین فلمێکی تری لە وڵاتی مەکسیک دەست پێکرد بەناوی (بژی مەکسیکۆ Que Viva Mexico) بەڵام دیاربوو ڕای لەو مۆنتاژە نەبوو کەبۆیان کردبوو هەربۆیە وازی لێهێنا و تەواوی نەکرد.

### فیلمی زرێپۆشی پۆتمکین

The Battleship Potenkin

پۆتمکین ، فیلمێکی کلاسیکی ونەمری سێرگێی ئێزنشتاینە ، کە لە سەردەمی فیلمی بێدەنگی سۆڤیێتیدا لە مێژووی سینەمای جیهانیدا بە یەکێک لەکارە هەرەمەزنەکان دادەنرێت. ئەو فیلمە بۆ یادکردنەوەی شۆڕشی 1905 هاتەبەرهەم. بەناوبانگترین دیمەنی ئەو فیلمە، دیمەنی ( پەیژەکانی ئۆدیسایەOdessa Steps) کە باس لە بەکۆمەڵ کوشتنی خەلکی ئۆدیسا دەکات لەلایەن سەربازەکانی قەیسەرەوە. درێژی ئەو دیمەنە حەوت دەقیقەیە و وێنەگرتن و کارلێکردنیشی حەوت ڕۆژی خایاندوە. وێنەگری بەناوبانگی ئێیزنشتاین و سینەمای سۆڤیێتی ئەو سەردەمە ئێدوارد تیسێ Edward Tisse،ئەو سینەماتۆگرافە، چەند یاریدەدەرێکی تری هەبوو کە بەکامیرای دەستییەوە بۆ گرتنی ئەو دیمەنە لە قوژبنی جیاجیاوە بۆ جولاندنی هەستی بینەر بەکاریهێناون، بۆ نموونە، تیسێ، لە زۆر شوێن وێنەگرێکی تایبەتی ئەکرۆپاتیکزانی بەکارهێناوە کە کامیراکەی لە نێوقەدی بەستووە، بۆگرتنی دیمەنی ڕاونان و ڕاکردن و هەڵبەزین و دابەزینی ئەکتەرەکان. بەتایبەتی لەو دیمەنەی کە دایکێک، بەعەرەبانەی منداڵەکەیەوە بریندار دەبێ و عەرەبانکەش لە پلیکانەکەوە بەرەو خوارەوە شۆڕدەبێتەوە لەهەموو لایەکیش لاشەی خەڵکی کوژراو وبریندار دەبیندرێت. کۆتایی ئەو دیمەنەش بە سێ وێنەی جیاجیای پەیکەری شێرێک کۆتایی دێت، کە لە وێنەی یەکەم پەیکەری شێرێکی خەوتوو نیشاندەدرێت، وێنەی دووەم شێرەکە سەری بەرزکردۆتەوە و سێیەمیش پەیکەرە شێرەکە تەواو هەڵساوەتوە. ئێزنشتاین، ئەو وێنەمۆنتاژانەشی، وەک مێتافۆر Metafor و سیمبۆڵ بۆ ڕاپەرین وشۆڕشی خەڵک دژی قەیسەری بە جۆرێکی پرۆپاگەندە بەکارهێناوە.

ئەو فیلمە مقۆمقۆی زۆر لەسەر کرا تا بەوڵاتانی تر گەیشت و لە سانسور رزگاری بوو. بۆ نموونە سێ ساڵی پێچوو تا لە وڵاتی سوێد ڕێگای پێشاندانی پێدرا. لەمۆسکۆش بەڕێوەبەری دەزگای سینەمای ڕووسیای (شڤێچیکۆڤ) دژی بڵاوکردنەوەی بوو. ئێزنشتاین لە کتێبی (یادگاری ژیانم) دا، ئاماژە بۆ مایکۆفسکی دەکات کە چۆن لەو بەڕێوەبەرە توورەبووە و مستی لەمێزداوە و داوای لێکردوە کە ئەم فیلمە، زرێپۆشی پۆتمکین، (پارچەیەکە لە هونەر) و دەبێت بۆ بەرلین بنێردرێت و بە بەڕێوەبەرەکەی گووتووە ئەوەت لەبیر نەچێ" شڤێچیکۆڤەکان دێن و دەڕۆن، بەڵام هونەر هەردەمێنێ.!" هەڵبەتە تەنیا هەڕەشەکانی مایاکۆڤسکی نەبوونە هۆی ڕازیکردنی بەڕێوەبەرەکە ، بەڵکو خەلکی تری ڕۆشنبیر و هونەرمەندیش پشتگیریان کرد تا بڕیاری ناردنە

دەرەوەی ئەو فیلمە درا. بێگومان، لەهەمان کاتیشدا، مایاکۆڤسکی، پێی سەیر بووە کە ئێیزنشتاین ئاوا بە سووکی هونەرەکەی بەکار هێناوە،، کە لەفیلمی مانگرتن Strike ، لە جیاتی خودی لێنین ئەکتەرێکی سەر ڕووتاوەی بەکارهێناوە بۆ دەورەکەی، نەک لێنین خۆی. ئێیزنشتاین لە کتێبی(یادگاری ژیانم) دا سەبارەت بەو ڕووداوە دەڵێ: "مایاکۆڤسکی هەڕەشەی لێکردم کەکاتی نیشاندانی فیلمەکە، فیلمی مانگرتن، بیکاتە هەرا و فیتفیتە لێدان، هێلکەم تێبگرێ و هۆیهام لێبکات". هەڵبەتە مایاکۆڤسکی لەگەڵ ئەو کەسانە بوو کە لایەنگیرییان لە دزیگا ڤێرتۆڤ و ڕێبازیەکەی (سینەمای ڕاستەقینە) دەکرد، لەو ڕێبازەدا، ئەوانە پێیان وابوو کە مرۆڤی ئاسایی و خاوەن مەسەلە لە جیاتی ئەکتەر لە سینەمادا بەکاربهێنرێت.

هەرچەندە ئێزنشتاین و سینەماسازەکانی تریش، وەک، دزیگا ڤێرتۆڤ و پۆدڤکین Podovkin ، کە لەو سەردەمەدا سەرقاڵی فیلم دروستکردن بوون، ئەوانە کەسیان ئەندامی پارتی کۆمۆنیست نەبوون، کەچی فیلمیان بۆ پڕۆپاگەندەی سۆسیالیستی و شۆڕشی پڕۆلیتاریش دروستدەکرد. هەرچەندە ئەو سەربەستییە هونەرییەیان نەبوو کە پێویست بوو، ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستی لە هونەر و ئەدەبدا، لە سەردەمی ستالیندا، هەموو بەهرەیەکی هونەری ئەڤاندارد و ئەبستراکی خنکاندبوو. ئەو هونەرمەندانە هەردەم تووشی سانسوری بێبەزەیی حیزبیی دەهاتن. بۆ نموونە، لە فیلمی مانگرتندا، لەبەر ئەو ناکۆکییانەی کە لەنێوان ستالین و ترۆتسکیدا تەشەنەیان کردبوو، دەبوایە ترۆتسکی لە فیلمەکەدا نەبێت. ستالین داوا لە ئێزنشتاین دەکات کە ئەو دیمەنانەی ترۆتسکیش تیایە ببڕێت. لەو فیلمەدا، لێنین یاداشت دەکرێت ، بەلام بەهیچ شێوەیەک ئێزنشتاین، باس لە ستالین ناکات. ستالین گلەیی لە (کەموکوڕی ئایدۆلۆژیا)ی ئێزنشتاین دەکرد، تۆمەتی ئەوەی دەخستەپاڵی کە فیلمەکانی ووشک و ئەبستراکتن و دوورن لە خەباتی پڕۆلیتاریا و کەم خزمەتن بۆ شۆڕشی کرێکار و دەسەلاتی کۆمۆنیستی ، ئەمڕۆ سۆڤییەت پێویستی بە ڕیالیزمی سۆشالیستی هەیە. بەلام وەک لە زۆربەی نووسینەکان کە لەسەر ئێیزنشتاین نووسراون، وا پیشاندەدەن کە ئێیزنشتاین لای ستالین پێی بە هەڵەکانی خۆیدا ناوە (ڕەنگە ئەمەش هەڵوێستێکی ژیرانە بووبێ). ستالینیش، بەخشیویەتی و ڕێگای ئەوەی پێداوە کە بچێت هونەری تەکنیکی دەنگ، کەتازە هاتبووە ناو هونەری سینەماوە، لە دەرەوەی سۆڤییێت بخوێنێ. ئەوە بوو ئێزنشتاین سەرەتا دەچێتە بەرلین و پاشانیش لەسەر داوای چارلی چاپلن، دەچێتە هۆلیوود. کە دەگەڕێتەوە مۆسکۆش دووبارە لەسەربەشی یەکەمی فیلمی (ئیڤانی ترسناک) تۆمەتی ئەبستراکتی و شێوەکاری Formalism یدرایە پاڵ . بەلام ستالین فیلمەکەی بەدڵ دەبێ و ماوەی دەدات کە بەشی دووەمی ئیڤانی ترسناک دەستپێبکات. لە بەشی دووەمی فیلمی (ئیڤانی ترسناک)دا ئێزنشتاین بە شێوەیەکی ئاشکرا باس لە کارەکتەر و کەسایەتی توندووتیژی ستالین دەکات. ئەو فیلمە تا ساڵی 1958، واتە بە پێنج ساڵ پاش مردنی ستالین ، قەدەغە بوو، بۆ یەکەم جار لەو ساڵەدا نیشاندرا. بەلام لە ساڵی 1948 دا ، دەساڵ پێش پیشاندانی ئەو فیلمە ، ئێزنشتاین، لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا، بە نەخۆشی دڵ دەمرێ.

ستۆکهۆلم.1997

* بۆ نووسینی ئەم ووتارە سوودم لەم کتێبانە وەرگرتوە.


1.Lessons with Eisenstein,Vladimir Nizhny.New York 1979

2. Sergei Eisenstein, The Film Sense,1975.USA

3.Rune Waldekranz.Filmens Historia,Norsdet.Stockholm.1986

4.Sergei Eisenstein, Essays in film theory, Film Form.1977.USA

هەڤپەیڤینی «بەرۆژ ئاکرەیی» لەگەڵ «هوشەنگی گوڵشیری»

# من دەنووسم؛
# تا بزانم کێم و چیم بەسەر هاتووە؟!

*** دەمەوێ بەر لە هەموو شتێک بپرسم تەمەنت چەندە؟**

– من لە ساڵی ١٩٣٨ دا چاوم بە ژین هەڵێناوە. ئێستا.. بەڵێ دەکاتە ٥٤ ساڵ.

*** پەنجا و چوار؟.. باشە حەزدەکەیت چەند ساڵی تر بژیت؟**

– چونکە هەندێ پلانی نووسینم لە زەیندایە و دەمەوێ بیاننوسمەوە، چەند ساڵێکم گەرەکە. چوار پێنج ساڵم گەرەکە. دواتر ئەگەر هەندێ شتی تریش لە زەینمدا کۆبوونەوە، ئاساییە کە دیسان دەرفەتێکی ترم لە ژیان دەوێ. بەلام ئێستا دەتوانم بڵێم تەنێ چوار پێنج ساڵم گەرەکە. هەر ئەوەندە.

*** دەتەوێ بڵێی کە ژیانت لەو شتانەی لە زەینتدا کۆبوونەتەوە و گەرەکتە بینووسی دا دەبینیت؟ بیر لە هیچ شتێکی تر ناکەیتەوە؟...**

– بەڵێ. چونکە بە رواڵەت هیچ شتێکی تر لە ئارادا نییە و نووسینیش بۆ یەکێکی وەک من، لە سەرووی هەموو کارەکاندایە. بەلام هەندێ بەڵێن و پەیمانی تریش لە ژیانمدا هەن. چووزانم، لە ئاست هاوڕێکانمدا، لە ئاست خێزان و منالەکانمدا؛ ئەمانەش رۆڵێکی گەورەیان هەیە. بەلام من نامەوێ! لە شوێنێکی تریش، لە چاوپێکەوتنێکدا گوتوومە «بە پیری مەمرێنە!». چونکە دەبینم هەندێ لە هاوڕێکانم کە تەمەنیان گەیشتۆتە مەرزی نەوەد، نەختێ کەمتر یان زیاتر، شەست حەفتا ساڵیان تەمەنە؛ کەچی بەداخەوە هێشتا لە مەرزی بیست ساڵیدا و هەر بەو زانست و زەینییەتەی کە لە تەمەنی بیست ساڵیدا هەیانبووە ماونەتەوە. من دەترسێم. دەترسێم لەوەی ببم بە مرۆڤێ کە هیچ کارێ ناکا و تەنیا و تەنیا خۆی دووپات دەکاتەوە. حەز ناکەم. حەزناکەم وام لێبێ.

*** دەتوانم بپرسم لە چ ساڵێکەوە دەستت بە نووسین کردوە؟**

– بە رواڵەت وا دەردەکەوێ کە لە ساڵی ١٩٥٩، ببوورە... نا، بەڵێ ١٩٥٩ بەلام ئەوەی کە بڵاو کراوەتەوە، بە ناز ناوێکی ترەوە، ئەمانە هی ساڵەکانی شەست، یان شەست و یەکن. گۆڤاری «جونگی ئەسفەهان»یش کە سەری هەڵدا، ئیتر لەوێدا هەر بەناوی خۆمەوە شتم بڵاو کردۆتەوە. دەکرێ ئەم ساڵانە بە سەرەتایەک بزانین.

*** دڵنیام کە مەبەستت لە نووسین، لە سەرەتای کارەوە تا ئەمڕۆ، گەلێ گۆڕانی بەسەر هاتووە. پێت وایە لە چ کاتێکدا مەبەست و ئامانجت لە نووسیندا گۆڕانی بە خۆیەوە بینی و ئەم گۆڕانە چ هۆیەکی هەبووە و چۆن نووسینی لەلای تۆ کرد بە شتێکی جیددی؟...**

– منیش لەم دواییانەدا بیرم لەم مەسەلەیە کردۆتەوە؛

چونکە کەسێ لێی پرسی بووم. من پێم وایە سەرەتای نووسین بۆ کەسێکی وەک من بۆ نموونە، ئیسپاتی خودە. واتە ئیسپاتی ناو. نازانم... مرۆڤێ کە لە خێزانێکی هەژاری کرێکارییەوە هاتووە و لەوانەیە بیەوێ بڵێ منیش هەم! دواتر... گەلێ بەپەلە بە نووسینی «شەوی گومان» لە کۆمەڵە چیرۆکی «وەک هەمیشە»دا بەو ئاکامە گەیشتم کە: دەی باشە؛ چیرۆک نووسین لە جیهاندا بەم فۆرم و شێوازانە لە ئارادایە؛ ئەی من چی بکەم؟.. کەواتە شێوە نووسینێک بەلامەوە گرنگ بوو کە جیاواز بێ لەگەڵ نووسەرانی بەر لەخۆم. ئەمەیان گرنگ بوو، کە چۆن بنووسم؟ قۆناغی دووهەم ئەوە بوو کە مرۆڤ هەندێ قسەی هەیە بۆ نووسین، بەڵام گرنگییەکەی لەوەدا بوو کە چۆن و بە چ شێوەیەک بیاننووسم؟! قۆناغی دووهەم بۆ من رۆمانی «شازادە ئیحتیجاب» بوو، کە من لە هەموو ژیانمدا نە شازادەیەکم بینیبوو، نە هەڵسوکەوتم لەگەڵیاندا هەبوو، نە لە کۆشک و ماڵی ئاوادا ژیابووم... کەواتە من شتێکم نووسی کە هیچ پەیوەندییەکی لە رووی مادییەوە بە منەوە نەبوو. هەر بۆیەش بەدوای ئەم شتانەدا چووم. گەلێ کۆشکی کۆنم بینی و یادداشتم نووسین، گەلێ کتێبم خوێندەوە. ئەمەش کارێکی ئەوتۆیە کە بێجگە لەو ساتە بچووکانەی مرۆڤ دەیانخاتە قورگی بەرهەمەوە، خودی خۆم لە مەیداندا نیم. بەڵام لە قۆناغی دواتر دا، واتە «کریستین و کید» من دەمنووسی تاکو بزانم من کێم و چ کارەم؟... هەروەها لە رێگای ئەم بەرهەمەوە بۆم دەرکەوت کە ئاشقم. دواتر ویستم لە پرۆسەی نووسینی «کریستین و کید» دا لە پەیوەندییەکانی دەوروبەرم ورد بمەوە و تێیان بگەم. هاورێکانم نووسینەکانمیان دەخوێندەوە تا بزانن لە ژیاندا چیم بەسەر هاتووە. منیش دەمنووسی تاکو بزانم دەبێ چی بکەم و چ کارەم؟.. لەراستیدا نووسین لەم قۆناغەدا بۆ من، ناسینی خودی خۆم بوو. ئەگەر لە «شازادە ئیحتیجاب»دا، هەوڵی سەرەکیم، ناسینی مێژوومان بوو، ناسینی رابردووی وڵاتەکەم بوو، ناسینی ئەم ستروکتورە هەرەمییە بوو، ئەم دیکتاتۆرییەتە بەناو ئاسایییە بوو؛ لەمەی تریاندا ئیتر کێشەکە خودی خۆم



هوشەنگی گوڵشیری (هاوینی ١٩٩٢ ستۆکهۆڵم)

بووم. هەندێ کێشەی تریش لە ئارادان، چونکە لە رووی زەمەنەوە، ئەو مەجالەی کارم تێدا کردووە گەلێ جیاواز بووە،

بەڵام لە «بەرخی ونبووی راعی»دا دیسان گەرەکم بوو لەگەڵ سەراپای فەرهەنگی رابردوو و ئێستاکەم بەرەورووبیمەوە و بزانم کە دەبێ چۆنا وچۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکەم و چیان لێبکەم؟.. لە کۆتایی حەفتاکاندا، دوای شۆرشی ئێران بەملاوە، دەتوانم بڵێم نووسین بۆمن بریتی بووە لەوەی کە بنووسم تاکو بزانم لە وڵاتەکەمدا چ دەگوزەرێ؟.. کەواتە نووسین بۆ من بوو بە کەرەسەی ناسینی جیهان. ئیتر کێشەی ناوبانگ و شتی تری لەم بابەتە گرنگیی خۆیان لەدەست دابوو، چونکە بە بوونی ئەو چەند خوێنەرە کەمەی کە هەمبوون قانع بووم. ئێستا کە سەیری رابردووم دەکەم، چەند چیرۆکێکی خۆمم خۆش دەوێن و دەزانم کە ئەمانە دەمێننەوە و ئێستا ئیتر شەرکردن لەگەڵ نامومکین دا گرنگە. واتە دەمەوێ هەندێ کاری ئەوتۆ بکەم کە بەر لە ئێستا نەمکردبن. بۆ من هەمیشە ئاوا بووە، نەک ئەوەی بنووسم تاکو بڵێم: هێشتا ماوم و خەریکم دەنووسم؛ بەڵکوو گەرەکمە کارێکی وا بکەم لە لایەنی فۆرم و شێواز و تەکنیکەوە نامومکین بێ. بۆ نموونە لە چیرۆکی «مەعسوومی پێنجەم»دا یەکەمین حەرەکەتی زەینیم ئەوەیە: رستەی وا بنووسم کە کورت نەبن.

هەر ئەمە؛ خودی ئەمە دەسپێکی چیرۆکە.

*** چ شتێ بوو بە هۆی ئەوەی بیر لەوە بکەیتەوە رستەی کورت نەنووسی؟**

– چونکە پێم وابوو رستەی کورت توانای ئەوەی نییە ئاڵۆزکاوی سەراپای فەرهەنگێک بخاتە بەرچاو. یانی بۆ نموونە: هەر ئێستا تۆ گەرەکتە ئەمە (قەندانە کە هەڵدەگرێ) وەسف بکەیت. دەتوانی بە رستەی کورت کورت وەسفی بکەیت. بەڵام ئەگەر پێت وابێ کە ئەم شتە پێشینەیەکی دوور و درێژی لە سەرتاسەری مێژووی وڵاتێکدا هەیە، هەروەها پێشینەیەکی لە شیعر و ئەفسانە و شتەکانی تردا هەیە... پێم وایە ئەگەر دانیشی و بە رستەی کورت کورت بینووسی، هەر بەم رستە کورتانە سووکایەتی بەم شتە دەکەی. بەتایبەت کە لەو چیرۆکەدا مەسەلەی مەوعود لە ئارادا بوو. واتە من ویستم تەنیا وێنەیەک وەسف بکەم کە لەسەر بەرگی دەفتەرێک چاپ کرابوو، هەر ئەمە! ئەوسا دەستم پێکرد. چوار ساڵیشی خایاند. رۆژی وا هەبوو تەنیا دێرێکم دەنووسی. رۆژی وا هەبوو هیچم بۆ نەدەنووسرا. بەڵام هەردەم خەریکی ئەملا و ئەولا کردنی دێرەکان بووم. کەواتە ئێستا ئەوەی بەلامەوە گرنگە، گەیشتن بەو قۆناغەیە کە بتوانم لە «ئەخشبەندان» و «گورگ» و «مەعسوومی پێنجەم» تێپەرم.

*** وابزانم خەریکە قسەکانمان دەبن بە شتی گشتی؛ بۆیە دەمەوێ بگەڕێمەوە دواوە. ئایا لەو سەردەمەدا کە پێت وابوو دەبێ گۆڕانێک لە نووسینی خۆتدا بەکار بێنی، ئایا لە ژێر کارتێکردنی شتێکدا نەبووە کە خۆت پێی بزانی؟... نازانم... خوێندنەوەی شتێک، بینینی شتێک... خۆ ئەم گۆڕانە هەر بەجارێ و بە هەڵکەوت نەبووە، پێت وا نیە؟**

– بەڵێ... گەلێ شت هەن کە دەبن بە هۆی گۆڕانکاری. بۆ نموونە کاتێ «شەوی گومان»م نووسی، لەو سەروبەندەدا بو کە چیرۆکێکی «کلۆد رۆوا»م خوێندەوە بە ناوی «من خەراپ نیم؛ تۆ چۆنی؟». دەی باشە؛ من ئەو کات بیرم لەوە کردەوە کە هەندێ ئیمکاناتی تر لە نووسیندا هەن کە جیاوازییان هەیە لەگەڵ «بالزاک» و «مۆنام» وئەوانی تردا... تەنانەت «مۆپاسان»یش؛ یاخود ئەو شێوازانەی لە ئێراندا تاقی دەکرێنەوە. ئەمەیان بۆ من، هەنگاو و گۆڕانێکی گەورە بوو. یان گۆڕانێکی تر ئەوە بوو: دوای شۆڕشی ئێران ئێمەی نووسەران لەگەڵ یەکتردا کەوتینە دانوستانێکی درێژخایەن (کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێ گرووپی هەشت داستان، یان پێنج شەممەکان) لەوکاتەدا بیرم لەوە دەکردەوە کە دەبێ چۆن بنووسم؟.. بەر لەوەش من بەو ئاکامە گەیشتبووم – بۆ نموونە لە نووسینی «فەتحنامەی موغان»دا– کە نووسین بە شێوەی سیمبۆلی و ناشکرا بەرسقدەری زەمانە نییە. بۆ نموونە دابنیشین و بمانەوێ داستانێکی ئاڵۆز و پڕ لە گرێ کوێرە بنووسین کە هەم زیندانی تیابێ و هەم ئەشکەنجە و لە هەمان حاڵدا، روون و بەرچاو نەبێ، وەک «بووکۆکە چینییەکەی من»*. ئێستا ئیتر ئەو سەردەمە بەسەر چووە، ئێستا کە دەتوانین بە گوێگرتن لە رادیۆ یاخود بە تەلەفۆن لەگەڵ جیهانی دەوروبەر و دەرەوە پەیوەندی بکەینەوە. ها؟...

*** بەڵێ...**

– کەواتە من بەو ئاکامە گەیشتم کە ئەمە خۆفریودانە، کە ئێمە پێمان وابێ لە نووسیندا ببین بە جێگری بڵاوکراوە (اعلامیە). هەڵبەت دەزانی کە خولیای ئەم شێوە نووسینە بەر لەوەش هەر لە سەرمدا بووە، لەو جۆرە چیرۆکانەی کە من بڕوام پێیان هەبوو و دەمنووسین. بەڵام هەروەکو گوتم لە ساڵەکانی حەفتاونۆ بەملاوە بەم ئاکامە گەیشتم کە ئەو شتەی دەتەوێ بە شێوەی هەواڵ رایبگەیەنی دەبێ بێ پێچ و پەنا و راستەوخۆ دەریبڕی. شتە گرنگ و ئاڵۆزەکانی تر، ئەو لایەنانەن کە لەتەنیشت هەواڵەکانن و هەر ئەمانەشن کە چیرۆکێک دەکەن بە چیرۆک و چێژی نادیاریش هەر لەو شتانەدایە. مەبەستم ئەوەیە، بۆنموونە لە «فەتحنامەی موغان»دا، لە قۆناغێکی مێژوومان‌دا، ئارەق خواردنەوە و مەینۆشی قەدەغە دەکرێ و جەماعەتێک دەڕۆن و بوتڵەکانی ئارەق دەدۆزنەوە و دەیخۆنەوە. خودی ئەم بابەتە دەیتوانی ببێتە چیرۆکێکی گەلێ سادە. ها؟.. بەڵام کاتێ ئەم رووداوە

لەتەک ڕووداوێکی تری مێژوویيدا و لە قۆناغێکی تری مێژوویيدا هاوتەریب بکرێ و وەسف کردنی مەینۆشی بەو دیققەتە بنووسرێ کەوا بخرێتە بەرچاو ئەگەر «حافز» یان «خەیام» بە پەخشان بیاننووسیبا، هەروا دەنووسرا. لەلایەکی ترەوە جۆری بینینی ئێمە، بۆ نموونە لە ئاست مەینۆشیدا، تەنیا خەمی دووری لە مەی نەبێ؛ بەڵکو لە هەمان کاتدا جۆرە تێڕوانینێ بێ، وەک ئەوەی بمانەوێ پەردەی فێڵ و درۆ دادڕین... کەواتە دەمەوێ بڵێم ئەو شتەی کە ڕەکەمە بیڵێم بە ئاسانی دەیڵێم لە هەموو چیرۆکەکانمدا...

*** بەڵێ... هەروەکو گوتت تەمەنت پەنجا و چوار ساڵە، بۆم هەیە بپرسم: ئێستا کە وەردەچەرخێی و سەیری دواوە دەکەی، «گوڵشیری» کام قۆناغ لەخۆتەوە نزیک تر دەبینی؟**

– وەڵلاهی چی بڵێم؟... من خۆم بێ تام ناکەم. ڕابردوو ئیتر بۆ من هێندە گرنگ نییە. ئەو شتەی کە نووسیومە ئیتر پەیوەندی بە منەوە نییە. هەر لەبەر ئەمەشە کە من هەر کاتێ لە نووسینی چیرۆکێک دەبمەوە، بەرەو ڕووی بۆشایی دوارۆژ دەبمەوە، خەمی ئەوە دامدەگرێ کە دەبێ چی بنووسم؟... وەک ئەوەی کەسێ دانیشێ و ببینێ ئایا دەتوانێ شتێ بخولقێنێ یان نا؟، دەتوانێ بژێ یان نا؟

*** ئەگەر وابێ پرسیارێکی تر خەریکە لەلام دروست دەبێ؛ دەمەوێ بزانم چ شتێک لە ئەدەب دا تۆی بە خۆیەوە خەریک کردووە؟**

– من... (تاوێ بێدەنگ دەبێ) دەتوانم بڵێم گرنگ ترین شت لە ڕاستیدا ئەمەیە: من... ئەم مرۆڤە ئێرانییە خۆرهەڵاتییە کێم و چکارەم؟... لە کوێی ئەم دیرۆکە مرۆڤایەتییە ڕاوەستاوم و چ بەشێکم هەیە؟..

*** لەسەر ناسنامەی میللی گەلێ جەخت دەکەی؟..**

– بێ گومان... بێ گومان.. ناسنامەی میللی نەک بەو مانایەی کە من ئێرانیم. نا!... بەڵکو بەو مانەیەی کە بە فەرهەنگێکەوە بەستراومەتەوە و ئەم فەرهەنگەش فەرهەنگێک نییە کە بۆ نموونە: بڵێم منی «ئەسفەهانی» یان «خوراسانی» دروستم کردووە... نەخێر.. ئەم فەرهەنگە کۆمەڵەیەک لەو هەوڵ و کۆششانەیە کە هەموو ئەو گەلانەی لەم ناوچەیەدا ژیاون بەشدارییان لە پێکهێنانیدا کردووە. بۆ نموونە: ئەو شیعرەی بە کوردیش دەنووسرێ، یەکێکە لە شێوە شیعرییەکانی ئەو فەرهەنگە. چیرۆکێکیش کە دەنووسرێ هەر لەو فەرهەنگەوە سەرچاوەی گرتووە و دەتوانم بڵێم یەک شێوە چیرۆک و شیعرە. مەبەستم ئەوەیە، بۆ نموونە: ئەگەر من کوردیش بام، لەوانەیە هەر ئەم چیرۆکانەم نووسیبان، هەڵبەت بە مەرجێ هەر ئەم تێڕوانینەم هەبا. بەڵێ.. بۆ من ئەم کۆڵەکە فەرهەنگیانە گرنگن، کە بەشێکیان زمانە... بەشێکی هەرە مەزنی لە زمانی فارسیدایە، بەشێکی لە زمانی عەرەبیدایە. لەبەر چاومانە ئیتر. بۆ نموونە «ابن سینا» هاتووە و لە زمانی عەرەبیدا خۆی دەربڕیوە.

*** باشە... شتێکی تر. با هەر ئێستا بپرسم، دەترسێم دواتر لەبیرم بچێتەوە. پێت وایە ئەدەبیات پرسیارە یاخود وەڵام؟.. واتە ئەدەبیات زەمینەیەکە بۆ داهێنانی پرسیارەکان یاخود وەڵامی ئەو پرسیارانەیە کە لە ئارادان؟..**

– بە ڕواڵەت گوتوویانە: ئەدەبیات پرسیارە. یان داهێنانی پرسیارە. بەڵام من هەر لەسەر ئەمە ڕاناوەستم. لە ڕاستییدا پێم وایە ئەرکی ئەدەبیات ئەوەیە کە ئەو بۆشاییەی لەبەردەم مرۆڤەکاندایە، بخاتە بەرچاو تاکو مرۆڤەکان پردێک بۆ بەرینەوە لەو بۆشاییە چێ بکەن. واتە ئێمە ئەوە دەخەینەوە یادی مرۆڤ کە خۆی ببینێ. ئەگەر بیەوێ زیندوو بمێنێ دەبێ وەڵامی خۆی بداتەوە. با نموونەیەک بێنمەوە: ئەگەر ئێمە بێین و دووڕوویی مرۆڤێک بخەینە بەرچاوی خۆی، هەر بەو شێوەیەی کە لە «فەتحنامەی موغان» دایە؛ دواتر ئەگەر ئەم مرۆڤە بیەوێ لە ژیاندا بەردەوام بێ، ناچارە هەڵبژێرێ. واتە: ئایا دەیەوێ هەر وا دووڕوو بمێنێتەوە؟.. دەبێ وەڵامی ئەم شتانە بداتەوە. وابزانم بۆ من ئەدەبیات ئەو شتە نییە کە مرۆڤ سەرکەرم بکا، یان بیخاتە سەر زەوق و لە خۆشیاندا ببوورێتەوە، یان هەر ئەو زانیارییانەی دەرخوارد بدرێ کە

خۆی دەیانزانێ. پێم وایە ئەمانە گەمە کردنن. ئەدەبیات ئەو شتەیە کە وا لە مرۆڤ دەکا خەو نەیباتەوە! لەلایەکی تریشەوە دەبێ بەشێوەیەکی جیددی بەرەورووی کێشەکان بێتەوە یانژی بەرەورووی من نەبێتەوە. پێم وایە هەموو ئەو رق و قینەی بەرامبەر بە من بەکار هێنراوە، هەر هی ئەم بۆچوونانەمە! یانی گرووپە سیاسییەکان... حیزبەکان... بۆچی «گوڵشیری»یان خۆش ناوێ؟ بۆچی بۆ نموونە «حزبی توودە»وتارم لەسەر دەنووسێ، جنێو دەدا؟... بۆ ئەم کارە دەکا؟... چونکە کاتێ سیمای خۆی لە نووسراوەکانمدا دەبینێ، بەرەورووی دووڕیانێک دەبێتەوە، واتە یان دەبێ بڵێ: ئەمە منم و دواتر هەوڵ بدا خۆی پاک بکاتەوە، یان بێت و ئەم کارە بکا؛ جنێو بدا و تۆمەتم بخاتە سەر... ژاراویی کردنی هەوای دەوروبەر... رەخنەی پڕوپووچ گرتن. لەوانەیە بۆ مرۆڤێکی ئاساییش شتی وا روو بدا. بۆ نموونە: بەرەورووی کەسێ دەبینەوە کە «شازادە»یە. پێی دەڵێین باری قورسی ئەو تاوانانەی باو و باپیرانت کردوویانە لەسەر شانەکانی تۆیە. فەرقێکی ئەوتۆی نییە؛ خەریکە لەسەر شانەکانی منیش قورسایی دەکا. ها؟.. وەکو میرات هەڵگری ئەو سلسلە پاشاییەی هەبووە، یان هەیە. ئێستا دەبێ چی بکا؟.. یان دەبێ خۆی نوێ کاتەوە و لەو تاوانە بشواتەوە، رەگ و ریشەی دیکتاتۆرە گزگلەکەی دەروونی خۆی بدۆزێتەوە و تووڕی بدا، یان دەبێ منێ کە وای پێدەڵێم وەلا بنێ و بسڕێتەوە. هیچ رێگایەکی تر نییە. بە رواڵەت رێگای دووهەم ئاسانترە: سڕینەوە! لەبەرچاو نەگرتن! ناو و ناتۆرە هەڵبەستن: فڵانە کەس فۆرمالیستە. هەموو ئەم شتانەیان لەبارەی من بەکار هێناوە و گوتوویانە. دیارە لە جیاتی ئەوەی تۆ بڵێیت کاکەگیان من ئەوە تەمەنێکە چاوەڕوانی رۆژی (مەوعوودم). ئەم مەوعوودە دەتوانێ فڵانە حزبی ئەهێنی بێ، دەتوانێ «مەولەوی»، «ئیمام زەمان»، «هێزی بێگانە»، چووزانم «ئینگلیز».. یان هەر شتێکی تر بێ کە بڕوات پێی هەیە. ئەم کارە ناکەیت. کەواتە ئاسانتر ئەوەیە دژایەتی بکەیت. یان ئەگەر بێتو ئەوە قەبوڵ بکەی کە هیچ مەوعوودێ، بێجگە لە خودی خۆت لە ئارادا نییە، ئەمەیان ئیتر کارێکی سەختە. کەواتە پرسیارێکە، کە دەبێ سەراپای بوونی خۆی لەسەر بنچینەی خوێندنەوەی ئەم کارە بگۆڕێ...

*** ببورە... من بۆیە ئەم پرسیارەم بۆ هاتە پێش کە ئەگەر بێتو ئەدەب بە پرسیار دابنێین، ئەوە دەبینین بۆ نموونە خودی سیاسەتیش جۆرە پرسیارێک دەخاتە روو، ئەویش بەو شێوەیە کە بۆچی شتەکان، یان یاسایەکان بەم شێوەیەن و بە شێوەیەکی تر نین. یان جیهان و کۆمەڵگا بەرەو کوێ دەڕۆن؟... هەرچەند سیاسەت گۆڕینی هەلومەرجی ناوچە یاخود جیهانی مەبەستە و ئەدەب گۆڕینی ژیان. ئەگەر ئەدەب بە پرسیار نەزانین و بە وەڵام لە قەڵەمی بدەین ئەوە دەبینین گەلێ زانستی تریش لەم نێوانەدا هەن کە پەنجە لەسەر هەندێ وەڵام دادەنێن. زانستەکانی وەک دەروونناسی، کۆمەڵناسی، فەلسەفە و... لەلایەکی ترەوە کام یەک لەمانە دەتوانن ژیان لەم سەرەمەرگییە رزگار بکەن؟**

– بڕوانە... هەندێ کێشە هەن، بۆ نموونە لە دەروونناسیدا، کە بەشێکیان لە زانستەوە سەرچاوە دەگرن. ها؟.. بەشێک، دیسان بۆ نموونە لە «مارکسیزم» زانستە. جا دەکرێ لە ئەدەب دا کەڵک لەو شتانە وەرگرین کە جیهانبینییەکەیان دەگەڕێنەوە سەر زانست. بەڵام ئەمانە بنەمای ئەدەب نین. بەڵکو ئەو بەشانەی کە نادیار دەمێننەوە، ئەو پرسیارانەن کە لە ئاست کێشەکانی ئەمڕۆ یانژی داهاتوودا دەمێننەوە، ئەمەیان بنەمای ئەدەبیاتە. کامیان رزگارکەرە؟.. نازانم! چونکە لەو بڕوایەدا نیم ئەدەبیات بتوانێ نەجاتدەر بێ. بەڵام دەتوانێ کارێ بکا؛ ئەم کارە بە رواڵەت گەلێ بچووکیشە، بەڵام هەرچۆنێ بێ، گرنگە. ئەویش ئەوەیە کە شێوە بینینی ئێمە لە ئاست «بوون»دا بگۆڕێ. ئەوسا دوای ئەم شتە، خۆمان هاتین و ویستمان ئەو «بوون»ە بگۆڕین، ئەمەیان ئیتر کێشەی خۆمانە. ئاسانترین نموونەش ئەوەیە کە تۆ درەختێک دەبینی و «ڤان کۆخ»یش ئەو درەختە دەکێشێتەوە، لە کێشانەوەیدا دەتەکێنێ و تەپ و تۆزی بە عادەت بینینی

لەسەر رادەمالێ، هەر بۆیەش دوای ئەم کارە، تۆ درەختەکە بە شێوەیەکی تر دەبینی. ها؟... ئێستا دێین و درەختەکە وەسف دەکەین. هەر خودی ئەوەی کە ئێمە ناتوانین درەختێک لە سێ بووعدەوە وەسف بکەین، کێشەیەک دێنێتە دی. کەواتە هەر چۆنێک بێ، ئەدەب گۆڕان وەدی دێنێ. ئەدەب بە هیچ شێوەیەک رەنگدانەوەی واقیع نییە. ها؟.. شتێکی تر. کێشەی چیرۆک ئەوەیە: کاتێ من دێم و لەسەر رێکخستنی رستەیەک زەحمەت دەکێشم و چەندین جار شوێن گۆڕکێ بە فعل و فاعل و مفعولەکان دەکەم و دوای ئەوەش چەندین جار پاکنووسی دەکەمەوە؛ لە حەقیقەتدا خودی چیرۆک خەریکە پێم دەڵێ کە کێشەی من ئەوەیە: گۆڕینی جیهان هێدی هێدی و کەم کەمە!

*** هەروەها بە مەعریفە!**

– بەڵێ... ئەمەیان شتێکی بنەماییە! من نامەوێ بچمە نێو کێشەی مەعریفە و شتەکانی ترەوە. یانی بێگومان ئەمانە بەشێکن لە مەعریفە. چونکە تۆ بە شێوەیەکی تر سەیری درەخت دەکەیت. خودی ئەمە مەعریفەیەکە. تۆ مەعریفەیەکت هەیە و منیش مەعریفەیەک. هەردووکیان لەلای یەکتر دادەنێین، ئەوسا دوو بۆچوونمان لەمەڕ درەختەوە دەبێ، کەواتە دەکرێ بۆچوونێکی تریش بێتە ئاراوە. ئەمەیان باسێکی ترە. بەڵام پێم وایە دەبێ تا لێرەدا دیقەت بکەین، چونکە ئێمە... زۆربەی هەرەزۆرمان ئەدەبمان بە هەڵە بینیوە، چونکە تێینەگەیشتووین. من دەمەوێ باسی منداڵێک بکەم کە باوکی مردووە. هەر ئەوە! یانی دەمەوێ چیرۆکێکی سادە لەمەڕ ئەم شتەوە بنووسم. کەواتە دەمەوێ زەینی خوێنەر بەرەو شتێکی بچووک لەم ژیانەدا راکێشم و پێی بڵێم: دەبێ ئاگامان لە منداڵێک بێ کە لەم قۆناغەدا دەژی. هەروەها دەمەوێ پێی بڵێم: ئەگەر جارێکی تر منداڵێکت بینی، چاکی لێ ورد بەوە! کەواتە چاوەڕوانی شتێکی بچووکی لێدەکەین کە بیگۆڕێ. کەواتە پێم وایە ئەوەی کە ئەدەب جیهان بگۆڕێ، سەرەوژێری بکا.. بۆچوونێکی هەڵە بووە.

*** ژیان، نەک جیهان...**

– دەیەوێ بڵێ: ئەوەی لە ئارادایە؛ شیاوی گۆڕانە. دەکرێ، تۆ شوێنی شتەکان بگۆڕی، زۆر بە ئاسانی دەتوانی لە وەسف کردندا، شوێنی فعل و فاعل بگۆڕی..

*** باشە.. ئێستا شتێکی تر، پێت وایە سیاسەت و ئەدەب لە کوێ بە یەکتر دەگەن و لە کوێ لە یەکتری جیا دەبنەوە؟ هەروەها ئایا دەکرێ پرسیار یان بەرسڤی سیاسەت لە شوێنی پرسیار یان بەرسڤی ئەدەب دابنێین و هەروەها بە پێچەوانەوە؟..**

* بەڵێ... سیاسەت... دەڵێ بەرسڤی گەلێک لەم پرسیارانە دەزانم... من بەرسڤی ئەم شتانە دەزانم...

*** من ئەم گوت: تۆ نازانیت... دەمەوێ بڵێم...**

– نا! نا! نا!... بۆچوونی سیاسیەکان ئەمەیە. چونکە دەیەوێ لەگەڵ خەڵک بدوێ. یان بۆ نموونە دەیەوێ لە نێو جەماوەردا راپەرین وەدی بێنێ و لە هەڵبژاردندا دەنگی زیاتر بۆخۆی کۆ بکاتەوە. ها؟.. دەیەوێ خەڵک دەنگی پێ بدەن. کەواتە خەریکە بە جۆرێک هێمن دەکا... بۆچوونێک بڵاو دەکاتەوە، کە من وەڵامی پرسیارەکان دەزانم و دەتوانم کێشەکان چارەسەر بکەم. ئا لێرەدایە کە لە یەکتر جیا دەبنەوە. منیش کە چیرۆک دەنووسم؛ لە راستیی دا جەخت لەسەر هەندێ شت دەکەم کە لە نێوان من و هەر خوێنەرێک دا هاوبەشە. مەبەستم ئەوەیە: ئەگەر من بڵێم «مێز» ئەو بۆچوونەی کە لە زەینی من و تۆدا لەمەڕ ئەم شتەوە هەیە، وەکو یەکە. بەڵام ئەگەر گوتم: ئەو مێزەی یەکێک لە پێچکەکانی شکاوە؛ ئەوا ئەختێ بۆچوونەکەت لەمەڕ شتەکە دەگۆڕم. ها؟... باشە! من پێم وایە کاتێ چیرۆکنووسێک دەیەوێ بڵێ: من هەموو شتێک دەزانم؛ وەڵامی هەموو شتێک لەلای منە، رێک لەو کاتەدا دەبێتە سیاسی. لەو کاتەوە ئیتر بە سیاسییەکان دەدوێنێ. قسە لەسەر ئەوە نییە کە ئەدەب، سیاسی نییە؛ بە هیچ جەشنێک قسە لەسەر ئەوە نییە! قسە لەسەر ئەوەیە: بۆ روانین لە جیهان، دوو جەشنە بینینمان هەیە. چەندین جۆرە بینینی فەلسەفیمان لە ئاست ژیاندا هەیە، چەندین تێڕوانینی ترمان هەیە. ئەمانە هەموویان پێک هێنەری «بوون»ی ئێمەن و بۆچوونمان لە ئاست جیهان

دروست دەکەن. ئەدەب: لەوانەیە کێشەی ئەوە بێ کە دەیەوێ پێم بڵێ، یان بە خوێنەر بڵێ: بێجگە لە تۆ، کەسێکی تریش هەیە کە دەروونێکی هەیە، رابردوویەکی مێژوویی هەیە و چەندین شتی تر... هەروەها ئەگەر سیاسییەک، بۆ نموونە دەڵێ: دەبێ سەری دژەکانمان ببڕدرێ؛ یان دژەکان هیچ مافێکیان نییە؛ چیرۆکنووس دەڵێ: دژەکەی تۆ، دوژمنەکەی تۆ، مرۆڤێکە کە خاوەنی ناوێکە، تەمەنێکی هەیە، خاوەنی دایک و باوکێکە. رۆژێک ئەڤیندار بووە، رۆژێکیش، بۆ نموونە، نینۆکی وەژان کەوتووە، یان رۆژێک ددانی ئێشاوە، کاتێ «چا»دەخواتەوە دەستی هەست بە گەرما دەکا. واتە ئەو سەربازەی بەرەو مەیدانی شەڕ دەڕوا تاکو دوژمنەکەی بکوژێ، ئەگەر نەختێ شارەزای ئەدەب بێ، لە کاتی تەقەکردندا دەستی دەلەرزێ. بەڵام مرۆڤی سیاسی ناچارە خۆی بە خاوەنی یەک قسە و بڕیار بخاتە بەرچاو. راستە کە ئێستا لە دنیای سیاسەت دا لەوانەیە بەم ناکامە بگەن، بەم ئەقڵە بگەن، کە شتەکان هەموویان بە شێوەیەکی رەش و سپی نەخرێنە بەرچاو. بەڵام بەلای کەمەوە لە وڵاتەکەی مندا، بۆ ئەوەی بتوانن کارەکان ئاسان بکەن، هەمیشە دوژمنێکی سەیر و سەمەرە قوت دەکەنەوە و خەڵک ناچار دەکەن کە لە زەینیاندا تەقە لەم دوژمنە بکەن. ها؟.. رەنگە گرنگترین شت لە ئەدەبدا.. یان دوژمنایەتی لەگەڵ ئەدەب لە وڵاتەکانماندا ئەوەبێ کە ئەدەبیات دەڵێ: مرۆڤەکان تەنیا و تەنیا ژمارە نین. مرۆڤەکان تەنیا سەرێک و ملێک و لەشێک و دوو دەست و دوو پێیان نیە. هەیانە!.. بەڵام لەمە زیاترن. بەهەرحاڵ مرۆڤ دەریایە. مرۆڤ شتێکی بێ سنوورە و ناکرێ بۆ هەمیشە داوەریی لەسەر بکەین. ئەمەش شتێکی گرنگە. هەر ئەمەشە کە خەوی سیاسییەکان دەڕەوێنێتەوە.

*** سوپاس.. من گەرەکمە خێرا لەم بابەتە بچینەدەرەوە. بەڵام شتێکی تر لەم نێوانەدا ماوەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە تۆ تا چ رادەیەک بڕوات بە ئامانج خوازی هەیە؟.. یان رەنگە چاکتربێ بڵێم رات لەم بارەوە چییە؟.. کە نووسەرێک هەر چۆنێک بێ ئامانجێکی هەیە و ئایا دەتوانێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی بنووسێ؟..**

- نازانم... نووسەری ئامانجە سەیر و سەمەرەکان... لەوانەیە، بۆ نموونە، هەندێ شت گشتی بن. دادپەروەری بۆ هەموو کەس. هەموو مرۆڤەکان بتوانن ئازاد بن، بتوانن بە ئازادی بدوێن... ئەمانە بەشێکن لە بنەماکانی نووسین و کاری نووسەر. دیسان دووپاتی دەکەمەوە: ئەگەر من خەریکم دەنووسم، بۆئەوەیە کە خوێنەرێک بیخوێنێتەوە. واتە پارێزەری مافی هەڵبژاردنی خوێنەرم. ئەگەر من لە چیرۆکێکدا دوو کەسایەتی لە ئاست یەکتر دانێم، کە یەکێکیان شتێ دەڵێ و ئەوی تریان شتێکی تر، مانای ئەوەیە کە من لایەنگری دێموکراسیم. ئەمانە هەمووی بەشێکن لە بنەماکانی نووسین و کاری نووسەر. من خۆم بە خاوەنی ئەم ئامانجانە دەزانم کە ئیمکانات بەلای کەمەوە، بۆ هەموو کەس بە یەکسانی لە ئارادابێ. وابزانم هەر بەم ئامانجانەشەوە ئەم دنیایە جێدەهێڵم. بەڵام ئەوەی کە من دەنووسم تاکو ئامانجەکان بێنە دی؟... یانی من بێم و چیرۆکێک بنووسم و لە چیرۆکەکەم دا، بۆ نموونە، نیشان بدەم کە چۆن دەکرێ بەم ئامانجانە بگەین. لەو بڕوایەدا نیم! یانژی لە چیرۆکەکەمدا هاوار بکەم: «هۆ خەڵکینە! کۆ بنەوە تا ئامانجەکانی من بێنە دی»؟ نەخێر!. ئەمانە شتی گەلێ دووری داهاتوون کە مرۆڤ دەبێ هەوڵی بۆ بدا. کێشەکانی ئێمە؛ کێشەی من لەم تەمەنەدا، کێشە هەرە بچووکەکانی رۆژانەن کە دەبێ چرکە بە چرکە چارەسەر بکرێن. بەڵام ناکرێ پێمان وابێ، هیچ شتێک بۆ هەمیشە بە چارەسەر کراوی دەمێنێتەوە. هەروەها پێم وایە دەبێ هەموومان بیر بکەینەوە. هەر بۆیەش لەو بڕوایەدام کە مرۆڤەکان دەبێ بیر بکەنەوە؛ کێشەکانی مرۆڤایەتی پەیوەندییان بە هەموو گۆی زەوییەوە هەیە و بە هاوبیری و چوزانم یارمەتی و...هتد چارە دەکرێن.

*** گوایە لە شوێنێکدا گوتووتە کە تێکرای هەوڵ و کۆششی نووسەرێک بۆ بە «جەوهەر» گەیشتنە کە ئەوەش شتێکی ناموومکینە! ئایا ئەمڕۆش هەر**

**لەو بڕوایەدایت؟**

**– نازانم لە کوێ وام گوتووە؟.. ئەوە چی بووە؟**

*** لە ڕۆژنامـــەی «ئایەندەگـــان»دا، لە چاوپێکەوتنێکت دا لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەیە، نزیکەی شانزدە ساڵ لەمەوبەر، ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم.**

– واتە بۆ نموونە، ئەگەر لەمەڕ سێوێک بە چەندین ئامڕازی جیاوازەوە بکۆڵینەوە؛ یان ئەگەر بمانەوێ لە مرۆڤ بکۆڵینەوە بە چەندین ئاکـامی جـیـاواز دەگـەین. من بە ڕواڵەت زیاتر عەودالی ئەوەم کە نیسبـەتەکان لە ئارادان، کـەواتە دەبێ ئەو نیسبەتانە وەدەست بێنین. یانی نیسبەتی مەودای نێوان من لەگەڵ سێوێک؛ نیسبەتی سێوێک لە گەڵ ڕەنگی خودی سێو؛ هەروەها ڕەنگی سێوێک لەگەڵ ڕەنگی سێوەکەی تەنیشتی. ئەو نیسـبـەتەی کە لەگـەڵ ڕابردووی خۆیدا هەیەتی، ئەمانە و گەیشتن بەم شتانە گرنگن. نەک ئەوەی کە جەوهەرێک لە زات و دەروونی کـەسـێکدا هەبێ و من گـەرەکم بێ پێی بگەم. تێڕوانینی من، تێڕوانینێکی ئەفلاتوونی نییە. کەمترین شتێ کـە دەمـەوێ بیڵـێم ئەوەیە کـە ئەم شـتـە، خـۆی لە خـۆیدا ناناسرێ. بەڵام من و تۆ بۆ ئاسـان کردنی کارەکـەمـان، واتە بۆ ئەوەی بتـوانین پێکەوە بدوێین، بۆ نمـوونە، ناوی دەنێـین: فنجان. ها؟.. ئێستا ئەگـەر بێتو ئەم فنجانە لە چیرۆکێکدا باس بکرێ، دەبێ لەکـام گـۆشـەنیگاوە لێی بڕوانین؟... کێ لێی دەڕوانێ؟... ئەگـەر منداڵێک لێی بڕوانێ، لێرەوە سـەیری دەکـا، لەوانەیە نێـوەوەی نەبینێ. ئەگـەر کـەسێ بیـەوێ بیخـواتەوە، بە شێوەیەکی تر سـەیری دەکا. من پێم وایە ئەو شـتـەی پەیوەندی بە منەوە هەیە، خـسـتنە بەرباسی ئەم نیـسـبـەتانەیە. هەروەها لە نێو ئەم خـەم و کـۆڤـانەی کـە لە جیـهـاندا هـەیە و ئەم هەمـوو کـوێرەوەرییـەی لەبەر چاومـانە، دەمـانەوێ کاتێ مرۆڤەکان چیرۆکێک دەخوێننەوە؛ بە هۆی ئەوشـێـوازەی دامـانهێناوەوئەوجـوانیـیـەی لە چیـرۆکـەکـەدایە، بتـوانن بە «تەعـالی»بگەن، واتە ئەگـەر مرۆڤەکان مەبەست و مەخسەدێکیان هەبێ، هەمـوو مرۆڤێک لایقی ئەوەیە کـە دەرک بە جـوانیـیـەکـان بکا. ها؟.. هـەڵبـەت خـودی ئەمـەش پەروەردە کردنی گـەرەکە؛ هیچ گومانم لەوەدا



نییە! نووسەریش ئەگەر بتوانێ بەرهەمێکی جوان بخولقێنێ، لە ڕاستییدا قۆناغێکی بازدانی بۆ مرۆڤـەکان داناوە کە تۆ دەتوانی تا ئەم شـوێنە باز بدەی، هەرچەندیش چاکـتـر بنووسێ، مرۆڤەکـان دەتوانن زیاتر باز بدەن. کـەواتە کێشـەی جەوهەر بەو شێوەیە نییە. مـەبەستم ئەوەیە کە هەموو شتێک نیسبییە و پەیدا کردنی مەعریفە لەمەڕ شتەکانەوە، شتێکی ناموومکینە. هـەر ئەوەی کـە بزانین و بۆمـان دەرکەوێ کـە تۆ کێیت؟ بۆ نمـوونە، ئێمـە دەبێ چەندە توانـا و هێزمـان وەگـەڕ بخـەین و چەندین کـەرەسـتـە بەکـار بێنین تاکـو بتناسـین. نازانم... ئەوە شـتـێکی بێکۆتایە. بەڵام بەلای کـەمـەوە ئەوەی دەبیـنین ئەوەیە کـە ئێـمـە لە ناچاریدا یەکـتـر خـولاسـە دەکەینەوە، بەڵام نووسەر دەیەوێ بڵێ: ئەوەندە یەکتر خولاسـە مـەکـەنەوە. تـەنیـا لە ڕووی ڕەنگی پێـست و قـژ و نەتەوە و نەژادەوە لە مـرۆڤ مـەڕوانە! لێی وردبەوە کـە ئەگـەر لە گۆشـەنیگای زانسـتی دەروونناسـییـەوە بەرەوڕووی مـرۆڤێ بووبێـتـەوە، بۆت دەردەکـەوێ کـە دەبێ بە شـێـوەیەکی تر هەڵسوکەوتی لەگـەڵدا بکەیت. ئەمـەش شـتێکە کـە واتەواو بوونی نییە. سەرنج بدە لەو کێشانەی من ئاماژەیان پێدەکەم، بۆ نموونە، فاشیزم چی لە مرۆڤەکان دەکا؟ هەر ئەوەیە! دێین مـرۆڤـەکـان لە ڕووی نەتەوایەتییـەوە دابەش دەکـەین: ئەمـانە چاک، ئەوانی تر خـەراپ.. ها؟.. نووسـەر نایەوێ ئەم کـارە

بکا.

*** باشه پێت وایه نووسەر دەبێ چەندە خۆی تێکەڵی کێشە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان بکا؟**

- بە وتنەی بژی ئەمە و بمرێ ئەوی تر، هیچ!!... دەدۆڕێنێ!!... بەڵام بە مانا قووڵەکەی؟.. هەمیشە و هەرگاف!! یانی من لەو بڕوایەدا نیم کە یەکێک بێ و لێرە خۆی خێرخوازی خەڵک پێشان بدا و لە تەنیایی خۆیدا جۆرێکی تر بجووڵێتەوە. من ئەمجۆرە کەسانە بە فێڵباز دەزانم. من هەمیشە قسەکەی «فرووغ»م دووپات کردۆتەوە کە: «هەندێ کەس بەر لەوەی دەست بە شیعر نووسین بکەن، دەستیان دەشۆن و ئەوسا دەست بەکار دەبن.» ئەوەی کە گرووپێک من بە سیاسی بزانێ و گرووپێکی تر چەپڵەم بۆ لێبدا... ئەمە ئەوپەڕی ناحەزی و چەپەڵییە! کێشە ئەمەیە کە تۆ هەموو ڕۆژێ هەر لە سپێدەوە کە لەخەو هەڵدەستی، لە هەموو چرکەکاندا دەبێ نووسەر بیت و لەهەمان حاڵدا سیاسی بیت، بەمانای قووڵی پەیڤەکە! سادەترین مەسەلەی سیاسی بوون ئەمەیە کە: تێکڕای خەڵکی جیهان مافی یەکسانیان هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئامانجانەی هەیانە و منیش ئاماژەم پێیان کرد... هەموو مرۆڤێکی سەر ئەم گۆی زەوییە دەبێ ئیمکاناتی یەکسانی هەبێ. ئەم ویست و داخوازەش دەبێ لە هەموو ڕەفتارەکانیدا، خۆ بخاتە بەرچاو. هەر کام لە جووڵانەوەکانیشت پێچەوانەی ئەم ویست و داخوازەی تۆ بێ، لە ڕاستیدا زیان بە کارەکەت دەگەیەنێ. من ناتوانم درۆت لەگەڵدا بکەم و دوای تاوێ دانیشم و چیرۆکێکی چاک بنووسم! لە شوێنێکی تریشدا ئەمەم گوتووە: ناتوانم لە ژنەکەی خۆم بدەم، یان بۆ ڕابواردن لەگەڵ ژنێکی تر بچمە دەرەوە... کە هاتمە ماڵەوەش بە هاوسەرەکەم بڵێم: خۆشم دەوێی!!... ئەم ڕەفتارە قێزانە قەبووڵ ناکەم. مەبەستم ئەوە نییە تووشی تاوان نابم، یان تۆبە نەکەم... هەرگیز! بەڵام دەڵێم پێویستە و دەبێ هەموو مرۆڤێ لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆ بێ. نووسەر زیاتر و گەلێ زیاتر!!... چونکە گەرەکیەتی فۆرم و شێواز بە کارەکان ببەخشێ. بۆ من ئەمە کێشەیەکی گەلێ گرنگە. کاری چاک بە دەستی گڵاو ناکرێ! ئەگەر بێتو دەستیشی گڵاو بێ، دەبێ باسی ئەم گڵاوییە بکا. دەبێ بیدرکێنێ! من لەم دووڕووییە ناگەم!...

*** پرسیارێکی تر... ئەو شتەی کە من لە چیرۆکەکانی تۆم هەڵکراندووە، جۆرێکی تایبەتە کە پڕە لە گلەیی کردن لە ڕۆشنبیران. وابزانم دەکرێ ناوی «ئەدەبیاتی سەرکۆنە کردنی ڕۆشنبیران»ی لێ بنێم؛ (هەڵبەت وێرای هاودەردی کردن لەگەڵ خەڵکدا). باشە ئەم پرسیارە دایەتە پێش کە: ئایا ئەم چەشنە نووسینە؛ خۆ بە دەستەوە دان یان هەر هیچ نەبێ دەستەوئەژنۆ دانیشتن لە ئاست دەسەڵاتی حاکم ناخاتە بەرچاو؟... چۆن سەیری ئەم کێشەیە دەکەیت؟**

- یانی چی؟... خۆ بە دەستەوە دان یان؛ دەستەوئەژنۆ دانیشتن لە ئاست دەسەڵاتی حاکمدا؟...

*** یانی دەرخستنی کەمتەرخەمییەکانی ڕۆشنبیران لە کۆتادا بە کەڵکی حکومەت دەشکێتەوە، یان حکومەت لەوانەیە بتوانێ کەڵکی لێ وەرگرێ، بەتایبەت کاتێ شکستەکان بە زەقی و گەورەیی دەخەیتە بەرچاو...**

- باشە... من نموونەیەکی گەلێ سادەت بۆ دێنمەوە. دەوروبەری ساڵی حەفتاونۆ نووسەرێکی پۆڵۆنی م لە ئەمریکا بینی کە نەخشەیەکی کانگاکانی وڵاتەکەی کڕیبو؛ هاتبوو پێشانی منی دەدا گوتی: من بۆم هەیە لێرە؛ واتە لە ئەمریکا؛ ئەم نەخشەیە بە دوو دۆلار بکڕم. بەڵام ئەگەر لە پۆڵۆنیا ئەم نەخشەیەم هەبێ، دەمخەنە زیندانەوە. واتە: هەموو ئەمریکییەکان، تووریستەکان، سیخوڕەکان... دەیانتوانی نەخشەیەکی دوو دۆلاری بکڕن و بیخەنە گیرفانیانەوە. کەچی پۆڵۆنییەک کە بە ڕواڵەت چاودێر و خاوەنی ئەم کانگا و شوێنە ستراتیجییانە بوو، مافی هەبوونی ئەم نەخشەیەی نەبوو. کاتێ دەبینین تەواوی (مشخصات)ی ڕۆشنبیرانی وڵاتێک لە دەزگا جاسووسییەکانی وڵات و جیهاندا تەبەقە بەندی کراوە و

هەموو شتێکی لەبارەوە دەزانن؛ ئێمە بێین و بڵێین کاکی نووسەر، تۆ بۆت نییە ئەم شتانە بنووسی و گلەییان لێ بکەی؟... وابزانم کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە ئیتر بۆ نموونە، کاتی ئەوە هاتووە لەو شتانە بکۆڵینەوە کە «سادق هیدایەت»یان بەرەو خۆکوشتن برد. دەبێ بە شێوەیەکی جیددی لەم شتانە بکۆڵرێتەوە. دەبێ لەو شتانە بکۆڵرێتەوە کە دەبن بە هۆی ئەوەی «مەهدی ئەخەوان» لە شەستەکان بەملاوە هیچ کارێکی جیددی لە بواری شیعردا نەکا و لە کۆتایی تەمەنیدا کۆمەڵێ شیعری قۆڕ بڵاو بکاتەوە. دەی باشە؛ لە کوێ دەبێ لێی بکۆڵینەوە؟... ها؟... کەواتە قسە لەسەر ئەوە نییە: لۆمەکردن لە ڕۆشەنبیران بە قازانجی کێیە و بە قازانجی کێ نییە. ئێمە خەریکین هەروا بە دەوری خۆماندا دەخولێینەوە و بیانووشمان ئەوەیە کە دوژمن پێمان نەزانێ. کام دوژمن پێمان نەزانێ؟... ئەو دوژمنەی بۆ نموونە، من و تۆ ئێستا لێرەین، لە وڵاتی سوئێد دا، دەتوانێ لە مەودای دووسەد مێترییەوە دەنگمان تەسجیل بکا. کاتێ یەکێک لە برادەران لە ئێراندا خۆی لە دەست پۆلیسەکانی ڕژێم شاردبۆوە و بە دزییەوە دەژیا، ڕژێم خەبەری بۆ ناردبوو (هەڵبەت ئەو لەو کاتەدا کە خۆی شاردبۆوە و هەر شەوەی لە ماڵێک دەخەوت؛ هەر خەریکی تریاک کێشان بو! –گرنگ نییە... دەتوانی ئەمەش تەسجیل بکەیت و بڵاویشی بکەیتەوە) بەڵێ... ڕژێم خەبەری بۆ ناردبوو: لە هیچ و خۆڕاییەوە خۆت مەشارەوە. ئێمە هیچ کارێکمان بە تۆ نییە!... من گاڵتەم پێدەکرد و پێیم دەگووت: جەناب! تۆ خۆت لە ژنەکەت شاردۆتەوە و خەریکی لە دەست ئەو رادەکەی. هیچ شتێکی تریش لەئارادا نییە!... ئەو شتەی کە مەزنترین زەبری لێ وەشاندووین ڕێکنەخستن و بازییەیکە بەسەر ڕۆشەنبیریماندا زاڵە! جاری وا هەیە کە سەفەرێکی دەرەوە دەکەم و دەگەڕێمەوە ناو وڵات؛ بەخۆم دەڵێم با هەرچی هەیە بیهێنمە سەر کاغەز و هەڵیڕێژم. با کۆتایی بەم شانۆگەرییە بێنم. واز لە هاوڕێیەتی و لەبەرچاوگرتنی ئەم و ئەم بێنم... دوایە بەخۆم دەڵێم: نا... با قەدری هەندێ کەس بزانین، با حورمەتی بەرهەمە چاکەکەی بگرین. هەر ئەمەشە. ئەم حورمەت گرتن لە ئاست کارە چاکەکەیانە کە وام لێدەکەن هەموو شتێ نەڵێم. ئێستا با بگەڕێینەوە سەر ئەوەی کە تۆ ڕەخنە لە کەسێ دەگری، لە ڕاستیدا مانای ئەوەیە کە خۆشتدەوێ، بۆیە ڕەخنەی لێدەگری و دەتەوێ پێی بڵێی: وا مەبە! وا مەکە! هەروەها دەتەوێ پێی بڵێی کە دەگرێ کەموکوڕییەکان چارە بکەی. ئەگەر کەسێ لە ساڵەکانی دوای کودێتای ١٩٥٣ واتە ساڵەکانی تێشکان، دەبێتە دەڵاڵ و قاچاخچی؛ منیش کە دێم و چیرۆکێک دەنووسم و لە چیرۆکەکەمدا پێی دەڵێم: تۆی میلیاردەر کە پێشینەی سیاسیت هەبووە و میوانیم دەکەی، خەریکی زەکاتی تاڵانەکان دەدەیتەوە... ها؟.. بە ڕواڵەت وا دەشکێیتەوە و دەڵێن کە من ویستوومە لۆمەی ڕۆشەنبیران بکەم و لێیم وەشاندوون؟... ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەگەر لە چیرۆکدا، بواری وەشاندن هەبا، لێم دەوەشاندن. یانی چەند دەستێکم لەنێو چیرۆکەکەم دادەنا تاکو بێنە دەرەوە و ببن بە زللە و بە بناگوێی ئەو جۆرە کەسانە بکەون. تاکو بەو زللەیە حاڵیی ببن: ئێوە کە ئەم خەڵکەتان تاڵان کردوە، چاوەڕوانی ئەوەن بێم لایەلایەتان بۆ بکەم تاکو خەو بتان باتەوە؟... بێم ببم بە میوانتان و لە ئاستیشتاندا بچەمێمەوە؟ من دەزانم... من لەم شتانە حاڵیم! من فەزای ڕۆشەنبیریمان چاک دەناسم.

دەگەڕێینەوە سەر خودی ئەوانەی خەریکی نووسینن... مرۆڤ کاتێ شتێ دەخولقێنێ، دەبێ ڕێز و حورمەتی لێ بنرێ. ڕێز لێنان لە قەڵەم. ڕێزلێنان لە نووسین. ڕێز لێنان لە داڕشتنی فۆرم و شێواز. ئەمانە بۆ من گرنگن. کەواتە با شتەکان جیا کەینەوە. مرۆڤێک هەیە کە خولقێنەرە و مرۆڤێکی تریش هەیە کە تەنیا دەخوا و دەنوێ. تا ئەو کاتەی کە مرۆڤ خولقێنەرە، ڕێز و حورمەتم بۆی هەیە؛ هەر لەو ساتەشدا کە ئیتر شتێ خەڵق ناکا و خەریکی لە خشتە بردن و کەر کردنی خەڵکە، من ئیتر هیچ ڕێزێکم بۆی نییە. نەک تەنیا ڕێزی لێنانێنم، بەڵکو سەداسەد کێشەم لەگەڵ ئەو کەسەدا هەیە. سەداسەد!

*** هەست دەکەم «گوڵشیری» لە ئەدەبی ئێراندا دەنگێکی ناساز و دژە، تۆ خۆت چۆن سەیری**

**خۆت دەکەیت؟.. پێت وایە بۆچی ماوەیەکی زۆر باسی تۆ نەکراوە؟...**

- بزانە... هێندێک لە کێشەکان سیاسین! یانی هەندێ کەس هەن کە لەهەموو سەردەمێ و لە هەر ڕژێمێکدا، لە گەڵ ڕژێمدان. دواتر لە ماوەی کورت کورتدا، کە ئەمەیان چەند جار لە مێژووی وڵاتەکەمدا ڕوویداوە، کاتێ هەندێ بزاڤی سیاسی دروست دەبن ئەم جۆرە کەسانە دەچنە ژێر باڵیان و ڕەگەڵیان دەکەون. دوای ماوەیەک، کاتێ بزاڤە سیاسییەکە تووشی شکست دەبێ، کەسەکان جارێکی تر بادەدەنەوە لای ڕژێم. لە ڕاستیدا ئەمانە برغوو واشەری دامودەزگای ڕژێمەکانن. ڕوون و ئاشکرایە کە ئەمان هەم لەملا دەخۆن و هەم لەولا. قسەی من ئەمەیە کە نامەوێ نە حاکم بم؛ نە حکوومەت بڕوخێنم؛ نە هیچ شتێکی تری لەم بابەتە. من تەنیا دەمەوێ چەند چیرۆکێکی چاک بنووسم. بەڵام ئەم چیرۆک و وتار و ڕەخنە و بەرهەمانە، نەختێ پەردەدڕ و ئاشکراکەرن. یانی پێم وانیە کە ڕۆشنبیری زەمانی «شا» بتوانێ لێم ببورێ، هەر لەبەر چیرۆکی «بەخوا من سۆزانی نیم». ئەو ڕۆشنبیرانەی کە من ئاماژەم پێکردن؛ هەرگیز ناتوانن بمبوورن. زۆربەی کەسایەتییەکانی ئەوسەردەمە، تەنانەت پەنجەیان لەسەر کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکە دادەنا و دەیانگوت: ئەمەیان منم. بوو بە هەرا. لەلایەکی ترەوە تۆ دەتوانی لەو چیرۆکە ورد بیتەوە؛ تەنانەت خودی نووسەریش خۆی جیا نەکردۆتەوە، واتە ئەویش هەر لەنێو ئەو جەماعەتەدایە. قسە لەسەر ئەوە نییە کە من لەوانی تر جیام. هەرگیز! بە پێچەوانەوە دەمەوێ بڵێم: ڕێک بەم چەشنەیە. کێشەکەمان ئەمەیە ئەمتێڕوانینەش لەڕاستیدا تێڕوانینێکی ئەوتۆ نییە کە مرۆڤە گزگل و بچووکەکان، ئەوانەی گریمان یەک دوو بەرهەمی چاک و نیوەچاکیان هەیە، تەحەممولی بکەن. کێشەی ئەوان ئەوەیە کە (بۆ نموونە، بڕوانە ئەو کۆمەڵە وتار و بەرهەمانەی لە دووتوێی کتێبێکدا و بە یادی کۆچی دوایی «مەهدی ئەخەوان» لەژێر ناوی «باغی بێ گەڵایی»دا چاپ کراون، دەبینی پێنج لاپەڕەیان بۆ «شاملوو» تەرخان کردووە. کەچی فلانە شاعیر سی و پێنج لاپەڕەی هەیە و چەند کەسێکی تر زیاتر لەوەش. لە ڕاستیدا ئەوانە دەیانەوێ بڵێن: من چاکم، تۆش چاکی؛ هەر هەموومان چاکین. «گوڵشیری»ش هاوبەژن و باڵای ئێمەیە. من دەڵێم: ئێوە شەکرتان شکاندوە! یان دەبێ کاری چاک بکەن و بەرهەمی چاک بنووسن؛ ئەو کاتە تاجی سەرمی. هەر کاتێکیش کاری چاکیان کردووە ئاماژەم پێکردووە؛ وەک «ئەخەوان» کە گوتوومە کامە بەرهەمی چاکە و کامەیان خەراپ! هەر کاتێ چیرۆکنووسێک چیرۆکێکی چاکی نووسیوە، تەنانەت ئەگەر یەک دوو هەڵەشی تێدا بووبێ، باسم کردوە و گوتوومە کاری چاکە. ئەگەر بەرهەمی چاکیشی نەبووبێ، یان لە ئاستیدا بێدەنگ بووم، یان لە شوێنێکدا ئاماژەم پێکردووە کە کارێکی سەرکەوتوو نەبووە. خۆت چاک دەزانی؛ من ئەگەر لە یەک ڕستەشدا باسیان بکەم بەسە! کەواتە وەک ئەوەیە تۆ بێیت و بە هاوسەردەمەکانی خۆت بڵێی: دەبێ بەرهەمی چاک بنووسن! دەنا ئەم فێڵ و تەڵەکەبازییە، ئەم چاوپێکەوتن سازکردن لەگەڵ ئەم و ئەو و وێنەی جۆراوجۆر لە گۆڤارەکاندا چاپکردن، هیچ کەڵکی نییە و تەنیا خەریکن خۆتان دەسخەڕۆ دەکەن! وەرە بەرهەمێکی چاک بنووسە و پێڵاوت لەسەر سەرم دانێ! دەنا دانیشە و پێنج سەد لاپەڕە بنووسە... چوزانم دووسەد لاپەڕە بنووسە... هیچ کەڵکێکی نیە!

من دڵم پڕە... پڕە لە خوێن، ئاخر ئێمە نەریتێکی جوانمان هەیە. نەریتێک کە بۆ نموونە، «دێهخودا» هەیەتی. «نیما» هەیەتی. «هیدایەت» هەیەتی... جیلی بەرلەخۆمان هەیانبوو... زۆربەی جیلی ئێمەش هەیانە... ئەویش ئەوەیە کە: ئەوەی گرنگە و دەمێنێتەوە، بەرهەمە و هیچی تر نا! لەبیرمە بیست ساڵێ لەمەوبەر، کاتێ گۆڤاری «فێردەوسی» بڵاو دەکرایەوە، کابرایەک هەبوو کاتێ بەسەفەر دەچووە شارێک، لەو گۆڤارەدا دەیاننووسی فلانە کەس بە سەفەر چۆتە فلانە شار... کە دەهاتەوە، دەیاننووسی فلانە کەس لە فلانە شار هاتەوە. چوزانم، زەماوەندی دەکرد، دەیاننووسی فلانە کەس زەماوەندی کرد. یان ئێستا هەندێ کەس هەن کە بۆ نموونە، دەچنە ئەڵمانیا و بۆ بیست سی کەسێک سمینار دەکەن،

دەیکەن بە هات و هاوار کە ئێمە چووین لە ئەڵمانیا سمینارمان کرد. ئەوە قسەی پڕوپووچە کە من بێم و دانیشم سمینارەکانم بژمێرم و بڵێم هێندە سمینارم کردوە. چونکە ئەگەر بەرهەمی چاکم نەنووسیبێ، سمینار چ کەڵکێکی هەیە؟... من ئەگەر ئەمڕۆ هاتووم لەلای «مورتەزا»** دانیشتووم، هاتووم پێی بڵێم لەو دووساڵەدا کە یەکترمان نەبینیوە تا ئەمڕۆ ئەم بەرهەمانەم نووسیوە و هەر بە حورمەتی ئەم بەرهەمانەش هاتوومەتە لات. بە حورمەتی برادەرایەتی نەهاتووم. بێبەزەیی بوون لە ئاست یەکتردا، جیاوازە لەگەڵ بێبەزەیی بوون لەئاست ئەدەبیاتدا... من پێم وا نیە کە وڵاتێکی وەک ئێران، بەم فەرهەنگەوە کە هەیەتی، بتوانێ دوو هەزار شاعیر و سێ هەزار چیرۆکنووسی هەبێ و هەمووشیان کەلێ چاک و سەرکەوتوو بن. من ئەم تێڕوانینەم قەبووڵ نییە! ئەو کاتەی سەرپەرشتی گۆڤاری «موفید» بووم، کە دەمویست شیعر بڵاو بکەمەوە، لە هەر شاعیرێک چوار شیعرم هەڵدەبژارد و بڵاوم دەکردەوە و تەواو! من نزیکەی دە چیرۆکم لەو گۆڤارەدا بڵاو کردۆتەوە کە حەوت هەشتێکیان بەرزترین چیرۆکی ئەم ڕۆژگارەی ئێمەن. لەوانەیە هەندێ جار تووشی هەڵە بم... بەڵام هەوڵ دەدەم بڵێم: دەی باشە، فڵانە کەس چوار بەرهەمی هەیە، لەو چوار بەرهەمە دوانیان چاکن؛ هەر بە حورمەتی ئەو دوو بەرهەمەشە کە ڕێزی لێدەگرم. لەوانەیە لەگەڵ ئەو کەسانە هاموشۆ و برادەرایەتیشم هەبێ، یان نێوانمان تێکچووبێ... گرنگ نییە. ئەوەی گرنگە خودی بەرهەمە.!

*** دیارە لە هەموو شوێنێ هەندێ نووسەر هەن کە خۆیان لەگەڵ هەموو هەلومەرجێکدا دەگونجێنن و هەر دەسەڵات و ڕژێمێکیش بێت و بڕوا، ئەوان هەر لەو سەرە دەمێننەوە. ئەمە چ هۆیەکی هەیە؟... ئایا خەڵک (وەک خوێنەر) تەنێ لیاقەتی ئەم چەشنە نووسەرانەی هەیە؟.. یاخود حکوومەتەکانیش بە چەشنێ دەستیان لەم کارەدا هەیە؟**

– یانی چی؟...

*** یانی بۆچی هەندێ کەس ناو و دەنگێک پەیدا دەکەن کە لیاقەتی ئەو ناو و دەنگەیان نیە؟**

– هۆی سیاسی هەیە!... لەلایەکی ترەوە کۆمەڵە کەسێک هەن کە هەمیشە ئاگایان لە یەکتر هەیە و یەکتری گەورە دەکەنەوە. کۆمەڵە مرۆڤێکی بچووک و گزگڵ لە ئاست یەکتردا ڕاوەستاون و خەریکن بە شان و باڵای یەکتردا هەڵدەڵێن و بە ساقە و قوربانی یەکتر دەبن. بۆیە ناچارم دیسان بڵێم: تەنیا کارێ کە نووسەرێک دەتوانێ بیکا ئەوەیە کە بەرهەمێکی چاک بنوسێ. ئەگەر «گوڵشیری» لەم چەند ساڵەی دواییدا چەند بەرهەمێکی چاکی نەنووسیبا، نووسەرە بچووکە گرگنەکان دەیانخوارد. خودی خۆم ئەم هەلومەرجەم بۆخۆم هێناوەتە دی. چونکە هەرکەسێ کارێکی چاک یان خەراپی کردبێ، ئاماژەم بە کارەکەی کردووە. من هەلومەرجم بۆ تەمەنی پیریم سەخت کردووە. بڕوانە... من چووم سەردانی «سادق چوبەک»م کرد؛ چل ساڵە هیچ شتێکی نەنووسیوە. هەروا پاڵی بەو بەرهەمانەوە داوە کە بەر لە چل ساڵ نووسیویەتی. چەند دانەیەک لەم بەرهەمانەشی کاری چاکن. بەڵام من نامەوێ وام لێبێ. نامەوێ.. نا... نامەوێ!

*** ئایا «گوڵشیری» لە ناوەندی ئەدەبی ئێراندا مرۆڤێکی ئەنارشیستە؟**

– من نازانم چیە! پێم وایە کە تۆ بۆ نموونە، کارێک دەزانی، بۆ دەیزانی؟.. من نازانم! دیارە لەپێناو کارەکەتدا دەبێ زەحمەتیش بکێشی. واتە ئیلتیزامی تۆ، بەرسڤی تۆ، لە ئاست خەڵکەکەتدا ئەوەیە کە کاتێ سەرت نایەوە؛ هەر هیچ نەبێ کارێکت بۆیان کردبێ. من نموونەیەکی سادەت بۆ دێنمەوە. بیستوومە، ڕاستییەکەی نازانم، بەڵام پێم وایە زۆر جوانە، بەڵێ... بیستوومە هەندێ کوتە کاغەز لەنێو دەستنووسەکانی «نیما»دا دۆزراونەتەوە کە لەسەریان نووسراوە: ١- نیو کیلۆ گۆشت، بەوەندە. ٢- چارەکێک ئارەق، بەوەندە. ٣- فڵانە شت.. بەوەندە... ئەوسا هەمووی کۆ کردۆتەوە و ڕۆژ و مانگەکەشی نووسیوە. لە لاپەڕەیەکی تریشدا نوسیویەتی چی نووسیوە و چی خوێندۆتەوە. گوایە

«نیما» ویستوویەتی پێمان بڵێ: ئەمە مەسرەفی ڕۆژانەم بووە، ئەمەش بەرهەمی ڕۆژانەمە. جا من پێم وایە چونکە ئێمە نووسەرین، دەبێ هەموو شەوێ بەر لە خەوتن، بیر لەوە بکەینەوە کە من هەندێ شتم مەسرەف کردووە؛ ئەی لە ئاست ئەو مەسرەفەدا چیم کردووە؟..

من ئێستا هاتوومەتە ئێرە؛ بۆچی هاتووم؟... هاتووم کە خەریکی ڕابواردن بم؟... یان هاتووم لەگەڵ تۆ دانیشم و بدوێم؟... کتێبی تازە پەیدا بکەم و بیخوێنمەوە؟... کتێبێک لەم و کتێبێک لەو وەرگرم و دوو کتێب لە فلان شوێن بکڕم و لەگەڵ خۆم بیبەمەوە ئێران، تاکو هەر هیچ نەبێ بۆ دو ساڵی تر شتم بۆ خوێندنەوە و کار کردن هەبێ؟.. ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە لە ئەورووپادا گەلێ ئاساییە. بۆ نموونە، کاتێ «هەمینگوای» ئیتر ناتوانێ بنووسێ؛ تفەنگەکەی دێنێ و گوللەیەک بە مێشکییەوە دەنێ. کاتێ «هیدایەت» ناتوانێ بنووسێ، خۆی دەکوژێ. بەڵام ئێمە هەر خەریکین مەیتەکەی خۆمان بەملا و ئەولادا دەگێڕین.

*** پێم وایە «هیدایەت» بە خۆکوشتنەکەی، دەرگای گۆڕستانی بۆ ئەو نووسەرانە ئاوەڵا کرد کە لە دەرەوەی وڵات دەژین. دیارە هەندێ لەو نووسەرانە هەر بەڕاستی و هەندێکی تریان لەڕووی بێ بەرهەمییەوە مردوون. تۆ ئەمە چۆن دەبینی؟.. ئایا مەنفا بۆتە گۆڕستانی نووسەرەکانمان؟... دەڵێم نووسەرەکانمان چونکە ئێمەی کوردیش هەر بەم دەردەوە گرفتارین.**

– نا... من لەو بڕوایەدا نیم. من پێم وایە هەندێ کاری چاک کراوە و هێندی هێندی خەریکە کۆتایی بەم قەیرانی بێ بەرهەمییە دێ. بەڵام کێشەیەکی تر هەیە کە هەر ئێستا کە خەریکم لەگەڵ تۆدا دەدوێم، بیری لێدەکەمەوە. ئەویش ئەوەیە کە ئایا ئەو نووسەرەی دێتە دەرەوە؛ دەبێ هەر بە زمانی خۆی بنووسێ؟ دەبێ هەر بە فارسی یان بە کوردی بنووسێ؟ لەمەیان بە گومانم. گەر وابێ، دیارە ئەوانە خوێنەری خۆیان بە هەڵە گرتووە. چونکە ئەگەر «نووسەر» بێ، دەبێ زمانێکی جیهانی فێر بێ و بەو زمانە جیهانییە بنووسێ. وەک «جۆیس»، جۆیس نا... وەک «بێکێت». لەوانەیە تۆ بڵێیت فێربوونی زمان کارێکی هێندە ئاسان نییە. بەڵام من پێم وایە دەبێ ئەوە بۆخۆمان ڕوون کەینەوە کە خوێنەرەکەی ئێمە کێیە؟... ئەو کەسەی هاوزمانی تۆیە و وەک تۆ لەدەرەوە دەژی، خوێنەری تۆ نییە، چونکە ئەوانەی ئێرە زۆربەیان هەر شت ناخوێننەوە. دەتوانی بچی و بپرسی، بزانە فلانە گۆڤار کە لێرە دەردەچێ، چەند کەس دەیخوێنێتەوە؟.. ڕەنگە لە ماڵەوە هەیانبێ، بەڵام نایخوێننەوە. کەچی لەناوەوە دەست بە دەست دەگەڕێ و دەیخوێننەوە. کەواتە تۆ دەبێ بزانی بۆ کوێ و چ کەسێ دەنووسیت! ئەگەر بۆ ئێرە دەنووسیت؛ ئەوە دەبێ زمانێکی تر بەکار بێنی...

*** ئەی ناسنامەی نەتەوایەتی چی بەسەر دێ؟**

– مەگەر ناسنامەی نەتەوایەتی تەنیا و تەنیا لە زماندایە؟!.. من پێم وایە تەنیا بەشێک لە ناسنامەی نەتەوایەتی زمانە، بەشە هەرە گرنگەکەی تێڕوانین و بۆچوونی ئێمەیە لە مەڕ جیهان. ئەو پێشینە مێژووییەیە کە تۆ هەتە. وابزانم بەهۆی کێشەی گەلی کوردە کە زمان بۆ تۆ گرنگییەکی تایبەتی بەخۆوە گرتووە. لەوانەیە تۆ بێیت و لەمەڕ ئەدەبیاتەوە ئەم قسەیە بکەیت و دروستیش بێ، چونکە کێشەی زمان گەلێ گرنگە. ئەی سینەما چی؟.. یانی کاتێ دەرهێنەرێک وڵاتەکەی بەجێ دێڵێ و لە دەرەوە فیلم دروست دەکا فیلمەکەی بۆ چ کەسێکە؟. بۆ ئێرانییە خۆشەویستەکانە؟... پێم وایە ئەگەر بێتو مەبەستی سەرەکی تەنیا و تەنیا هاوزمانەکانی بێ دەدۆڕێنێ! ئەمە گاڵتەجاڕییە!

*** یانی تۆ پێت وانییە کە مرۆڤ بە زمان بیر دەکاتەوە؟**

– باشە ئەو مرۆڤە کاتێ دێت و فیلم دروست دەکا، بە چ شتێ بیر دەکاتەوە؟

*** کاتێ دەیەوێ بینووسێ...**

– نا.. نا.. تۆ جارێ وەڵامی ئەم پرسیارەم بدەوە!

*** پەلە مەکە! مەگەر ئەو کەسە سیناریۆ بۆ**

**فیلمەکەی نانووسیّ؟**

– دەتوانیّ بە ئینگلیزی بینووسیّ... چی؟.. نا، لە مەیدانی ئەدەب و شیعردا کارەکە نەختیّ سەخت ترە. بەلاّم با جاریّ باسی فیلم بکەین..

*** دەی باشە فیلم.. لەوانەیە..**

– نا.. من مەبەستم ئەوەیە تۆ بزانی کە ئەم ریّگایەش هەیە. باسی شیعر و چیرۆکیش دەکەین. دەزانم لە شیعر و چیرۆکدا بەشیّکی شتەکە لەدەست دەدەین. من دەزانم. چاکیش دەزانم. دەتوانین بە دوورودریّژی قسەی لەسەر بکەین، بەلاّم من پیّم وایە بۆ باری گشتی خودی کوردان، ئەگەر بیّتو نووسەریّکی گەورەی کوردمان هەبیّ کە بتوانیّ بە یەکیّک لە زمانە دەولّەمەندەکانی جیهانی بنووسیّ و خویّنەری زۆروزەبەندیشی هەبیّ؛ نرخی لە پەنجا نووسەری بچووکی کورد کە بە کوردی دەنووسن زۆرترە! مەسەلەی ئیّمەش هەر بەم چەشنەیە. پیّم وایە ئەوانەی کە هاتوونەتە دەرەوە، دەبوایە زۆرتر کاریان لەسەر ئەم لایەنە کردبا. بەلاّم دلّیان بەچی خۆش کردوە؟.. بەو بیست و چەند کەسەی لە دەوروبەری کۆبوونەتەوە؟...

*** بەلاّم...**

– راوەستە... دەزانم دەتەویّ بلّیّی کە ناکریّ و زەحمەتە... هەر ئەمرۆ «مورتەزا» دەیگوت کە لە تەمەنی سی سالّ بەرەو سەر، دەسەلاّت بەسەر زماندا شکاندن کاریّکی سەخت و نەستەمە. بەلاّم جیلیّکی تر ئەو کارە دەکا و من لەو بڕوایەدام کە ئەو جیلە بەریّوەیە...

و رووداوانەی بەسەرتان هاتووە، بیر لەوە نەکەیتەوە کە دەکریّ بە عارەبیش بیر بکەیتەوە...

*** شتیّکی تر... گوایە «ئەدۆنیس» گوتویەتی «دۆزەخی مەنفا لە بەهەشتی پڕ لە سەرکوت کردنی ولاّت چاکترە»، تۆ چۆن سەیری ئەم قسەیە دەکەیت؟**

– بڕوانە... شتەکان بۆ هەرکەسیّ و لە هەر شویّن و هەلومەرجیّکدا جیاوازن. واتە ئەگەر لە سالّی ١٩٨٢دا من تەمەنم بیست سالّ بوایە، فەرقی دەکرد. من کاتیّ لە ١٩٨٠دا بیکار بووم، توانیم چەند سالّیّ بە قەرز کردن لەمو لەو، بژیم. لەوانەیە ئەگەر گەنجیّک «فەتحنامەی موغان»ی نووسیبا، وەزعیّکی تری بۆ پیّش هاتبا. من نالّیّم کە ئیّستاش دەتوانم هەموو قسەکانم لە ئیّراندا بکەم و بنووسم. بەلاّم زۆربەی قسەکانم دەتوانم بیّنمە سەر کاغەز.

*** ئەمە «ریسک» نییە کە دەیکەیت؟..**

– من پشتم بە بەرهەمەکانم قایمە. ئەمەش بە گرانی لەسەر رژیّم دەوەستیّ. لەلایەکی تریشەوە ئەگەر من قسەکانم نەکەم و نەیانووسم؛ واتە: مردن!... قسە لەسەر ئەمەیە کە رژیّمەکان نەختیّ جیاوازییان لەگەلّ یەکتردا هەیە. بۆ نموونە سەیری رژیّمی عیراق بکەین. کەسیّکی وەک «سەددام»ی هەیە کە تەحەمولی بچووکترین بزاڤی لە ولاّتەکەیدا نییە. رژیّمەکانی تری وەک ئیّرانی سەردەمی «شا» و چەند سالّ لەمەوبەری کۆماری ئیسلامی. ئەمانە جیاوازییان لەگەلّ یەکتردا هەیە. دیارە ئەگەر وەزعیّکی ئەوتۆ نەبوایە؛ مەسەلەن کاغەز نەبوو، یان کاغەزیان نەدابا، من نەمدەتوانی بەرهەمەکانم بلاّو بکەمەوە. ئیّستاش زۆربەی هەرەزۆری بەرهەمەکانم والە سەر رەفەی مالّەکەم کەوتوون. ئەوە نزیکەی چەند سالّیکە کام بەرهەمم بلاّو کراوەتەوە؟.. هیچ!.. «بەرخی ونبووی راعی» کە دانەیەکم بۆتۆ ئیمزا کرد، لە ١٩٧٩دا بۆ ئیجازەی چاپکردن نیّردراوە، لە ١٩٨٠دا جاریّکی تر نیّردراوە، کەچی تا ئەمڕۆش (١٩٩٢) هیّشتا نەیانهیّشتووە بلاّو بکریّتەوە. زۆربەی هەرەزۆری چیرۆکەکانم پیّنج جار زیاتر بۆ ئیجازەی چاپ نیّردراون و تا ئەمڕۆش ئیجازەیان پیّ نەدراوە. بەلاّم پیّم وایە کە ریّگاچارەی تریش هەیە. ئەمرۆ ئیتر وشەی «سانسۆر» حەنەکە! گالّتەیە!!.. من ئەمرۆ دەتوانم لە هەر شویّنیّکەوە حەزم لیّبیّ چیرۆکەکەم بۆ هەر شویّن و کەسیّ کە بمەویّ «فاکس» بکەم. هیچ کەسیش نازانیّ لە کوێوە فاکس کراوە. من دەتوانم هەموو بەرهەمەکانم بخەمە سەر «دیسک»یّک و بیخەمە نیّو گیرفانم و لەگەلّ خۆم بیهیّنمە دەرەوە. باشە پیّت وانییە سانسۆر وای لیّهاتووە کە دەکریّ گالّتەی پیّ بکریّ؟.. لەلایەکی ترەوە پیّت وانییە کە رژیّمەکەمان، رژیّمی کۆماری ئیسلامی ئیّران، ئەم

شتانە لەمن و تۆ چاکتر دەزانێ؟... هەروەها دەزانێ کە رەفتاری رژێم، چۆنیەتی جوڵانەوەی دژەکانی خۆی دیاری دەکا؟.. ئێمە لە ناوەوە چەند نووسەرێکی دەوڵەتیمان هەیە و چەند نووسەرێکی تریش کە سەربەخۆن. کێشەی دژ بە رژێم و سەربە رژێم ئیتر بەوشێوەیە لەئارادا نییە. نووسەر، نووسەرە! جەوهەری نووسینیش ئەوەیە کە پێی وایە بواری گۆڕان لە هەمووشت و شوێنێکدا هەیە. مەگەر باسی ئەم شتانەمان نەکرد؟...

ئەگەر رژێمێکیش تەحەممولی ئەمەی نەکرد، مانای ئەوەیە کە تەنیا رێگا، پەنا بۆ چەک بردنە و خەباتی چەکداری. ئەمەش وا دەکا کە کۆمەڵگا بەرەو قین و تووڕەیی بڕوا. لە کۆتاشدا بەرەو فەوتان و نەمان. هەروەکو گوتم، من پێم وایە لە جیهانی ئەمڕۆدا، کاتێ تۆ دەتوانی بە کەمپیوتەر کار بکەیت؛ سانسۆر هیچ مانایەکی نییە. من کەمپیوتەرێکم هەیە ودەتوانم هەربەوکەمپیوتەرە شروشەقەم هەمووڕۆژێ چیرۆکێکم بێنمە سەر کاغەز. واتە لە مانگێکدا دەتوانم کۆمەڵە چیرۆکێکی سەد لاپەڕەیی راکێشم. ئەگەر دەزگای چاپگەرەکەم «لەیزەر»ی بێ، ئەوە دەتوانم لە هەر کۆمەڵە چیرۆکێکم چەندین دانەش راکێشم و بڵاوی بکەمەوە.

مەسەلەی عەرەبەکان لەگەڵ ئێمەمانان نەختێ جیاوازە. ئەوان شانسێکی تریان هەیە؛ ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر لە وڵاتەکەی خۆیاندا نەتوانن کتێبەکەیان بڵاو بکەنەوە، دەتوانن بینێرنە...

* **میسر...**

– میسر... لوبنان... چووزانم چەندین دەوڵەتی عەرەبیی تر هەیە.. بۆیە ئەمە گاڵتەیە، کە نووسەرێکی عەرەب لە پاریس دانیشێ و باسی مەنفا و شتی وا بکا...

* **ئێستا با ئەم باسە بێنینە نێو کوردەکانەوە، پێت وایە نووسەرێکی کورد دەبێ دۆزەخی مەنفا هەڵبژێرێ یان بەهەشتی نیشتمانێکی پڕ لە سەرکوت؟**

– نازانم... نازانم... من پێم وایە کاتێ هیچ کەلێن و دەرفەتێک بۆ چاپکردن و بڵاوکردنەوە نەبێ؛ زەین بچووک دەبێ. کاتێ من ئەو دەرفەتەم نەبێ کە بەرهەمەکەم بگەیەنمە دەستت تاکو بیخوێنیەوە... کاتێ من بیست ساڵ هەروا بە دەوری خۆمدا بخولێمەوە و بە چپە لەگەڵ خۆم و خۆتدا بدوێم.. لەوحاڵەتانەدا تەنیا بلیمەتەکان دەتوانن بەسەر مەرگدا زاڵ بن. وەکو «نیما»... ئەدەب لە ساتە ئارامەکاندا و لە ئاسوودەییدا گەشە دەستێنێ؛ نەک لە ساتە پڕ لە هەڵپە و هەڵچوون و شادییە بەربڵاو و خەمە بێ سنوورەکاندا. ئەدەبیات هەرگیز لە سەردەمە پڕ لە هات و هاوارەکاندا گەشەی نەکردوە. روون و ئاشکرایە کە لە زەمەنی سەرکوت کردندا، ئەدەبیات نایەتە دی. من دڵنیام کە مەسەلەن لە کێوەکاندا و لەپەنا دەنگی تیر و تفەنگ و کوشت و بڕ دا؛ لەوانەیە تۆ بتوانی شیعرێکی چاک بنووسیت، بەڵام ئەگەر بتەوێ رۆمانێک بنووسی چی دەکەی؟.. من چیرۆکێکم نووسی، نووسینەوە و پێداچوونەوەکەی سێ مانگی کێشا... باشە ئەگەر لە حاڵ و وەزعێکی وادا بم؛ کە هەر ئێستا نا، تاوێکی تر بیانەوێ بێنە سەر ماڵەکەم و بمگرن و دەستنووسەکانم ببەن، مەگەر من دەتوانم چیرۆکێکی چاک بنووسم؟.. قەت لەو بڕوایەدا نیم... کەواتە ناچار دەبم مەنفا هەڵبژێرم. کە ناچاریش بووم و مەنفام هەڵبژارد، ئەوسا دەبێ لەگەڵ خۆم دانیشم و بڵێم خوێنەرەکەم کێیە؟.. خوێنەرێک (ئێمە ئێرانییەکان واین، نازانم ئێوەش وان یان نا؟..) کە تەمەنی بوو بە چل ساڵ، ئیتر ئەدەبیات ناخوێنێتەوە؛ ئایا ئەمەیە خوێنەرەکەی من؟.. بۆیە پێم وایە دەبێ بە زمانە هەرە دەوڵەمەندەکان بنووسین. ئەگەر بە زمانی خۆمانیش بنووسین، دەبێ جیهان بە خوێنەری خۆمان بزانین. دەتوانین چل دانەیەکی بە زمانی خۆمان بڵاو بکەینەوە و بیگەیێنینە دەست پسپۆرەکان تاکو خێرا وەریگێڕنە سەر زمانەکانی تر و بڵاو بکرێتەوە. من پێشنیارم کردووە کە دەزگایەکی راگەیاندن پێک بهێنن کە ئەودام و دەزگایە بەرهەمەکان وەرگێڕێتە سەر زمانەکانی تر. کوردەکانیش دەبێ مشووری ئەوە بخۆن. یان تەنانەت کتێبەکانیان بە شێوەی دووزمانی بڵاو بکەنەوە. من کاتێ ئەم وەزعەی دەرەوەی وڵاتم بینی، بەڕاستی نائومێد بووم. من خەریکم بۆ

٢٠٠یان ٥٠٠ کەس چیرۆک دەخوێنمەوە، کەچی لەو هەموو کەسانەی بەشدارییان لەو کۆڕەدا کردووە، ٣٠-٢٠ کەس بەرهەمی منیان خوێندۆتەوە. ئەوانی تر یەکەمین جارە نووسراوەیەکی منیان بەرگوێ دەکەوێ. کە لە خوێندنەوەش دەبمەوە، هەڵدەستن پرسیاری سەیر سەیر دەکەن: بەڕای تۆ ئەدەبیات چیە؟... ئەدەب چ ئەرکێکی هەیە؟...

دەتوانی کارێک بکەیت. بچۆ خوێنەری کورد سەرژمێر بکە. بزانە چەند کەس بۆنموونە شیعری فلانە شاعیر دەخوێننەوە؟... ئەوسا لێیان بپرسە بۆ دەیخوێنێتەوە؟... یانی بۆ خاتری خودی شیعر و چێژ وەرگرتن لەو شێوە ئەدەبیەیکە دەیخوێنێتەوە یان خوێندنەوەکەی دەمارگرژییەکی نەتەوایەتییە؟... ئەگەر هی دووهەمیان بێ، چاک بزانە کە فریوتان خواردوە و خوێنەری ئێوە لێرە نییە!..

*** وتارێکی رەخنەییت هەیە لەژێر ناوی «چ کەسێ شاعیری دەروونمانی کوشتوە؟». دوای خوێندنەوەی ئەم وتارە رەخنەییە، پرسیارێکم لەلا دروست بوو؛ ئەویش ئەوەیە کە: چ کەسێ شاعیری دەروونی ئەو کەسانەی کوشتوە کە شاعیری دەروونی ئێمە دەکوژن؟**

— من دیسان دەگەڕێمەوە سەر بنەمای چیرۆک. چیرۆک دەیەوێ پێمان بڵێ: مرۆڤەکان دەروونێکیان هەیە، مێژوویەکیان هەیە، رابردوویەکیان هەیە... ئەو کەسانەی دەیانەوێ کێشەکان بە شێوەیەکی هەمیشەیی چارە بکەن و تاقە رێگەش دەست نیشان دەکەن، پێیان وایە کە مرۆڤەکان دەروونیان نییە. کاتێ کەسێ دێ و ئیجازەی بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکەت نادا، یان پێشی پێدەگرێ تاکو بڵاو نەکرێتەوە؛ یان بە مەرجێ ئیجازەی بڵاوکردنەوەت پێدەدا کە تۆ لایەنگیریی ئەو بکەیت... لەو حاڵەتەدا پێت وایە ئەو کەسە تەنیا شاعیری دەروونی تۆی کوشتوە؟.. نەخێر.. شاعیری دەروونی خۆیشی کوشتوە! چونکە خۆی لە بینینی مرۆڤێکی راستەقینە و جیاواز لەخۆی بێبەش دەکا. یانی کاتێ زیندانەوانێک لە زینداندا ئێشک لە زیندانی دەگرێ، بێجگە لە



زیندانییەکە، خۆیشی لەو زیندانەدا بەند کردوە... ئەرێ بەس نییە؟

*** بۆ نا؟... دەتوانین تەواوی بکەین... سوپاست دەکەم و ماندوو نەبیت. دەزانم چاوەڕێی میوانی و ئاگام لێبوو چەند جارێک سەیری سەعاتەکەت کرد. کەواتە شتەکانم کۆ دەکەمەوە و بەجێتدێڵم...**

– تۆش ماندوو نەبیت... پەلە مەکە! چایەکی تریش پێکەوە دەخۆینەوە. ئەم تەسجیلەش بکوژێنەوە...

پەراوێزەکان:

* • بۆکۆکە چینییەکەی من، بەرۆژ ئاکرەیی کردوویەتە کوردی و لە ژمارە ١ی گۆڤاری «دەروازە»دا چاپ کراوە.

** مورتەزا سەقەفیان: شاعیری هاوچەرخی ئێرانی، دانیشتووی ستۆکهۆلم و لە هاوڕێیەکانی گولشیری. ئەم چاوپێکەوتنە لە ماڵی مورتەزا و هاوینی ١٩٩٢ ئەنجام دراوە.

هاشم کۆچانی

# ئەستێرەکانی ئەشکەوت

شارمان جێهێشت
تیۆریمان کرد بە ئەسپێکی کحێلی یاڵ پەمەیی و
پڕ بە پێڵوی گوڵە گەنمێک
سۆمامان تکاندە چاوی کوێرە گوندێکی دوای هەرەس.

لەوێ...
هێشتا شوێن پێی گوندنشینەکان مابوو
پارچە گۆزەی شکاومان کۆدەکردەوە
بۆنی ژووان و مێخەک و ماچیان لێدەهات .

تاتەبەردی پەنای حەوزەکە
لە تابلۆیەک دەچوو
دوای ساڵانێکی تووڵانیی
لە دیوار هێنرابێتە خوارەوەو
تۆزی غەریبیی گرتبێ،
ئەوانەی نوێژیان بەسەرەوە دەخوێند، پێیان وابوو:
- شەڕ بگاتە بەردەرکی مزگەوت و
پەنای حەوزو مەیدانی تاتەکە،
یەزدان دێتە خوارێ.
لەوێ کەسێک نەمابوو
شەیدای چمک و گۆشەی قیبلەو نوێژخوێندن بێ.

لەوێ...
دارتووەکەی دەروازەی دێ
لەشەرمی ئەوەی، زیندووبوو
گەڵاکانی بەچرووچاوییەوە نابوو...
گۆمەئاوی ناو باخەکە
بەدڵی عاشقێکی لادێیی دەچوو،
لەڕۆژی بورکانەکەوە
مستێ ئاو گلناداتەوە.

لەوێ...
بناخەی خانووەکان بە قەسیدەی فەقێیەک دەچوو
هێشتا لێی نەبووبێتەوە،
چووبێتە شاخ بارەدار بهێنێتەوەو
شەو بە سۆزی هەناسەو گڕ
دوابەیتەکانی تەواوکا.

لەوێ...
لەلەی دارەکان هێشتا نەهاتبوونەیەک
بنێشت لە کوچەڵەکاندا مابوو.

واچووینە شاخ
ڕۆژێک دابێ و بگەڕێینەوە
سەفەری شاخ تووڵانی بوو
بیرمان چووبووەوە بۆ هاتوینەتە شاخ.

لەسنووردا دایانوەراندین
تەنیا پشتێنی کوژراوەکان و
ئەلبۆمێکی گۆرانی و
شەپقە خەونێک
لە کۆڵەپشتییەکانمانا مابوون
ئەوانیشمان،
بە پاسپۆرت و
بەکرێی چەند شەوێکی ئوتێل، گۆرییەوە.

سەفەری شاخ تووڵانیی بوو.
یەکێک دەیگوت:

لە دۆڵێکدا ڕەنووە بەفر دایپۆشیون.
یەکێک دەیگوت:
دەمەو ئێوارەیەکی خۆڵەمێشیی
لە درزی ئەشکەوتێکەوە
هەواڵی بوومەلەرزەیەکیان بەرگوێ کەوتووە
هەر ئەو ئێوارەیە
کاتێک کە خۆر لە پێڵوی تاریکیدا بووراوەتەوە
ئۆقرەیان لێبڕاوە
ڕەدووی دێوێک کەوتوون و
لە کەوانەی شاخەکەدا زریان گلیداونەتەوەو
لاشاخێکیان بەسەردا کەوتووە
پێرانەگەیشتوون دوعاخوازیی و
وەسێتنامەیەکیش بەجێهێڵن.

شار بووکەڕەیحانەیەک بوو
بە نهێنی دەچووە ژووان
شەوان کراسێکی قەترانیی لەبەردەکرد
بەیانانیش
گزنگی کۆدەکردەوەو
چارۆکەیەک کزەبای لە قژی دەگرت
بۆ یەکەم شەوی بووکێنی.

شار...لە کوورەی چاوەڕوانی و
لە هێشوە ئەڤینی تاسە
تارای بووکێتی دەچنی.

شار هەڵاوی چاوەڕوانی و
فانتازیای خۆشەویستی بوو
بە زەنگیانەو نووکە دەرزی
نامەی دڵداری دەنووسی و
هەوری دەکرد بە پۆستەچی.

شار پەیژەیەک بوو لە مۆم
پلیکانەکانی خۆی دەسووتان
تک تک ئاوی پێی داهات و
بتەکان بە دیار نەکەوتن.

لەو کاتەدا کە بورکانێکی دیکە هات
لەتێک دڵی وڵاتی برد...
شاخ خۆی لە گوناه دەوەراند
دەستی بۆ دۆخێن دەگێڕا
ئەوەکو مۆتەکە بیبا.

شاخ لە شیرینی خەودابوو
بتەکانیش
کتێبی فاڵیان بۆ یەکتر دەگرتەوەو
سمێڵیان وەک مەقەست نابوو
لە(ناوک)ی هەرەسێکی تر.

لە شاخ هەرەس نۆ مانگان بوو
لە شاریشدا
نیشتمان ژانی بۆ دەهات.
شەوێکی ئێجگار درێژبوو
نیشتمان نهێنییەک بوو
بەترپەی پێ دەمانناسی
لەو کاتەدا
لەشاخ هەرەس نۆ مانگان بوو
منداڵێکی کاکۆڵ زێڕین
لەشاردا لە دایک دەبوو.

ئەمجارەیان
ئەستێرەکانی ناو ئەشکەوت
وەک بەردی خڕی ناو دیوار
گلۆربوونەوە بەرەو شار.

× × ×

نیشتمان کۆلارەیەک بوو لە ژان
لەبۆشاییەکدا گیرسابووەوە
دەست بەدەست، تکای بەخوا دەگەیاند.

نیشتمان
تەم بوو بۆ خۆشاردنەوە
بروسکە بوو بۆ خۆسووتان
تریفەبوو بۆ زەماوەند

نیشتمان هەموو شتێک بوو
جگە لەو زێرابەی ئێستا.

نیشتمان لەتە مانگێک بوو
لە دڵا دەپێچرایەوە
پیرێکی گاڵۆک بەدەست بوو
گیرفانەکانی پڕ چرۆ
مووروووەکانی تەزبیحەکەی
لاوک و
حەیران و
هۆرەبوو.
نیشتمان هەموو شتێک بوو
جگە لەو زێرابەی ئێستا.

ئەپریلی١٩٩٦

مستەفا ساڵح کەریم

# شێخی چۆلیی

**تێبینی یەکەم:**

× ملازم سەلام حوسێن جەعفەر، کە دواتر ریزەکانی سوپای عێراقی بەجێهێشت و هاتە ناو ئۆپۆزیسیۆنەوە، بەم شێوەیەی گێڕایەوە.

×رەشاد حەمید جبوری، سەربازی حەرەس جمهوری، کە بەتاڵوکە خۆی لەدەست جەلادەکانی قوتارکرد، هەمان شایەتی دا.

× سابیرە قەندی، مامۆستای خانەنشین، کە لەتوانایدا نەبوو بەشداری کۆڕەو بکات و، دوکتۆر زێوەر، کە لە نەخۆشخانە بەدیار نەخۆشەکانەوە مابۆوە و، مام عەلی پاسەوان و حەسەنۆکی کرێکاری (محطه) و، حەوڵاسووری گەڕەکی کوورەچییەکان و، ئەحمەدی شاگردفڕنی سەموونی ئیعاشە و، مجێورەکەی مزگەوت و زێوانی مەرقەدەکەش بە هەمان شێوە دەیگێڕنەوە.

### سەرەتا

خەڵکی بازێڕێ پێیان سەیرنەبوو کە رۆژانە حەمەشێت و کسۆک و مەمەندەشێت ببینن و، لەگەڵیاندا راهاتبوون. حەمە سۆروسپی بوو. خەرقەی دەپۆشی، هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارێ خەریکی کۆکردنەوەی قاپ و دەفرەکۆنان بوو. کە منداڵان وەڕزیان دەکرد زۆر تێکدەچوو، هەندێک جاریش دەکەوتە کفرکردن، بە وەیان ئێسکی خۆی لەپێش چاوی خەڵکی گران دەکرد. کە دەگەڕایەوە شوێنی خۆی شیوێکی لێدەنا بە چێشتی مجێوران دەچوو، هەر خۆی دەیزانی چەند جۆری تێکەڵاوکردووە. کسۆک یش بە جزداشەیەکی دڕاوەوە دەهات و دەچوو، زۆر جارانیش لەبەر خۆیدا پارچە پارچەی دەکرد و هەرچی داخی دڵی هەیە بەوی دەڕشت. مەمەند جارویاران ئاقڵانە رەفتاری دەکرد. عارەبانەیەکی پەیدا کردبوو ئیشی پێدەکرد و بژێوی خۆی پێدابین دەکرد. بەڵام هەندێک جاران عارەبانەکەی دەدایە بەر شەقان و وازی لە ئیش دەهێنا. حەوڵا شێتیش سبەینان زوو لەخەو هەڵدەستا، دەچووە دەورووبەری دوکانی قەسابەکان، سیی و قورقوراگەو پارچەئێسکی فڕێدراوی کۆدەکردنەوە، پاشان دەچوو پشیلەکانی هاویار و هاودەمی کۆدەکردنەوە و چی پەیداکردبوو دەرخواردی دەدان. ناو بەناو شێتێکی دی پەیدادەبوو، چەند رۆژێک منداڵەوردکە و عەرەبانەگێڕ و بۆیاخچییەکان گاڵتەیان پێدەکردن و تووڕەیان دەکردن. پاش ماوەیەک ئەوانیش وەڕزدەبوون و وازیان لێدەهێنان، بەدوای شێتێکی نوێدا دەگەڕان.

بەڵام ئەو بەهارە شێتی دیکە هاتنە مەیدانەوە، تێیاندابوو چاکەت و پانتۆڵی لەبەردابوو، هەشیان بوو کورتەک و شەرواڵ، یان رانکوچۆغەی لەبەربوو. ژمارەی شێتان لە زیادبووندابوو. ئەم تاقمە شێتە سەرنج و سۆزی خەڵکییان پتر رادەکێشا، چونکە دەگوترا لە ئەنجامی کارەسات وایان لێهاتووە، لە هەمووانیش زیاتر، کە دەچووە دڵەوە، باییز بوو.

***

دەگێڕنەوە دەڵێن: سەرەتا کە باییز لەنێو شاردا بیندرا دەیانگوت سبەینان دەچێتە گۆڕستان و فاتیحە دەخوێنێت. قەدەرێک لێوان دەبزوێنێت پاشان خۆ بە بازێڕیدا دەکات.. بەڵام کە چاوی بە تەپڵەسوور و زیلی

عەسکەری دەکەوێت، زۆر شپرزەدەبێت و تێکدەچێت. هەندێک جاران هەڵدێت و هەندەک جاریش خۆی دەشارێتەوە. دوای چەند هەفتەیەک هاورێ و دۆستی پەیداکرد، لێک نزیکبوونەوە و سامی شکا، رۆژانە کاتی خۆی لە تەکیاندا بەسەردەبرد. تا رۆژێکیان مەمەندەشێت پێیگوت:

–بابیز! ئەتۆ شەوان لەکوێ دەنوویت؟

–عەردی خودای زۆرن، پەک ناکەوێت.

–ئەدی لۆ نایەیت لە کنە مە بنوویت؟

– ئێوە لەکوێ دەنوون؟

–لە شێخی چۆلی.

ئیدی هەر ئەو گفوگۆیە بوو، بۆ هەمان شەو بابیز چووە نێو عالەمی شێتانەوە و لە سایەی شێخی چۆلیدا حەسایەوە. هەندێک جار کە هاورێکانی خەویان لێدەکەوت، لە تەنیاییدا، دەکەوتە ئازاردانی گیانی خۆی. بۆ چەند چرکەیەک مێشکی چەخماخەیەکی دەکرد «نازانم ئەمن لۆ شێتبووم؟.. لۆ دەبێت خەڵکی گاڵتەم پێبکەن؟» پاشان وێنەکان لە بەرچاویدا تێکەڵدەبوون و دەژاکان.. ئەوجا دەیدایە قاقای پێکەنین و خۆی بەژێر پەتۆکەدا دەکرد.

بابیز هەستی دەکرد کە هێزێکی نادیار لە ناخەوە رایدەکێشێت بەرەو لای دوو کەس لەوانەی تازە هاتبوونەتە ناو ئەم مەنزڵگا پیرۆزە. بۆیە دوای ماوەیەک لەتەک زۆراب گەرمیانی و فەرهاد هەڵەبجەییدا بوون بە سێ کوچکەی شەوانی شێخی چۆلی.

***

**تێبینی دووەم**: هێشا مابوو کە زستان بەسەربچێت و بەهار بێت، لە ناکاو بەهار پێشکەوت.. خۆشی و شادی لە دڵی خەڵکیدا سەمایان دەکرد، لە هەموو لایەک بوو بە شایی و هەڵپەرکێ.

***

بابیز خەونێکی سەیری بینی، خۆی لە گوندێکی ناوچەی بالیساندا بینی، دیمەنێکی زۆر ترسناکی هاتە بەرچاو، فرۆکە بە ئاسمانەوە بەرمیلی گەورەیان فرێدەدایە خوارێ و پاش کەمێک هەر زەلام بوو بەلادا دەهات. لە خەونەکەیدا خۆی بینی رایدەکرد تا گەیشتە نێوقەدی چیای پشت گوندەکە، دەستەسرێکی تەریشی بە بنلووتیەوە گرتبوو. کە تاریک داهات گەرایەوە نێو ئاوایی، دنیایەکی سەیری بینی، ئاخرزەمان بوو. دەیان کەس پاڵکەوتبوون و گیانیان لەدەستدابوو، منداڵ مەمکی دایکی مردووی لە زاردابوو، چەندان خێزان قڕیان تێکەوتبوو.. کە گەیشتە ماڵی خۆیان بینی تاقە یەک کەسیان لێدەرنەچووبوو. تا هێزی تێدابوو قیژاندی.. ئیدی لەو خەونە قورسە راپەڕی، بەڵام ئەو خەونە وەک شریتی سینەما زۆر شتی بە بیرهێنایەوە.

لە بازێڕدا بابیز ئەو زیلانەی دەبینی کە جاران خەڵکانی گوندەکانیان تێدا راگوێز دەکرد، ئێستا لاوی قوز و کوڕانی رۆژی مەیدان دەست بە کلاشینکۆفەوە بە زاری پڕ لە خەندەوە بە نێو شاردا دێن و دەچن.. ئەو لەو تێڕامانەدا بوو کە فەرهاد لێی نزیکبۆوە و پێیگوت:

–بابیز، دەزانی حەزم لە چییە؟ حەزدەکەم بچمە ئەو سەرتاشخانەیە تەراش بکەم، بۆنی خۆش لەخۆم بدەم، پاشان بچمە گەرماوێکەوە پاک پاک بمشۆن، ئەمجا دەستێک بەرگی جوان لەبەرکەم و بچمە نێو ئەو پێشمەرگانەوە.

گوێیان لە قاقای پێکەنین بوو، کە ئاوڕیان دایەوە زۆراب بوو پێیان پێدەکەنی.

***

**تێبینی چوارەم**: بەهاریان تەمەنکورت بوو. شار شڵەژا، ژن و پیاو، گەورە و بچووک، پیر و منداڵ بە پێیان، بە سواری ئوتۆمبێل، بە تراکتۆر، بە حاویە، بە ماتۆر کەوتنە رێ. دەرگای ماڵەکانیان کلۆم دا و رووپیانکردە دوارۆژێکی نادیار. بەشی هەرەزۆری ئەو خەڵکە شارەکەیان بەجێهێشت.

***

پەڵەهەورەکان، کە ئەو ئێوارەیە رووی ئاسمانیان گرتبوو، لەناکاو وەک کوندەی سەربەرەوخوار بەسەر ئەو کۆڕەوەدا باری. هەزاران ژن منداڵیان بە کۆڵەوە بوو، یان لە ئامێزیان گرتبوون و بە پێخواسی بەرەو چیا دەڕۆیشتن. سەرماش وەک تەگبیری کردبێت تا دەهات زیاتر کاری تێدەکردن. کزەبایەکی سارد وەک کەڵەگورگ گەمارۆی کاروانی لێقەوماوانی دەدا. بابیز بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت خۆی لەنێو ئەو عەشاماتەدا بینییەوە. بەلای ژنێکدا تێپەڕی کە منداڵێکی بە باوەشەوە بوو و پێیدەگووت: «بە قوربانت بم، خۆت لە سنگم توند بکە با گەرم ببیتەوە». منداڵەکەش بە نووزەوە دەیگووت: «دایە

گیان خۆ تۆش هەڵدەلەرزی». گوێی لە مێرمنداڵێکی دیکە بوو بە بابی دەگووت: «بابە! ئەوانەی لە شاری ماونەتەوە چییان لێدەکەن؟».

هەر کە گوێی لەوە بوو، بێ ئەوەی کەس پێی بڵێت، لەولای «مەلاهۆمەر»ەوە، بە پێیان بە شەقاوی درشت، بەرەو شار گەڕایەوە «هەی لەمنت نەکەوێ باییز! ئەدی کوو ڕەفیقەکانت بەجێ دێڵی؟ وەگەڕێ.. لۆ کوێ دەڕۆی ماڵ خەراپ؟».

بەدەم ڕێگاوە چەند جارێک لە بەردی تیژ هەڵدەنگوت، بەلای خۆیەوە وای بۆدەچوو قاچی قڵیش بوویێت، بەڵام گوێی نەدەدایە خێراتر شەقاوی گورج دەکرد. هەندێ جاران سامیی شەو و درێژەی کاروان سامیان دەخستە دڵییەوە، وای دەهاتە پێش چاوان کە لە قڵیشی عەردەکەوە توولەمار و دووپشک سەردەردێنن و لەو ناوەیدا تەراتێن دەکەن «دەبێ چ بکەن؟ یان پێمەوە دەدەن، یان ئەوانیش بۆخۆیان سەرهەڵدەگرن و دەڕۆن».

برسییەتی زۆری بۆ هێنابوو، بەڵام تەمی ترس و دڵەڕاوکەی بۆ برادەرەکانی زیاتر تینیان دەدایە لاقەکانی تا بەرەو پێش بڕوات. هەرچۆنێک بوو گەیشتەوە شێخی چۆڵی و هاوەڵەکانی بەسەرکردەوە، کە نەیاندەزانی دنیا چ باسە!

***

بەیانی کە خۆرهەڵات و شێتەکان لەخەو هەستان، باییز هەستی کرد خاک ڕەنگی خوێنی هەیە و هەواش بۆنی بارووتی لێدێت. سەربازی دڕندەش بە چەشنی ڕەوەبەراز بەربوونەتە گیانی ئەوانەی بۆ ڕاوکردنیان هاتوون. تەپلەی سوور و خودەی ئاسن بەدیار کەوتنەوە. دەبابە لوولەی تۆپان دەکاتە نێو ماڵان و زرمەیان لێ هەڵدەستێنێت. لە هەندێک شوێنەوە تەقەدەکراو سەربازێک دەپێکرا.. دەنگی تەقە زیادی کرد. زەنگێک لە نێو مێشکی باییزدا لێی دەدا، لە تاریکستانی جیهانی ناوەوەیدا ژاوەژاوێک پەیدابوو.. دەنگی زەنگێکی سامناک لە گوێیدا دەزرینگایەوە. گڵۆپی سوور وەک خوێن لەبەر چاویدا دادەگیرسان.. چاوەکانی گریان لێدەبۆوە «تۆ شێت نیت! تۆ ئازایت! تۆ دەتوانیت کاری گەورە بکەیت! دەتوانیت تۆڵەستێن بیت!»

شێتەکانی هاوڵی هان دا بە سکەخشکێ بچن بەلای سەربازە کوژراوەکانەوە تا چەکەکانیان بهێنن. فەرهاد و زۆراب، هەر یەکەیان بەلایەکدا و لەتەک چەند شێتێکی دیکەدا، کەوتنەخۆ تا چەک کۆکەنەوە. هەر یەکەیان کە کلاشینکۆفێکی دەهێنایەوە دەیدایە قاقای پێکەنین و بە خۆشییەوە دەیدایە دەست باییز. تا وایان لێهات ژمارەیەکی باش چەکیان لەلا کۆبۆوە. ئەمجار لەنێو گۆڕستانەکەدا سەنگەری پێلێدان. بەری ئاسمان بە دوکەڵ و بارووت تەڵخ بووبوو. ژیان لە نێو شاردا بووبووە دەنگی تۆپ و قورقوشم و باروت. گرمەی فڕۆکەی هەلیکۆپتەریش گوێی خەڵکی کەڕدەکرد. باییز گشتیانی کۆکردەوە و چەکەکانی بەسەردا دابەشکردن، یەکە یەکە فێری کردن چۆن بیان تەقێنن. لە ساتەوەختی ترسدا خەم کەڵەکەدەکات، بەڵام کە مرۆڤ تینی دایەخۆی و پەژارەی لەبیر خۆی بردەوە، تەمی ترس وردەوردە دەڕەوێتەوە. باییز لەو حاڵەتە دەروونییەدا دەژیا، لێوەکانی بە خەندەی ترسنامێزەوە کەوتنە لەرینەوە «چ جیاوازییەک لە نێوان مردن و ژیاندا هەیە؟ ئەگەر خودا پشتیوانیم بکات دەبێت ئارامیان لەبەر هەڵبگرم»

شەقامەکان چۆڵتر بوون، جگە لە ئیفا و زیل و دەبابە چی تر نەدەبیندران. باییز چاوی بە سەگێک کەوت کە لە بن دیوارێکدا چۆکی دادابوو «دەشێت بریندار بێت و توانای بزاوتنی نەبێت.. ئای کە بەستەزمان و بێ دەسەڵاتە!». تاک تاک هەندێک ماڵی بەدیدەکرد کە پەردەی پەنجەرەکانیان دەجوڵێنەوە. باڵندەیەکی باڵشکاو بە ترسەوە هێلانەکەی بەجێهێشت و کەمێک فڕی و کەوتە خوارێ. باییز لەلای خۆیەوە هەناسەیەکی بۆ هەڵکێشا و، لەناکاو سەیری کرد لەوسەری شەقامەکەوە پۆلە سەربازێکی تەپلەسووری دەستبەچەک کەوتنە دوکانشکاندن و ماڵتاڵانکردن، گوڕ و تینی دایە خۆی ڕوویکردە ئاوەڵەکانی و پێی گووتن:

***

—ئەو تەپلەسوورانە دوژمنی ئێمەن، ئەوانە دەیانەوێت بێنە سەرمان و لێرەکانەمان وەدەرنێن. دەمەوێت هەر یەکەتان ئاویداتە چەکەکەی بیهێنێتە سەرپێ، مەڵێن ئەوان زۆرن و لە عۆدەیان نایەین، ئەگەر پێکەوە هەمووانمان لە یەک کاتدا تێیان بسرەوێنین هەناویان دەکەوێ و دەتۆقێن، وەتێدەگەن پێشمەرگەن لە هەموو لایەکەوە لێیان دەدەن.

دوای پشوویەک دیسان گووتی:

-کورینه! هەر کە نزیکتر بوونەوە و ئەمن چریکاندم بە یەکجار لێیان بکەونە دەستڕێژ.

***

بە نازی دڵدارێکەوە پەنجەکانی کلاشینکۆفە بریقەدارەکەیان لە ئامێزگرت. هاوەڵەکانیش قامکیان لەسەر پەلەپیتکە بوو. هەستێکی ئەوتۆ دیهەژاندن «ئەو کارەی دەتەوێت بیکەی شێخی چۆلی پیرۆزبایت لێدەکات». لە ناکاو قیژاندی:

-هۆ دەستگڵاوەکان راوەستن! مانگ و رۆژ و ئەستێرانمان چیدی پیس مەکەن! ئێوە دەتانەوێت رووناکی لە ئێسک و پروسکی مردووانمان ببڕن! بەو نامەردییەی خۆتان دەشێت بتوانن گۆڕستانەکەمان بگرن، بەڵام بۆ کوردستان مەحاڵە!.

لەگەڵ یەکەم تەقەیدا هاوڕێکانی لەلای خۆیانەوە هەریەکەیان دەستی بە پەلەپیتکە دانا، رۆژی نیوەڕۆیان لێکردن بە شەوی تار، وەک بریشکە گوللە دەتەقییەوە. شێتەکان کردیان بە رۆژی خۆیان، لەگەڵ هەر دەستڕێژێکیاندا دەیاندایە قاقای پێکەنین و هەندێکیان کڵاوەکەیان هەڵدەدا و دەیانقیژاند. حوسێنە شێت، کە زۆر کەم دەدوا، لە سەنگەرەکەی خۆیەوە بانگی لە باییز کرد:

– کا باییز! ئەگەر ئەو سەگانەمان شکاند وەعدم دەدەیتێ هەمین لۆ بێنی.

باییز زۆر بەسۆزەوە گازیکرد:

-حوسێن! هەی لەمنت نەکەوێ، سوێند بێت بە شێخی چلی ئەگەر ئەو دەییوسانەمان لەکۆڵ ببنەوە و بتوانین بیان شکێنین، هەمینت لۆ خوازبێنی دەکەم و کراسی بووکێنیش لەسەر خۆم.

باییز قسەکەی تەواو نەکردبوو کە زریکە لە حوسێن هەستا و قەنناسێک سەرسنگی پێکا.

***

زۆراب لە قوڵی خۆیەوە تەقەی دەکرد، هانی هاوەڵەکانی دەدا کە فیشەک بە خەسار نەدەن «کوڕینە! ئەو لەعنەتییانە ئێمەیان شێتکرد، ئەوانە بوونە مایەی دەربەدەربوونمان، با تۆڵەی گەرمیان و کوێستانیان لێبستێنینەوە». لەو ساتەدا پۆلە سەربازێکی دی بە هانای پۆلە شکستخواردووەکەیانەوە دەهاتن، لە پەنای دوکانەکەوە کەوتنە دەستڕێژ لە سەنگەرەکانی نێوگۆڕستانەکە و بەردەرکی مزگەوت. زۆراب لە لەتەک هەر گوللەیەکدا کە دەیتەقاند خۆشییەک وەک تەزوو بە لەشیدا دەهات... لەناکاو شانێکی پێکرا. ئەمجا لە سنگییەوە خوێن وەک فوارە هەڵدەقوڵی و تێکەڵ بە زەوییە شێدارەکە دەبوو. چەکەکەی لە پاڵییەوە راکشابوو، تینی دایە خۆی تا دەستبکاتە ملی، لەگەڵ تێکنالانیان زنجیرەیەک گوللەی دی لەشیان کرد بە بێژنگ.

هاوەڵەکانی کە چاویان بە خوێنی زۆراب کەوت دنیایان لە بەرچاو تاریک بوو، ئەوانەیان کە لە نزیک سەنگەرەکەوە بوون کەوتنە تەقە. هەندێکیان چاویان دەنوقاند و تەقەیان دەکرد. ژمارەی کوژراوی تەپلەسووران لە زیادی دابوو. حەوڵا لاتەریک بوو، گوێی لێبوو گەورەیەکیان فووی بە بۆڕییەکدا دەکرد و پێی دەگوتن: «تەقەمەکەن! چەکەکانتان دابنێن و دەست بەرزبکەنەوە، هیچتان لێناکەین!»

پڕ بە زاری قیژاندی: «هەتیمی خوێڕی ئەوە کێ فریودەدەی؟ چما ئێمە منداڵین؟ یان بە شێتمان دەزانن، بەخودای چەند بڕوام بە رێوییەکی گەڕی برسی هەیە هەر هێندەشم بڕوا بە تۆیە.. بڕۆ گەواد نەیەیتە پێشێ!»

لە قسەکانی بۆوە لە شوێنی خۆی هەستایە سەرپێ و رووی کلاشینکۆفەکەی کردە کابرای بۆڕی بەدەم، هەتا توانی گوللەی پێوەنا.. ئەمجار خۆیشی چەکەکەی لەدەست کەوتەخوارێ و بە لەشی خەڵتانی خوێنەوە کەوت، بەڵام واش بە سکەخشکێ خۆی گەیاندە نزیک منارەکە و لەوێ گیانی سپارد.

***

فەرهاد خەیاڵێکی سپی بە شەققەی باڵ بەرەو هەورە خۆڵەمێشییەکانی ئەورۆژەی ئاسمانی هەڵەبجەی دەبرد، دیمەنی منداڵیی و هەرزەکاری خۆی دەهاتەوە پێش چاو، تا ئەو ساتەوەختەی شارەکەی لە بناری هەورامان کیمیاباران کرا... قڕخرایە خێزان و کەسوکاری، خۆیشی وەک چڵێکی سەوز لە درەختە گەورەکە کرایەوە تا وشکبوو. ئەم دیمەنە زیاتر قینی هەستاند. چاوێکی گێڕا بەملاو ئەولادا، دەبیابەی لەکن مەحەطەوە بینی، لە نزیک سەمووڕنی ئیعاشەوە سەرباز خەریکی تالانی بوون. لەبەر خۆیەوە گووتی: «بە مەرقەدی کاک ئەحمەدی شێخ و عەبابەیلیی جەڕاح و بەم مەرقەدەی ئێمە بووینە

میوانی نەهێڵم بە زیندوویی ئەتکم بکەن و وەک سەگ پەتم بکەن». ئەو تاک تاکەی شێتان کە مابوون بە سکەخشکێ بەسەری کردنەوە و جۆشێکی وەهای خستنە دڵیانەوە کە بە هیچ شێوەیەک خۆ بەدەستەوە نەدەن. «قوربانتان بم، هەر کە لێتان نزیکبوونەوە پێیانەوەنێن، دەستیان لێ مەپارێزن... ئەوانە شەیتانن... نەجەندەن». لەولاوە یەکێکیان هەستایە سەرپێیان و چەکەکەی راوەشاند وقیژاندی: «ئەوانە بیژوون، لێیان مەترسێن، بیانبەزێنن! پاشان خۆمان سواری دەبابەکانیان دەبین و پێیان دەگەڕێین...» هێشتا هەر لە قسەدابوو کە گوللەیەک ناوچەوانی سمی و مێژەڵاکی هەڵتەکاند. فەرهاد لە حەیبەتان کلاشینکۆفەکەی خستەکار، بە تەقەکردن و بە راکردن و بەرەو روویان رۆیشت و دەیپرشاندن. ژمارەیەکی باشی لێخستن. باییز کە چاوی لێبوو هاواری لێکرد، بەڵام تازە فایدەی نەبوو. لە ناوەڕاستی رێگای نێوانیان وەک درەختێکی باڵابەرز بەلاداهات؛ بەڵام سەری هەر بڵند بوو، چاوەکانی دەیانڕوانییە ئاسۆ.

باییز زانی کە ئیدی بە تەنێ ماوەتەوە، کەچی ورەی بەرزبوو، خوێنی هاوەڵەکانی زیاتر ئازاییان پێدەبەخشی، دەنگێک چرپەی شادمانی دەگەیاندە لوتکەی هیوا و ئاواتی. کەوتە بەرگریکردن، بە پێدزە بە سەنگەرەکانەوە گەڕا، چی فیشەک مابوو لای خۆی گردیکردنەوە. بە دڵی خۆی تەقەی دەکرد، بە سێ لادا چەکی خستبووە کار. کات دەمەو ئێوارە بوو.. شار چۆڵ و هۆڵ.. ناو بەناو لە دوور تەقەیەکی بەرگوێ دەکەوت، دڵی پێی خۆش بوو «قوربان بەسەری، بە خودای وای ناخۆن؛ وا ئێمەشتان کوشت ئەدی دوایی چی دەکەن؟ ئێستا کوڕانی قەندیل و شێرەکانی کۆسرەت و قەرەسرت و دلێرانی ئاسۆس لەسەر رێی مەسیف لۆتان لە بۆسەدان و وەک خەنجەر چەقیون، ئەوان دەتوانن دەردتان دەرمان کەن». لە پڕ چزەیەک وەک زەردەزیرە لە باڵی چەپی هەستا، خۆی نەشڵەژاند، بەردەوام بوو لەسەر قەلاچۆیان.. گوللەیەکی دی کەلەکەی سمی.. هێندەی نەبرد دوو گوللەی دی بە ناوکیدا چوونە ناوسکییەوە. ئارەقەی زۆری کردەوە.. زمانی تا دەهات وشکدەبوو. تینووی بوو، زۆری حەز لە قومەئاوێک بوو زمانی پێ تەڕبکات. بەرە بەرە بێهێزی زەفەری پێهێنا. هێشتا گیانی تێدا مابوو کە چاوی لێبوو پۆلە سەربازێک پیاوێکی پیری پشت چەماوەیان پێش خۆیان دابوو کە بە گۆچان دەڕۆیشت، نەشی دەزانی بۆکوێی دەبەن. باییز هەناسەی سوار بوو، قرخە قرخ لە گەرووی دەهات. ریخۆڵەکانی بەدەست گرتبوو تا لە کونی زامەکەیەوە بەرنەبنەوە. بە تەواوی لێی روون بوو کە مەرگ بۆتە میوانی. ئەندامەکانی لەشی یەک لەدوای یەک لەکار دەکەوتن. کە ئەو پیرەمێردەی بەو کەساسییە بینی هانای بردە بەر شێخی چۆڵی نزیکتر بینەوە. تینی دایە خۆی و رووی کلاشینکۆفەکەی تێکردن، وەک هەورە تریشقە چەخماخە بکات بەربووە گیانیان.. خۆیشی دواهەناسەی دا و لەتەک کلاشینکۆفە ئازیزەکەی هاوڕێیدا لێک جیابوونەوە.

**دوا تێبینی:**

مجێوری مزگەوتێ دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

«دوای ئەوەی خامۆشی باڵی بەسەر مزگەوتی شێخی چۆڵیدا کێشا، تەقە لەو ناوەی نەما. ئەوجا سەربازە هەڵبژاردەکانی کۆشکی کۆماری تینیان دایە خۆیان و بە ناو لاشەی کوژراوەکاندا گەڕان. ئەفسەرەکەیان زۆر مەبەستی بوو لاشەی ئەو سەرکردەیە ببینێت کە تا دەمەو ئێوارە تەقەی لێکردن و لێی کوشتن. کە گەیشە سەر لاشەی باییز سەرسام بوو، لە چاوی خۆی بەگومان بوو «چۆن؟ ئەمانە خۆ پێشمەرگە نەبوون؟ ئەی چۆن وا....»

بەلای لاشەیەکەوە کلاشینکۆفێک و چوار مەخزەنی پڕ و سەدان قەوانی بەتاڵ کەوتبوون.. کابرای ئەفسەر واقی وڕمابوو.. تا ئێستاش نهێنی ئەو سەرکردەیە و ئەو پۆلە جەنگاوەرەی بۆ ساغ نەبۆتەوە...

بەڵام لەبەر خۆیەوە دەڵێت: بەڕاسی ئازابوون!!

موحسین ئەحمەد عەمەر

# سەکۆی با

ئەم لەشەش کۆندەبێ ئەم لەشەش کۆندەبێ،
کۆندەبێ ئەم لەشەش دەبێتە خۆڵ، با،
دەبێتە پەپوولەی نادیار، گەڵاو مەگەز و خاڵخاڵۆکە،
بە سەر دەم، پێڵوو، گوڵەکانی روومەتەوە دەنیشنەوە
ئەوانیش کۆندەبن، سیسدەبن، دەمرن و
دەبووژێنەوە، ئەم لەشەش کۆندەبێ ئیبلیس و
فریشتەکانی بەرەڵادەکات. لێی هەڵدێن،
بۆی دەگەڕێنەوە.. کۆندەبێ ئەم لەشەش بەناو
هاتووچۆی شتەکاندا تێدەپەڕێ، دەبێتە
یاداشتی خۆڵ و با.. هەڵدەکشێ، دادەبەزێ،
یانیش کتێبی ئەمانە دەنووسێتەوە،
لەوانەشە ببێتە بەیتێکی پڕ لە تەلیسم و نهێنی...



ئینجا ئەو دەیگووت تەنیا یاداشتی جووتبوون و
پەیوەنییەکانە کە دەمێنێتەوە
تەنیا وشەیە کە دەمێنێتەوە.

کە بە قۆڵی رووت و کراسی سپییەوە لە سەر
بەرزاییەکان دەوەستم و لەوێوە
سەیری خۆم دەکەم
دەستم بۆ روومەتم دەبەم
چەپکێک خۆڵ لێکدەکەمەوە
روخسارم لەوحەی گشت نووسراوە دەگمەنەکانە
رووخسارت هێلانەی بایە
پڕە لە باڵندەی غوبار.

ئەوانەی بە پێشمدا تێدەپەڕن و روخساریان
نغرۆی ناو دەستەکانیانە،
رەنگە منیشیان لەگەڵ بێت..!

ئەم مرۆڤە رەنگاورەنگانە بۆکوێ دەچن؟
بۆ پێشوازیی با یا بۆ بەرێکردنی لەشی خۆڵینیان؟

لەوێوە لەودیوی پەنجەرەکانی لەشم خۆم دەبینم،
سەیری ئێرە دەکەم،
خۆڵی سەر خۆڵ و لاپەڕەی کۆن.

هەندێ جاریش کە بە قۆڵی رووت و کراسی



سپییەوە لە بەرزاییەکان دەوەستم، ئەم لەشەی
بەر شەپۆلی با وەک پووشی ناودەشتی چۆڵ و
بێپایان، پەنجە پڕ لە ئەنگوستیلەی زیوین، نیگا
بەردین، وەک پەیکەرێکی ئاهەکی لەگەڵ یەکەم دڵۆپە
باران دەخووسێتەوە،

...ئینجا ئەو دەیگوت تەنها شوێنپێیەکانن کە
دەمێننەوە

هەندێ جاریش کە لەوێ دەوەستم، دەڵێی
هەموو شتێک گوڵی ئاوین، گوڵی خۆڵین و ئاگر و
بای خۆی هەیە..!
بەڵام دەچندرێن؟
دەتگوت تەنیا لە یەک شت دڵنیام،
هەموو جارێک کە دەست بۆ روومەتم دەبەم
چەپکێک وشە دەچنم.

ئەم دیوە تەنیا وشەیە
ئەو دیویش تەنیا.. وێردی شتەکان

هەندێ جاریش، لەو دەمەی هەموو شتێک
لە سووچەکانی شار بە هەناسەی ئاگرینی با
بڵقدەدا، لەمدیو خۆم دەبینم، بەم وەختە ناگەهانییە،
سەر نیشانەی پرسیار و لەش نیشانەی سەرسوڕمان،
ئاوارە، لەم شەقام دەچێتە ئەو شەقام، هەنگاوی



گەورە گەورە دەهاوێژێ و دەستەکانی بە خێرایی
بڵند، زۆر بڵند دەکاتەوە، خێسەو گەف لە پیادەکان
دەکات و لە بەرخۆیەوە دەڵێت:
ئەم دیوە تەنیا وڕێنەیە
ئەو دیویش (؟)

ئایا دەزانی تەنیا لەوێ، لەمدیو، لە سەر
رووی دەریا ئاو و با بەیەکدەگەن؟
دەست لە ملانێی یەک دەکەن و دژی یەکیش
هەڵدەگەڕێنەوە.
ئاە..! لە زەماوەندی ئاو و با..!
تۆش لە لەوحەی روخسارت
سەرگوزەشتەی ئەم بەیەکگەیشتنەت
نووسییەوە.

دەموت: لەوێ، لەمدیو، لە دەشتە
سوورەکانی پشت گوندە کەلاوەکان،
دەزگایەکی ئاڵۆزم لە فافۆنی سپی تریسکەدار
دامەزراند،
بۆ فێربوونی زانستی کێشانی با،
بۆ کێشانی خۆم، هی تۆ،
ژماردنی پوشکە و دەنکە گەنمەکان،
چنینی گوڵەکانی روخسار
تێشکاندن و وردکردنی وشەکان،
ئاودانی درەختەکانی لەش



تێگەیشتن لە زانستی پەیوەندییەکان و
هاتووچوونی شتەکان،
دروستکردنی گۆزە و فلووت،
دواییش شکاندنیان، ئینجا دروستکردنەوەیان.

...پاشان دەتگوت تەنیا بایە
شتەکان، روخسارەکان، وشەکان دەگەیەنێتە
یەکتری و بەباشیان دەکات..!

ئەم لەشەش کۆندەبێ ئەم لەشەش کۆندەبێ،
کۆندەبێ ئەم لەشەش دەبێتە خۆڵ، با،
دەبێتە پەپوولەی نادیار، گەلاو مەگەز و خالْخالۆکە،
بە سەر دەم، پێڵوو، گوڵەکانی روومەتەوە دەنیشنەوە
ئەوانیش کۆندەبن، سیسدەبن، دەمرن و
دەبووژێنەوە، ئەم لەشەش کۆندەبێ ئیبلیس و
فریشتەکانی بەرەڵادەکات. لێی هەڵدێن و
بۆی دەگەڕێنەوە.. کۆندەبێ ئەم لەشەش بەناو
هاتووچۆی شتەکاندا تێدەپەڕێ، دەبێتە
یاداشتی خۆڵ و با.. هەڵدەکشێ، دادەبەزێ،
دەبێتە گۆزە، دەبێتە غوبار..!

کاروان عەبدوڵڵا

# خەجاو

پێشکەشە بە چاوە جوان و لە گۆڕنراوەکانی ڕانیە.

قژی پەرش و بڵاوی منداڵە ساواکەی، وەک خەمێکی ئاڵۆز، تێکەڵ بەشانەی پەنجە ترس تێخزاوەکانی ببوو، ناوەناوە ، تاقوڵایی سییەکانی، تا تووانەوە لەگەڵ ڕۆحی پەشێواویدا، بۆنی پرچە شلوخاوەکەی ددکرد. لەپر دەنگێکی قورس ڕۆچووە دەروونی دەستی هەواڵێکی دڵڕاتەکێن، ترس ئامێز ڕایتەکاند ، گوێی لە چرپەی کۆمەڵێک هەنگاوی نارێک وخشپە و سرتە و پێخوستی کەسانێک بوو . منداڵە ساواکەی لە مەمکە پڕشیرو هەلامساوەکەی جیاکردەوە، چوارکەس بەپەلە وەژوورکەوتن. دەوری خەجاویان گرت .خەجاو تەکانی هەڵاتنی دایەخۆ ، بەڵام نەیتوانی، ویستی بقیژێنێ ، خێرادەمی بە پانایی دەستێکی بەردین گیرا، پەنجەی هەڕەشەی بەڕوودا بەرزکرایەوە.

–بێدەنگ بە !مەمکیشت بشاردوە!

یەکێکیان بەپەلەپڕوزێ پڕی دایە منداڵەکە و ڕایێچی دەرەوەی کرد ، خەجاو لێوی ڕق و ناچارەیی لێکترازان ، کەچی بەرلەوەی شتێک بڵێ ، مستەکۆڵەیەکی پێکەوت. ڕق و کینەی بێ ئەندازەی ئەوان ، لەگەڵ مست لێدانەکەدا ڕژایە نێو دەروونی. ترس و حەپەسان ، لەنێو خوێن و جەستەیدا ڕوا. لە پشتەوەڕا دەستێکی ئاسنین ، قژە تێک ئالاوەکەی بۆ دواوە ڕاکێشا. خەجاو بۆ دەستو پێی ئەوان دانەوییەوە، دەستی لەرزۆکی بۆ قاچ و قولی کەسەکان درێژکرد، سیمای پڕ ترس و وەحشەتگرتووی هەڵبڕی، کەسەکەی لێ بوو بەشاخ، بوو بە دێو، بە ئیزرائیل ، شاخ ڕقی دەردەدا، دێویش خوێنی دەخواست ، ئیزرائیلیش پێستی ناسکی ڕۆحی هەڵدەدڕی.

–لە ڕاهی خوا..لەڕاهی ئەو منداڵە!

هیچ قسەیەک ،هیچ پاڕانەوە و داوایەکی خەجاو بۆ ئەوان گرنگ نەبوو، ئەوان نیگاکانیان خەنجەری ڕق و تۆڵە بوو، خەنجەرێک ، تک تک ، خوێنێکی ڕەشی لێ بچۆڕێتەوە. خەجاو وەک منداڵێکی ساوای کەس و کار لێ ونبوو، گاگۆڵکەی بە دەوری ئەواندا دەکرد و دەپاڕایەوە. ئەو چاوەڕێی دەستێکی بەرەحم بوو هەڵیگرێتەوە و لەسەر پێ بیوەستێنێ ، چاوەڕێی دەنگێک بوو ، تۆوی شەڕ و تۆڵەی تیانەبێ ، کەچی تەنیا سەدای نوزانەوەی خۆی دەبیستەوە.

–چیم لێدەکەن ؟!

ئەوان وەکو کێوێک بەسەر سەریەوە قیت وەستابوون ، کێوێکی دڕ ، پڕ عاسێ ، سامناک ، کە ئاستەم بوو ئەو جەستە پەڕوباڵ شکاوە ڕێچکەیەکی تیابدۆزێتەوە و بە بالایدا هەڵزنێ. ئەوان شەپۆلی مەرگ بوون، لە نێو ئەو ژوورە تەسکەدا ، شالاویان بۆ خەجاو دەهێنا. خەجاو

وەک لە زستانێکی سڕوسارداً، لە کەنار دەریایەک ، نیوەی لەشی بە نێو لمدا چووبێتە خوار، لە نێوان قاچە سەخت وچەقیوەکانی ئەواندا گیربببوو. تازە بۆ کوێ دەچێ، پەنا بۆ کوێ بەرێ ، بەکام کووتەو بەکام رەفتار دڵی ڕەق و پڕکینەیان نەرم کاتەوە ؟ تازەچوو ، زۆر درەنگە ، ئەوان ئێستا لەبەرچاوی خەجاو بوونەتە یەک سەروسیما. هەموویان یەک دەنگ و یەک رەنگ و یەک ئاکار و یەک بڕیارن. ئەوان جاران وانەبوون ، ئێستا لە ئاست ئەمدا،وەها یەکیان گرتووە وەها لە نێو یەکتریدا تواونەتەوە ، بوونەتە جەستەیەکی ڕق پڕێن.

خەجاویان بە پێوە راگرت ، شل وشەکەت ، سپی هەڵگەراو. واقوڕماو وپێلو وەستاو ،سەیری هەموویانی دەکرد، چاوی دەبریە نێو چاوی هەموویان. کانی ڕق ، خوێن ، جوێن ،هەڵدەقوڵا لە قوڵایی کانیەکەشدا بزەیەکی بینی ،بزەی گەڕانەوەی حەیا ، بەبێدەنگی ئاوڕێکی لە شوێن منالە ڕاپێچراوەکەیدا دایەوە ، دوو قەترە فرمێسک لە سووچی چاوەکانیەوە خێراخزانە دەرەوە ، دەتووت ئێشێکە ، ژانێکە لەلەشی جیادەبێتەوە.

هەستی کرد کۆناکانی مەمکی گەرم دادێن، وای دەزانی منالەکەی هەر بەباوەشیەوەیە و بەلێوە گەرم و خونچەییەکانی ، بە پەلە شیر هەڵدەمژێ. شیر لە مەمکەکانی چۆڕاوە ، بازنەیەکی تەڕی نارێکی لە دەوروبەری کراسی سەر مەمکەکانی نەخشاند. شیرەکە پەرش بۆوە ، بازنەکە تێکچوو، شوێنی تەراییەکە بە مەمکەکانیەوە نوسا، هەموویان ئەو رووداوەیان بینی، یەکێکیان بە خێرایی عەبایەکی هێنا و دایە دەست خەجاو:

—بەسەر خۆت دادە، بێدەنگ ، وە پێشمان کەوە!

خەجاو هیچی نەوت ، بەڵام تروسکەیەک دڵنیایی بە دڵیدا رەتبوو، چۆن دەستیان دەگرێ منێک کە خوێنی ئەوانم تێبگەڕێ ، بمکوژن ، چۆن دەتوانن بە کۆتایی هێنانی من ، چاو لە چاوی منالە ساواکەم کەن ،نا، ئاهی ئەو منالەم ڕێگەیان پێنادا، چاوی ئەو منالەم بۆیان دەبێ بە مۆتەکەیەک ،بە ڕۆژ و بە شەو لە بێداری و لە خەوندا، ڕاویان دەنێ ،کون بە کون سەر بە مالەکانیان دەکا ، سەری کوچەوکۆلانەکانیان لێدەگرێ ، بۆ کوێ دەچن ، ئەویش هەر گەورە دەبێ ، خێرەومەندێک پێی رادەکا هەموو شتێکی پێ بڵێ ، ئەو لە جنسی ئێوەیە ، تۆڵەی دایکی خۆی دەکاتەوە ، دەقات تۆڵەتان لێدەکاتەوە ، بچووک و گەورەتان لە قوڕدەنێ ، کوا ، چەند خۆشبوو ئێستا وەک زەلامێکی چوارشانە ، لەبەر دەستتان قیت ببایەوە ، دەست و پەنجەکانتانی وورددوخاشکردبا ، نیشانتانی دابا ، کە ئێوە زۆر لەوە بێتواناترن ، بچوکترن ، کە بتوانن منی سەرلێشێواو ، بە زۆر بە شوو دراو ، بێدەسەلات ،پەلکێشی ئارەزووەکانتان بکەن ، کوا لە کوێیت کۆرپەلەکەم ، دەبا رۆحی پڕ لە ئازاری دایکت ، بخزێتە کیانت ، دەبا کیانی چکۆلەو بێ تاوانت گەورەبێ ، ڕۆچێتە نێو دڵی مردوویان ، کڕ لە ویژدانیان بەربدەیت و ژیانیان لێ بکەیتە دۆزەخ. ئەوان دەیانەوێ تۆی ساوا لە سۆزوگەرمی باوەشی دایکت جیاکەنەوە ، بۆ هەتاهەتا نیکاکانت بە دوای مندا بگەڕێن ، هەر لە ئێستاوە فێری ڕق و کینە هەڵگرتنت بکەن ، ئەوەی خۆیان مەبەستییانە بە ناو گوێتی ئاسکتدا بخوێنن ، نەکەی کوێ بۆ تاوانەکانیان شل بکەی ، هۆ کورە شیرینەکەم.

خەجاو وەپێشیان کەوت ، هێشتا لە بەردەرگای ژوورەکە ڕەت نەبیبوو ، لەپڕ وەستا ، ئاوڕێکی پڕ لە حەسرەت و غەریبی بۆ شوێنی منالەکە دایەوە ، هێزێکی نامۆ تەکانێکی پێدا ، خەریک بوو جارێکی تر خۆی بە عەرزەکەدا بداو لە شوێن جاران رابکشێتەوە. لە ناکاو پالێکی توندی پێوەنرا ، دەماودەم رۆیشت ، لە نێوەراستی حەوشەکە ڕمبەی لێوەهات. خێراخۆیان کەیاندێ ، هەڵیانگرتەوە ، ئەو سەروسیمایە پەشۆکاوە ، ئەو دەموچاوە هەترەش چووە ، کە تەنیا لێقەوماوی ویاڕانەوەی لێدەباری ، هیچ سۆز و بەزەییەکی لە قوڵایی دڵی ئەو کەسانە وە دەست نەهێنا، تۆ بڵێی تۆزقالێک رەحم بە مندالە ساواکەی نەکەن، گریەو نوزانەوەی ئەو کۆرپەلەیە ئفلیجیان نەکا؟! تۆبڵێی خوا ، دەستی بەزەیی درێژنەکا و بەر دەرگایان لێنەگرێ ، بەر پێیان لێ نەکا بە چاڵ ، چاڵێکی بێ بن ، بەردەمیان نەکا بە تەڵدڕ ، بە ئاو ، بە ئاگر؟ تۆ بڵێی وا بە ئاسانی غەدرێکی ئاوا گەورەم لێ بکەن؟ کوا کەسێکی بە ویژدان ، بە توانا ، بە دەسەلات ،هەر ئێستا لەبەر دەرگای دەرەوە قیت بێتەوە

، بەری ئەو زوڵمە بگرێ ، منی بێچارە ، بخاتە سەر شانی و بمرفێنێ ، بمباتە دوور ، دوور لە هەموو کەسێ ، ناسیارێ ، خزمێ ، برایێ....کوا؟ بۆ هەر ئێستا زەمین ناهەژێ ، بوومەلەرزەیەک نایێ و داروبەردی ئەو خاکە تێکەڵ بە یەکتری بکا ، بۆ دەستی پیاوچاکێ بەم حەسارە ڕاناگا ، ئەم کەسانە ڕووەو ئاسمان هەڵناکێشێ ، ناویان ،ئەسڵ و فەسلیان لەسەر زەوی ناسڕێتەوە؟ بۆ دەبێ ئەوانە چارەنووسی من دەستنیشانبکەن؟ بەرەو کوێم دەبەن ، چیم لێ دەکەن؟ خۆ ئەگەر بڕیارتان داوە بمکوژن ، دە غیرەتتان هەبێ ، بۆ دواجار منداڵەکەم بۆ بێنن ، با بۆ ئاخرین جار هەناسەی ڕۆحی هەڵمژم ، چاو لە چاوی پاک و بێتاوانی بکەم ، با بزەی ئاسکی لێوە گەرمەکانی تێکەڵ بە ڕۆحم بێ ، با ئەویش دڵ و دەروونی وێڵ و سەرگەردان وپەشۆکاوم ببینێ ، با تێر لە چاوی ترس تێزاوی دایکی ڕامێنێ ، دەڵێم گەڕێن ، باجارێکی تر منداڵەکەم لە باوەش بگرم ، ئەو کات هەرچیم لێدەکەن بیکەن. ئێوە دیارە دەتانەوێ بە نەمانی من ، قەترەی حەیا ڕژاوەکانتان هەلگرنەوە ، سمێڵی لە دەستچووی پیاوەتیتان بادەنەوە ، بە ئارەزووی خۆتان پێبکەنن ، پەردەی شەرمەزاری و ڕووڕەشی هەڵدرن و بەسەربەرزی جارێکی تر لە دایک ببنەوە. ئەو کات کە وجودی من لە نێوانتاندا سڕایەوە ، بەبێ ترس ، زبڵی گوناحەکانی نێو ماڵ و بەر دەرگا و کوچەو کۆڵانەکانتان ڕادەماڵن. خەڵکی چیتر قورسایی ناخەنە سەر پشتتان ، لە چوارپەلیی ڕزگارتان دەبێ و وەک جاران لەسەر دوو پێ دەوەستنەوە ئەو کات تۆزی بێحەیایی لەسەر شانەکانتان دادەتەکێنن. دیارە من بوومەتە باعیسی هەموو ئەو ئازارو ئەشکەنجە ڕۆحیانە کە ماوەیەکە پێیەوەی دەتلێنەوە ، من بوومە ئەو مارەی کە ڕۆژانە ، شەوانە ، ژەهرم دەخستە گەرووی شانازی و گەورەییتان. من گۆمی بێدەنگی ژیانی ئاسییتانم شلەقاند ، ئێوەم لە شوێنە قاییم و توندوتۆڵەکانتان هەڵتەکاند، ڕووی سپی و مەردایەتیتانم ، لە قوڕێکی ڕەش و بۆگەن هەڵکێشا ،وەزیفە و خەونە زلەکانتانم کردە قۆندەرەو، تەلبەند و ڕێچکەی گوواوی موقەدەسەکانتانم پێ بڕی. من ئەو کات مانای ئەو شتانەم نەدەزانی ، منی بێچارە چۆن بزانم بەو کارەی کە دەیکەم ، دەستووری ژیانی ئێوە تێکدەدەم ؟ من چوزانم قەڵای سەختی بوونتان هێندە بە ئاسانی بە سەر سەرتانەوە دادەڕمێ. ئەوەی لە ژێریشیدا دەمێنێتەوە تەنیا منم. ئێستا لەوە دەگەم هەموو مردووەکانی ژێر ئەو قەڵایە ڕووخاوە ، بە مردنی من ، زیندوو دەبنەوە ، مردووەکانتان ، بە خوێیان و ڕق و کینەکانیان ، هەڵدەستنەوە و ڕووەو من دێن ، هەموو گۆڕەکان دەکەن بە گۆڕێک ، دارو بەردی سەر جەستەیان ، دەکەن بە دووکێڵ ، منی تەلبەند بڕ و یاساشکێن بە زیندوویی چاو دەخەنە پەڕۆی حەیارژاویان . سەروسیمام بە ئاخرین تفی نێوزاری بۆگەنبوویان سواق دەدەن. بە هەموویان فڕێم دەدەنە نێو گۆڕ و چاڵی پێشووی خۆیان. بە پەلە ، وەک ڕەنو ، داروبەرد و خۆڵی ئەوناوەش دادەبارێننە سەرم ، دامدەپۆشن ، ئەوەک ڕۆحی یاخی بووم ، جەستەی یاسا شکێنیم ، لە کەلێنێکی چاڵەکەدا دەرپەڕێتە دەرێ و بەسەر سەریانەوە بوەستێ و پڕ بەدەم لە قاقای پێکەنین بداو دیسان بینانخەمەوە جەهەنمی جاران.

خەجاو نەیدەزانی چۆن هەنگاو دەهاوێ ، بەرەو چ شوێنێکی نادیار و خەتەرناکی دەبەن ، ئەوانەی ئێستا پەلکێشی دەکەن کێن. توبڵێی مرۆڤ بن ؟ هەستی دەکرد بۆتە جەستەیەکی مردوو ، چەند تارماییەکی قورس بەنێو تاریکیدا ڕایدەکێشن ، وردەوردە تاریکی خەستتر دەبێ، هێزێک جەستەی لەپەلوپۆکەوتووی هەڵدەلووشێ ، بەرەو قوڵاییەک شۆڕی دەکاتەوە ، ڕووەو دونیایەکی تر دەچێ ، لەوێ خەڵکانێکی تر ، سەیروسەمەر و جیا لەوانەی بینیبوونی ، دێنەبەرچاوی. لەوێ تێکەڵ بە کۆمەڵێک مرۆڤی بە چەنگاڵ هەڵواسراو ، ئافرەتی ڕووتی ملقرتێنراو دەبێ. لەوێ زەوی شەلالی خوێنە ، مەمکەبڕاوەکان بەدوای لێوی ساواکاندا دەگەڕێن. مردووەکان ،سەرگوزشتەی داهاتویان دەگێرنەوە. سەرە پەڕێندراوەکان ، سەردولکەی بێئومێدی بۆ جەستە گومبووەکانیان دەڵێنەوە. لەوێ کەسانێک هەن کوێرن ، سەقەتن ، بەشمشێری دووسەری نێو دەستەکانیان پەناوپێچی ڕێگا چڕ و ئاڵۆزەکان دەبڕن. شمشێرەکان سەرێکیان چاوە و سەرێکیان مار، بە دوای دڵی زیندووی شاراوەی

ئافرەتاندا رادەکەن. ئەوەی سنگە هەڵیدەدڕن ، ئەوەی دڵە لەبن و بۆتکە دەریدێنن. بە ژەهری مار دەیشۆنەوە. لەوێ دڵەکان هەراج دەکرێن ، کەسانێک هەن بە چەقۆی ڕق ، دڵە فرۆشراوەکان هەنجن بەهەنجن دەکەن. لەوێ خەجاو دەکەوێتە بەر دەستی کەسێکی سەربڕاو ، بزماری پەنجەکانی دەخاتە سەر دڵە حاڵ و فێ گرتووەکەی. خەجاو دەقیژێنێ تا پێیدەکرێ هاواردەکا و خۆی لە نێو دەستی مرۆڤە سەربڕاوەکە رزگاردەکا...

– بێ دەنگ بە بێ حەیا..!

تۆ بڵێی ئەوەی بینی ، خەون نە بووبێ ؟ یان ئەوەی ئێستا روودەدا هەمان خەونی بەردەوامی پێشوو نەبێ. خەجاو بێ ئەوەی فرەیەکی لێوەبێ ، چەستەی خاوی تەسلیم بەو کەسانە ببوو ، کە پەستایانە نێو ئوتۆمبێلەکە. کرانەوەی دەرگای ئوتۆمبێلەکە ، وەک لێککردنەوەی دەمی ئەژدیهایەک بوو، زرمەی پێوەدانی دەرگاکە وەک دارمانی شاخێک بوو بە سەریدا.

زریکەی منداڵێکی ساوا ، سەری پێ قیتکردەوە ، دیسان سەرگۆی مەمکەکانی تەڕبوون، ویستی بقیژێنێ ، وەنیش کەوتنی ئۆتۆمبێلەکە و گرەگرەکەی ، قیژاندنەکەی خنکاند. ئاوڕێکی لە راست و چەپی دایەوە. خۆی لەنێوەراستی دوو زەلام ، دووشاخ ،نا ، دوو دێوی سەرو پۆتەلاک دەمامکدار بینیەوە. ئوتۆمبێلەکە بە نێوتاریکی کۆڵانەکەدا رەتبوو . خەجاو ئاوڕێکی بۆ دواوە دایەوە. زەلامێکیان بەر چاوی لێگرت ، خۆ هیچیشی لێ دیارنەبوو ، بەڵام لەوەدەچوو بۆ ئاخرین جار ماڵئاوایی لە ساواکەی بکا.

ئەو شەوەش کە لەگەڵ سیروان ، ڕێککەوتن ، هەر لە شەوێکی ئاوا دەچوو. بەڵام ئەوەندە ترسناک نەبوو. ئەگەرچی ترس و دردۆنگییەکی زۆر گیانی داگرتبوو ، لەگەڵ ئەوەش ترووسکاییەکی لەززەت بەخش درزی دەخستە نێو ترس و نیگەرانییەکەی. ئەو کات بە ئارەزووی خۆی بریاری دا کە مل وەبەر هەورازێک ئاوا خەتەرناک بدا ، ئەوکات دەیزانی کارێکی ئاوا مەترسی زۆری بە دواوەیە. ، بەڵام دەشیزانی لە پێناوی چیدا وایدەکرد.

سیروان ، کە نزیکەی چوارساڵ بوو ئاشنایی لەگەڵدا پەیدا کردبوو ، هەر لە رێگەی ئەو ئاشنایەتیەدا، حەز و ئەڤین ، یەخەی لێگرتن ، بەڵام خەجاو بەرەزامەندی ئەوانی تر شووی کرد و مناڵێکیشی بوو . ئەو کات ، سیروان جارێکی تر وجودی داگرتەوە ، چرکە و ساتەکانی لێبوون بە لەززەتی چاوەڕێی دیتن و نیگەرانی بۆ داهاتوی ژیان.

سیروان ، هەر لە شەوێکی ئاوادا خەجاوی هەڵگرت. داروبەرد و عاموودی سەر جادە و کۆڵانەکان لەبەرچاوی خەجاودا ببوونە مێردەکەی ، مناڵە ساواکەشی هەر بەباوەشەوە بوو، توند بە خۆیەوەی نووساندبوو ، لە گریانی ئەویش دەترسا. بە هەموو چرپەیەک ، دەنگێک ، قیژەیەک ، رادەچەنی. بۆ چەند جارێک دەستی لەرزۆکی دەخستە سەر شانی سیروان و بە ترسەوە دەیگوت :

– بگەرێوە سیروان ، ئێمە چی دەکەین ؟

هەتا لە شار دوور تر دەبوونەوە ، ترس زیاتر بە گیانی خەجاودا هەڵدەگەرا ، سیروان ، هیچ ئاوڕێکی نە دەدایەوە ، گرنگی بە هیچ پارانەوەیەکی خەجاو نەدەدا. تاکە شتێک بیری لێ بکردایەوە ئەوەبوو کە دەبێ بڕوا ، تا نەگەنە گوندێکی دوور ، دوور لە شار ، دوور لە خزم و کەس و کاری خەجاو نەوەستێ. ئەو خۆیشی زۆر دەترسا ، بەڵام دەیزانی ئەگەر بگەرێتەوە ، رەنگە بە پێی خۆیان بچنە نێو دەستی ڕق و تۆڵەی خزمەکانی خەجاو. خەجاو تازە بەتەواوی هەستی کرد کە ئەوکارەی ئەوان وروژاندنی رۆحی لە یەکبەستراوی خەڵکانی ئەوسەرزەمینەیە ، بە ئاگاهێنانەوەی مێژووی ویژدانی نووستووی ئەو خەڵکەیە ، ئەو تازە هەستی پێ کرد کە بە پساندنی بازنەی توندوتۆڵی ئەو دەوروبەرە ، مەعنایەک بۆ ئارەزووەکانی ئادۆزێتەوە ، ئەو لە سەرەتادا نەیدەزانی بە پچڕاندنی ئەو بازنەیە ، مرۆڤەکان ، بەرگی ئینسانی فڕێدەدەن و سەروسیمای وەحشەتناکی درندەیان وەدەردەخەن. بە چاوی پڕ لە ڕق وخوێن ، بە دوای هەڵگرتنەوەی قەترەی حەیا رژاوەکانیاندا دەگەرێن.

ئائەوەتەن ، ئەو مرۆڤانەی لە تەنیشتیەوە دانیشتوون و پاڵیان داوەتەوە ، یەکپارچە لە نێو حەز و لەززەتی تۆڵەدا تواونەتەوە ، بیر لەوە دەکەنەوە لەکاتی بە جێهێنانی بریارەکەیان ، دەرگای چ خۆشییەک بە

روویاندا دەبێتەوە ، دوای تەواوبوونیان ، چۆن چۆنی رووبەرووی خزمان دەبنەوە.دەبێ لەدەست ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجە رۆحییەی کە خەجاو بۆیانی خوڵقاند ، رزگاریان بێ ؟ ئا ، چیتر ئارەقەی شەرم بە لەشیاندا ناچۆڕێتەوە ، چیتر خۆیان لەم و لەو ناشارنەوە و چاو شۆڕی بە نیگاکانیانەوە نابینرێ. بازنە تێکشکاوەکەی شانازییەکان ، خۆی دەگرێتەوە و هەموویان جارێکی دی دەچنەوە ناوی ، قەوم و قیلە ئالای سەرفرازی بەرزدەکەنەوە و ئیدی لە نێو کۆڕ و مەجلیسی خەڵکان ، بە رووسپی دادەنیشن و زاریان لە جاران زیاتر دەبێتەوەو بە ئازادی کارو کاسبی دۆڕاویان وەدەست دەهێننەوە. هەموو ئەو ماوە سەختە کە لە ڕیشەوە هەڵتەکێنرابوون لە گۆشەتەسکەکانی ماڵە شەرم پێ هەڵگەڕاوەکانیان هەڵتروشکابوون ،بۆ چەند دەقیقەیەکی تر ، کۆتایی پێ دێ.

سالار ، کە برای خەجاو بوو ، ئێستا خۆیشی لە پێشەوەی ئوتۆمبێلەکە دانیشتووە و دەمانچەیەکیشی لە ژێر پشتێنەکەیدایە. ئەوە چەند مانگێکە ، وەک مەرگ ڕاوی نابێ ، خۆی لە کونی ماڵەوە ناوە و نەیتوانیوە تا بەردەرکی حەوشەش بچێ. ئەمڕۆ بۆ یەکەمین جارە چاوی بە دونیای دەرەوە دەکەوێ و لەنێو تاریکی ئەو شەوەدا ، تروسکایەکی خۆشیهێنەریە دەروونی تار و ڕەشیدا تێپەڕدەبێ.

ئوتۆمبێلەکە لە شارێگەکەوە دەرچوو ، خزایە نێو دەغڵێکی پان و بەرین. گوێیان بەو هەموو هەڵبەزین و دابەزین و تەقە تەق و شێلانی دەغڵەکە نەدەدا.. ئەوان دەیانزانی بۆ کوێ دەچن. دوو ڕۆژ بەر لەئێستا ، بە دیقەت چاویان بەو ناوەدا گێڕابوو ، شوێنی ئەنجامدانی کارەکەیان دەستنیشانکردبوو.

خەجاو هەموو گیانی دەلەرزی ، لەپڕ وەدەنگ هات ، بە قورگێکی پڕ لە گریان ، پڕ لە پاڕانەوە ، لەگەڵ هاوارکردنەکەیدا هەردوو شانی براکەی ڕاتەکاند.

– کوڕە سالار... چم لێدەکەن ؟!!

سالار بێ ئەوەی نقەی لێوە بێ ،بێ ئەوەی کەمترین سۆز و بێ هێزی نیشان بدات ،بەبێ ئاوڕدانەوەش ، توند دەستەکانی خەجاوی کە بە سەر شانیدا شۆڕ ببونەوە ، لایدان و بە سەری لێوەکانیەوە بۆڵاندی:

–ئەت دەزانی عاقیبەت وات بە سەر دێ ؟!!

–نا ، نا ، سالار ئەم دەزانی !

ئوتۆمبێلەکەیان ڕاگرت ، هەموویان بە چوست و چالاکی هاتنە خوارەوە. دەموچاوی هیچییەکان بەدەرەوە نەبوو ، خەجاو هەر لە ناو ئوتۆمبێلەکەدا مابۆوە ، یەکێکیان بە خێرایی پەڕۆیەکی ڕەشی لە گیرفانی شەرواڵەکەی دەرهێنا ، بەهەشتاوی چاوەکانی خەجاوی داپۆشی ، ئەو کەسەی پەڕۆکەکەی دەبەست ، هەستی کرد هەموو جەستەی خەجاو بۆنی شیری لێ دێ.

هەموو دەمارەکانی کەللەی سەری وە هەڵپەکەوتوون. دەتووت بۆ مەرگی خۆیان شین دەگێڕن. ئەو کەسە دەنگێکی بیست ، دەنگێک لە قوڵایی دەروونیەوە چەکەرەی کرد ، بە هەموو گیانیدا هەڵگەڕا. ئەو وای دەزانی دەنگی خەجاو بوو. دڕزێکی خستە گیانی ، دەتگووت تیغێک بوو ، یەکراست ڕووەو دڵی چوو، هەناوی لەگەڵدا هەڵتەکی. دەنگەکە تێکەڵ بە گریانێکی بە سۆز بوو، هەر لە واوەیلای دایکێک دەچوو کە تازە مناڵێکی لێ مردبێ... ئەوکەسە پەنجەکانی هێشتا بەسەر پەڕۆکەوە بوون و دەیویست گرێیەکی دیکەشی لێبدا ، بەڵام خۆیشی نەیزانی بۆ هەردوودەستی دادەهێزران ، بۆ وردەوردە هێزیان تیا نەدەما، بۆ لەخۆڕا شۆڕدەبونەوە.

خەجاو ، لەو بێدەنگی و وەستانەدا، بە سەرسورمان و ترسەوە ، کەمێک پەڕۆکەکەی سەر چاوی لادا ، تەماشایەکی کەسەکەی کرد.

–تۆ کێییت ؟ بۆ ناتناسمەوە ؟!

–من کەریمی ئامۆزاتم !!

–کەریم..بە قوربانت بم ،لەدەست ئەو بێوەژدانانە رزگارم کە !!

کەریم دەبوایە بە زووترین کات پەلی خەجاو بگرێ و بیباتە پشت گردەکە ، کەچی لەو دەمەدا، قسەوباسەکانی چەند ساڵەی نێو دڵی ، وەک کۆمەڵەزیندانێکی ئەبەدی ،کە دەرگای زیندان بشکێنن ، بەهەڵەداوان و پەلەپرۆزێ ڕابکەن ، ئاوا، قسە زیندانی کراوەکان دیواری دڵیان ڕماند، هوروژمیان بۆ گەرووی هێنا ، ویستی لەیەک چرکەدا ئەوەی لەدڵیدابوو بیڵێ، بەڵام کوا ، چۆن لە کاتێکی ئاوا ئەو هەموو قسەیە

دەگوترێ. ئەوان بۆ کارێکی زۆر گرنگ و دەستبەجێ هاتبوون ، کەی وەختی ئەم جۆرە قسانەیە.. کەریم توند قورگی خۆی گرت ، خەریک بوو لە بەر شالاوی قسەکان هەناسەی لێببڕێ و بخنکێ ، بەڵام باشبوو ، هەموو قسەکان بوون بە دوو فرمێسک ،ڕژانە سەر کۆنای خەجاو.،خەجاویش بەدەستە لەرزیوەکانی هەردوو چاوی کەریمی سڕیەوە..

–ئەی تۆ منت خۆشنەویستووە ؟! چۆن لەگەڵ ئەوانە هاتی ؟!!

–نازانم !

کەریم پێش چەند لەحزەیەک یەک پارچە ڕق بوو، چاوەڕێی دامرکاندنەوەی گڕی ڕقی کۆن بوو، حەزی تۆڵە ، لەوەی خەجاو قەت خۆشینەویست و داخوازیشی ڕەتکردەوە، هەموو گیانی داگرتبوو، کەچی ئێستا لەنێو خۆیدا بۆتە دوو کەس، ڕق و ئەڤین، لە تێکهەڵچوونی شەڕی ئەم دوو لایەنەدا، ئەڤین، سەری بە ڕق و تۆڵە شۆڕکرد، دەست و قامەتی لەرزاندو جەستەی تەسلیم بە هێزێکی نامۆبوو، چاوی پڕ حەزی تۆڵەی لێ کرد بە نیگای سۆزو خۆشەویستی... لەپڕ کەسێکی دیکە هات و خێرا دەستی خەجاوی ڕاکێشاو لە ئۆتۆمبیلەکە دەریهێنا، کەریم لە شوێن خۆی چەقیبوو، نەیدەتوانی جوڵەیەکیش بکا، تەنیا ئەوە نەبێ، تا خەجاویان بەسەر گردەکەشدا هەڵگەراند، ئەو چاوی هەر لەسەر بالای تێکشکاوو جەستەی پەلکێشکراوی خەجاو بوو....

خەجاویان بە گردەکەشدا بردە خوارێ ، لە پەنای بەردێک وەستاندیان ، خەجاو گوێی لە هیچ شتێک نەدەبوو ، دونیا لەلای ئەو هێندە تەسک و تروسک ببۆوە ، هەستی دەکرد بۆتە تەنێکی بچووکی نێو کونێکی تەنگی ئەم دونیایە. لەو تاریکیە وەحشەتناکەدا بە چاوی خۆی شەپۆلی خوێن و دڵی حاڵگرتووی نێو جەستەی تێکرماوی دەبینی. ئەو هەستی بە هیچ جوولەیەکی ئەو کەسانە نەدەکرد ، کە دوای چەند چرکەیەکی تر چ کارێک ئەنجامدەدەن. تاریکی هێندە بە دەروونیدا ڕۆچوبوو تا ئەو ڕادەیەی ، تروسکەیەکی ڕوناکی لێ بە وجود هات، ڕووناکیەکە بەرەبەرە بەرین و بەرینتر دەبوو. ئیدی مەعنایەک بۆ تاریکی نەما. بە هێمنی تەواوی جەستەی دەخزایە نێو ڕووناکی و دەتوایەوە. هەستی دەکرد خۆی بۆتە ڕووناکی و ڕووناکیش ڕۆحی ئەوی هەڵگرتووە.

لەدوورەوە بە چاوی جەستەی نورانی خۆیەوە ، سوارەیەکی بە سەر ئەسپێکی سەر شێتەوە بینی ، دەهات ، بەخێرایی دەهات و لەناو جەستەی ڕووناک ئامێزی خەجاودا وون بوو ، خەجاو لە کاتێکدا هەستی بە لەززەتێکی پیرۆز دەکرد ، لە ناکاو چنگێک تاریکی ، ڕووەو ڕۆحی ڕوناکی هات ، هات و هەموو شتێکی تاریک کردەوە.....!!

1997

رزگار عەبدوڵڵا

# کاتی ئەوە هاتووە چاو لەیەکتر نەپۆشین !!

دەربارەی یازدە شیعرە وەرگێردراوەکەی تۆماس ترانسترۆمەر.
وەرگێڕ: خەبات عارف ژمارە(٣٠-٣١)ی گۆڤاری مامۆستای کورد

لەم وتارە ڕەخنەییەی لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە، مەبەستم ئەوە نییە ، خوێنەر بێ و دەست بداتە قەڵەم و ئەو هەڵانە ڕاستبکاتەوە کە دەست نیشانکراون، مەبەستم ئەوەش نییە خەباتی برام تا چەند ئەو تێبینی و ڕەخنانەی من قەبوڵ دەکات. هەر بۆیە تەنیا بەراوردی پێنج شیعرم کردووەو، ئەوانی دیش هەڵەیان کەم نین.

لێرەدا بە پلەی سەرەکی مەبەستم ئەوەیە بە هەموو ئەو خوشک و برایانە بڵێم کە شیعر دۆستن و شیعری سوێدی وەردەگێڕن، ئەگەر زۆر دڵنیانەبن لە وەرگێرانەکانیان با بڵاویان نەکەنەوە. یان هیچ نەبێ ئەگەر دۆستی ئەدیب و نووسەریشیان نییە(!!)، هەق وایە بەر لە بڵاوکردنەوەیان پیشانی کەسانی خوێنەرو دۆست و ناسیاوانی خۆیان بدەن. تا بتوانن لانی کەمی وەرگێران ڕەچاو بکەن و هیچ نەبێ بەکەمترین هەڵە بڵاویان بکەنەوە.

ئێستا ساڵی( ١٩٩٧ )ەو بەشێکی زۆرمان وا بۆ پانزدە ساڵێک دەچێ لە سوێد دەژین. وابزانم کاتی ئەوە هاتووە لە یەکدی بەدەنگ بێین و لە هەڵەی یەکتر چاونەپۆشین.

×××

## Träd och skyn

Det går ett träd omkring i regnet,
skyndar förbi oss i det skvalande grå.
Det har ett ärende. Det hämtar liv ur regnet
som en koltrast i en fruktträdgård.

درەخت وئاسمان

درەختێک بەناو بارانەکەدا دەگەڕێ
لەو کەشە ڤێنکە خۆڵەمێشییەدا بەلاماندا ڕادەبوورێ
کارێکی هەیە، لە بارانەکەوە ژیان دێنێ
وەک باڵندەیەک لەنێو باخێکی میوەدا.

ڕزگار:

درەخت و ئاسمان

درەختێک لەبەر بارانەکەدا دەگەڕێ،
لەو ڕەهێڵەخۆڵەمێشییەدا بە پەلە بەلاماندا ڕادەبوورێ.
کارێکی هەیە، لە بارانەکەوە ژیان دێنێ
وەک مریشکەڕەشەیەک لەنێو باخێکی میوەدا.

i regnet واتە: لەبەر باران، نەک لەناو باران.

skyndar förbi oss واتە: بەپەلە بەلاماندا ڕادەبوورێ. خۆ ئەگەر شاعیر مەبەستی بۆچوونەکەی خەبات بووایە، ئەوکات دەیگوت: går förbi oss.

igår det skvalande ئەمە دەربڕینێکی شیعرییە بۆ ئەو کاتانەی کە باران دەبارێ ودەنگی دێت. پێموایە کوردییەکە ی بکرێتە (ڕەهێڵە)ڕاست بێت.

پێدەچێت خەبات skvalande بە svalkande ، خوێندبێتەوەچوونکە ئەمەی دووەمیان بەمانای ڤێنک دێت، هەر بۆیە لە وەرگێرانەکەدا کردوویەتییە ڕستەیەک: "لەو کەشە ڤێنکە خۆڵەمێشییەدا" ئەگەرنا کوا وشەی کەش و ڤێنک" لە تێکستە سوێدییەکەدا هەیە!!

Koltrast: باڵندەیەکی ڕەشە، بیست وحەوت سانتیمەتر درێژە، دەنووک و بەری چاوی زەردە. پێموایە بە کوردی مریشکەڕەشە (ڕەشێشە) بێت. خەبات لێرەدا (باڵندە)ی داناوە ، بێگومان باڵندە ناوێکی(گشتی)یە. سەدان جۆر باڵندە هەیە.

Då regnet upphör stannar trädet.
Det skymtar rakt, stilla i klara nätter
i väntan liksom vi på ögonblicket
då snöflingorna slår ut i rymden.

خەبات:
کە بارانەکە دەبڕێتەوە، درەختەکە ڕادەوەستێ.
ئارام و بە ئاستەم لە شەوانی سامالّدا دەبینرێ.
وەک ئێمە لە چاوەڕوانیدایە، چاوەڕوانی ئەو ساتەیە
کە کلووە بەفرەکان لە ئاسماندا دەکرێنەوە.

ڕزگار:
کە بارانەکە دەبڕێتەوە، درەختەکە ڕادەوەستێ
قیت و بەئاستەم دیار، بێ جوولّە لە شەوانی سامالّدا
وەک ئێمە چاوەڕێی ئەو ساتەیە
کە کلووە بەفرەکان لە بۆشاییەکانەوە دەبارێن.

rakt, stilla.. ... خەبات وشەی raktی فەرامۆش کردووە، کە بەمانای (قیت)یان(ڕاست)دێ و، ئاماژەیە بۆ شێوەی وەستانی درەختەکە. stillaش واتە: بێ جوولّە، نەک ئارام. دیارە جیاوازی نێوان ئەو دوو وشەیە ڕوونە.

då snöflingorna slår ut i rymden

وشەی slår ut لە زمانی سوێدیدا بە دە مانای جیاواز دێت. جگە لەم دێڕە شیعرە، دوو نموونەی تر دێنمەوە:
Om våren slår träden ut واتە: بەهاران دارو درەخت شکۆفە دەکەن.
Om våren slår blommor ut واتە: بەهاران گولّ دەکرێنەوە، یان دەگەشێنەوە. هەروا ئەگەر بتەوێ بلّێیت لەو بڕوایەدام تیپی (A) لە تیپی (B) دەیباتەوە، دەکرێ هەمان وشە لەم ڕستەیەشدا بەم شێوەیە بەکارببرێت:
.jag tror att A slår ut B.

وشەی slår ut بەمانای بارینی بەفریش دێت، وەک لەو دێڕە شیعرەی سەرەوەدا دەبینرێت.بەلاّم خەبات بە (دەکرێتەوە)ی تێگەیشتووە، کەبۆ شکۆفەکردنی دارو کردنەوەی گولّ بەکاردێت، لەکاتێکدا شاعیر مەبەستی بەفر بارینە

**Spår**

På natten klockan två:månsken . Taget har stannat
mitt ute på slätten.Långt borta ljuspunkter i en stad,
flimrande kallt vid synranden.

خەبات:

**جێپێ**

شەو سەعات دوو: مانگەشەو. لە نێوەڕاستی دەشتەکەدا
قیتارەکە ڕاوەستاوە. لە دوورەوە پەڵەی ڕووناکایی لە
شارێکدا
بە ساردوسرییەکەوە لەو سەری بینیندا پرتەپرت دەکا.

Spår واتە شوون، شوێن، نەک جێپێ. لەهیچ دێرو کۆپلّەو وێنەیکی ئەم شیعرەدا ئەوەدەرناکەوێ کە شاعیر مەبەستی لەوشەی Spår دا جێپێ بێت. خۆ ئەگەر مەبەستی وا بوایە دەینووسی: fotspår.

mitt ute på slätten واتە: لەدەشتاییەکەدا، نەک(لەناوەڕاستی دەشتەکەدا).

synranden واتە: ئاسۆ، نەک (ئەوسەری بینین).

Som när en människa gått in i en dröm så djup
خەبات: وەک ئەوەی کەسێک هێندە بە قوولّی بە نێو خەونێکدا ڕۆچووبێ.
ڕزگار: وەک کاتێ مرۆڤێک هێندە بە قوولّی بە نێو خەونێکدا ڕۆچووبێ.
Som när واتە: وەک کاتێ. نەک(وەک ئەوەی).ئەگەر کوردییەکەی خەبات
جارێکی تر بکەینەوە سویدی دەبێتە: såsom.

Som när en människa gått in i en dröm så djupt
att hon aldrig ska minnas att hon var där
när hon återvänder till sitt rum.
Och som när någon gott in i en sjukdom så djupt
att allt som var hans dagar blir några flimrande punkter,
en svärm.
kall och ringa vid synranden.
Tåget står fullkomligt stilla.
Klockan två: starkt månsken, få stjärnor.

خەبات:
وەک ئەوەیش کەسێک هێندە بە قوولّی بە نەخۆشییەکدا ڕۆچووبێ
گشت ئەو شتانەی ڕۆژەکانی ئەو بوون، بووبن بە چەند نووختەیەک
لە ڕووناکیی چاوترووکێن،
ڕووناکیگەلێک،
ساڕدوسڕو بە ئاستەم دیار، لەوسەری بینیندا،

قیتارەکە، تەواو بێدەنگ و ئارام، لە شوێنی خۆی ڕاوەستاوە
سەعات دوو: مانگەشەوێکی بەتین و چەند ئەستێرەیەک،

ڕزگار:
وەک کاتێکیش کەسێک هێندە بە قوولّی ڕۆچووبێتە نێو

نەخۆشییەکەوە
کە هەموو ڕۆژگاری ببێتە چەند خاڵێکی پرتەپرتکەر،
پۆلێک پێشکە
ساردوسڕو بە ئاستەم لە ئاسۆدا دیاربێ
شەمەندەفەرەکە بە تەواوی بێ جووڵە وەستا
سەعات دوو: تریفەی گەش، بڕێک ئەستێرە.

Och som när någon واتە: وەک کاتێ کەسێک. نەک(وەک ئەوەیش کەسێک)
allt som var hans dagar واتە: هەموو ڕۆژەکانی، یان هەموو ژیانی، یان ڕۆژگاری. نەک(گشت ئەو شتانەی ڕۆژەکانی ئەو بوون).
blir några flimrande punkter, en svärm ئەگەر نەچووبامایەتەوە سەر ئۆرگینالە سویدییەکەی، نەمدەتوانی لەوەرگێڕانەکەی خەبات بگەم. ئەم دێرە مانای ئەوەیە: ببێتە چەند خاڵێکی پرتەپرتکەر،پۆلێک پێشکە ، نەک(بووبن بە چەند نوختەیەک، لە ڕووناکیی چاوترووکێن ڕووناکیگەلێک).
Tåget står fullkomligt stilla واتە: شەمەندەفەرەکە بەتەواوی بێ جووڵە وەستا. نەک( قیتارەکە، تەواو بێدەنگ و ئارام، لە شوێنی خۆی ڕاوەستاوە).
لەبەر ئەوەی ئەم شیعرە خراپ کراوە بەکوردی و ستروکتوورو تەکنیکیەکەی شێوێندراوە، بە پێویستم زانی سەر لەنۆی بە کەمێک دەستکارییەوە بیگۆڕمە سەر زمانی کوردی، بەو هیوایەی ڕۆح و مەبەستی شیعرەکەم گەیاندبێ.
سەرەرای ئەو تێبینییانە، خەبات لە وەرگێڕانەکەیدا گەلێک وشەو ڕستەو نیوە ڕستەی بۆ دەقە کوردییەکە زیاد کردووە، کە لە دەقە سویدییەکەدانین، وەک:
(بە نێو ئەو) ، ( سەختەدا کە ئاسمانی داگرتووە ) ، (ڕووناکییەکە دەچێتەوە یەک)،(لەدووی... شۆرەکانم دەگەرێ ودەچێتە)
(دەگیرین)،(بەرۆک)،(نەخشەکێشراو)،(دەنگ)،(کیفی ئەو بەرووبوومانەی کە لە پاقلە دەچن).
پێموایە ئەم شیعرە یەکێکە لە شیعرە زۆر جوان و بەرزەکانی شاعیر. شاعیر لە ژێر خاکەوە دەڕوانێتە سەر خاک، لە بناغەی خانووەکانەوە، لە ڕەگی دارەکانەوە، لەوێڕا لە ڕەگەوە، وێرانی خاک و دنیای خاپوور دەبینێ. ئەو بە پێچەوانەی ئێمەوە لەسەر زەوییەوە سەیری کەلاوەکان ناکات، ئەو کێشەکان لە ڕەگەوە دەبینێ. بەداخەوە من لە وەرگێڕانەکەی خەباتی برامدا، ئەو جیهانبینییەی شاعیر بەدی ناکەم.

## لە خاکەوە ڕووانیین

خۆرە زیوینییەکە لەتەمەوە دەچۆڕێت
ڕوناکیی دەتکێ، بەرەو چاوەکانم ڕێچکە دەبەستێ

کە لەبن شاردا قووڵ پشوودەدەن و
بۆ سەرەوە دەڕوانن

لە ژێرەوەڕا شارەکە دەبینن: بناخەی خانوو، شەقامەکان
لەوێنەی ئاسمانیی شارێکی لە جەنگدابوو دەچێ

بەلام بە پێچەوانەوە وێنەیەک لە دیدی مشکە کوێرەوە گیرابێت
چوار گۆشەی بێدەنگ لە ڕەنگی مات و نادڵگیردا

لەوێ بڕیار لەئارادا نییە، ناتواندرێ
ئێسکی مردووەکان لە هی زیندووەکان جیابکرێنەوە.

ئەندازەی تیشکی خۆر زیاد دەکات، دەرژێتە ناو
کابینەکانی فرۆکەو تویکڵەوە.

Upprörd meditation
En storm får kvarnens vingar att vilt gå run
inattens mörker..

خەبات:
لە خۆڕامانێکی توورە
زریانێک باڵەکانی ئاشەکە بە خێرایی بە نێو تاریکیی شەودا
دەسووڕێنێتەوە...

ڕزگار:
خەڵوەی شڵەژاو
ڕەشەبایەک پەروانەکانی ئاشەکە بەپڕتاو لە تاریکایی شەودا دەسووڕێنێتەوە....
Meditation واتە خەڵوە، نەک لە خۆڕامان. یابزانین هەژار لە هەنبانە بۆرینەدا چۆن شەرحی خەڵوەدەکا:
خەڵوە: چلەکێشی، تەنیا ڕابواردنی سۆفی بۆ چلەکێشان.
upprörd واتە: شڵەژاو، شپرزە، نارەحەت. نەک(توورە).

storm واتە: ڕەشەبا، نەک (زریان).

vingar واتە: باڵەکان، بەڵام لێرەدا شاعیر باسی ئاش دەکات ، نەک باڵندەو زیندەوەر، بۆیە لەم بارەدا ڕاستتر وابوو خەبات پەروانە بەکاربێنێ.

i nattens mörker واتە: لە تاریکایی شەودا ، نەک(بەنێو تارکیی شەودا ).

Diffusa minnen sjunker till havsens djup

خەبات:
یادە لێڵبووەکان نوقمی بنی زەریا دەبن...

ڕزگار:
یادە تەڵخەکان نووقمی قووڵایی زەریاکان دەبن...

Diffus aminnen واتە: یادە تەڵخەکان.نەک(لێڵبووەکان). لەکوردیدا، لێڵ بۆ ئاوو ئاسۆو بینین و شتی وا بەکاردێت. خۆ ئەگەر مەبەستیش بێت Diffus بە لێڵ بەکاربێت، ئەوا دیسان بەهەڵە کراوەتە کوردی و، دەبووایەبە(یادە لێڵەکان) تەرجەمە بکرایە، نەک بە(یادە لێڵبووەکان).

havsen واتە : زەریاکان،نەک(زەریا)، ئەمە ڕێنووسی کۆنی زمانی سوێدییە، بە ڕێنووسی نوێ بەم شێوەیە دەنووسرێ: haven.

djup واتە: قووڵ، نەک بن. boten دەکات بن.

Den som vandrar till havs vänder styvnad åter

خەبات:
ئەوەی بەرەو زەریا دەڕوا، ڕەقهەڵاتوو دەگەڕێتەوە

ڕزگار:
ئەوەی گەشتی زەریا بکا، ڕەقهەڵاتوو دەگەڕێتەوە.

till havs واتە: گەشتی زەریا، نەک(بەرەو زەریا) ڕۆیشتن. لەوە دەچێ خەبات بە till havet تێگەیشتبێ، کە ئەمەیانە مانای بەرەو زەریا، یان بۆ سەر دەریاڕۆیشتنە.

Den skingrande församlingen
Vi ställde upp och visade vårn hem.

خەبات:
کۆمەڵی بڵاوەلێکراو
ڕیزبووین و ماڵەکانی خۆمان پێشان دا

ڕزگار: .........
ئامادەیی خۆمان دەربڕی و ماڵەکانمان پیشاندا

Församling زاراوەیەکی تایبەتمەندە بە کڵێساو ئاینی مەسیحی. هەرچەند گەرەکێک سەر بە کڵێسایەکن، واتە هەر مرۆڤێک دەبێ سەر بە Församling یێک بێت. دیارە ئێمە لە فەرهەنگیی کوردی و ئیسلامیدا شتێکی لەو چەشنەمان نییە. هەر بۆیە دەبێ وشەیەکی نزیکی بۆ بدۆزرێتەوەو لە پەراوێزیشدا خودی سوێدییەکەی و ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر بنووسرێ. بەڵام بەدڵنیاییەوە دەڵێم(کۆمەڵی بڵاوەلێکراو) زۆر لەو وشەیەوە دوورە.

Vi ställde upp واتە: ئامادەیی خۆمان دەربڕی. نەک(ڕیزبووین) لێرەدا خەبات بە Vi ställde oss i rad تێگەیشتووە، کە ئەوەیان بەمانای ڕیزبوون دێت.

Inne i kyrkan: valv och pelare
Vita som gips

خەبات:
لەناو کڵێساکەدا: تاق و کۆڵەکەکان
سپی وەک گەچ،

ڕزگار:
لەناو کڵێساکەدا: تاق و دنگەکان
سپین وەک گەچ،

تیپی (a) کە لە کۆتایی وشەی Vit دا هاتووەکردوویەتی بە(کۆ)پێموایە بۆ(Pelare) یش دنگە ڕاسترە، نەک کۆڵەگە، چونکە کۆڵەگە دارە. بەڵام دنگە لەبەردو چیمەنتۆو ئاسن دروست دەکرێت.

Men kyrkklockorna måste gå under jorden.
De hänger i kloaktrummorna.
De klämtar under våra steg.

خەبات:
بەڵام زەنگەکانی کڵێسا دەبێ خۆیان بشارنەوە.
ئەوان خۆیان بە بۆریی ژێرابەکاندا هەڵواسیوە.
لە ژێر پێماندا دەزرنگێنەوە.

ڕزگار:
بەڵام زەنگی کڵێساکان دەبێ بچنە ژێر خاکەوە
لە ناو بۆری ژێرابەکاندا هەڵواسراون
لە ژێر هەنگاوەکانماندا دەزرنگێنەوە.

Kyrkklockarna واتە: زەنگی کڵێساکان، نەک زەنگەکانی کڵێسا. چونکە کڵێسا یەک زەنگی هەیە نەک دوو.

måste gå under jorden واتە: دەبێ بچنە ژێر خاکەوە. نەک( دەبێ خۆیان بشارنەوە)، خۆ لە شیعرەکەشدا بە

ڕوونی دیارە کە شاعیر مەبەستی ئەوەیە بڵێ، دەبێ زەنگی کڵێساکان ژێرخاک بنرێن، نەک خۆیان بشارنەوە. ڕاستە ئەو ڕستەیە مانای خۆشاردنەوەش دەدات، بەڵام لەو کۆپلە شیعرەدا ڕاستتر وایە بچنە ژێر خاکەوە بگوترێت.

De hänger i klocktrummorna واتە: لەناو بۆری زێرابەکاندا هەڵواسراون. نەک(ئەوان خۆیان بەبۆری زێرابەکاندا هەڵواسیوە). ئەم وەرگێرانەی خەبات کاتێک ڕاست دەبوو، ئەگەر لە دوای وشەی hänger دا وشەی sig هەبوایە.

De klämtar under våra steg واتە: لە ژێر هەنگاوەکانماندا دەزرنگێنەوە. نەک( لەژێر پێماندادەزرەنگێنەوە). وەک من تێیدەگەم شاعیر مرۆڤ لە جووڵانەوەدا دەبینێ، بۆیە وشەی (Steg هەنگاو)ی بەکارهێناوەو وشەی (Fot پێ)ی بەکارنەهێناوە.

Sömngångaren Nicodemus på väg
till Adressen

خەبات :

نیکۆدەمووس ئەوەی بەدەم خەوەوە،
بەرەو ناونیشانەکە، بەڕێوەیە.

ڕزگار:

"نیکۆدەمووس"ی خەوڕۆ
بەرەو ناونیشانەکە بەڕێوەیە.

Sömngångare واتە: خەوڕۆ بەو کەسانە دەوترێن کەلەخەودا دەڕۆن. جگە لەمەش لە کوردیدا لە نێوان ناوو ڕاناودا "ی" پەیوەندی هەیە. بۆ نموونە بانیکۆدەمووس بکەین بەشاعیر، ئەوکاتە دەڵێین (نیکۆدەمووس)ی شاعیر، ناڵێین نیکۆدەمووس ئەوەی شیعردەنووسێ.

لە بڵاوکراوەکانی ڕابوون

ژووانی ڕووناکیی

کۆمەڵە شیعرێکی نوێی ڕەفیق سابیرە
دەتوانرێت بە ئادرێسی ڕابوون داوای بکرێت

خەبات عارف

# لە وەڵامی "وتارە ڕەخنەییەکە"ی ڕزگار عەبدوڵڵادا

سەرنجی ئەم چەند دێڕە بدەن: "مەبەستم ئەوەیە بە هەموو ئەو خوشک و برایانە بڵێم کە شیعردۆستن و شیعری سویدی وەردەگێڕن، ئەگەر زۆر دڵنیا نەبن لە وەرگێڕانەکانیان با بڵاویان نەکەنەوە. یان هیچ نەبێ ئەگەر دۆستی ئەدیب و نووسەریشیان نییە(!!) هەق وایە بەر لە بڵاوکردنەوەیان پێشانی کەساتی خوێنەر و دۆست و ناسیاوانی خۆیان بدەن، تا بتوانن لانی کەمی وەرگێڕان ڕەچاو بکەن و هیچ نەبێ بە کەمترین هەڵە بڵاویان بکەنەوە."

لێرەدا کارم بەوە نییە لە مانا و دارشتنی ئەو چەند دێڕەی سەرەوەدا چەندێ هەڵە هەیە، بەڵام بۆ زیاتر تێگەیشتن لە نێوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئەم دێڕانە دەکرێت، گەر کەسێک مەبەستی بێت، ئەو کارە ئەدەبیانە بەسەر بکاتەوە کە ڕزکار عەبدولا لە سویدیەوە وەریگێڕاون و لە گۆڤارەکانی: (یەکگرتن)، (وێران) و (ڕابوون)دا بڵاو کراونەتەوە.

بۆ ڕێزلێنان لە نرخ و بەهای وشە و هەڵبژاردنیشیان سەرنجی ئەم دێڕە بدەن: "هەر بۆیە تەنیا بەراوردی پێنج شیعرم کردووە و، ئەوانی دیش هەڵەیان کەم نین." هەڵەکان کامانەن!! بۆ دەستنیشان نەکراون!! دەکرێت ئەم دێڕە ئاوها لێک بدرێتەوە: یان (ڕەخنەگر) هیچ هەڵەیەکی بۆ نەدۆزراوەتەوە تا (دڵسۆزانە) بیانسەلمێنێت، یان دەیەوێت (خوێنەر)ی ئەو دێڕە بە هەڵەدا بەرێت و، خۆیشی بێدەنگ و (خشکەیی) لە پشت و نێوەڕۆکی بێمانای ئەو چەند وشە (هەڵبژێردراو)انەدا ون بکات و بشارێتەوە.

من لەگەڵ وەرگێڕانی شیعرەکاندا ئەم تێبینیەم نووسیوە: "توماس ترانسترومەر، زمانێکی شیعریی چڕوپڕ و، پڕ لە وێنەی شیعری و تایبەتی هەیە، لە کاتی وەرگێڕانی شیعرەکاندا و لە هەندێ شوێندا، بەناچاری، جۆری لێکدانەوەی وەرگێڕ، نەک وەرگێڕانی دەقاودەقی شیعرەکان، لە بەرچاو گیراوە." (بڕوانە: مامۆستای کورد، ژمارە ٣٠ و ٣١ هاوین و پاییزی ١٩٩٦). ئەم تێبینیە، پاکانە نییە بۆ هیچ هەڵە و کەموکورییەک کە لە کاتی وەرگێڕانی شیعرەکاندا ڕوویاندابێت و، پێشم وانییە کەس هەبووبێت یان هەبێت یان ببێت بێ هەڵە و پەڵە و کەموکوڕی، ڕاستکردنەوەی هەڵەیش لای هەر کەسێکەوە بێت و بە هەر نیاز و بۆ هەر مەبەستێک بێت، لای بەنەمەکان، جێی پێزانین و ڕێزلێنانە و خۆلێبواردنی پێناوێت.

ئەوجا با بزانین ئەو هەڵانە چین کە ڕزگار لە پێداچوونەوەی ئەو شیعرانە و ئەو (وتارە ڕەخنییە)دا دەستنیشانی کردوون، بەر لەوەیش دەنگم دەخەمە تەک دەنگی ئەو و دەڵێم: بەڕاستی "کاتی ئەوە هاتووە کە لە

یەکدی بە دەنگ بێین و لە هەڵەی یەکتر چاونەپۆشین!"

١- i regnet ئەگەر "بەناو باران"ەکەدا نەبێت ئەوا دڵنیام "لەبەر باران"ەکەدا نییە و منیش نەمنووسیوە "لەناو باران"ەکەدا. (بڕوانە: مامۆستای کورد.) دەوترێت: بەبەر بارانەکەدا، نەک لەبەر بارانەکەدا! ئەوەندەی تێگەیشتنیش هەڵدەگرێت: ئەو درەختەی توماس ترانستروێمەر باسی لێدەکات لە جووڵەدایە و نیازیش لەوە نییە تازە لەبەری ئەمبەری شەقامێکەوە بپەڕێتەوە بەری ئەوبەر و ناچار بێت، بێ چەتر، بچێتە بەر بارانەکە و لەو کەشە باراناوییەدا باران بەسەریدا ببارێت، بەڵکە نیاز لەوەیە کە درەختەکە دەگەڕێ و باڵی نەگرتووە، بەناو بارانەکەشدا دەگەڕێت.

٢- skyndar förbi oss و går förbi oss لە ماناداد هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە و زیادکردنی ئاوەڵکاری "بەپەلە"یش ئەگەر بۆ یەکەمیان ڕەوا بێت، بۆ دووەمیشیان ڕەوایە و زیادنەکردنیشی هیچ لە ماناکە ناگۆڕێت

٣- i det skvalande grå ڕزگار دەڵێت: "ئەمە دەربڕینێکی شیعرییە!" نەخێر : "ئەمە دەربڕینێکی شیعری نییە و دەربڕینێکی ڕۆژانەیە و هەموو سویدییەکی باسەواد بە کاری دەهێنێت و دەربڕینی تایبەتی شاعیر خۆی نییە و پێش لەدایکبوونی ئەویش هەبووە، ئەو تەنیا، وەک هەر کەسێکی دیکە، بەکاری هێناوەتەوە! ئەمە دەستەواژەیەکە و لە هەر سویدییەک بپرسیت دەزانێت: کە مەبەست لەو کاتەیە باران دەبارێت و بەخوڕ دەبارێت.

لەڕاستیدا من لە کاتی وەرگێڕانەکەدا، کارم لەگەڵ شیعردا کردووە، نەک شتێکی دیکە. کە ئەو "کەشە فێنکە خۆڵەمێشییە"م هەڵبژاردووە، لەبەر نەدۆزینەوەی مانا دروست و ڕاستەکەی ئەو دەستەواژەیە بووە. دڵنیام کە مەبەستم نەپێکاوە و، مانا ڕاستەکەیش ئەمەیە: "کەشی باراناوی". واتە دێڕەکە بەهاسانی دەبێت بە "لەو کەشە باراناوییەدا بەلاماندا ڕادەبووری." کە ئەوکات ئەوەم بەکار نەهێناوە هۆیەکەی ئەوە بووە کە وشەی "باران" لە دێڕی دووەمدا دووبارە نەکەمەوە، چونکە لە دێڕی یەکەمدا هەیە. ئێستاکە دیارە کە وەرگێڕانەکەی من هەڵەیەکی زەقە.

ڕزگار دەڵێت: "پێدەچێت خەبات skvalande ی وەک svalkande خوێندبێتەوە." ئەمە ڕاست نییە و، بۆچوونی تایبەتی ڕەخنەگر خۆیەتی، . svalkande یش بە مانای "فێنک" نایەت و "فێنککەرەوە" بەرانبەرەکەیەتی. فێنک دەبێت بە sval. وشەی "فێنک" زیادەیە و "کەش"، بەناچاری، هەر دەبێت لەگەڵ "باراناوی"دا بەکار بهێنرێت، ئەگەرنا مانا نادات. "لەو ڕەهێڵە خۆڵەمێشییەدا"ی ڕزگاریش مانای ئەو دێڕە نییە، ئەگەر بەتۆزێ نەسەلێنرێت، چونکە یەکەم: ڕەهێڵە بە مانای: ڕەهێڵ، تاوی باران و ڕێژنە دێت. کە هیچیان مانای ئەو وشەیە نادەن. (بڕوانە: هەنبانەبۆرینە، فرهنگ کردی فارسی، هەژار.) دووەمیش: دەبێ چ خوێنەرێ لە "ڕەهێڵەی خۆڵەمێشی" حاڵی ببێت و سەری لێ دەر بکا، مەگەر خوێنەرێک کە "کوراج"ێکی ناکوردانەی هەبێت.

ئەوجا ڕزگار هاتووە و (دڵسۆزانە) مانای koltrast ی لێکداوەتەوە. چەندە وشەی "ئاو" بەرانبەری sten و "نان" بەرانبەری bröst ە، هەر ئەوەندەیش koltrast بەرانبەری "مریشکەڕەشە"کەی ڕزگارە. بە سویدی بە مریشکەڕەشە دەوترێت: sothöna و بە ئینگلیزیش پێی دەوترێت: coot. (بڕوانە: فەرهەنگی کوردی ئینگلیزی، تۆفیق وەهبی و ئەدمۆنس).

من کە وشەی "باڵندە"م لەبری koltrast داناوە، لەبەر نەبوونی بەرانبەرەکەی بووە و هیچی تر و، لە "مریشکەڕەشە" و "ڕیشۆڵە"یش ڕاستترە. koltrast جۆرێکە لە trast کە لە کوردیدا پێی دەوترێت: شالوور و، لە شیعری "زرنگە"، هەمان لاپەڕەدا، بەکارم هێناوە. (بڕوانە: مامۆستای کورد، ژمارە ٣٠ و ٣١ و هەنگاوی هێمنی درەختێک.) ڕاستییەکەی ئەوەیە بەو باڵندەیە بوترێت: شالووری ڕەش یان قەترانی، ئەویش هەر ئەو "باڵندە ڕەشە، بیست و حەوت سانتیمەتر و دەنووک و بەرچاو زەردەیە" کە ڕزگار لە یەکێ لە کتێبە بەوێنە و ڕەنگاوڕەنگەکاندا چاوی پێ کەوتووە و، تێکستە سویدییەکەی ژێری کردووە بە کوردی و، "مریشکەڕەشە"ی بەسەردا سەپاندووە.

٤- ..rakt, stilla... ڕزگار دەڵێت: "خەبات وشەی rakt ی فەرامۆش کردووە، کە بە مانای "قیت" یان "ڕاست" دێ و ئاماژەیە بۆ شێوەی وەستانی درەختەکە." rakt بە

هیچ جۆرێک ئاماژە نییە بۆ شێوەی وەستانی درەختەکە و ئاوەڵکارە و لێرەدا نە بە مانای قیت و نە بە مانای ڕاست دێت، بەڵکە لەگەڵ کاری skymta ەدا هەر ئەم مانایە دەدەن: بەئاستەم بە چاو بینین، یان بە ئاستەم لەبەر چاو دیار. ئەو "قیت" و "ڕاست"ەی ڕزگار مەبەستێتی بەرانبەری rak ن، نەک rakt . ڕزگار دەڵێت: stilla واتە: بێ جووڵە، نەک ئارام." هەژاری موکریانیش دەڵێت: "ئارام: بێ جووڵە، هێدی، هێمن، مەند، ئۆقرەگرتوو." (بڕوانە: هەنبانەبۆرینە.) تۆفیق وەهبیش دەڵێت: "ئارام: quiet, tranquillity" (بڕوانە: فەرهەنگی کوردی ئینگلیزی تۆفیق وەهبی و ئەدمۆنس.)

ڕزگار وەک ئەوەی وەرگێڕانەکەی منی بە دڵ نەبووبێت، ئەگەرچی ئاماژەیشی بۆ نەکردووە، هاتووە و ئەم دێڕەی i väntan liksom vi på ögonblicket لە شیعرەکە تەرجەمە کردووەتەوە و نووسیویەتی: "وەک ئێمە چاوەڕێی ئەو ساتەیە." ئەگەر ئەم دێڕە سەرلەنوێ بکەین بە سویدی دەبێت بە: liksom vi väntar på ögonblicket کەچی کورد کە دێت و I väntan på Godot وەردەگێڕێت دەڵێت: لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا، یان ڕاستتر: بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە. (بڕوانە: بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆوە، سمکۆ ناکام.)

då snöflingorna slår ut i rymden.

ڕزگار ڕاست دەڵێت: "وشەی slå ut بە دە مانای جیاواز دێت." منیش دەڵێم: "بگرە زیاتریش." فەرهەنگبەکارهێنانیش هونەرێکە بۆ خۆی! (بڕوانە: svensk handordbok, Konstruktioner och fraseologi, under redaktion av Ture Johannisson och K.G. Ljunggren.) ئەوەندەی من لێی حاڵی دەبم توماس ترانستروێمەر بەر لە هەر شتێک شاعیرە و دنیای شیعر و وشە و دەستەواژە و ڕستە و وێنەکانی زۆر لە دنیای فەرهەنگدانان و لێکدانەوەی وشەی فەرهەنگ و ئەرکەکانی زمانناسی و شتی تر جیاوازن. ئەوجا بە چ بەڵگەیەک ئەو وشەیە، بەتایبەت لای شاعیر، بە "کردنەوە" لێکنادرێتەوە و لەگەڵ "بەفربارین"دا نایەتەوە؟! ڕووی پرسیار لە ڕەخنەگرە.

هەروەها ڕزگار وشەی rymd کە من لە بەرانبەریدا "ئاسمان"م داناوە پێی دروست نییە و، کردوویەتی بە "بۆشاییەکان" کە دیارە بۆشاییەکان "کۆ"یە و ئاشکرایشە بە چ مانایەک دێت. بۆشایی لە باشترین حاڵەتیدا کە تاک بێت، دەبێت بە: tomrum, mellanrum, lucka, toma rymden, tomhet, ledig plats, ledigt rum. کەچی rymd لە فەرهەنگی سویدیدا وا لێک دەدرێتەوە: det område i vilket alla himlakroppar rör sig, världsrymd. واتە: ئەو جێیەی کە گشت تەنە ئاسمانییەکان تێیدا دەبزووێت. (بڕوانە: Bonniers svenska ordbok) بە عەرەبیش دەبێت بە: الفضاء: المنطقه الواقعه خارج جو الارض او خارج النظام الشمسی. (بڕوانە: المورد، منیر البعلبکی). خۆ دیارە ئەو جێیەیش کە گشت تەنە ئاسمانییەکانی تێدا دەبزووێت: ئاسمانە. ئەو ئاسمانە نا کە بەسەر ئێمەوەیە! ئەو ئاسمانەی کاتێک کورد دەڵێت: چوون بە ئاسماندا، بە ئینگلیزی لە بەرانبەریدا ئەم ڕستەیە دادەنێت: rise in space یان go up in space (بڕوانە: فەرهەنگی کوردی ئینگلیزی، تۆفیق وەهبی و ئەدمۆنس.)

٥- ڕزگار دەڵێت: spår واتە شوون، شوێن، نەک جێپێ. ئەمە ڕاست نییە، شوون و شوێن کە دوو شێوەوتنن بۆ یەک وشە هەر بە مانای plats دێت و ئەویش بەرانبەر بەم وشانەیە: trakt, område, ort, ställe, fläck نەک جێپێ. spår لە فەرهەنگە سویدییەکاندا بەرانبەر بەم وشانەیە: fotavtryck, fotspår, fjät, hjulspår, skidspår, avtryck, märke. (بڕوانە: svensk handordbok, Konstruktioner och fraseologi). مەبەستی توماس ترانستروێمەر لەو شیعرەدا لە spår جێپێ نییە. من بە هەڵەدا چووم و "جێپێ"م لەبری داناوە، بەڵام لەوە هەڵەتر ئەوەیە "شوون" یان "شوێن" لەبری دابنرێت. ڕزگار دەڵێت: "لە هیچ دێڕ و کۆپلە و وێنەیەکی ئەم شیعرەدا ئەوە دەرناکەوێ کە شاعیر مەبەستی لە وشەی spår دا جێپێ بێت." بەڵگەی بۆ ئەم قسەیەی نییە! با سەرنج لەم دێڕەی شیعرەکە بدەین: "لە نێوەڕاستی دەشتەکەدا قیتارەکە ڕاوەستاوە." ئەوجا تێدەگەین کە مەبەستی ترانستروێمەر لە spår پڕبەپڕی مانا hjulspår ە کە "جێپێچکەی ئاسنین"ی قیتارەکە دەگرێتەوە و دەبوو ناونیشانی شیعرەکەیش ئەو شوێنەوارە بێت کە پێچکە

ئاسنینەکانی قیتارەکە لە دوای خۆیان بەجێی دەهێڵن، کەواتە دروسترین وشە بۆ ناونیشانی ئەو شیعرە "شوێنەوار"ە.

ڕزگار هەر لە هەمان شیعردا چاکی بۆچووە: قیتاری گۆڕیوە کە وشەیەکە و لە عەرەبییەوە وەرگیراوە و، کردوویەتی بە شەمەندەفەر کە فرەنسیە و دیارە هیچیشیان وەک مەسیح بەسەر ئاودا ناڕۆن.

لەوە تێناگەم چۆن mitt ute på slätten واتە: لە دەشتاییەکەدا، نەک "لە نێوەڕاستی دەشتەکەدا". با یەکێکی تر لێی وردبێتەوە.

synranden واتە: ئاسۆ، نەک "ئەوسەری بینین" ڕاستە! ڕزگار پێشتر و لە دەستنووسی یەکەمی ئەم (وتارە ڕەخنییە)دا لەبری "ئەوسەری بینین"ەکەی من، کە لەگەڵ نامەیەکدا بۆی ناردبووم، نووسیبووی: "synranden واتە: بینایی، مەدای بینین، نەک "ئەوسەری بینین". دواتر کێ بۆی ڕاست کردووەتەوە، ئەویان خۆی سەرپشک بێت و ئەو کەسەیش بێبەلا بێت. لە کاتی وەرگێڕاندا و، ئێستایش، من پێم وابووە و وایە ئەوە شاعیرانەترە و "بینین"یش وەک هەر شتێکی تر دوو جەمسەری هەیە و "ئەوسەری بینین" و "ئەمسەری بینین" و لە نێوەڕاستیشیاندا "بینین" وجودێکی واقعی هەیە و، "ئەوسەری بینین"یش دەربڕینێکی شیعرییە و پڕبەپڕی مانای "ئاسۆ"یە. بەو هیوایەی بەتۆزێ بەسەر کەسیدا نەسەپێنم و بە هەڵە بە کەسی نەسەلمێنم!

هەرچی تێبینییەکی تری ڕەخنەگر هەیە لەسەر چۆنیەتی وەرگێڕانی ئەو شیعرە پێوەندی بە جۆری تێڕوانین و سەلیقە و لێزانین و دەستەڵاتشکانی مرۆڤەوە هەیە وەک وەرگێڕ و، قەتیش نەبووە، نەک تەنیا لە ئەدەبی کوردیدا، بەڵکە هێندەی ئەو پچە ئاگادارییەی من هەمە لە ئەدەبی سویدی و عەرەبی و نەختۆکەیەکیش لە ئەدەبی ئینگلیزیدا، ڕووی نەداوە و نادات دوو وەرگێڕ هەمان دەقی ئەدەبی، کتومت وەک یەک، وەربگێڕن. ئەمە بیانووهێنانەوە نییە بۆ ئەوەی کە هەڵە هەڵەیە و دەبێت ڕاستییەکەی لە شوێن دابنرێت. بۆ نموونە: (بڕوانە: وەرگێڕانی شیعرەکانی ئارتور ڕامبۆ لە لایەن گوننار ئێکەلوێف و هێلمەر لۆنگەوە، هەروەها وەرگێڕانی شیعرەکانی واڵت ویتمان لە لایەن ئارتور لوندکڤیست و ک. ئا. سڤێنسۆنەوە.)

ڕزگار دەڵێت و مەبەستی لە شیعری "جێپێ"یە: "لەبەر ئەوەی ئەم شیعرە خراپ کراوە بە کوردی و ستروکتور و تەکنیکیەکەی شێوێندراوە، بە پێویستم زانی سەر لەنوێ بە کەمێک دەستکارییەوە بیگۆڕمە سەر زمانی کوردی، بەو هیوایەی ڕۆح و مەبەستی شیعرەکەم گەیاندبێ." (بڕوانە: وەرگێڕانەکەی ڕزگار.)

هەروەها لەبارەی شیعرەکەوە دەڵێت: "پێموایە ئەم شیعرە یەکێکە لە شیعرە زۆر جوان و بەرزەکانی شاعیر. شاعیر لە ژێر خاکەوە دەڕوانێتە سەر خاک، لە بناغەی خانووەکانەوە، لە ڕەگی دارەکانەوە، لەوێڕا لە ڕەگەوە، وێرانی خاک و دنیای خاپوور دەبینێ. ئەو بە پێچەوانەی ئێمەوە لەسەر زەوییەوە سەیری کەلاوەکان ناکات، ئەو کێشەکان لە ڕەگەوە دەبینێ."

ئەوەی کەمۆکەیەک لە دنیای شیعری توماس ترانسترومەر شارەزا بێت، ئەوە دەزانێت کە ئەو شیعرە لە شیعرە مامناوەندییەکانی ئەوە و بەهاسانیش ئاودیو دەکرێت و سەرئێشەش دروست ناکات. ئەمە لە کاتێکدا کە تەنیا بە سویدی بخوێنرێتەوە نەک بکرێتە کوردی. خواش شاهیدە کە شاعیر لە ژێر خاکەوە ناڕوانێتە سەر خاک و، نە لە بناغەی خانووەکان، نە ڕەگی دارەکان و نە لە ڕەگەوە وێرانیی خاک و دنیای خاپوور دەبینێ. پێدەچێت هەبوونی ئەو "مشکەکوێرە"یە لە شیعرەکەدا ڕزگاری لە خشتە بردبێت. شاعیر لەو شیعرەدا تەنیا بەراوردێک لەنێوان لەسەرەوەبینین و لەژێرەوەبینیندا دەکات و هیچی تر. ئەوجا با قسە لە بەکوردیکردنەکەی من نەکەین و ڕوون و ئاشکرایە کە من لە وەرگێڕانەکەمدا چەند شتێکم بەسەردا تێپەڕیوە و، دووبارەی دەکەمەوە کە ئەم شیعرە "یەکێک نییە لە شیعرە زۆر جوان و بەرزەکانی شاعیر" و شیعرێکی ئاساییە، ئەمە بە مەرجێک ئەگەر کەسێک پچەک دەستەڵاتی بەسەر زمانی شیعریی ترانسترومەردا بشکێت و ئەو شیعرە لەگەڵ شیعرە "زەبەلاح"ەکانی ئەودا بەراورد بکات، کە کورداندنیان، وەک شیعر، نزیکە لە مەحاڵەوە. با نموونە بهێنینەوە و نموونەش کەم نین. بڕوانە: شیعرەکانی کۆمەڵەشیعری sorgegondolen و ئەم شیعرانەی تریش: skyfall över inlandet, Allegro, C-

ئەوجا با سەرنج لە dur, paret, med älven etc. وەرگێڕانەکەی ڕزگار عەبدوڵا بدەین و بنواڕین بە چ هیوایەکەوە ڕۆح و مەبەستی شیعرەکەی گەیاندووە:

یەکەم: لە دێری یەکەمدا لە بەرانبەر vit دا "زیوین" دانراوە، کە ڕاست نییە و "سپی" ڕاستە.

دووەم: لە بەرانبەر وشەی smog دا "تەم" دانراوە، ئەمیشیان ڕاست نییە و، smog ئەو تەمە خەستەیە کە ئاسمانی شاران، بەتایبەت شارە قەڵەباڵغ و پیشەسازییەکان، دادەگرێت، ئەویش لە ئەنجامی کارتێکردنی تینی خۆر لە پیسوپۆخڵی ئەو هەوایەی بەری ئاسمانی ئەو شارانەی گرتووە.

سێیەم: ڕزگار دەڵێت: "ڕووناکی دەتکێ". من لە کاتی وەرگێڕاندا وشەی dryper م وەک krymper خوێندووەتەوە و لەبەرانبەریدا "چوونەوەیەک"م داناوە، کە هەڵەیەکی زەقە و لێبووردن هەڵناگرێت و دەبێت ڕاست بکرێتەوە. دیارە ئەو "تکان"ەی ڕزگاریش ڕاست نییە و "تکان" دەکرێت، وەک ناو لە بەرانبەر läckage و، وەک کاریش لە بەرانبەر läcka دا دابنرێت و ڕاستییەکەی ئەمەیە: "ڕووناکییەکە دەدڵۆپێ" یان "ڕووناکییەکە دڵۆپە دەکا".

چوارەم: ڕزگار لەبری "ڕووناکیگەلێک" کە من لە بەرانبەر وشەی en svärm دا دامناوە، "پۆلێک پێشکە"ی پێشنیار کردووە. هەنبانەبۆرینە پێشکە ئاوها لێک دەداتەوە: (پێشکە: مێشوولە، پەخشە، پێشی.) دەپرسم: ئەو پێشکانە چۆن بە پۆل هاتن و لە کوێرا پەیابوون و چۆن وا بەپەلە ئاسمانی ئەو شیعرەیان تەنی؟

پێنجەم: ڕزگار لە بەرانبەر djupt دا "قووڵ"ی داناوە کە وشەکە لە سویدیدا ئاوەڵکارە و لە کوردییەکەدا ئاوەڵناوە و ناکاتە ئەو مانایەی ئەو بەدوایدا دەگەڕێت. ئەگەر بەزۆر نەسەپێنرێت.

شەشەم: من تێناگەم تا چ ڕادەیەک ئەم دەربڕینە "لە وێنەی ئاسمانیی شارێکی لە جەنگدابوو دەچێ" دەربڕینێکی کوردی و شیعرییە!! en stad i krig یش لە حاڵی ڕانەبردوودایە و دیار و حاشاهەڵنەگریشە کە "شارێکی لە جەنگدابوو" لە حاڵی ڕابردوودایە و مەبەستیش ئەوە نییە. پاشان با سەرنجێک لەم دێرەی ڕزگار بدەین: "شەمەندەفەرەکە بەتەواوی بێجووڵە وەستا." دیارە "وەستا" حاڵی ڕابردووە و مەبەستی شاعیر "ڕاوەستاوە" کە لە بەرانبەری står دا ڕەپ ڕادەوەستێت، نەک "وەستا"کەی ڕزگار.

حەوتەم: tysta fyrkanter ڕێک بەرانبەر بە "چوارگۆشە بێدەنگەکان"ە نەک "چوارگۆشەی بێدەنگ" و لە "ڕەنگی مات و نادڵگیریشدا" هیچ دەستڕەنگینی و شارەزاییەک بەدی ناکرێت، چونکە "نادڵگیر" نە دەچێتە گیرفانی هیچ پاڵتۆیەکەوە و نە لە گیرفانی هیچ پاڵتۆیەکیش دەردەهێنرێت. مەبەست لە پاڵتۆکەی (گۆگۆڵ)ە!!

هەشتەم: ڕزگار لە بەرانبەری Solljuset ökar i volym دا "ئەندازەی تیشکی خۆر زیاد دەکات"ی داناوە. ڕاستییەکەی ئەمەیە: öka i volym بە مانای "بەرزکردنی دەنگ" یان "دەنگ زیادکردن" دێت. هیچ "ئەندازە"یەکیش بۆ پێوان لە ئارادا نییە.

نۆیەم: لە بەرانبەری ärtskidor دا "توێکڵ"ی داناوە. توێکڵ هەر بە مانای skal دێت و بەس. ärter یش بەو جۆرە بەروبوومانە دەوترێت کە سەر بە کۆمەڵەی نۆک و بەزالیا و ئەو شتانەن، لەوەیە خزمایەتییەکیان لەگەڵ بەرووبومی پاقلەدا هەبێت. من لە کاتی وەرگێڕاندا باش مەبەستم نەپێکاوە و شەرحم کردووە، ئەویش تەنیا لەبەر یەک هۆ کە نەمتوانیوە، پاش پرس و ڕایەکی زۆریش، وشە بەرانبەرەکەی لە کوردیدا بدۆزمەوە، بەڵام دڵنیام کە ئەو وشە سویدیە بە خزمایەتیش بە توێکڵ ناگات.

من لێرەدا بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی پێشووم کەمەدەستکارییەکی وەرگێڕانەکەم دەکەمەوە و هاوکات دەقە سویدییەکەیش لەبەرانبەریدا ڕادەگرم و داوای لێبووردنیش لە شاعیر دەکەم، لە هەڵە و پەڵەیش خۆم نابوێرم، بەو هیوایەی پیرێکی تەریقەت بێت و لەوە چاکتر بیکوردێنێت.

### لەخاکنوارین

خۆرە سپییەکە، بەنێو ئەو تەمە خەستەدا کە ئاسمانی داگرتووە،

دەچۆڕێ. ڕووناکییەکە دەدڵۆپێ. لەدوی قووڵایی چاوەکانم دەگەڕێ و دەچێتەوە چاوانمەوە،

ئەو چاوانەی لە بنی شارەکەدا، ئارامیان گرتووە و بۆ سەرەوە دەڕوانن

لەژێرەوە شارەکە دەبینن: شەقام، بناغەی خانوو ـ
لەو وێنانە دەچن کە لە ئاسمانەوە دەگیرێن. وێنەی شارێک کە جەنگ بەرۆکی گرتووە،
بەڵام بەهەڵگەڕاوی ـ وێنەی مشکەکوێرەیەک:
چوارگۆشە بێدەنگەکان، نەخشێنراو
بە ڕەنگی مات و ڕەنگپەڕیو.

لەوێدا هیچ بڕیارێک لە ئارادا نییە، ئێسکی مردووەکان لە ئێسکی زیندووەکان جیا ناکرێنەوە.

دەنگی ڕووناکیی خۆر بەرز دەبێتەوە، بە تەوژم
دەڕژێتە ناو کابینەکانی فڕۆکەکەوە،
ناو ئەو بەروبوومانەوە کە لە پاقلە دەچن.

**Markgenomskådande**

Den vita solen rinner ut i smogen.
Ljuset dryper, det letar sit ner

till min nedersta ögon som vilar
djupt under staden och blickar uppåt
ser staden underifrån: gator, husgrunder -
liknar flygbilder av en stad i krig

fast tvärtom - ett mullvadsfoto:
tysa fyrkanter i dova färger.

Där fattas besluten. De dödas ben
går inte att skilja från de levandes.

Solljuste ökar i volym, strömmer in
i flygkabinerna och ärtskidorna.

٦- ڕزگار "لەخۆڕامانێکی تووڕە" ی کردووە بە "خەڵوەی شڵەژاو" و لە بەرانبەر upprörd meditation دا دایناوە. یەکەم: لەخۆڕامان، داڕشتەیەکی منە و پێشتر بەرچاو نەکەوتووە، تەنیا لە ڕووی ماناوە و تا ڕادەیەکی زۆریش بە نێوەڕۆکی meditation دەگاتەوە و لە کوردیدا بەرانبەرێکمان بۆ ئەو وشەیە نییە. نە ئەو خەڵوەیەی ڕزگار و نە ئەوەی هەژاریش دەگرێتەوە، چونکە خەڵوە واتە: avskilhet یان ostördhet و بەداخەوە ئەو وشەیە بە هیچ شێوەیەک تایبەت نییە بە سۆفیان و هەموو کەسێکی باڵق مافی ڕەوا و مرۆڤانەی خۆیەتی بچێتەوە نێو ناخی خۆی و لە خۆ و لە دیوە تاریک و ڕووناکەکانی ناخی خۆی ڕابمێنێت. شڵەژاویش واتە: förbryllad یان förvirrad نەک upprörd. upprörd لە فەرهەنگە سویدییەکاندا ئەم مانایانەی هەیە: arg, in-dignerad, skakad, djup gripen, orolig, stormig. شپرزەیش کە بە مانای حاڵپەرێشانە، ڕێک لە بەرانبەر rastlös و nervös دایە، ئەمە جگای ناڕەحەت کە obekväm دەگرێتەوە.

لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە ڕزگار دەسەپێنێت کە vinge "باڵ" نییە و "پەروانە"یە. بیانووشی بۆ ئەو قسەیەی ئەوەیە کە "لێرەدا شاعیر باسی ئاش دەکات، نەک باڵندە و زیندەوەر" دەپرسم: توماس ترانسترومەر شاعیرە یان ئاشەوان؟

لە وردە تێبینییەکانی تری ڕەخنەگر دەگەڕێم و هێند هەڵناگرن.

ئەوجا با لە لێوردبوونەوەی ڕەخنەگر لەمەڕ وشەی havs ەوە وردبینەوە. لەڕاستیدا زۆر گەڕام و پرسیم ئەوەم بۆ نەسەلێنرا کە havsen "ڕێنووسی کۆنی زمانی سویدییە" و "بە ڕێنووسی نوێ بەم شێوەیە دەنووسرێ haven. ئەمە بۆ من چ زەرەر و زیانێکی تێدا نییە و تەنیا ئەوەیە ئەو نەیسەلماندووە. زەریایش دەکرێت تاکیش و کۆیش بێت. لە Den som vandrar till havs یش هەر ئەوەندە تێدەگەم و، شایەد سەرم بە کۆڵانێکی تاریک و نووتەکدا کردبێت و ڕێ دەرنەکەم، کە بەرانبەرەکەی دەبێتە "ئەوەی بەرەو زەریا دەڕوا". مەبەستیش لەو کەسەیە کە بۆ کاری زەریاوانی یان بۆ بەردەستیکردن و هاوکاریی زەریاوانان لە کەشتیدا، ڕوو لە زەریا دەکات، نەک ئەو کەسەی گەشتی زەریا دەکات.

٧- ڕزگار "کۆمەڵی بڵاوەلێکراو" بە هەڵە دەزانێت و هیچ شتێکی لەبری ئەوە بۆ نەخوڵقێنراوە. هاوکات

هاتووە و وشەی församling ی لێکداوەتەوە و دیسان فەرهەنگ گەڕاوە. ڕاستە ئەو وشەیە ئەو مانایە دەگرێتەوە و لەوەیە لە ڕەسەنیشدا لە کڵێسا و ڕێوڕەسمی ئایینی دیانانەوە کەوتبێتەوە، بەڵام ئەگەر، بەئەنقەست، خۆمان لە ماناکانی تری نەبان نەکەین ئەوە بێجگە لەو مانایە ئەم مانایەشی هەیە، کە بێ چەند و چۆن واتای جڤین و کۆبوونەوەی خەڵک لە دەوری یەکتر دەدات. بڕوانە:

församling: samling av människor som sammankom-
mit i bestämt syft, möte, hop.

نموونەش لە ڕستەدا: tala inför en stor församling av vetenskapsmän

ئەوەیش ڕوونە کە ئەو زانایانە دەرچووی کڵێسا و ئامۆژگا ئایینییەکان نین.

بۆ دەستەواژەی Vi ställde upp یش دەڵێت: واتە "ئامادەیی خۆمان دەربڕی" بەر لە هەر شتێک بۆ ئەوەی "ڕیزبووین" بەرانبەرەکەی خۆی بەهاسانی بدۆزێتەوە تەنیا ئەوەندە بەسە بوترێت: Vi ställde upp. ئەو دەربڕینەی ڕزگار کە دەڵێت: Vi ställde upp oss i rad کوردانندنی سویدییەکەیە و ئەو oss i rad ەی پێناوێت. ڕەنگە ڕزگار مەبەستی لەوە بووبێت بڵێت: Vi ställde upp i led. ئەمە بێجگە لەوەی هەر سویدییەک، ئەگەر مەسەلەکە پێوەندی بە ڕیزبوونەوە هەبێت، لەوە تێدەگات کە دەڵێت: Vi ställde upp مەبەست لە ڕیزبوونە. "ڕیزبووین"یش کاتی ڕابردووە و لەسەر یەکتر کەڵەکەبوونیش ناگەیەنێت. کە من نووسیومە: "ڕیزبووین و ماڵەکانی خۆمان پێشان دا" ئەم مانایەی ställa upp م لە بەرچاو گرتووە کە دەبێت بە: ordna i formation و نموونەش لە ڕستەدا ئەمانەن:

Ställa upp en trupp för mönstring.

Kompaniet ställde upp på kaserngården.

De ställde upp sig på två led.

هەر ئەو مانایەش، بەپێی تێگەیشتن لە شیعرەکە، ڕاستترە.

با لەوە بگەڕێین کە ڕزگار بیرمان دەخاتەوە کە a لە کۆتایی vit دا دەیکات بە کۆ! (سەیرە! ئەمە لەگەڵ تەواوکردنی وانەکانی کتێبی Säg det på svenska دا هەر کەسێک فێری دەبێت، کەچی من دەبێت دوای پانزە ساڵان لەم وڵاتەدا ئەوەم بیر بخرێتەوە. لەگەڵ سوپاسدا!) گرنگتر ئەوەیە کە ڕزگار دەڵێت: "دنگە لەبری کۆڵەکە لە بەرانبەر pelare دا ڕاستترە." با سەرنج لە مانای دنگە بدەین. دنگە: کۆڵەکەی لە قووڕ و بەرد. (بڕوانە: هەنبانەبۆرینەی هەژار). ئەوجا لە مانای کۆڵەکە: ئەستوون، ستوون، ئەستوند. (هەمان سەرچاوە.) ئەوجا با تەماش بکەین کە تۆفیق وەهبی لە فەرهەنگەکەیدا لە بەرانبەر کۆڵەکەدا چی نووسیوە: کۆڵەکە: piller, column, nasal septum (بڕوانە: فەرهەنگی کوردی ئینگلیزییەکەی تۆفیق وەهبی و ئەدمۆنس). خۆ ئەگەر بێت و piller لەگەڵ سویدییەکەدا بەرانبەر بگرین هیچ مانایەکی تر نادات لە pelare زیاتر و، هەر نەختێک لە کاتی وتدا دەنگیان دەگۆڕێت. هەر کەسێک دەزانێت کە کۆڵەکە، یان ڕاستتر "پایە"کانی نێو کڵێسا لە بەرد و چیمەنتۆ یان لە بەرد و گەچن. من بە سەلیقە "پایە"م پێ جوانتر نییە لە کۆڵەکە و ڕزگاریش بە لای "پایە"دا نەچووە. کۆڵەکەیش مەرج نییە لە دار بێت، وشە لەگەڵ ڕۆژگاردا مانا ئەسڵییەکەی خۆی دەگۆڕێت. لەوەیش دڵنیام کە دنگە نییە و لە "قووڕ و بەرد"یش نییە. ئەوە دەمێنێتەوە بڵێین: کێ ڕاستترە، تۆفیق وەهبی، من یا ڕزگار؟ پرسیار لە پیری تەریقەتە!

ڕزگار دەڵێت: "kyrkklockan واتە: زەنگی کڵێساکان، نەک زەنگەکانی کڵێسا، چونکە کڵێسا یەک زەنگی هەیە نەک دوو." ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان سەردانی یەکێک لە کڵێساکانی کردبێت، دەزانێت ئەوە ڕاست نییە. ئەوەیش یەک جار فیلمی "پشتکووڕی نۆتەردام"ی بینیبێت بەتەواوی لە ناڕاستی ئەو قسەیە دڵنیایە. ئەوجا با بێین و قسەیەک لە دەستپاکی بکەین:

توماس ترانسترۆیمەر دەڵێت: Men kyrckklockorna måste gå under jorden لێرەدا زەنگەکانی کڵێسا "کۆ"ن نەک تاک. تێبینی: تەنانەت ترانسترۆیمەریش دەزانێت کە کڵێسا یەک زەنگی نییە و چەند زەنگێکی هەیە. ڕزگار بە تاک لێی سەلماندووین کە ناڕاستە و بە دەست من نییە هەر دەبێتە "زەنگەکانی کڵێسا"، نەک زەنگی کڵێساکان.

ڕستەکانی "دەبێ خۆیان بشارنەوە" و "خۆیان بە

بۆریی زێرابەکاندا هەڵواسیوە"یش کە ئەو بە جۆرێکی تر لێکیان دەداتەوە، هێندە هەڵناگرن سەرئێشە نە بۆ من و نە بۆ ڕەخنەگر و نە بۆ کەسی دیکەیش دروست بکەن. ئەوە پێوەندی بە چۆنیەتی تێگەیشتنەوە هەیە.

ئەوەیش کە من لەبری steg "پێ"م داناوە، ڕاستە مانا فەرهەنگییەکەی "هەنگاو"ە نەک پێ و "پێ" دەبێت بە fot. ئەمە چ لە ماناکە دەگۆڕێت؟ من لێی نازانم و با لێگەڕێین بۆ کەسانی تر. دیسانەوە ئەوە بە بیر دێنمەوە کە من لەگەڵ شیعر کارم کردووە نەک فەرهەنگ و دیارە مانای فەرهەنگی و مانای شیعریش چ جیاوازییەکیان هەیە و ئەگەر ئەو جیاوازییە نەبێت، دەبێت زۆربەی زۆری شیعری میللەتان لە بیر خۆمان بەرینەوە و زەریاکانیان بۆ بکەین بە گۆڕستان. ئەگەر ئەمە هەڵەیەکی زەقیشە من بێ چەند و چۆن و بە پێزانینەوە وەریدەگرم.

دوا شتێک کە لەسەر نیکۆدەمووس نووسراوە، ڕزگار دەڵێت: "خەورۆ بەو کەسانە دەوترێن کە لەخەودا دەڕۆن." من ئەوەم نەزانیوە و نووسیومە: "ئەوەی بەدەم خەوەوە بەڕێوەیە"، ئەوەیش هەیە کە بڵێم: فەرهەنگەکانی هەژار و خاڵ و توفیق وەهبیم بەسەرکردەوە و ئەو وشەیەم نەبینیەوە و پێشتریش لە کەسم نەبیستووە.

ئەوجا با سەرنجێک لە مانای sömngångare بدەین:

sömngångare: person som går i sömnen.

(سەرچاوە: Bonniers svenska ordbok, Malmström, Györki, Sjögren).

sömngångare: person som går omkring i sovande tillstånd.

(سەرچاوە: svensk ordbok, utarbetad vid Språkdata, Göteborgs universitet).

لەوەیە وشەی "خەورۆ" لەسەر ئاهەنگی "شەورۆ" بڕەقسێت و شەورۆیش واتە: کەسێ بە شەو بەڕێدا دەڕوا. (بڕوانە: هەنبانەبۆرینەی هەژار.) من بە مافی مرۆڤانەی خۆمی دەزانم و غەدریشم لە کەس نەکردووە کە خەورۆ بە دروست نازانم و ئەگەر ئەوەی بەدەم خەوەوە بەڕێوەیە ڕاستتر نەبێت لە خەورۆ، هەڵەتر نییە. ئاو بێنە و دەستان بشۆ!

ئێستا هەر ئەوەندە ماوەتەوە دیسان ئەوە بە بیردا بهێنمەوە کە بەڕاستی "کاتی ئەوە هاتووە لە یەکدی بە دەنگ بێین و لە هەڵەی یەکتر چاو نەپۆشین." و منیش کە هاتووم ئەو شیعرانەم بە کورد ناساندووە، کابەم کەچ نەکردووە و بەر لە کارکردن و دواتریش دڵنیابووم کە کارێکی هاسان نییە و بێ هەڵە و پەڵەیش نابێت. ئێستایش کە ئێستایە بەوپەڕی پێزانین و ئەمەکەوە ڕێز لەو کەسانە دەگرم و، لە داهاتوویەکی دوور و نزیکیشدا هەروا دەمێنمەوە، کە هەڵە و پەڵە لە خۆم و لە کارەکانمدا دەبیننەوە و ڕاستیەکەم بۆ دەسەلمێنن، بەڵام قەت ڕێنادەم و ڕێمنەداوە هەڵەم بە هەڵەتر بۆ چاک بکرێتەوە و لە کەسیشی ناسەلمێنم، جار هەر کەسێک بێت. ئەو "شاعیر و نووسەران"ەیش کە لە منەوە نزیکن و لە لێهاتووی و توانایان دڵنیام و متمانەم پێیان هەیە، دەزانن کە من قەت کارێک، چ کاری خۆم بێت یان کاری وەرگێڕان بڵاو ناکەمەوە، تا پێشانی ئەوانی نەدەم و ڕێنوێنی و تێبینیەکانیشیان بە دڵ و چاوان وەردەگرم.

# ژن و مێردایەتی کاتیی (سیغە) لە ئێراندا

لە ژمارە ١٨ و١٩ی ڕابووندا مەهاباد قەرەداغی کتێبی (ژن و مێردایەتی کاتیی (سیغە) لە ئێران، چاپی عەرەبی، نووسینی د. شەهلا حائیری ڕاناوو. لە ژمارەی دواتردا ئیبراهیم قوربانی چەند سەرنجێکی دەربارەی ڕانانەکە دەربڕیبوو، کە لێرەدا مەهاباد خان کورتە وەڵامێکی ڕایەکانی کاک برایم دەداتەوە.

یەکەم: کاک ئیبراهیم دەڵێ :( لە رابوونی ژمارە١٨و ١٩ دا وتارێک بە ناونیشانی سەرەوە بلاوکراوەتەوە، کە مەهاباد قەرەداغی لەبەر ڕووناکی کتێبێکی شەهلا حائیری نووسیوویەتی.) . کە لە ڕاستیدا ئەوەی من رانانی کتێبەکەی د.شەهلا حائیری یە ، دیارە ریفەراتی کتێب چەندین میتودی جیاوازی هەیە و یەکێک لەو میتودانەی کە من لەو رانانەدا پەیڕەویم کردووە ،خاڵە گرنگەکانی ناوەرۆکی ئەو کتێبەم هێناوەتەوە و بە خوێنەر ناساندووە. بیری رانانەکەش ١٠٠ ٪ هی نووسەری کتێبەکەیە . بۆیە کاک ئیبراهیم ئەگەر ڕەخنەشی هەبوایە دەبوو ئاراستەی نووسەری کتێبەکەی کردبایەتەوە نەک ئاراستەی من، کەچی بە ناهەق منی بە نووسەری ئەو بیروڕایانە داوەتە قەڵەم!!

دووەم: کاک ئیبراهیم نوسیویەتی:( لەگەڵ رێزی بێپایانم بۆ رابوون، دەبێت ئەوە بڵێم کە بلاوکردنەوەی ئەو شێوە وتارانە دیقەتکارییەکی زیاتری دەوێت چونکە جگە لە گشت ئەو شتە نادروستانەی کە بە شیعەکان و سەردارەکانیان کراوە، لەو حەوت لاپەڕەیەی وتارەکەدا بە دەیان جار هەندێ وشە بە زیادەوە بەکارهاتوون، وەک "سکس و چێژی پێ دەبەخشێ، رابواردن، ئارەزووی سێکسی، پەیوەندییەکانی سێکس، رابواردنی شەرعی، رابواردنی ژنان، لە پێناوی رابواردن.. تاد، لە کاتێکدا ووتارەکە تایبەت بە بابەتی سێکس نییە.)

کتێبەکە تایبەتە بە بابەتی سیغە و پەیوەندی سێکسی نێوان ژن و پیاو و بە شەرعی کردنی ئەو پەیوەندیەی کە لەناو توێژی ڕۆشنبیری ئێراندا - بە پێی لێکۆڵینەوەکەی د.حائیری - بە نادروست تەماشا دەکرێ، بۆیە پێم وا نیە دەست بلاویم لە بەکارهێنانی ئەو وشانەدا کردبێ.

هێندەی من تێی گەیشتبم هێنانەوەی هەندێ دەق و وتەی سەردارانی شیعە و شیکردنەوەیان لە لایەن نووسەرەوە بۆ مەبەستی دژایەتیکردن نەوتراون ، بەڵکە بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی سیغە لە لای خەلیفە و ئیمامەکان و لە قۆناغی مێژوویی جیاجیادا.

سێیەم: کاک ئیبراهیم بە تەوسەوە دەڵێ:( لە کۆتایی وتارەکەدا کتێبەکەی خانمی حائیری بە کام هاوتا دادەنێ لە رووی ڕوونکردنەوە و بابەتێ کە هێشتا کۆمەڵگەی رۆژهەلات بە تەواوی لێی تێنەگەیشتوون! وەک بڵێی حائیری باسی هیندییەکانی ئەمەزوون، کە پێش ساڵێک لە جەنگەڵدا دۆزرانەوە، بۆ خەڵکی ڕۆژهەلات بکات، یان شیعەکان دوێنێ لە ئەستێرەیەکی دوورەوە گەیشتینە خۆر هەلات!. لە لایەکی ترەوە لە (قەراغ)ەوە تاکو (مایشت)پایتەختی مادەکان تەنها چەند فرسەخێکە، کە هەر لەوێوە تاکو دەگاتە هاولێگی بەختیاری گشتیان هاوولاتی کوردستانیی و شیعەن ئیدی ئێوە، کە پێش ئەم کتێبەی حائیری، لێیان شارەزا نەبوون، ئەوە پەیوەندی بە خۆتانەوە هەیە.)

من لەوە ناگەم بۆچی ئێمە بێ لایەنانە نەڕوانینە هەر بابەت و لێکۆڵینەوە و وتارێک، یان هەر دیاردەیەکی کۆمەلایەتی ؟ بۆچی مەسەلەکان لە خۆمان ئاڵۆز کەین .

حەز دەکەم جەخت لەسەر ئەوە بکەم کە من رانانی ئەو کتێبەم بە نیازی خۆشکردنی شەڕی مەزهەبی نەنوسیووە و دروست لەوێشدا هیچ کارێکم بەسەر دژایەتی نێوان مەزهەبی شیعە و سونیەوە نییە. نووسەری ئەم کتێبەی کە من رام ناوە خۆی شیعەیە، کچی یەکێکە لە ئایەتوللاکانی ئێران، لێکۆڵینەوەکەی ئەکادیمییە، ماوەیەکی زۆر لە ئێراندا لێکۆڵینەوەی لەسەر سیغە کردووە، ئینتەرڤیوی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ئایەتوللاکان و مەلاکانی ئێران و ژنان کردووە ، خودی ئەوانەی کە بە کاتیی بەڵێننامەی ژن و مێردایەتییان بەستووە، ٢٢٦ سەرچاوەی جیاوازی فارسی و ئینگلیزی لەو لێکۆڵینەوەیەدا بەکارهێناوە، لەناو ئەو سەرچاوانەدا کتێبی خومەینی و خوئی و طباطبائی و خامنئی و ڕەفسنجانی و قائیمی و تاج السلطنە و زۆری تر کە دەربارەی سیغە و ژن ومێردایەتی کاتی ڕوونیان کردۆتەوە دەبێ چۆن بکرێت.. هتد.

ئەوەی کاک ئیبراهیم بە تەوسەوە دەیڵێ کە گوایە من نازانم لە کوێوە تا کوێ کوردی شیعەی تیا دەژی، هیچ پەیوەندی بە بابەتەکەوە نیە، چونکە کتێبەکەی حائیری باسی (لەقەراخەوە تا مایشت) نییە و ئەو هەقی بەسەر ژمارەی شیعەوە نیە بەڵکە باسی سیغەی کردووە لە (ئێران)دا لە ساڵانی نێوان ١٩٧٨ تا ١٩٨٢. منیش لە کۆتایی بابەتەکەدا باسی ئەوەم کردووە کە هێشتا لەناو کۆمەڵگەی ڕۆژهەلاتدا خەڵک بە تەواوی لەو بابەتە نەگەیشتووە، واتە لە - سیغە. نەک لە شیعە.

هەڵبەتە من وەکو خوێنەرێکی ئازاد مافی خۆمە ئەو لێکۆڵینەوەیەم پێ باش بێ و بە کتێبێکی نایابی لە قەڵەم بدەم، چونکە من لەو کتێبەوە زۆر شتم بۆ ڕوونبووەوە کە پێشتر ئاڵۆز بوون لە لام. هەقیش وابوو کاک برایم بەو مافەی من کە ڕای خۆمم بەرامبەر بەو کتێبە ڕاگەیاندووە ناڕەحەت نەبووایە.

چوارەم: کاک ئیبراهیم دەڵێ:( بۆ ڕاست و ناڕاستی ڕایەکانی خانمی حائیری هیچ خۆتان ماندوو نەکردووە. لەباتی ئەوەی بە قسەی ئەو

خانمە باوەڕ بکەن چاکتر نەبوو چاوێک بە کاری خودی شیعەکانیشدا بخشێنن تاکو بزانن خۆیان چۆن چۆنی ئەم بازرگانییە بەڕێوە دەبەن.)
کە دەوترێ بابەتێکی ئەکادیمی، دەبێ بزانرێ لە ئاستێکی بەرزی زانکۆییدا نووسراوە. خانمی حائیری دکتورای لە بابەتی ئەنترۆپۆلۆجیای کلتووری لە زانکۆی کالیفۆرنیا وەرگرتووە، لە ناوەندی(Pembroke) پیمبرۆک کە ناوەندێکی لێکۆڵینەوەیە دەربارەی ژنان لە زانکۆی براون کاری کردووە لە ساڵانی ١٩٨٦ و ١٩٨٧، ئێستاش وەک لێکۆڵەرەوەیەک لە ناوەندی لێکۆڵینەوە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی هارڤارد کار دەکات. دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە من کتێبی نووسەرێکم راناوە کە لەم بوارەدا زۆر لێهاتوو و شارەزایە، سەرچاوەگەلێکی گرنگی ئیسلامی بە گشتی و شیعیی بە تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێناوە ، شارەزایی و لێهاتوویی نووسەر بە سەرتاپای لێکۆڵینەوەکەیەوە دیارە.

پێنجەم: کاک ئیبراهیم پێی وایە لەو رانانەدا بەرگری لە رای عومەری کوڕی خەتاب کراوە کە سیغەی قەدەغە کردووە، دەڵێ: (قەدەغە کردنی سیغە لە لایەن عومەرەوە سەرپێچی بووە لە قورئان و پێغەمبەر).
هەڵبەتە ئەوە قسەی نووسەری کتێبەکەیە و ئەویش پشتی بە سەرچاوەی ئیسلامیی بە گشتی و شیعیی بە تایبەتی بەستووە لەو وتانەیدا، زۆر بێ لایەنانەش ڕاکان دەگەیەنێتە خوێنەر، نە بەرگری دەکات و نەش دژی دەوەستێ، ئەمەش یەکێکە لە هۆکانی سەرکەوتنی ئەو نوسەرە و کتێبەکەشی.

شەشەم: کاک ئیبراهیم پێی وایەلە رانانەکەدا بەرگریی لە حەمە رەزا شا کراوە ، کە ئەمەیان بۆ من جێی نیگەرانییە، دەڵێ: (سەبارەت بە سەرپێچی دەوڵەتی ئێرانی سەردەمی حەمە رەزاشا کە گوایە سیغەیان بە دیاردەیەکی سەرەتایی زانییوە و ویستوویانە لە نێوی بەرن، راست نیە، لەوەیش زیاتر هەر لە سەردەمی شادا ، بە هەزاران "سۆزانیخانە" لە سەرتا سەری ئێراندا کرابوونەوە، ئەوانەی لەو سەردەمەدا لە ئێران ژیاون لە جوامەردی حەمەرەزا و دەوڵەتەکەی لەم بارەیەوە ئاگادارن.)
لێرەدا دەبێ ئەو راستییە بوترێ کە نە خانمی حائیری بەرگری لە ئێرانی سەردەمی حەمە رەزا کردووە و نەش من لە رانانەکەمدا هیچ مەبەستێکی وام دەربڕیبووە . بەڵکە حائیری دیاردەکەی لە سەردەمی جیاجیای ئێراندا و رای گشتی ئێران دەربارەی دیاردەی ژن و مێردایەتی کاتی دەربڕیوە ، هەڵبەتە وەک قۆناغێکی مێژوویش باسی دیاردەی سیغەی لە ئێرانی سەردەمی شادا کردووە.

**مەهاباد قەرەداغی**


## گۆران
## شاعیری جوانی و هونەر

**کەمال میراودەلی**
**لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبییە دەربارەی شیعرەکانی گۆران**

**دەکرێت بەم ئادرێسە داوابکرێت**

**HETAW , P.O. BOX 10817, LONDON SW8 3ZH**

# شانۆنامەی خۆکوژ

ئەرکادی ئەڤێرچێنۆ
وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە : مەهدی جاف

کەسەکان

**بیلێڤیچ** خاوەن ماڵە ، تەمەنی ٤٠ ساڵە ، چاویلکە لە چاو ، چەناگەی تۆپەڵێ ریشی پێوەیە ، جل و بەرگی ناو ماڵی لە بەردایە .

**بیریگەڤ** گەنجێکی چاپووکە ، ٣٠ ساڵە ، دەم و چاوی ساف و لووس ، دەنگ نەرم ، ڕاستگۆ ، هەندێک جار گرژی پێوە دیارە ، تورە بوونێکی لە سەرمخۆی لە گەڵدایە .

( ڕووداوەکە لە نیوەشەودا . لە ماڵی بیلێڤیچدا ڕوودەدا . )

**بیلێڤیچ** ( تەنیایە ، بە پەلە بە ژوورەکەدا دێت و دەچێت ، ڕاڕایە ، هەندێ جار ڕادەوەستێ و دەستەکانی هەڵدەگلۆفێت، هەر وەک ئەوەی چاوەڕوانی یەکێک بکات . لەپڕ دەنگی زەنگ لێدەدرێت ) ئا ... ئەوە خۆیەتی .

**بیریگەڤ** ( دێتە ژوورەوە ، تەپلەکەی لە سەری دەکاتەوە ، پاشان دەستکێشەکانی و، بە بێدەنگی تەماشای خاوەن ماڵ دەکات .) ئم ... نێ بیلێڤیچ : فەرموو ئەوە جگەرە ... ئەوەش شقارتە ، ئەوەش شەرابە . جگەرە بکێشە و بخۆرەوە و ئەوسا گوێم لێبگرە .

**بێریگەڤ** ( لەسەرخۆ لەسەر کورسیەکە دادەنیشێت و بە هێمنی دەدوێت .) من لەم میواندارییە لە پرەی ئێوە ترساوم ، چی وای لە ئێوە کردووە بەم سەعاتی یەکی نیوە شەوە من لە جێگا دەربهێنن و بۆ لای خۆتانم بانگ کەن ؟ چی ڕوویداوە ؟

**بیلێڤیچ** دەزانی من بۆچی ئێوەم بانگکردووە ؟ لە بەرئەوەی ئێوە پیاوێکی بێ غەش و مەشن

**بێریگەڤ** ( بە ساردیەوە ) بەڕاست ؟

**بیلێڤیچ** بەڕاستی ئێوە شایانی ئەوەن کە هەموو شتێکتان لا بوترێ .

**بێریگەڤ** ئەوە بە ڕاستتە ؟

**بیلێڤیچ** ئا بەو شێوەیە ئەی بێریگەڤی هێمن و ژیر و خۆشەویست ، من بڕیارم داوە خۆم بکوژم .

**بێریگەڤ** ئم .

**بیلێڤیچ** ئێوە گوتتان ئم ، ئەوە یانی چی ؟ ڕازی نین ؟

**بێریگەڤ** نەخێر شتێکی وا نەبوو ، ئەوە تەعبیرێکی گەورەو لەسەر خۆی بیرم بوو .

**بیلێڤیچ** ( بیر دەکاتەوە ) ئەرێ ئێوە بەچ شێوەیەک بیر لەم مەسەلەیە دەکەنەوە ؟

**بێریگەڤ** من ئاوای دەبینم ، کە ئێستا مرۆڤێک بە ئاشکرا دوا بڕیاری کۆتایی هێنانی بە ژیانی خۆی داوە ... ئەمە جێی گاڵتە و ... گێلایەتیشە ، شتێکی بێ کەڵکە.

**بیلێڤیچ** ئۆ بێریگەڤ ، چەند بە ئاسانی بۆی دەچیت ! ، هەر وەک ئەوەی بە تەواوەتی لە هەموو شتێک تێگەیشتبێت . ( دەچێتە بەردەمی و بە گەرمی دەستی دەگوشێت ، پێکە شەرابەکەی ناو دەستی بێریگەڤ بەسەر پانتۆڵەکەیدا دەڕژێت .) ئێوە یەکسەر لە بڕیارەکە گەیشتوون ، کە بڕیارێکە و پەشیمان بوونەوەی نیە .

**بێریگەڤ** ئەمە بێگومان ئاشکرایە . ( لەسەرخۆ بە دەستی پانتۆڵەکەی پاک دەکاتەوە ) ئێستا فەرموو ئەمرکە. پێویستیتان بە چی هەیە ؟

**بیلێڤیچ** ( بەگومانەوە ) لە بیرمە ، ئێوە جارێکیان باسی ئەوەتان کرد کە ژەهرتان لەلا هەیە ، کە لە دەرمانخانە کڕی بووتان ، ئەو ژەهرەی کە بە گورجی و بێ ئازار مرۆڤ دەکوژێت .

**بێریگەڤ** ( بە هێمنیەوە ) بەڵێ ، بێ گومان وایە .

**بیلێڤیچ** ئێوە دەتوانن ئەوە بە من بدەن ؟

**بێریگەڤ** بەڵێ ... ئەی بۆ نا ؟

**بیلێڤیچ** بەڕاستی ئێوە هاوڕێی بەوەفای بیلێڤیچن .

**بێریگەڤ** ئێ ؟

**بیلێڤیچ** دەتوانن سبەی بەیانی بۆم بنێرن ؟

**بێریگەڤ** دەتوانم . ئێستا هەر ئەوە بوو داخوازیەکەت . ( هەڵدەستێتە سەرپێ کە خۆی بۆ ڕۆشتن ئامادە بکات بە چاو سەیری یەکتر دەکەن)

**بیلێڤیچ** ئم ... ئێوە .. ئا بەو شێوەیە ، دیارە کە پیاوێکی سەرسوڕهێنەر و عەجیبن، ئەگەر یەکێکی تر بوایە لە باتی ئێوە دژ بەم کارە دەبوو ، دڵی دەدامەوە و نەیدەهێشت من کارێکی وا ئەنجام بدەم.

**بێریگەڤ** (بیلێڤیچ بۆلای خۆی ڕادەکێشێ و باوەشی پێدا دەکات ) وابزانم ئێوە دەتانویست من لە ناخەوە وا لە ئێوە بکەم کە پەشیمان ببنەوە ؟

**بیلێڤیچ** خوا بتان پارێزێت ، بڕیارێکە و داومە ، سەرنج بدەرە چاوەکانم ، چۆن دەتوانیت ئەم پیاوە جارێکی تر

**بێریگەڤ** نەخێر بڕیارە و هیچی تر .

**بیلێڤیچ** سوپاس بێریگەڤ ( دەستی بێریگەڤ دەگرێت و گڕی شقارتەکەی دەستی دەکوژێنێتەوە )

**بێریگەڤ** ( دەست بە جگەرەکێشان دەکات و دادەنیشێتەوە ،بە هێمنی سەیری دیوارەکە دەکات ،) تابلۆیەکی چەند جوانتان هەیە ، ئەوە کاری "کویندژیە" ؟

**بیلێڤیچ** بەڵێ ... من زۆرم لا جوانە .

**بێریگەڤ** پێویستە من لەگەڵ خۆمدا بۆ ماڵەوەی ببەم ؟

**بیلێڤیچ** چۆنی دەبەیت ؟

**بێریگەڤ** لەبەر ئەوەی ئێوە وەجاختان کوێرە و کەسێکتان نیە بۆی بەجێ بهێڵن .

**بیلێڤیچ** نەخێر ( بێتاقەت و غەمگین دیارە ) من هیچ شتێکم نیە تەنیا ئەو تابلۆیە نەبێت .

**بێریگەڤ** بەلام من هەر دەیبەم ... پارمەتی هەیە ؟

**بیلێڤیچ** بیبە ، من بۆچیمە ، ئەگەر سبەینێ لاشەکەم وەکو لاکی ئاژەڵ بکەوێت ؟

**بێریگەڤ** بێگومان ئەو شوێنی کاغەز و قەڵەمانەش لەگەڵ خۆم دەبەم ، ژوورەکەم شتێکی ئەوتۆی تێدا نیە . بۆمن چاکن . ئەرێ ئەوانە جگەرەی باشمانن ؟

**بیلێڤیچ** باشمانن .

**بێریگەڤ** دەیانبەم ... ( بێدەنگی ) جگەرەی باشە . ڕێگام دەدەیت ئەو کارتۆنە ببەم ؟ پێنج جگەرەتان بۆ بەجێدەهێڵم، تا بەیانی بەشتان دەکات ؟

**بیلێڤیچ** ( بە ڕوو گرژیەوە ) بەشم دەکات زۆریشە .

**بێریگەڤ** سوپاس ، قوتووەجگەرەکەش دەبەم ، من و تۆ جیاوازیمان نیە ، ناوی فامیلی هەردووکیشمان بە "ب دەست پێدەکات تۆ بیلێڤیچ و من بێریگەڤ .

**بیلێڤیچ** تکایە ئەم قوتووەجگەرە مەبە ، ئەمە یادگارییە .

**بێریگەڤ** ئەوە چیت لێ قەوماوە ؟ خۆ لەگەڵ خۆتا نایبەیتە گۆڕەوە .

**بیلێڤیچ** بەڵێ وایە ( بێدەنگی ) ئەم قوتووە لە ئاڵتون دروست کراوە نرخی چوار سەد ڕۆبڵە .

**بێریگەڤ** باشە ( قوتووەکە دەخاتە گیرفانیەوە ) ، ئەرێ ئێوە چۆن بیر لە خواردنەوەی ژەهرەکە دەکەنەوە بەڕاکشاوی لەناو جێگادا یان لەسەر مێزەکە ؟

**بیلێڤیچ** ( بەناڕەزاییەوە ) مەگەر خوا وەڵامی ئەم پرسیارانەی ئێوە بزانێت ؟ ئێوە کارتان بەمەوە چیە ؟

**بێریگەڤ** ( لەسەرخۆ ) زۆر ڕاستە . نازانم من ئەم پرسیارەم بۆ کرد ؟ زمانم وەرچەرخا ... ئێوە بۆخۆتان دەزانن چۆنی کاربهێنن .

**بیلێڤیچ** چی ؟

**بێریگەڤ** ژەهرەکە .

**بیلێڤیچ** ئم ... ئایا ژەهر جۆری هەیە ؟

**بێریگەڤ** بەڵێ ، هەیە زوو لە گیانت دەخات ، لەگەڵ دوو سێ کەوچک ئاودا تێکەڵاوی دەکەیت و یەکسەر هەڵی دەقوڕێنیت و هەر یەکسەریش دەکەویت و لێ دەبیتەوە .

**بیلێڤیچ** ( بەنارەزاییەوە ) سوپاس .

**بێریگەڤ** شایانی نیە .

**بیلێڤیچ** ( هوشیارانە ) دەتوانین لە بارەی شتێکی ترەوە بدوێین ، هەرچیەک بێت ؟

**بێریگەڤ** لەوانەیە ئێوە واتان پێ خۆش نەبێت ، بە بڕوای من ئەگەر ئێوە بڕیاری خۆتان دابێت ئەوە شتێکی ئاساییە ( دادەنیشێت و جگەرەیەک دەکێشێت ، پاشان هەڵدەستێتەوەوە و دەست بەگیرفانی بیلێڤیچ دا دەکات ).

**بیلێڤیچ** ئەوە چی دەکەیت ؟

**بێریگەڤ** ها ؟ ئەمەوێ بزانم چەندتان هەیە ؟

**بیلێڤیچ** چ پیاوێکی سامناکن ؟ چیتان بەم مەسەلەیەوە داوە ؟

**بێریگەڤ** دەمەوێ بۆ خۆمیان بەرم .

**بیلێڤیچ** بەڕێز ئەمە چۆن دەبێت ؟

**بێریگەڤ** تورە مەبە ، ئەمە خراپ نیە . دەزانی بۆ ؟ لەبەر ئەوەی ئێوە تا بەیانی هیچتان پێویست نیە . ( پارەکان لە گیرفانی دەردەهێنێت ) هەشت سەد رۆبڵ ، چەند باشە . ئەنگوستیلەکەشتانم بدەنێ ، سبەینێ پاش مردنتان لە نەخۆشخانە لەشتان پارە دەکەن و بە ئاسانی لە دەستتانی دەردەهێنن ، جا باشترە بۆ من بێت .

**بیلێڤیچ** ( خۆی کێف دەکاتەوە ) گوێ بگرە بێریگەڤ ، من لەم لەسەر خۆیی و بە ئاسانی دوانەی ئێوە سەرم سوڕماوە .

**بێریگەڤ** ئاوەها ؟ ها ... ماوەیەک لەمەوبەر گومانت لەوە نەبوو کە من پیاوێکی بێ گێرە و کێشەم ، بەڵام ئێستا بۆ ئەم پارانە بە داخەوەیت ؟

**بیلێڤیچ** من مەراقی ئەوەم نیە ، بەڵام ئەمە شتێکی باش نیە کە ئێوە دەیکەن .

**بێریگەڤ** ئێ باشە نایبەم . لەگەڵ ئێوەدا چی دەوترێت ؟ ئەرێ هەفتەی ئاییندە ئۆپەرێتێکی نوێ پیشان دەدرێت ، ئێوە حەز ناکەن ببینن؟

**بیلێڤیچ** بۆ حەز ناکەم ؟

**بێریگەڤ** ئاخ ئێوە بەیانی ئەسەرتان نامێنێت ، ئایا ئیتر حەز بەچی دەکەن ؟

**بیلێڤیچ** ئەزانی ئێوە زۆر چاو برسین ؟

**بێریگەڤ** ئەگەر من پیاوێکی چاو برسی بم ئەو ژەهرەی دەتانەوێت ئەمدەدانێ ، بتەوێ و نەتەوێ من ئاوام

**بیلێڤیچ** ( هەردوو دەستی بەسەریەوە دەگرێ و بە پەلە بە ژوورەکەدا دێت و دەچێت ) بەڵێ دیارە ئێوە ڕازین بەوەی من ژەهرەکە بخۆمەوە .

**بێریگەڤ** ( بەهێمنی ) پێویست بەوە ناکات تووڕەبن ، دەتوانین سەبارەت بە شتێکی تر بدوێین . ماڵێکی باشتان هەیە ، کرێکەی چەندە؟

**بیلێڤیچ** پەنجا ڕۆبڵ .

**بێریگەڤ** چەندێکە کرێکەتان داوە ؟

**بیلێڤیچ** مانگی ڕابوردوو ، لە پێشدا کرێکەیم دا .

**بێریگەڤ** ( لەپڕ هەڵدەستێتەوە و هاوار دەکات ) بیرم کردەوە ... من وەجاخ کوێرێکی بەختیار نیم ، من دەتوانم بەم ماڵە ببمە خانەدانێک وەرە با ڕێکەوتن نامەیەک مۆر کەین کە بێتە ماڵی من ،

**بیلێڤیچ** ( ناوچاوی داوە بە یەکدا ) فەرموو .

**بێریگەڤ** زۆر سوپاس ، بێگومان ژیانێکی بەختیارم دەبێت . ژوورەکە هەر وەک خۆی دەهێڵمەوە ، دەیکەمە میوانخانە . ژوورە بچکۆلەکەش دەکەم بە پێشانگا و قەنەفەی تێدا دادەنێم ، پێستی ورچیش لەبەر دەرگاکە ڕادەخەم (بیلێڤیچ بۆ لای کورسیەکە ڕادەکێشێت ، بیلێڤیچ دەچێتە لای مێزەکە و لەسەر پێستە ڕاخراوەکە ڕادەوەستێت ، بێریگەڤ لە ژێر پێیەوە دەردەچێت ) ئاوا هەموو شتێک بە باشی بەڕێوە دەچێت .

**بیلێڤیچ** تۆ دەتەوێت ماڵ و حاڵم لێ داگیرکەیت .

**بێریگەڤ** چۆن ؟ باشە خۆ ئەم هەموو شتانە لەگەڵ خۆتا نابەیتە قەبرەوە . ئەمە مەحاڵە . من زۆر دڵم بەو کتێبخانەیە خۆشە ، هەزار کتێب دەگرێت .

**بیلێڤیچ** هەزارو پێنج سەد .

**بێریگەڤ** زۆر باشە ، لەسەر قەنەفەکە لێی ڕادەکشێم دیوکا یان چێخەفی تێدا دەخوێنمەوە ، شەرابیشی لەگەڵدا دەخۆمەوە . ( بیر دەکاتەوە ) ئەرێ کویەکە پڕە ؟

**بیلێڤیچ** شەمپانیا کەم ماوە . هەشت دانە شەرابی سوور و کۆنی هەنگاری تیایە .

**بێریگەڤ** بیلێڤیچی ئازیز وەرە با تێر تێر ماچت کەم ، لەبەر خاتری ئەو شتانەی کە بۆم بەجێ دەهێڵیت . دەبمە خاوەنی ئاپارتمان ، کویەی شەراب دروست کردن ، کتێبخانە ، بەچی ؟ بەشوشەیەک ژەهر .

**بیلێڤیچ** باشە باش ( دەست بەسەریەوە دەگرێت ) وازم لێ بێنە ، من هیچم ناوێت .

**بێریگەڤ** بێ گومان ... بێ گومان ... داوات لێ دەکەم بێیتە بەردەم مێزەکە و بنووسیت کە من ماڵ و حاڵی خۆم چی تێدا هەبوو بە بێریگەڤی ئەندازیارم فرۆشت ، بڕیارنامەکەش لەسەر حەفت سەد ڕۆبڵ مۆر دەکەین ، کەمن بەدەستی و بێ کەم و کوڕی بە ئێوەم داوە .

**بیلیڤیچ** ( هەڵدەستێتەوە) بێریگەڤ چیتر ئارامم نەما ، زۆر خەفەتم دەدەیتێ .

**بێریگەڤ** ئێوە زۆر سەیرن ، دەستتان لە خۆتان شتووە ، بەڵام من ژیانم لەبەردەمدایە ، دەبێت بۆی تێ بکۆشم . ( بە ژوورەکەدا هات و چۆ دەکات ) ئەم فەرشە ئێرانیە ؟

**بیلیڤیچ** ئێرانیە .

**بێریگەڤ** زۆر باشە ، ئەزانی چی ؟ من بە تەواوەتی نازانم ژەهرەکە چۆن بەکار دێت ، ئەوەندە دەزانم کە خواردتانەوە پێش ئەوەی بمرن دەتانڕشێنێتەوە .

**بیلیڤیچ** ئێ ؟

**بێریگەڤ** ( بەغمباریەوە ) ئەگەر بڕشێنەوە فەرشەکە پیس دەبێت ، بیلیڤیچی خۆشەویست داواتان لێ دەکەم کەوا نەکەن چونکە خۆ ئێوە هەر ....

**بیلیڤیچ** ( بە توڕەیەوە ) من نازانم ئێوە چیتان لە من دەوێت ؟

**بێریگەڤ** تەنها لە ژوورەکە مەیخۆنەوە ، چ جیاوازیەکی بۆ ئێوە هەیە ؟ بامن پاش ئێوە ئەرکم زۆر نەبێت ، بیری لێ بکەنەوە . چۆن باش دەبێت ؟ لە کەنار شار ... هەر لەوێش کەلاکی ئێوەی مردو دەبینرێتەوە ، تەرمی ئەو بیلیڤیچەی کە ئاپارتمان و ماڵەکەی بە بێریگەڤی ئەندازیار فرۆشت . لە لایەکی ترەوە بێریگەڤی ئەندازیار دەبێتە خاوەن ماڵ و حاڵ هەر وەک پادشا تێیدا دەژێت و لە ماڵەوە لێی ڕادەکشێم و دیوکا و چێخەفی تێدا دەخوێنمەوە . سیگار دەکێشم ، پیاوە مردووەکەش بۆ خۆی دەچێتە کفنەوە .

**بیلیڤیچ** ( ترسێکی زۆر لە ناو چاوی نیشتووە و لێوی دەلەرزێت ) شەیتان دەچێتە ئەو کفنەوە ، من دەبێت لە ماڵەوە بمرم .

**بێریگەڤ** بتانەوێ و نەتانەوێ لەشەکەتان نەشتەرکاری دەکرێت و چی بەکەڵکی تێدا هەبێت دەری دەهێنن و پاشان دەتانخەنە کفنەوە . بۆ ئێوە هیچ جیاوازیەکی نیە ، من لە ماڵەکەی ئێوە شەراب دەخۆمەوە لە ناو نوێنی خەوتنتدا لێی ڕادەکشێم و دەخەوم ، دڵم بە تابلۆکان خۆش دەبێت ئێوەش بە ڕووتی لە مردوخانەدا لەگەڵ مردووەکانی تردا ، منداڵ و نەخۆش و ... ڕیز دەکەن ، هەرواش دەبێت ، ئەرم لەشە جوان و سنگی پان و دەستە ناسکەکانتان پاش مردن شین هەڵدەگەڕێن . بۆ ئێوە شتێکی ئاساییە ، پاش ئێوە لەوانەیە خانمێکی شۆخ و شەنگ لە ماڵەکەتاندا پەیدا بێت و منیش لە گەڵیدا قسە دەکەم و لێرە دەمێنێتەوە .

**بیلیڤیچ** ( توڕەیە ) ئێوە هەگیز ناتوانن کاری وا بکەن .

**بێریگرڤ** ئەمەیە ڕەفتاری ئێوە ؟ ئایا نازانن کە ئەمە بۆ ئێوە شتێکی زۆر ئاساییە .

**بیلیڤیچ** ( توڕەیە ) بۆ من شتێکی ئاسایی نیە هەی شەیتان ، تۆ ناتوانیت ئەم هەموو شتانەم لێ داگیر بکەیت ئێوە بۆتان نیە پارەکانم لەسەر کاغەز حیساب بکەن و..

**بێریگەڤ** ( لەسەر خۆیە ) ئێوە بڕیارتان دابوو کە ژەهرەکە بخۆنەوە .

**بیلێڤیچ** تۆ ناتوانیت شتی وام پێ بکەیت ، من بڕیارم دابوو کە خۆم بکوژم ، ئێستا دەتوانم بڕیار بدەم کە بژیم عاقیبەتی ئەمە کەس نایزانێ ، ئێوە هەموو بڕیارێکتان لەسەر ماڵ و حاڵی من دا کە وەک هی خۆتان بێت ، ماڵەکە چۆن ڕێک خەن ، چی لێ بکەن ، پارەکانتان ژماردم ، من لە ئێوە تێگەشتم . پێویستیم بەو ژەهرەی ئێوە نیە ، دەتوانن بۆخۆتان بیخۆنەوە ، من دەبێ بژیم ، ئێوە هەر ئێستا دەتوانن بڕۆنە دەرەوە ، تێگەیشتن؟

**بێریگەڤ** ( هەڵدەستێتەوە و بزەیەک دەیگرێت )ئێ بڕۆ بڕۆ ، دەڕۆم کوا تەپلەکەم ؟

**بیلێڤیچ** ئەوە تەپلەکەتانە ، ئەوەش دەستکێش و گۆچانەکەتان ، فەرموو با بۆن و ڕەنگتان لێرە نەمێنێت .

**بێریگەڤ** ( تەپلەکەی لەسەر دەکات و دەستکێشەکان لە دەستی ، چەند چرکەیەک دەوەستێت و هەناسەیەک هەڵدەکێشێ و بیلێڤیچ دەرگاکەی بۆ دەکاتەوە و دەچێتە دەرەوە )

**بیلێڤیچ** ( بە دوایدا هاوار دەکات ) هەی ئاژاوە چی ، پیاو کوژ نالەباری بێ دەسەڵات . ( ڕادەکاتە لای دەرگاکەی تر و شانۆکە چۆڵ دەبێت ) (پاش ماوەیەک بیریگەڤ دەگەڕێتەوە )

**بێریگەڤ** دێتە بەردەم مێزەکە و قوتووەجگەرەکە و کاغەزی بڕیارنامەکە لە گیرفانی دەردەهێنێ و لەسەر مێزەکەی دایان دەنێت ، بزەیەکی فێڵ بازانە دەیگرێت ) وەرە ئەم خەڵکە لە مردن ڕزگار بکە، کەچی خۆشت لەسەر پلیکانە هەڵ دەدەنە خوارەوە .

مۆسکۆ – ئۆکتۆبەری ۱۹۹۰


هەتاو

ڕۆژنامەیەکی مانگانەی سەربەخۆیە

سەر نووسەر : د. کەمال میراودەلی

بەشداری ساڵانە: (۳۰) پاوەنە

دەتوانرێت بەم ئادرێسە پەیوەندی پێوە بکرێت:

HETAW , P.O. BOX 10817, LONDON SW8 3ZH

# RaBûN

Cultural Kurdish Journal

1997 21


